

دوکتور قاسملوو
ڕێبەرێکی مودێڕن
شۆڕشگێڕێکی دێموکرات

# دوکتور قاسملوو،
# ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات

ئامادە کردنی: کاوە بەهرامی

پێشکەشە بە:

**گیانی پاکی شەهیدی نەمر کاک دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ڕزگاری کوردستان**

کاوە بەهرامی

- **ناوی کتێب:** دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێڕن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات
- **ئامادەکردنی:** کاوە بەهرامی
- **پێداچوونەوە:** عیرفان ڕەهنموون
- **رووبەرگ:** کەریم پەرویزی
- **پیتچنین و مونتاژ:** کامران فاتحی و ئۆمید مەندۆمی

# پێڕست

پێشەکی ........ ٥

## فەسڵی یەکەم:

**ژیاننامەی شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو** ........ ١١

ـ ئاوڕێکی کورت لە ژیاننامەی کاک دوکتور قاسملوو ........ ١٢

ـ چۆنیەتی شەهیدبوونی پێغەمبەری ئاشتی ........ ٣٩

ـ دادگای میکۆنووس، دەرفەتێک بۆ هاتنە گۆڕی دووبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو ........ ٦٣

ـ دوکتور قاسملوو لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا بەرگری لە گەلانی بندەستی ئێران دەکات ........ ٦٩

## فەسڵی دووهەم:

**لە وتە بەنرخەکانی شەهید دوکتور قاسملوو** ........ ٧٣

## فەسڵی سێهەم:

**دیموکراسیی راستەقینە لە روانگەی کاک دوکتور قاسملووەوە** ........ ٩٥

ـ کاک دوکتور قاسملوو، چۆن دەیڕوانیە چەمکی دیموکراسی لە تیئۆری و پراتیکدا؟ ........ ٩٦

ـ دوکتور قاسملوو، پارێزەری راستەقینەی سوسیالیزمی دیموکراتیک ........ ١٠٩

## فەسڵی چوارەم:

"دوکتور قاسملوو" پێغەمبەری ئاشتی ............ ١١٥
ـ دوکتور قاسملوو کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نوبێل ............ ١١٦
ـ وتووێژ، شێوازێکی خەبات ............ ١٢٠

## فەسڵی پێنجەم:

دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد ............ ١٣١

## فەسڵی شەشەم:

ڕۆڵی کاك دوکتور قاسملوو لە سەربەخۆیی سیاسی حیزبدا ............ ١٤٧

## فەسڵی حەوتەم:

بیروڕاو بیرەوەریی نووسەران، سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە کاك دوکتور قاسملوو ............ ١٥٩
ـ بەڕێز کاك مستەفا هیجری ............ ١٦٠
ـ بەڕێز مارك کراوێتز ............ ١٦٤
ـ دوکتور کەماڵ مەزهەر ............ ١٧١
ـ بەڕێز سەلاح بەدرەدین ............ ١٧٥
ـ بەڕێز کریس کۆچیرا ............ ١٧٩
ـ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار ............ ١٨٦
ـ مامۆستا محەممەد مەلاکەریم ............ ١٩٤
ـ دوکتور مەحموود عوسمان ............ ١٩٩
ـ بەڕێز کاك عەلی مێهرپەروەر ............ ٢٠٣
ـ دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە ............ ٢٠٨

ـ دوکتور موکەڕەم تاڵەبانی ............ ٢١٤

ـ مامۆستا مەسعوود محەممەد ............ ٢١٦

## فەسڵی هەشتەم:

تفەنگ...خۆرەتاو ئەکوژێ ............ ٢١٩

ـ بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی بەبۆنەی تیرۆکرانی دوکتور قاسملووی شەهید ............ ٢٢٠

ـ وتەکانی دوکتور شەرەفکەندی نەمر لە کۆچی قاسملووی ڕێبەردا ............ ٢٢٤

ـ وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە گۆڕستانی پیرلاشێزی پاریس ............ ٢٣١

## فەسڵی نۆهەم:

کاک دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی ڕێکخراوو کەسایەتی‌یەکانەوە ............ ٢٣٥

ـ کاک دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی ڕێکخراوەکاندا ............ ٢٣٦

ـ دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی یادو بیرەوەریی هاوڕێیانیدا ............ ٢٥٣

ـ هونەری دیپلۆماسیی کاک دوکتور قاسملوو لە روانگەی هاوڕێیانی‌یەوە ............ ٢٦١

## فەسڵی دەیەم:

"لحظەای چند بر این لوح کبود" ............ ٢٧١

## فەسڵی یازدەهەم:

یادی دەساڵەی شەهید بوونی کاک دوکتور قاسملوو ............ ٢٨٣

# پێڕست

ـ بەیاننامەی کومیتــەی نــاوەندی بــە بۆنــەی دەیــەمین ســاڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملووەوە ........ ٢٨٤

ـ بــەڕێوەچوونی یــادی دەســاڵەی دوکتــور قــاسملووی نــەمر لـــــە پارلمانی فەرانسەدا ........ ٢٨٨

**ژیانەوە (بۆ شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو)** ........ ٣١٣

**وێنەکان** ........ ٣١٩

❊ ❊ ❊

## پێشەكی

**خوێنەرانی هێژا!**

ئەم كتێبەی كە كەوتۆتە بەردیدەی ئێوەی بەڕێز، گۆشەیەكی بچووكە لە ژیانی پڕ لە سەروەریو خەباتو تێكۆشانی ٥٩ساڵەی هاوڕێی هاوسەنگەر، خۆشەویستی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، رێبەرو سكرتێرو مامۆستای پایەبەرزی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، شەهیدی نەمر "كاك دوكتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو".

ـ كاك دوكتور قاسملوو ئەو ئەستێرە درەخشانە بوو كە بۆ چەند ساڵێ لەم ئاسمانە كاروانكوژەیەداو لە دەڤرێكی زەمانیدا هەڵهاتو بۆ هەمیشە لە ئاسمانی ساماڵی بایەخە مرۆڤایەتی‌یەكاندا مایەوەو بووە مەشخەڵێكی پرشنگدار بۆ پاشەكشەكردن بە تاریكیو ستەمو كۆنەپەرستیو درەوشانەوەی هەرچی زیاتری بایەخە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەكان.

ـ ئەو مێژوونووسێكی راستگۆ بوو كە بۆ یەكەمجار مێژووی خوێناویی "كوردستانو كورد"ی بە میتۆدێكی ئاكادمیو زانستی نووسی تا نەتەوە بندەستو ستەملێكراوەكەی بزانێت بۆچ چەندین جار كۆشكی هیواو ئارەزووەكانی وردوخاش كراوەو چۆن دەتوانێت ئەویش وەك هەموو گەلو نەتەوەیەكی ئەم سەرزەمینە، پڕ بە سی‌یەكانی هەوای ئازادی هەڵبمژێت.

ـ ئەو شۆڕشگێڕێكی راستەقینەو بەرچاوڕوون بوو كە نەتەنیا دەیەویست گەلەكەی لەژێر چەپۆكی داگیركەری دەرەكی رزگار بكات، بەڵكوو بە تەواوی وزەوە تێدەكۆشا تا ئاسۆكانی "ئازادی" بۆ نەتەوە بندەستەكەی ئاوەلا بكاتەوە.

ـ ئەو رێبەرو مامۆستایەك بوو كە "سوسیالیزم"و "دیموكراسی"ی لە تێزی پێشكەوتووانەو شۆڕشگێڕانەی "سوسیالیزمی دیموكراتیك"دا كردە شەقژنی باڵی فڕین

بـــۆ دەســـتەبەرکردنی کۆمەڵگایـــەکی ئـــازادو تـــەبا لەگـــەڵ هـــەموو بایەخـــە مرۆڤایەتی‌یەکاندا، بە مەبەستی بونیادنانی کۆمەڵگایەك کە دوور بێ لە هەرچەشـنە چەوسانەوەیەکی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ.

مامۆستای شەهید ئەو رێبەرە مەزنە بوو کە لە ماوەی ٢٠ ساڵ رێبەرایەتی‌کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو حیزبەی گـەیاندە لووتکـەو بەحـەق کردیـە نوێنگەی ویستو داخوازی‌یەکانی خەڵکی کوردستانو ئاوێنەی بالآنوێنی بزووتنـــەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

ـ کاك دوکتور ئـەو دیپلۆماتـە کـارزانو کارامەیـە بـوو کـە حـیزبی دیموکراتـی کوردستانی ئێرانی وەك حیزبێکی بەپرەنسیپو بەرپرسیار بـــە جیـهان ناسـاندو رێـزو خۆشەویستیی کۆڕو کۆمەڵە پێشکەوتنخوازو مرۆڤدۆستەکانی بۆ لای حیزبو خەباتە رەواکەی راکێشا. ئەو خەباتی خۆیو حیزبە شۆڕشـگێڕەکەی لـە چوارچێـوەی ئـێرانو کوردستاندا بەرتەسك نەکردەوە، بەڵکوو بە لێهاتوویی‌یـەکی سەرنجراکێشـەوە توانـی پێوەندی‌یەکی کەموێنە لەگەڵ دەیانو بگرە ســەدان کەسـایەتیی سیاسـیو ئاکـادیمی، رۆژنامەنوس، هونەرمەندو رووناکبیردا دامەزرێنێو لە ئاستی نێونەتـەوەیی‌دا تـەنگ بە رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵچنێ.

ـ شەهید دوکتور قاسملوو چ لەنێو ریزەکانی حـیزبی دیموکـراتداو چ لـە دەرەوەی ئەم حیزبەدا "سیمای راســتەقینەی مرۆڤێکـی دیموکـرات" بـوو. ئـەوەش بـۆ ئـەوە دەگەڕایەوە کە "دیموکراسی"و "دیموکرات بـــوون" بـۆ ئـەو مرۆڤـە هزرڤانـە، تـەنیا دروشمو تاکتیکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو "ئازادی"و "دیموکراســی" لای ئـەو خـودی فەلسەفەی ژیان بوون.

ـ ئەو هەمیشە تیْدەكۆشا كە دیموكراسی لە نێو ریزەكانی حیزبدا جێگیر بكاو هزری بەكۆمەڵ بكاتە پرەنسیپو رێگا نەدات كە دیكتاتۆریو فەردپەرستی دەست بخاتە بینی حیزبەكەمانەوە.

ـ كاك دوكتور قاسملوو هەرگیز لە كلاْورۆژنەی بەرژەوەندییە تەسكەكانی حیزبەوە نەیدەڕوانییە دەوروبەر، بەڵكوو ئەو بیری لە ئاسۆ دوورو بەرژەوەندییە گشتییەكان دەكردەوەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو كە "حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران" ئامرازێكە بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواكانی نەتەوەی كوردو هەمیشە ئامادە بوو لە پێناوی بەرژەوەندییە گشتییەكانی نەتەوەی كورددا چاو لە بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بپۆشیْ.

ـ هەرچەند كە كاك دوكتور رێبەرایەتیی بزووتنەوەیەكی دەكرد كە لە قۆناغی سەختو خوێناویی خەباتی چەكدارانەدا بوو و بۆ خۆیشی بەكردەوە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو، بەلاّم هەرگیز رێگای نەدەدا كە هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە بەرامبەری وێرانكردنی شارو گوندەكانی كوردستان لە لایەن رێژیمی خومەینییەوە، دژكردەوەیەكی لەو چەشنە لەخۆی نیشان بدات. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە كە ئەو هەمیشە تیْدەكۆشا كە پرەنسیپە مرۆییەكان لەنێو ریزەكانی حیزبدا پەرە پیْبداو رێگای نەدەدا كە شێوەی ناڕەوای وەك تیرۆر، بارمتە گرتن، فڕۆكەرفاندنو ئازاردانو كوشتنی دیل لە خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا پەیرەو بكرێت.

ـ ئەو پێغەمبەری ئاشتی بوو و هەوڵی دەدا جیهانێك بونیاد بنریْ كە دوور بێت لە هەرچەشنە چەوسانەوەیەكی چینایەتیو نەتەوەییو هەلاْواردنێكی رەگەزی، بۆیە دەسەلاّتدارانی شەوپەرستی كۆماری ئیسلامی نەیانتوانی لەمەزیاتر شایەتی

## پێشەکی

پاشەکشەی بەرەی تاریکیو کۆنەپەرستی بـــنو بـە مەبەســتی بێبـەشکردنی حـیزبی دیموکراتو نەتەوەی کوردو مرۆڤایەتی، دەستڕێژیان لەو هەتاوە پرشنگدارە کردو بوونە شەرمەزار لە رووی مێژوو و مرۆڤایەتیدا.

دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی رێژیمی خومەینی توانیان جەستەی دوکتور قاسملوو لە حیزبو گەل بستێننەوە، بەلاّم نەیانتوانیو ناتوانن رێگا پڕ لە سەروەرییەکەی تـــیرۆر بکەن. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیســـلامی بـە ئامانجە گلاّوەکانی خۆیان نەگەیشتوون، چونکە بـــیروبۆچوونو روانگـەکانی قـاسملووی رێبەر بۆ هەمیشە رێگاو رێبازی رێبوارانی رێگــای ئـازادیی گـەلی کـوردەو حـیزبی دیموکراتو نەتەوەی کورد تا وەدیهاتنی هەموو ئامانجەکانی شەهید قاسملوو دەست لە خەبات هەڵناگرن.

بەڕاستی قسە کردنو نووسین سەبارەت بەو کەسایەتییە مەزنە کـارێکی سـەختو دژوارەو چەندین لێکۆڵینەوەی ئاکادمیو زانستی هـــەڵدەگرێو بـۆ تیشکخستنەسـەر تایبەتمەندییەکانو کەسایەتیی فرەرەهەندی ئەو مرۆڤە بیریـارە، پێویســتە کۆمــەڵێك پسپۆڕو شارەزای بوارە جیاجیاکــان ئـەو کەســایەتییە کەموێنەیـە هەڵســەنگێنن تـا هەموو ئازادیخوازان بەگشتیو نەتەوەی کورد بەتایبەتی کەڵکی شیاو لـــەو خـەرمانی زانستە وەربگرن.

ـ بە مەبەستی کۆکردنەوەو بلاّوکردنەوەی بیروبۆچوونو روانگەکانی "کاك دوکتــور قاسملوو" کتێبێکی دیکەمان بەدەستەوەیە بۆیە داوا لـە هــەموو کوردێکـی دڵســۆزو نیشتمانپەروەر دەکــەین کـە هــەر بابــەت، نووســراوە، وتووێـژو دەسنووسـێکی ئـەو شەهیدەیان پێشكدێ بە ئادرەسی "حیزبی دیموکراتــی کوردســتانی ئـێران" بۆمــانی بەرێ بکەن تا بتوانین لە داهاتوویەکی نزیكدا چاپو بلاّویان بکەینەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین كە سوپاسی بـــەڕێز مامۆســتا عــەبدوڵڵا حەســەنزادە بكەین كە لە دیاری كردنی بابەتەكاندا هاوكاری كردین‌و لە ڕێنوێنی‌یەكانی كەڵكمان وەرگرت. هەروەها سوپاسی كاك عیرفان ڕەهنموون دەكەین كە ئەركی پێداچوونـــەوەی بەرهەمەكەی لە ئەستۆ بوو. جێی خۆیەتی كە سوپاسی كاك فایەق محمدی بكەم كە لە سەرەتادا بە نووسراوەكاندا چۆتەوەو هەروەها سوپاسی كاك ئۆمید مەندۆمی دەكـــەم كە ئەركی ڕێكخستنی بابەتەكانی لە ئەستۆ بوو.

كاوە بەهرامی

هاوینی ١٣٨٢

---

**تێبینی:**

لەم كتێبەدا چەند وتووێژێكمان لەگەڵ بەشێك لە ئەندامانی ڕێەری حیزبدا كردوە كە لە سەردەمی دوكتور قاسملوودا لە كۆمیتەی ناوەندیدا پێكەوە هاوكار بوون.

# پێشەکی

## فەسڵی یەکەم:

# ژیاننامەی شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو

- ئاوڕێکی کورت لە ژیاننامەی کاك دوکتور قاسملوو
- چۆنیەتی شەهیدبوونی پێغەمبەری ئاشتی
- دادگای میکۆنووس، دەرفەتێك بۆ هاتنە گۆڕی دووبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو
- دوکتور قاسملوو لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا بەرگری لە گەلانی بندەستی ئێران دەکات

# ئاوڕێکی کورت لە ژیاننامەی کاک دوکتور قاسملوو

خزمو کەسەکانی قاسملوو زۆر لەمێژە کە لە گەلیی‌قاسملوو نیشتەجێ بوون، ئەو ناوچەیە ٥گوندی لەخۆ گرتووەو ناوەندەکەیان گوندی قاسملوویە. گەلیی قاسملوو شەش فرسەنگێگ لە شاری ورمێوە دوورەو ملکی برا بەنێوبانگەکانی **محەممەدئاغا**ی قاسملوو و عێززەتی قاسملوو بووە. **محەممەد**ئاغا باوکی دوکتور قاسملووی شەهیدە. عێززەتئاغا بە دەستی نەیارانی ئەودەمی بنەماڵەکەیان دەکوژرێو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی دەکەوێتە سەرشانی **محەممەد**ئاغاو پاشان کە گەورە دەبن، ملکو ماڵی براکەی بەسەر برازاکانی‌دا دابەش دەکا. بەم شێوەیە بنەماڵەی قاسملوو لەگەلیی‌قاسملووەوە سەر هەڵدەدەنو بە شاری ورمێو دەوروپشتیدا بلاو دەبنەوە.

بنەماڵەی قاسملوو یان باشتر بڵێم زۆربەی خزمو کەسەکانی قاسملوو، چ لە رابردووداو چ لەم دواییانەش‌دا، لە مەسەلە سیاسی‌یەکانی سەردەمی خۆیاندا بێلایەن نەبوون. بۆ وێنە سەیدتەها شەمزینی لەگەڵ **محەممەد**ئاغا پێوەندی‌یەکی نزیکی بووەو هەرکات هاتۆتە ورمێ، لە ماڵی ئەوان ماوەتەوە. ئەو وێنانە کە سەیدتەها لەگەڵ **محەممەد**ئاغاو کەسانی دیکەی بنەماڵەکەی گرتبووی، تا ئەم دواییانەش لە ماڵیاندا مابوو. کوڕەکانی سەیدتەهاش هاتووچۆو پێوەندی‌یەکی گەرمیان لەگەڵ بنەماڵەی قاسملوودا هەبوو. لە کاتی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش‌دا، دۆستایەتی‌یەکی نزیکیان لەگەڵ قازی **محەممەد**و حکوومەتی کوردستان هەبووەو **٢**کەسی ئەو بنەماڵەیە لەلایەن دەسەلاتی کوردستانەوە بۆ درێژەی خوێندن بەڕێکران بۆ باکۆ. سەردەمو هەلومەرجێك کە دوکتور قاسملووی تێدا پێگەیشتووە، بۆ گەشە کردنو پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی‌و پێشکەوتووانە زۆر لە بارو بەجێ بووە.

مەمەدئاغای وسووق (١٨٧٠ـ١٩٦٤ز) باوكی عەبدولڕەحمان، پیاوێكی بەدەسەلاتو گەورەی گەلی كوردو بەوەجو جێگای ڕێزو حورمەتی خەڵكی ناوچەی ورمێ ـ بەكوردو ئازەرییەوە ـ بووە. محەمەدئاغا لە سەردەمی ئەحمەدشای قاجاردا، لە كۆشكی پاشایەتی بووەو نازناوی "وثوق‌الدولە"ی بە سەردا بڕاوە، هەر بۆیە خەڵكی ورمێ بە محەمەدئاغای وسووق بانگیان دەكرد. محەمەدئاغا پیاوێكی بالا بەرزو لاوازو مرۆڤێكی بلیمەتو حازرجواب بوو. درگای ماڵی بۆ هەموو خەڵك چ هەژارو چ دەوڵەمەند لەسەر پشت بوو و لەگەڵ هەموو كەس ڕووخۆشو دەم بە پێكەنین بوو. لەگەڵ پیرەكان، پیر بوو و لەگەڵ لاوەكان، لاو، تەنانەت لەگەڵ منداڵانیشدا لە ئاستی خۆیاندا قسەو گاڵتەو گەپی دەكرد. لە ماڵەكەیاندا بەردەوام باسو خواسی سیاسی یان ئایینی لە گۆڕێدا بوو. جیرانەكانیان كە زۆربەیان ئازەریو شێعەمەزهەب بوون، سەردانیان دەكردنو باسی مەزهەبی دەهاتە گۆڕێ. پاش چەندین سەعات قسەو باسی توند، سەرەنجام بە چاخواردنەوەو چەندین قسەو نوكتەی خۆش، كۆتایی پێ دەهات. بەردەوام لە بەرتیل‌خۆری بەرپرسانی ئیدارە دەوڵەتییەكان گلەیی دەكرد.

دۆستایەتیو هاتووچۆی مەمەدئاغای وسووق لەگەڵ عەلی‌ئاغای سەرۆكی عەشیرەتی دێبوكری (ئەمیر ئەسعەد) پلەو پایەی كۆمەڵایەتیی ناوبراوی لە نێو خەڵكدا بردبووە سەر. شەش گوندی دۆڵی قاسملوو كە بریتین لە: ١ـ بەڕۆژ یان بەڕۆژۆك ٢ـ گوندی حاجی بەركۆڵی ٣ـ گوندی مام موڕادی ٤ـ گوندی شێرە ٥ـ گوندی سەیلان ٦ـ گوندی نیش دەرەش، لە ژێر دەسەلاتی مەمەدئاغای وسووقدا بوو. هەر لە بەر ناسراویو دەوڵەمەند بوونی مەمەدئاغا بوو كە ناوبراو لە مانگی

سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٠دا لەگەڵ ئەندامانی هەیئەتی کورد کە قازی محەممەدیش ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو، سەفەری سۆڤیەتیان کرد.

مەمەدئاغا چەند ژنێکی هێناوە کە یەك لەوان ئاشووریو دایکی عەبدولڕەحمان بووە. فاتمە خانمی دایکی عەبدولڕەحمان ژنێکی یەکجار رووخۆشو میهرەبان بووە، هەمیشە چاوی لە فەقیرو هەژاران بووە، هەر بۆیەش لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا رێزو حورمەتێکی یەکجار زۆری هەبووە. مەمەدئاغای وسووق پێنج منداڵی دەبێ بە ناوەکانی ئەحمەد، عەلی، حوسێن، عەبدولڕەحمانو مەنیج. جگە لە ئەحمەد کە برای باوکیی عەبدولڕەحمان بوو، ئەوانی دیکە لە فاتمەخانم واتە، خۆشكو برای دایكو باوکیی بوون. لە سەردەمێكدا کە خوێندن بەگشتی لە کوردستانو بە تایبەتی لە گوندەکاندا زۆر باوی نەبوو، مەمەدئاغا هەموو منداڵەکانی وەبەر خوێندن دەنێو زۆر گرنگی بە خوێندەوارکردنی منداڵەکانی دەدا.

عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە یەکەم شەوی زستان (شەوی یەلدا)ی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی، بەرامبەر ٢١ی دیسامبری ١٩٣٠ی زایینی لە گوندی "قاسملوو" کە لە نێوان شارەکانی ورمێو شنۆ واتە لە ٤٠ کیلومیتریی شاری شنۆو لە ٢٧ کیلومیتریی شاری ورمێ هەڵکەوتووە، لە دایك دەبێ. دوکتور قاسملوو دەڵێ: "دایکم دەیگوت ئەمن ساڵی کوشتنی سمکۆئاغای شکاك (١٩٣٠) هاتوومەتە دنیا. بەڵام دایکم هەمیشە لەگەڵ ئامۆزایەکەم کە تەمەنی باوکمی هەبوو، لە سەر وەختی لە دایکبوونی من بە کێشە دەهاتن. دایکم دەیگوت: ئەمنی لە زستاندا بووە، ئامۆزاکەشم دەیگوت: لە مانگی ژۆئەندا، ئەو کاتە کە میوە پێگەیشتبوو."

ئەو هەر لە تەمەنی چوار پێنج ساڵییەوە دەچێتە قوتابخانەی ئایینی گوندەکەیانو بەپێچەوانەی هەواڵەکانی زۆرباش عەرەبی فێر دەبێ. عەبدولڕەحمان دوای خوێندنی

دەرسی قورئان لە گوندی قاسملوو بۆ خوێندنی سەرەتایی دەچێتە قوتابخانەی ئۆردوویی لە شاری ورمێ. لە پێشبڕكێی شێعرییدا، زۆر سەركەوتوو دەبێو زۆر شێعری حافیزو سەعدی لەبەردەكاو لە قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتاییشدا بلیمەتانە هەمیشە بە یەكەم دەردەچێ.

ساڵی(١٩٤١ز) كاتێك هێزەكانی سۆڤیەت لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا دێنە كوردستان، محەممەد قاسملوو بە هۆی ئەوە كە بیرەوەرییەكی زۆر ناخۆشی لە ماڵیات وەرگرتنی لە رادەبەدەری ئەرتەشی رووس لە كوردستان، لە سەردەمی شەڕی یەكەمی جیهانیدا هەبوو، بڕیار دەدا خۆیو بنەماڵەكەی رابكەن بۆ عێراق. عەبدولڕەحمان لەوكاتەدا تەمەنی نۆ یا دە ساڵ دەبێ، بێ ئەوەی بە كەس بڵێ لەگەڵ هەڤاڵێكی دەچێتە لای رووسەكان. ئەو كارەی دەبێتە هۆی ئەوەی باوكی لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە. دوكتور قاسملوو ئەم سەردانە ئاوا دەگێڕێتەوە: "ئەوان لە "بالانیش" (گوندی تەنیشتی قاسملوو) بوون... ئەمە یەكەم جار بوو چاوم بە تانكان دەكەوت. لە دووررا لێمان روانین، دوایە ترسەكەمان شكاو چووینە لایان. سەربازەكان لەگەڵ ئێمە زۆر میهرەبان بوونو نوقلو تراكتیان داینێ. كە هاتینەوە ماڵێ مەسەلەكەمان بۆ باوكم گێڕایەوەو كاتێك بە قسەكانمان خاترجەم بوو بارگەو بنەی پێ كردینەوەو رۆژی دواتریش بۆخۆی چووە لای رووسەكان."

لەو سەردەمەدا ژیانی لادێ زۆر سادەو ساكار دەبێو بەو پێیەش یاریی منداڵانیش هەر ئەو یارییە فۆلكلۆریانە دەبێ كە ئێستەش لە زۆربەی گوندەكانی كوردستاندا باوە. جارێك عەبدولڕەحمان دوای ئەوەی كە هاوین لە شار دەگەڕێتەوە، تۆپێكی فووتباڵ كە بۆ منداڵانی ئەودەمی گوندەكەیان نامۆ دەبێ، دێنێتە گوندی قاسملوو و تازەگەرییەك لە نێو یاریی منداڵاندا پێك دێنێ.

لەنێو ماڵو لەنێو لاوانی خزمو کەسو ناسیاواندا، هەمیشە مەسەلەو گیروگرفتە سیاسیو نەتەوەیی‌یەکانی دێنایە بەر باسو راوێژەوە. عەبدولڕحمان هەر لە منداڵی‌یەوە بە هۆی نووسینی ئینشایەك کە لەسەر ئاگر تێبەردانی "تەختی جەمشید" بە دەستی ئەسکەندەری مەقدوونی بوو، لە کێبەرکێدا بەشداری دەکاو بە هۆیەوە کتێبێکی بەخەڵات دەدەنێ، بە ناوی "لێنین گەورەترین پیاوی شۆڕش" کە ئۆگری بە مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ناخی عەبدولڕحماندا بە هێز دەکاو بیروباوەڕی نەتەوایەتیو چینایەتی دەبێتە خولیای مێشکیو دەست دەکا بە خوێندنەوەی ئەوکتێبانەی لەسەر مارکسو مارکسیسم نووسرابوون کە ئەوکات لە ئێراندا بە دزیەوە دەستاودەستیان پێدەکرا. کاتێکیش بۆ خوێندنی زانستگا بە بوورسی دەوڵەتی‌یەوە دەچێتە فەرانسە ئیدی مێشکی پڕ دەبێ لە بیروباوەڕی شۆڕگێڕانەو پێشکەوتنخوازانە.

کاك دوکتور قاسملوو لە کتێبی "چلساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا" ئاماژە بەم کاریگەری‌یە دەکاو دەنووسێ: "... هەرچەند ئەوکات ئەمن تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشابووم. بابم یەکێك لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو، زۆر باشم لەبیرە کە لە "باکۆ" هاتەوە چەندین تا قەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپڕێکی باشیشی پێبوو. وادیارە سۆڤیەتی‌یەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەت زۆر بەنرخ بوو چونکە ئەوکاتە لە ئێراندا زۆر کەمو گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێسەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمەدا براکانمو ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کە بابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ "باکۆ" حەقو

ئازادیی کوردان داوابکەن، بۆیە راستو رەوان لە بابم پرسی "ئەدی حەقی کوردان چی لیٚهات؟!".

هەرچەند باوکیو زۆربەی خزمو کەسەکانی ئاغــا بــوون، بــەلاٚم ئــەو دژی نــیزامی دەرەبەگایەتی قسەی بۆ جووتیاران دەکردو زوڵمو زۆری بەرپرسانی دەوڵــەتیی لــە دژی خەڵکی کورد وەبــیر دێنایــەوە. لەســەر مەســەلەی چینایــەتی، هــەر لــە ســەردەمی منداڵییەوە لەگەڵ باوکی کێشەی بۆ سازدەبیٚو دژایەتیی خۆی لە ســەر ســتەمو بــیرو بۆچوونی نیزامی دەرەبەگایەتی دەردەبڕیٚ. بۆ نموونە عــەبدولڕەحمان دوای ئــەوەی کــە تاقیکردنەوەکانی کلاسی پێنجەم تەواو دەکا، هاوین دەگەڕێتەوە گوندی قاسملوو. لــە کاتی هەڵگرتنەوەی خەلەو خەرماندا کە بە ریٚورەسمێکــی تایبەتــەوە بــەڕێوەدەچوو، لەگەڵ بنەماڵەکەیان دەچێتە مەزرا، ئەو کات رەسم وابوو کە هیچ رەعیەتێك حــەقی کۆکردنەوەی خەرمانی خۆی نەبوو تا وەکوو رۆژێکی تایبەت بــە هــەرەوەزی هــەموو خەلەو خەرمانەکەیان کۆ دەکردەوەو لەو کاتەدا بنەماڵەی ئاغا تاولێکیــان هــەڵدەداو ئاغــا لــە ســێبەری تــاوڵدا دادەنیشــتو رەعیەتــەکانیش خــەریکی هەڵگرتنــــەوەی خەرمانەکە دەبوون. دوای ئەوەی کە کاری هەڵگرتنەوەی خەرمان تەواو دەبوو، ئاغــا خەرمانەکەی لە نێوان خۆیو رەعیەتەکاندا دابەش دەکرد. عەبدولڕەحمان دەبینیٚ کــە دوو بەش ئاغا هەڵی دەگریٚو بەشێکیش وەبەر رەعیەتەکان دەکەویٚ، لە نێــو هــەموو خەڵکەکەدا عەبدولڕحمانی ١٢ سالاٚن هەڵدەستیٚو بە بابی دەڵــی: باشــە بابــە! ئــەمن پێمسەیرە ئەتۆ لە ئەوەڵی بەهاریٚڕا تا ئاخری پاییز لە سەر کورسیەکەت لە بن سێبەر دادەنیشیو کار ناکەی، بەلاٚم ئەو خەڵکە تــەواوی ســاڵ بــە دووی گاجووتــەوەنو ئــەو هەموو کارە دەکەن، ئێستا بۆ تۆ دوو بەشی دەبەیو ئەوان بــەو هــەموو بەدبــەختیو ماندووبوونەوە بەشێکیان وەبەر دەکەویٚ؟! خــەڵك کــە ئــەوە دەبیســن خۆشەویســتیی

عەبدولڕەحمان دەچێتە دڵیانەوەو لەوە بەدواوە زۆریان خۆشدەوێ‌و ڕێزێکی تایبەتی لێ‌دەگرن. مەمەدئاغای وسووقیش کە ئەو قسە زلەی عەبدولڕەحمان شێتی دەکا کەرەستەیەکی تێ‌دەگرێ‌و عەبدولڕەحمانیش هەڵدێ‌و تا شەش مانگان ناوێرێ خۆی نیشانی باوکی بدات.

دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو بەو شێوەیە گەورە دەبێ‌و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییی‌و ناوەندی لە ورمێ تەواو دەکا. ساڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی "یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە شاری ورمێ دەست پێ دەکا. ساڵی ١٣٢٥ بۆ درێژەدانی خوێندنەکەی دەچێتە تارانو لە دەبیرستانی "ئەلبرزیان کالج" کە ئەو دەم بەو ناوە دەناسرا، خەریکی خوێندن دەبێ. لە ڕۆژانی پشوودانی دەبیرستاندا وێڕای براو هاوڕێکانی دیکەی دەهاتەوە گەلیی قاسملوو و لەگەڵ لاوانی گوندەکەیان کایەو گاڵتەو گەپیان دەکرد. هاتنەوەیان دەبووە هۆی شادیو دڵخۆشیی لاوەکانو پشووی هاوینیان لە گوندەکەی خۆیان تێپەڕ دەکرد. ئێستاش ڕەنگە هاوتەمەنەکانی ئەو لەگەلیی قاسملوو مابن کە هەر چەندە نەخوێندەواریش بوون، بەلاّم عبدولڕەحمان کە چیرۆکەکانی "ماکسیم گورکی"، یان نووسەرانی دیکەی بۆ دەخوێندنەوەو لە خەمو شادییەکانیاندا بەشداری دەکرد.

دوکتور قاسملوو لە تاران دەبێتە ئەندامی حیزبی "توودە". ئەو کاتە حیزبی "توودە" تەنیا حیزبی پەرەگرتوو و موعتەبەری ئێران بوو کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە تەواوی ئێراندا هەڵسووڕانی هەبوو و ئەو حیزبە ناوچەییيانەش وەك حیزبی دیموکراتی ئازەربایجانو حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرتر کاریگەریو تەئسیری ئەو حیزبەیان لەسەر بوو. عەبدولڕەحمان بە چوونە نێو ڕیزەکانی حیزبی توودە فێری ئوسولو دیسیپلینی حیزبایەتی دەبێ‌و لە هەمان کاتیشدا خوێندنەکەی بە

شـێوەیەکی ڕێك‌وپێـك‌و بەئاگاییـیـەوە درێـژە پـێ‌دەدا تـا دیپلۆمەکـەی لـە تـــاران وەردەگرێ‌و ساڵی ۱۳۲۷ بە بوورسیەی دەوڵەتی‌یەوە دەچێتــە فەرانسـەو لـە ڕشـتەی ئابووریی سیاســی‌دا ناونووسـی دەکـا. عـەبدولڕەحمان تـا ئەوکاتـە وەك منداڵێکـی لادێیی‌و ساکار دەژیا بەلاّم ئێستە لە گەورەترین شاری پێشکەوتووی دنیادا خـەریکی خوێندنەو لەگەڵ داب‌و نـــەریتێکی جیـاوازدا بـەرەوڕووە. قـاسملوو زوو خـۆی لەگـەڵ فەرهـەنگی ئـەوێ ڕێك‌دەخـاو تەنانـەت هەڵسـووڕانی سیاسـیش بـە دامـــەزراندنی "یەکیـەتیی خوێندکـارانی کـورد" بـە هاوڕیـەتیی کـاك "ئەحمـەد قـاسملوو" بـــرا گەورەکەی‌و "عەبدولڕەحمان نوورەدین" کە ئەوانیش خوێندکار بوون، دەست پێ‌دەکـاو هەروەها پێوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی توودەش درێژە پێ‌دەدا.

ساڵێك بە سەر ژیانی عەبدولڕەحمان لە پاریس‌دا تێ‌ناپەڕێ کە ســاڵی ۱۳۲۸ لـە تاران تەقە لە شا دەکـرێ‌و گۆیـا عـەبدولڕەحمان قـاسملوویش لـە کـۆڕو کۆبوونـەوەی خۆیاندا بەدژی شا قسە دەکاو پشتیوانی لەو حەرەکەتــە دەکـا کـە شـای خسـتبووە مەترسیی کوشتنەوە. حکوومەتی ئێران بوورسییەی خوێندنەکەی هەڵدەوەشـێنێتەوەو عەبدولڕەحمان ناچار بە پشــتیوانیی حـیزبی تـوودە لـە چێکۆسـلۆواکی‌دا بورسـییەی خوێندن وەردەگرێ‌و بـۆ درێژەدانـی خوێندنەکـەی دەچێتـە ئـەو ولاّتـە. ـ کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردیش بە کردەوە هەڵدەوەشێتەوە، تا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ۱۳۳۵دا لە لایەن هێندێـك خوێندکـاری کوردپـەروەرەوە دیسـان کۆمەڵەکـە دادەمەزرێتـەوەو هەڵسووڕانی خـۆی دەسـت پێ‌دەکاتـەوە. ـ چێکۆسـلۆواکی ئـەوکات، بەباوەشـێکی ئاوەلاّوە خوێندکارە پێشکەوتنخوازەکانی ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستی وەردەگرت. قــاسملوو لەساڵی ۱۳۳۰دا بە نوێنەرایەتی خوێندکارانی ئـێران لـە کۆنفرانسـی "فیدراسـیونی جیهانیی لاوان"دا لە شاری بوداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار دەبێ.

لە چێکۆسلۆواکی لەگەڵ خانمی "هێلێن کرۆلیش" (نەسرین) ژیانی هاوبەش پێـك دێنـێو دوو کچیـان بـە ناوەکـانی "مینـا" لـەدایکبووی (پـراگ١٩٥٣)و "هیـوا" لەدایکبووی (تاران١٩٥٥) دەبێ. کاتێ لە مانگی مەی ١٩٥١دا دوکتور موسەددیق دەبێتە سەرۆکوەزیر، قاسملوو کە ئەو کات لیسانسی ئابووری وەرگرتبوو دەگەڕێتـەوە ئێرانێك کە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتبوو.

ئەو کاتە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە ژێر ڕێبـەری عـەزیز یوسـفیو غـەنی بلووریاندا خەریك بوو دووبارە گەشەی دکـردەوە. قـاسملووش کـە ئەوکاتـە لاوێکـی کۆمونیست بوو، لە مەهاباد بۆ حیزبی دیموکراتو لە تاران بـۆ حـیزبی تـوودە کـاری دەکرد. لە مانگی مەی١٩٥٢دا ئەرکی ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی دەوری پارلمانی دەدرێتێ، سەرۆکی شانەکەی، "سادقوەزیری" هەڵبژاردەی شاری مەهاباد دەبێ، کـە دواتر شا ئەو هەڵبژاردنە هەڵدەوەشێنێتەوە.

دوای کودتای ٩ی ئووتی١٩٥٣ لـە دژی دوکتـور مووسـەددیق، قـاسملوو چـەند حەوتوویەك لە تەورێز خۆی حەشاردەدا. ئینجا دەگەڕێتـەوە تـارانو لـەوێ چـاوەڕوان دەبێ حیزبی"توودە" ڕاپەڕینێکی چەکدارانە وەڕێبخا، شتێك کە هەرگیز وەدینەهات. بۆیە بۆ ماوەی دوو مانگ لە مەهاباد لـە مـاڵی "مینـا قـازی" (هاوسـەری قـازی محەممەد) خۆی حەشار دەداو لەو دەرفەتەدا کەڵکێکی زۆرباش لە کتێبخانـەی سـەرۆك کۆماری، کۆمارە کوردییەکەی ١٩٤٦ وەردەگرێو لەگەڵ هاوسەری قازی محەممەد کـە داستانی کۆماری کوردستانو دواکاتەکانی ژیانو پێوەندییەکانی قازی محەممەد لەگـەڵ بارزانیی بۆ دەگێڕێتەوە، بەردەوام پرسیار دەکاو بەشوێن نهێنییەکانی هەرەسـهێنانی کۆماردا دەگەڕێ.

هەرچەند كە تا ساڵی ١٣٣٢ "حیزبی دیموكراتی كوردستان" بەشێك لە ڕێكخراوی حیزبی توودە بوو و كاك عەبدولڕەحمان لە چوارچێوەی ئەو ڕێكخراوەدا بوو، بەلاّم لەساڵی ١٣٣٢ بەملاوە كە ڕێكخراوەكانی حیزبی توودە لەبەریەك هەڵوەشانەوەو زۆربەی ڕێبەرەكانیان هەلاّتن بۆ دەرەوەی ولاّت، كاك عەبدولڕەحمان سەفەری بۆ شارەكانی كوردستان دەكردو لاوانو خەباتگێڕانی كوردی لە دەوری یەكتری كۆدەكردەوەو بە ڕەخنەو هێرش بۆ سەر سیاسەتەكانی حیزبی توودە لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی "موسەددیق"داو دەستەوەستانیی ئەوان لە بەرامبەر كودیتاكەدا، سەر لە نوێ حیزبی دیموكراتی كوردستانی بووژاندەوە. بۆ یەكەم جار پاش حكوومەتی نەتەوەیی كوردستان، بەرنامەیەكی سەربەخۆی بۆ حیزبی دیموكراتی كوردستان داڕشتەوە. لە ساڵی ١٣٣٤داو بە پێكهاتنی كۆنفرانسی یەكەمی حیزب، كە لە شاخو لە سێ كیلۆمیتریی مەهاباد دەگیردرێ، جیابوونەوەی تەشكیلاتی لە حیزبی توودە پەسند كراو ئەمەش لە دایكبوونێكی نوێ بوو بۆ حیزبی دیموكرات. لەو ماوەیەدا دوكتور قاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی "كوردستان" ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی بە ئەستۆوە بوو كە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەشدا بوو كە كومیتەیەكی سەرانسەری بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری حیزبی دیموكراتی كوردستان بە پێشنیاری ئەوو لەژێر بەڕێوەبەرایەتی ڕاستەوخۆی ئەودا دامەزرا.

قاسملوو پاش ئەوەی دووساڵ بە نهێنی لە گوندەكانی دەوروبەری مەهاباد دەمێنێتەوە، هەر ئەو ساڵە بە نهێنی دەچێتە عێراقو لەوێ مانگێك لە كەركووك لە ماڵی مامۆستا "ئیبراهیم ئەحمەد"و پاشان لە بەغدا لە ماڵی "نووری شاوەیس" دەمێنێتەوە.

سالّی ١٣٣٦ کاك عەبدولڕەحمان پاش پێوەندی‌یەك کە لەگەلّ پاشماوەی یەکێك لە کۆمەڵەکانی سەر بە حیزبی توودە گرتبووی، لە تاران دەکەوێتە داوی بەرپرسە ئەمنییەتی‌یەکانی فەرمانداری نیزامی ئەوکات بە سەرۆکایەتی "تەیموور بەختیار"، بەلاّم بە ئازایەتییو زیرەکی خۆی توانی لە چنگ پولیس رزگاری بێت. چونکە مەترسی گیرانەوەی دووبارەی لەسەر بوو، حیزب بڕیاریدا ئێران جیّبهێلّیّ.

قاسملوو هەر ئەو کاتە بۆ خۆی کەسایەتی‌یەکی بەرزی هەبوو. ئەو رێبەری حیزبێکی شۆڕشگێڕ بوو کە بەنهێنی خەباتی دەکردو لە نێوان دیمەشق، پراگ، بەغداو تاراندا لە هاتووچۆدا بوو. دواسەفەری ئەو بۆ تاران سالّی ١٩٥٧ دەبیّو هەتا بیستو یەك سالّ دواتر ئەو شارە نابینێتەوە.

دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراقو پازدە رۆژ پاش گەیشتنی ژنرالّ بارزانی، لەگەلّ خێزانی لە بەغدا نیشتەجیّ دەبنو لە زانستگەی بەغدا وانەی زمانو ئەدەبی کوردیی دەگوتەوەو لەویّ بەردەوام چاوی بە بارزانی دەکەوت. لە مانگی مارسی١٩٦٠دا کاتێك "عەبدولکەریم قاسم" رێبەرانی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق" ئەوانەی بە "کۆمونیست"ی دەزانین، لە بەغدا وەدەر دەنیّ، قاسملوو بە بارزانی رادەگەیەنیّ: "قاسم یاریت پیّدەکات. ئەگەر ئەمڕۆ لە کۆمونیستەکانی داوە سبەی نۆرەی تۆ دیّ." بارزانی لە وەلاّمدا دەلّیّ: "ئەمن ناتوانم بە نهێنی بژیم تفەنگەکەم تاو دەدەمیّو وەشاخان دەکەوم."

"دووبەرەکی لە نێو ئەوانەدا کە بە هەر حالّ بە کادری رێبەریی حیزبی دیموکرات دەژمێردران لە زۆر بارەوەو لە زۆر وەختدا سەری هەلّدەدا، بەلاّم دەکریّ بلّێین تەوەرەی ئەو دووبەرەکی‌یە وەك شەخس، دوکتور قاسملوو لەلایەكو ئەحمەد تۆفیق (عەبدوللاّ ئیسحاقی) لە لایەکی دیکە بوونو لە باری سیاسی‌یەوە ناکۆکی لەسەر

بیروباوەڕی چەپ‌و دیموكراتی‌و پێشكەوتنخوازانە كە دوكتور قاسملوو لایەنگری بوو لەگەڵ بیرێكی ناسیونالیستیی بەرچاوتەنگانە بوو كە كاك ئەحمەد تۆفیق بە سەمبولی دەژمێردرا. هەر ئەو دوو بۆچوون‌و بیركردنەوەیە دوو هەڵوێست یان دوو سیاسەتی دیكەشیان هێنایە كایەوە. هەرچی دوكتور قاسملوو بوو، لایەنگری سەرسەختی سەربەخۆیی سیاسی‌و سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دیموكراتی كوردستان بوو و تا ئەو كاتەش شەهید كرا لەو ڕێبازە دروستە لای نەدا. هەرچی كاك عەبدوڵڵا ئیسحاقیش بوو، بە هەر دەلیلێك كە بۆخۆی پێی قانیع بوو، حیزبی دیموكراتی كوردستانی كردبوو بە كلكەیەك لە پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق‌و بە كردەوە لە ژێر ڕێبەرایەتیی پارتی‌و شەخسی خوالێخۆشبوو مەلامستەفادا بەڕێوە دەڕۆیشت.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە كە ئەو بەشە لە ململانەكە تا ڕادەیەك زوو كۆتایی پێهات. چونكە كاك ئەحمەد تۆفیق‌و هاوبیرەكانی بە ڕێگایەكدا كە ناكرێ لێرەدا باسی بكرێ، زۆر زوو (١٣٣٩) دوكتور قاسملوویان لە عێراق بە دەركردن داو قاسملوو هەتا دوای ڕێككەوتننامەی ١١ مارسی ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی عێراق‌و بزووتنەوەی كورد، لە ئۆرووپا ژیاو ئیددیعای ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانیشی نەدەكرد. قاسملوو كە بە پێچەوانەی ئیسحاقی ئەهلی فیكرو سیاسەت‌و قەڵەم‌و نووسین بوو بە هاوكاری هێندێ لە دۆستانی بۆ ماوەی چەند ساڵێك ڕۆژنامەیەكیشی لە ئۆرووپا دەردەكرد كە ناوی "كوردستان"ی لەسەر دانابوو. بەڵام چونكە خۆی بە ڕێبەری حیزب دانەدەنا لەسەر ڕۆژنامەكەشی نەی‌دەنووسی "ئۆرگانی حیزبی دیموكرات"، ئەگەرچی لە ڕاستی‌دا بیروباوەڕی حیزبی بڵاو دەكردەوە. دیارە بە ڕۆیشتنە دەرەوەی دوكتور قاسملوو بەربەرەكانێ لەگەڵ بیروباوەڕی ڕاستڕەوانەو ڕەفتاری تەكڕەوانەی كاك عەبدوڵڵا ئیسحاقی كۆتایی نەهات."

بەم جۆرە قاسملوو دەگەڕێتەوە پراگو تا ساڵی ۱۹۷۰ لەوێ دەمێنێتەوە. ساڵی ۱۳٤۱ (۱۹٦۲) دوکتور قاسملوو لە زانستگەی پـــراگ دوکتـورای زانسـتی ئـابووری وەردەگرێو تێزی دوکتوراکەی دەنووسێ کە تایبەت بـــە ئـابووریی کوردسـتان بـوو و تێزەکەی (کوردستانو کورد) لە ساڵی(۱۹٦٥) لە لەندەن چاپ دەکرێ. ئەم کتێبە بـە زمانی چێکی نووسراوەو تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێســتانی، عەرەبیو کوردیو هێندێ بەشیشی بە فەرانسەییو فارســی چـاپو بـڵاو کراوەتـەوە. پاشـان لـە زانسـتگەی "سـەنت شـارل" هـەتا سـاڵی ۱۳٤۹ وانـــەی "ئـــابووریی سەرمایەدارییو ئابووریی سوسیالیسـتیو تیئـوری هـەڵدان"ی گوتـەوە. ئـەو زۆر بـە "بەهاریپراگ" هیوادار دەبێو بە نارەحەتیو بێزاریشەوە شـاهیدی تێكشـكانی ئـەو ئەزموونەو ئەو سەرکوتە دەبێ کە بە دوایدا هات.

**مامۆستا عەبدوڵلاّ حەسەنزادە:**

"راسـتییەکەی ئەوەیـە کـە زۆرجـار لەگـەڵ مـەرحووم دوکتـور قـاسملوو باسـی مەسەلەی "بەهاری پراگ" کراوە. بەلاّم ئەوەی ئەمن لـــە بـیرم بـێ هیـچ وەختێکـی سوخنرانییەك بە مەعنای ناسراوی سوخنرانی لــەو بـارەوە نـەبووە. بلێـین نوتقێکـی کردوە، یان لە کۆبوونەوەو متینگێكدا قسەی لەسەر کردوە، شتی ئاوا نەبووە. موهیم ئەوە بووە ئەو وەختــی کـە ئەرتەشـی شـوورەوی هـاتوە بـۆ چێکۆسـلۆواکی هـەموو ئۆردووگای سۆسیالیسـتی لـە واقیـعدا تـەئییدیان کـرد. ئۆردووگـای سۆسیالیسـتی ئەوەندەی لە بلووکی شوورەویدا بـــوو، ئـەحزابی کۆمۆنیسـتیش تێکـڕا لـە هـەموو جێیەك ـ ئەوانەی لە فەلــەکی شـوورەویدا دەسـووڕانەوە ـ هـەموویان کۆبوونـەوەی حیزبییان لە تەواوی ئۆرگانەکانی حیزبیدا دەکردو دەبوو لەســەر ئـەوە رەئـی بـدەن.

ئەمن نازانم لە هیچ جیٚیەك موخالیفەت كراوە یـان نـا، بـەلاٚم ئـەوەندەی مـن بـزانم دەنگی موخالیفم نەبیستوە كە بلٚێن لە فلاٚنە حیزبی كۆمۆنیسـتدا كـە وابەسـتە بـە ئۆردووگای شوورەویە، ئۆرگانیٚك یان حەوزەیەكی حـیزبی یـا حـیزبیٚك بـە تـەواوی موخالیفـەتی كـردوە. ئـەو وەختـەش كـە دوكتـور قـاسملوو لـە پراگـیٚ دەژیـا لـەو شەرایتەیدا ئەو لە ئۆرگانیٚكی حیزبی تـوودەدا فەعالییـەتی دەكـرد، یـانیٚ رەسمـەن وەكوو ئەندامیٚكی حیزبی توودە لە كۆبوونەوەكانی حیزبیدا بووە. لەو هەستەیەش كە ئەوی تیٚدا بووە، لەویٚشدا عەینی ئەو مەسەلەیە دیٚتە پیٚشیٚ. تەواوی ئەندامانی ئـەو هەیئەتەی، ئەو هەستەیەی بلٚێین، بـە تونـدی حیمایـەتو پشـتیوانی دەردەبـڕن لـەو حەرەكەتـە كـە ئیتیحـادی شـوورەوی كردوویـەتی بـە گرتنـی چیٚكۆسـلٚوواكیو بـە حەرەكەتیٚكی رزگاریدەری ناو دەبەن. كاك دوكتور قـاسملوو لـەو نیٚـوەیدا بـە تـەنیا هەلٚویٚستیٚكی دیكەی دەبیٚ، ئەو دەلٚیٚ كـە ئـەوە داگـیركردنی ولاٚتیٚكـە لـە تـەرەف ولاٚتیٚكی دیكەوە. ئیتیحادی جـەماهیری شـوورەوی كـە ولاٚتیٚكـی سۆسیالیسـتییەو ئیٚستیٚ بلٚێین پشتو پەناو مەركەزی ولاٚتانی سۆسیالیسـتییە ئەگـەر مولاحـیٚزاتیٚكی هەیە، دەتوانیٚ دۆستانە بیدا بە ولاٚتیٚكی دیكەی سەربەخۆ، بەلاٚم ئەوە كە ئەو ولاٚتـە بخاتە بەر حەملەو بچیٚ لە بـاری نیزامییـەوە داگـیری بكـا، ئـەوە بـە هیـچ جـۆریٚ حەرەكەتیٚكی ئەنتیٚرناسیۆنالیستی نیەو ئەوە رزگار كردن نیـەو داگـیر كردنـە. دەبـیٚ حیزبیٚكی كۆمۆنیست با گەورەتریش بیٚ، ئیستقلالی سیاسیو ئیستقلالی بڕیاردان بـۆ حیزبیٚكی كۆمۆنیستیی دیكە ـ كە پیٚیان دەگوتن ئەحزابی بـرادەر ـ قـایل بـیٚ. لـە سەر ئەوە دیارە زۆریان داوا لیٚكردبوو كـە ئـەو هەلٚویٚسـتەی وەربگریٚتـەوە، دوكتـور قاسملوو ئەو هەلٚویٚستەی وەرنەگرتەوە. بەلاٚم لە پاشان هەر لە سەر ئەوە لەویٚ دەریان كرد. ماوەیەك دواتـر بـە داخـەوە بـە بـەدگۆیی رەفیقـەكانی لـە حـیزبی تـوودەدا،

خێزانیشیان کە بۆ خۆی خەڵکی چێکۆسلۆواکی بوو، لە چێکۆسلۆواکی وەدەرنا. قەزیەکەش چ بوو؟ بۆخۆی دەیگێڕایەوە کە دەزانم راستیشی دەکرد، دەیگوت کە لە کۆبوونەوە دەهاتینە دەرێ هەموو ئەندامانی عەینی هەستەی حیزبی کە ئەمنی تێدا بووم نەزەریان وەکوو نەزەری من وابوو، بەڵام کە دەچووین لە کۆبوونەوەی حیزبیدا باسمان دەکرد، چونکی دەنگەکان هەموو زەبت دەبوونو دەکرانە سورەت جەلەسەو ئیمزا دەکرانو یەك نەفەر موخالیفەتی نەدەکرد. ئەوەی ئەمن ئاگام لێیە ئەوەیە، یەعنی هەڵوێست گرتنە نەك ئەوەی کە مەجالێکی بۆ پێش هاتبێ بچێتە پشتی میکرۆفۆن سوخنڕانی بۆ خەڵکی بکا. شتی وام نەزانیوە."

دوکتور قاسملوو ئەو کاتە بە یەکجاری پێوەندیی خۆی لەگەڵ جووڵانەوەی کۆمونیستیو لقە ئێرانییەکەی واتە حیزبی "توودە" دەبڕێ.

ئیمزای رێککەوتنامەکەی مارسی ١٩٧٠ لە نێوان ژنراڵ بارزانیو سەددام حوسێن "جێگری سەرۆك کۆماری ئەوکات"دا، ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕخسێنێ کە لە بەغدا بژیو لە ساڵی ١٩٧١دا دەبێتە راوێژکاری تەکنیکیی وەزیری نەخشەکێشان.

### مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

"پێم وایە ئەوە کە دەوڵەتی عێراقێ دەعوەتی لە دوکتور قاسملوو کرد بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیەی بۆ پیادە بکا، لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە دوو نەفەر قوتابیی عێراقی هەبوون لە دانشگای پراگێ کە دەرسی ئیقتیسادی سیاسییان لەلا خوێندبوو، یەکێکیان کە هەر لە وەزارەتی بەرنامەرێژیی عێراقێ کە ئەوان پێیان دەگوت "وزارە التخطیط" لەوێ کاری دەکرد. دوایە هەر راست لە ژێر نەزەری دوکتوردا کاری دەکرد، ناوەکەیم بەداخەوە لە بیر نیە، کوڕێکی مەسیحی بوو، دوکتورای لە لای

دوكتور وەرگرتبوو. ئەو دیار بوو باسی كردبوو كە دوكتور قاسملوو كەسێكی ئاوایەو تەخەسوسێكی لەو بابەتەی هەیە. دوكتور قاسملووش لە پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ كە مەربووت بوو بە حەللی مەسەلەی كورد لە بەینی دەوڵەتی عێراقو بزووتنەوەی كورد بە سەرۆكایەتیی مەرحووم مەلا مستەفا بارزانی، هاتبۆوە لە عێراقێ كاری حیزبیی دەكرد. بۆ كاری حیزبی گەڕابۆوە، تەبیعەتەن لە بەغدایەش دەژیا. پێوەندییش لە بەینی حیزبی دیموكراتو دەوڵەتی عێراقیدا هەبوو. لەوێو لە ساڵی ١٩٧١دا بوو كە بۆ یەكەم جار داوایان لێكرد كە لە وەزارەتی "التخطیط" كاریان بۆ بكاو ئەگەر ئەمن لە بیرم بێ ئەساسەن ئەوان نەبوون كە داوایان لێكرد كە بەرنامەیەكی درێژخایەنی ئیقتیسادیان بۆ دابنێ، ئەوان دەیانویست لە بەرنامەڕێژیی ئیقتیسادیدا كاریان بۆ بكا. بەڵام دوكتور كە تەخەسوسەكەی لەو بەشەدا بوو لە ئیقتسادی سیاسیو بە تایبەتی لە بەرنامەی درێژخایەنی ئیقتیسادیدا، بەرنامەیەكی دانا بە ناوی بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، بە عەرەبی پێیان دەگوت "التخطیط بعید المدی". تەحقیقاتەكەی كردبوو بە كتێبێك، بەرنامە بوو بۆ پێشكەوتن لە سەرتاسەری عێراقیدا. هەموو بەشەكانی عێراقی دەگرتەوەو هەموو مەجالەكانی بە تایبەتی ئەو بەشە كە مەربووت دەبوو بە قابلییەتی وەزعی عێراقێ، عێراق لە هێندێ بارەوە قابلییەتی تایبەتیی هەن. ئەو وڵاتە وڵاتێكە لە بەشێكی زۆریدا عەرزی بەكەڵكی هەیە، ئاوی بەكەڵكی هەیە، مەنتەقەیەكی زۆری هەیە كە بۆ توریست دەبێ. عێراق هەروەكوو كاك دوكتور باسی دەكرد ئەو وەختی كە كاری كردبوو، جێگایەكە كە دەتوانێ چوار فەسڵی ساڵێ توریست رووی تێبكا، چونكی جێی هەیە بۆ زستانێ باشە، جێی هەیە بۆ هاوینێ باشە. بەرنامەیەكی ئاوای دانا. ئەو بەرنامەیە لە حاڵی پیادە كردندا بوو، بە نەزەری من ئەوەندەی كە ئاگادار بم، دیارە من چونكی نە

تەخەسوسم هەیە نە لە نێو کارەکەیدا بووم، بـەلاّم ئـەو بەرنامەیـە زۆر بـە گـەرمی ئیستقبالی لیٚکراو لـە سـەر ئـەو بەرنامەیـە دەڕۆیشـتن بـۆ پێشـکەوتنی ئـابووریو ئیجتیماعی لە عێراقیٚدا، زۆری کـار پیٚکـراو ئیسـتفادەیەکی زۆری هـەبوو. رەنگـە ئێستا لە نەتیجەی ئەو رووداوانەدا کە بە سەر عێراقیٚدا هاتوون ئـەو بەرنامەیـە بـە ناتـەواوی مابێتـەوە، هـەر وەکـوو زۆر بەرنامـەی دیکـەش کـە ئەگـەر حالّـەتی ئیستیسنایی بە سـەردا هـات، تێـك دەچـیٚ. بـەلاّم بەرنامەیـەك بـوو یـەکجار زۆر پێشوازی لیٚکراو بەرنامەیەکی عیلمی بوو."

## گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستان:

### مامۆستا عەبدوڵلاّ حەسەنزادە:

"لەو سەروبەندەدا دوکتور قاسملوو لە ئۆروپا گەڕا بۆوە عێراق. لە بـەغدا چـاوی بە حەمەدەمین سیراجیو کـاك یوسـفی ریزوانـی کـەوتبوو. ئەوانیشـی لەگـەلّ خـۆی هەلّگرتبوو، چووبووە لای خوالێخۆشبوو بـارزانی بـۆ پیرۆزبـایی لیٚکـردن بـە بۆنـەی رێککەوتننامەی ١١ی مارسەوە. لەو کاتەدا کاك ئەمیری قازی لەویٚ دەبـیٚ. لەگـەلّ دوکتور چاویان پێك دەکەویٚ باسی گەڕانەوەی دوکتورو یەکگرتنەوەی هـەموو لایـەك دەکریٚو سەرەنجام رێك دەکەون کە کاك ئـەمیر بگەڕێتـەوە لای کومیتـەی نـاوەندی، مەسەلەکە باس بکاو دوکتوریش لـە بـەغدا گـیر بـیٚ تـا کـاك ئـەمیر خەبـەری لیٚ دەگێڕێتەوە.

بەلاّم هەر لەویٚ دوکتور باسی ئەوەی کردبوو کە بەتەنیا نیە. بەلّکوو کاك کـەریم حیسامی، کاك حەمەدەمین سیراجیو کاك یوسـف رزوانیشـیی لەگەلّـە.کـاك ئـەمیر گەڕایەوە شوێنی کومیتەی ناوەندی. باشە بزانین جێگای کومیتـەی نـاوەندیش تـەنیا

ژوورێك لە پاڵ ماڵێكی نیشتمانپەروەردا بوو لە گوندی "سەرگەی نێڵێ" لە ناوچـــەی شارووشیان كە یەك دوو كەسی كومیتەی ناوەندیو یەك پێشــمەرگەی لیّدەژیــان. بــە دوای گەڕانەوەدا كاك ئەمیر داوای كرد ئەندامانی كومیتــەی نــاوەندی ( كــە ئێســتا تەنیا چوار كەس، بوون: خۆیو هێمنوحەسەن رەستگارو عــەبدوللاّ حەســەنزادە) كــۆ ببنەوە.

لە كۆبوونەوەی كومیتە ناوەندیدا بڕیار درا كۆبوونەوەیەكی بەرین لە كادرەكـــانی دانیشتووی عێراق پێكبیّو پرسیان پیّ بكریّ. لە بیرمە كاك ئەمیر ئــەو كۆبوونــەوەی ناونا "پلۆنۆم" هەر چەند رەنگە ناوی ســیمینار یــان كۆبوونــەوەی مەشــوەرەتیی لــە سەردانرا بایە موناسبتر بوو بیّ.

هەر چۆنی بیّ هاوڕێیانمان كۆبوونەوەو مەسەلەكە هاتە گۆڕیّ. لەگــەڵ ئــەوەی زۆر كەس لە نێزیكەوە دوكتور قاسملوویان دەناسی بە تێكڕای دەنــگ موافیــق بــوون كــە دوكتور بگەڕێتەوەو كومیتەی ناوەندی لە هەموو كاروباری حیزبیدا مەشوەرەتی پــیّ بكا تادەگەینە كۆنگرە، یان كۆنفرانسێك. بەلاّم بۆ وەرگرتنەوەی ئـــەوانی دیكــەو بــە تایبەتی كاك حەمەدەمین سیراجی تووشی كێشەیەكی زۆر بووینو ئاخرەكەشی لەگــەڵ وەرگرتنەوەی حەمەدەمین سیراجی موافقەت هەر نەكرا. ئەو كۆبوونەوەیــە نامەیــەكی بۆ دكتــور نووســی. بانگهێشــتنی كــرد كــە بێتــەوە كوردســتان بــۆ كــاری حــیزبیو "بەلێنیش"ی پیّدا كە كومیتەی ناوەندی لە كاروباری خۆیدا مەشوەرەتی لەگەڵ بكا تەنانەت پەیڕەویی لە نەزەرەكانیشی بكا.

دوای ئەو كۆبوونەوەیە سیّ كەس لە ئەندامانی كومیتەی ناوەندی چووینە بــەغداو لەگەڵ دوكتورو كاك حەمەدەمین سیراجیو كاك یوسفی ریزوانی، چاومان پێك كەوت. لانیكەم حەوتوویەك باسو وتووێژمان بوو لەسەر دوو مەسەلە. ئێمــەو كــاك دوكتــور

ناكۆكی‌یەكی زۆرمان بوو، یەكێكیان ئەوە كە ئێمە لەبەر نەزەری حیزبی نەماندەویست كاك حەمەدەمین سیراجی وەربگرینەوەو كاك دوكتوریش پێی چەقاندبوو كە بە بێ ئەو هاورێیانە هاوكاریمان ناكا. قسەی خۆمان بێ ژمارەیەكی زۆر لە كادرو پێشمەرگەكانی حیزب كە پاش شكانی راپەڕینی "٤٧ ـ ١٣٤٦ "رایان كردبوو بۆ نێو حكوومەت لە ناوچەی سلێمانیو لە تەنیشت مەكتەبی سیاسیی كۆنی پارتی بە چەكەوە بنكەیان هەبوو كە ئەوانەش پێوەندییان بە سیراجی‌یەوە هەبوو و بە هێزی چەكداری ئەو برایانە دەژمێردران. ژمارەی ئەوانەش زۆر كەمتر نەبوو لە ژمارەی ئەو كەسانەی لە ناوچەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگەدا دەژیانو بە پەرشو بلاوی لەگەڵ كومیتەی ناوەندی بوون. كە وایە لەو بارەیشەوە پشتیان قایم بوو. دووهەم مەسەلە ئەوە بوو كە دوكتور قاسملوو قبوولی نەبوو لەگەڵ كومیتە ناوەندی‌یەك كە هەڵبژێراوی كۆنگرەی دووهەمە، كۆنگرەیەك كە تۆمەتی جاسوسیی داوەتە پاڵ ئەو هاوكاری بكا. دەی‌ویست ئۆرگانێكی تازەی رێبەرایەتی درووست بكرێ، جا هەر ناوێك لە سەری دانرابا بۆ ئەو فەرقی نەبوو. پاش چەند رۆژ كێشەو هەرا جەبهەكەی ئێمە كەلێنی تێكەوت. كاك حەسەنی رەستگار رایگەیاند كە من شەڕی قاسملووم پێ‌ناكرێو ئەگەر ئێوە لەگەڵی رێك ناكەون، ئەمن خواحافیز.

ئەو بڕیارە هەڵوێستی ئێمەی زۆر لاواز كردو ئاخرەكەی بەوە رازی بووین كە ئۆرگانێكی دیكە هەر بە ناوی كومیتەی ناوەندی دروست بكەین. بەوپێیە لە چاخانەیەكی شەقامی " ابونواس" لە بەغدا بە بەشداریی شەش كەس: دوكتور قاسملوو، سیراجی، ریزوانی، قازی، رەستگارو حەسەنزادە كومیتەیەكی ناوەندیمان دروست كرد كە حەوت ئەندامی هەبوون، ئەو شەش كەسەو هێمنی شاعیر، وام لە بیرە كاك كەریم حیسامیشمان دانابوو كە بەو پێیە بووینەوە هەشت كەس.

ئەو کارە لە نێو بەدەنەی حیزبدا گیروگرفتێکی زۆری بۆ خولقاندین. بەتایبەتی ئەوە کە ئێمە بە پێچەوانەی بڕیاری کۆبوونەوەی شاروشیان جوولابووینەوە، هاوڕێیانی حیزبیی زۆر تووڕە کردبوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە یەکگرتنەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو خێری بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر بەدواوە بوو. بەڕاستی تەنیا هاوکاری لەگەڵ دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە شتێکمان لە مانای دروستی حیزبایەتی و کاری حیزبی و ئوسوولی حیزبی بەرچاو کەوت و کەم و زۆر فێری بووین. هەر لەو سەروبەندەدا موافەقەتی بارزانیمان وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێیانەشمان کە لە بەکرەجۆ لە ناوچەی سلێمانی بوون، بێنەوە ئەو شوێنانە کە هاوڕێیانی دیکەی حیزبیان لێ دەژیان.

بە دوای ئەو کارانەدا خانوویەکمان لە بەغدا گرت و نەك بنکەیەکی حیزبی، باشترە بڵێم ماڵێکی حیزبیمان لەو شارە دامەزراند. لەو ماڵەدا کاك دوکتورو هێمن و کەریم حیسامی و سیراجی لەگەڵ برایەکی پێشمەرگە بە ناو خالید عەلیپوورو خێزانەکەی بە دایمی دەژیان و ئەندامانی دیکەی کومیتە ناوەندییش هەرکات کۆبوونەوە و سەفەریان هەبایە لە جیاتی هوتێل دەچوونە وێ.

با ئەوەش نەبوێرین کە هەر لەو سەروبەندەدا (بەهاری ١٣٤٩) پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراقی دامەزرا. دوکتور قاسملوو لە نێو حیزب و ڕێکخراوو شەخسییەتە عێراقییەکاندا دۆست و برادەری زۆری بوون. ئەوەی ڕاست بێ ئێستاش نازانم لە ڕێگای کێیەوە حەڵقەی پێوەندییەکانی دامەزراند. دوایە بۆخۆی بنچینەکانی ئەو پێوەندییەی هێنایە سەر کاغەز و کران بە عەرەبی و تەسلیمی نوێنەری حیزبی بەعس کران کە لە لایەن ئەوانیشەوە پەسند کران..."

**كاك حەسەن ڕەستگار:**

"ئەو وەختی شەهید دوكتور قاسملوو بەرنامەی ئەوە بوو كە ئێمە كەمی تێدەگەیشتین، كە حیزب دەبێ ئەساسنامەو بەرنامەی هەبێ، تەشكیلاتی هەبێ، ڕۆژنامەی هەبێ، فكری تایبەتی خۆی هەبێ ئەوەی كە پێی دەڵێن سەربەخۆیی سیاسی. ئێمە تا ئەو وەختی بەش بە حاڵی خۆم ئەمن زۆر سەرم لەو شتانە دەرنەدەچوو. بەڵام دوایە كە شتەكە داڕژا فكرمان لەوەی كردەوە كە ئێمە كۆنفرانس بگرین ئەگەر كۆنگرەمان بۆ نەگیرێ، دوایە كونگرە بگرینو بەرنامەو ئەساسنامە تەسویب كەین. ئەوانە كارەهایەك بوون كە دوكتور قاسملوو دەستی پێكردو فكری ئەوەش كە ڕۆژنامە دەركەین ئەوەیش هەر بوو بەوە كە ڕۆژنامەی "كوردستان" لە سەرڕا دەربكرێو كادرەكان كۆ بكەینەوەو لە چەند مەرحەلەدا كلاسی سیاسی دابنێین بۆ كادرەكان بۆوەی كە بتوانن لەو بارەیەوە كە حیزبی دیموكرات دەبێ لە سەر ئەو ئەساسەی بڕوا، لە سەر بەرنامەو ئەساسنامەیەك بڕوات ئەوانە پەروەردە بكەین بۆیە توانیمان، یەعنی لە چەند مەرحەلەدا ئەوانەی كە هەمانبوو بە گوێرەی وەزعییەتێكی كە هەبوو كادرەكانمان كۆ دەكردەوە زۆرتریش كلاسی كادریەكە لە بەغدایە بوو. لەوێ دادەنرا. دوایە ڕۆژنامەی "كوردستان" دەرچوو."

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:**

"پاش ئەوەی كەمێك جێی خۆمان كردەوە، دوكتور قاسملوو ئەركی نووسینی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی وەئەستۆ گرتو هەر لەو كاتەدا كاردروستایی بۆ گرتنی كۆنفرانسی حیزبی دەستی پێكرد... لە سەر بەرنامەو پێڕەوی حیزب باشە وەبیر بێنمەوە كە پاش ئامادە كردنی گەڵاڵەیەك چەندین كۆبوونەوەی كومیتەی

ناوەندیی لە سەر گیرا، ئەوەی راست بێ ئەو كۆبوونەوە حیزبییانە (هەرنەبێ بۆ مـن) زیاتر وەك كلاسی كادر دەچوون. چونكە یەكەم جار بوو باسی سیاسی بەو جـۆرە كـە دوكتور قاسملوو لێی شارەزا بوو دەهاتە نێـو كۆبوونـەكانمان (كۆبوونـەوەكانی حـیزبی دیموكرات). بێشك هەموو ئەندامانی كومیتەی ناوەندی نەزەرو بۆچوونی بەسـوودیان لە سەر بەرنامەو پێڕەو هەبوو، بەلاّم ئەمەگناسی حوكم دەكا بلێم نەخشی مامۆستاو تیئۆریزان هەر بە دوكتور قاسملوو بوو..."

**كاك حەسەن رەستگار:**

"دوایە لە ساڵی ١٣٥٠دا كۆنفرانسی سێمان گرت. كۆنفرانسی سێ لە كۆیە لـە ماڵی من گیرا. خانوویەكی گەورە بوو. تعدادەكەش زۆر نەبوو، نزیكـەی ٣٩ تـا ٤٠ نەفەر بووین. لەوێ كومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراو ئەساسنامەو بەرنامەكە كە پێشـتر ئامادە كرابوو بە تەسویبی كۆنفرانس گەیشت كە تا دەگاتە كۆنگرە، ئەو ئیقداماتانە كە كران بوو بە هۆی ئەوە كە حیزب شكلێكی دیكە بە خۆیەوە بگرێ."

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:**

"پاش تەواو بوونی كۆنفرانسی سێ كە لە شاری كۆیە گیرا، لە مانگی جۆزەردانی ١٣٥٠ ژوئەنی ١٩٧١، دوكتور قاسملوو بە ئـەندامی كومیتـە نـاوەندیو پاشـان بـە سكرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا... هێندێ كەس كە هەروا لە خۆڕا دوژمنایـەتی دوكتور قاسملوویان دەكرد، بلاّویان كردبـۆوە كـە گۆیـا دوكتـور قـاسملوو لـە گـیرانی "ئەحمەد تۆفیق"دا خەتابارە بەلاّم ئەوەی گرنگەو ئەمانەتێكە لە سەر شانی نووسەری ئەم دێڕانەو هەموو كەسێكی بەویژدانو ئاگادار لـە مەسـەلەكان، ئەوەیـە كـە كـاك

دوکتور قاسملوو نەك هەر خەتایەکی لە گیرانی ئیسحاقیدا نەبوو بەڵکوو هەوڵێکی یەکجار زۆریشی بۆ ئازاد کردنی دا کە بە داخەوە سەر نەکەوت. ئەوانە کە تۆمەتو بوختیانیان بۆ کاك دوکتور قاسملوو هەڵدەبەست بەڕاستی قاسملوویان نەدەناسیو ڕەنگە هەر نەشیان توانیبایە رووحی بەرزی قاسملوو بناسن..."

دوایی کۆنگرەی ۳ی حیزب لە ڕەزبەری ساڵی ۱۳۵۲دا گیردراو قاسملوو بوو بە سکرتێر.

دوکتور قاسملوو ئەو کاتە کونترۆڵی حیزبی دیموکرات دەگرێتە دەستو بەم جۆرە حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش مەودای درێژی نێوان ساڵەکانی ۷۰ ـ ۱۹٦۰ دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستە پێشکەوتنخوازانەکانی خۆی. ئەوە هەر لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبیشدا (۲۲ـ۲٦ی سیپتامبری ۱۹۷۳) پەسند دەکرێتەوە. دوکتور قاسموو لەبەر ئەوەی کە پێوەندیی باشی هەم لەگەڵ کاربەدەستانی بەغداو هەم لەگەڵ ژنراڵ بارزانیدا دەبێ، کاتێك لە ساڵی ۱۹۷٤دا پێوەندیی ئەو دووانە تێكدەچێ، هەوڵدەدا پێوەندییان لە نێواندا دروست بکا، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام دەبن. کاتێك لە مانگی مارسی ۱۹۷٤دا شەڕ دەست پێدەکاتەوە لە بەر ئەوەی قبووڵ ناکا لە ڕۆژنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بارزانی مەحکووم بکرێ، ناچار دەبێ سەر لە نوێ ئاوارەی پراگ ببێتەوە.

ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە ئیدی هیچ بنکەیەکیان لە وڵاتی دراوسێدا نەماوە، دەکەونە هەلومەرجێکی ئەوەندە سەختەوە کە دوکتور قاسملوو ناچار کۆنفرانسی نوێی حیزبی دیموکرات لە ژوئیەی ۱۹۷۷ لە فەرانسە، لە کۆشکی "مۆنلیڤۆ" لە ئوستانی "لۆراێیشێرگ"ی ئەووڵاتەدا دەگرێ، کە "هێمن"ی شاعیرو ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیش تێیدا بەشدار دەبن. دوکتور قاسملوو کە

ئەو كاتە لە قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەلاتی‌یەكان دەرسی دەگوتــەوە، لــە مانــەوەی لــە فەرانسە كەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئــێرانی نیشــتەجێی پاریس، بە تایبەت ڕێبەرانی "جبهەملّی" پێوەندی دابمەزرێنێت.

دوكتور قاسملوو هەرچەند كەسایەتی‌یەكی ئاگاو زانا بوو، بەلاّم هەمیشە خەریكی نووسینو خوێندنەوەو گوێ‌گرتن لە نەزەرو بیرو بۆچوونی خــەڵك لــە ســەر مەســەلەكان تەنانەت لە زمان ساكارترین كەسانی دەوروبەری‌یەوە بوو. لە بــاسو قســەكردندا بــە زۆری شتەكانی جۆرێك دەهێنایە گۆڕێ كە بیســــەر بــۆ خــۆی بــیری لی‌بكاتــەوەو بــە وەلاّمی دڵخوازی خۆی بگا. لە قسەكردنو نووسیندا لە وشەو رستەی ســـاكارو رەوانو پڕنێوەرۆك كەڵكی وەردەگرتو لــە بــەكار هێنــانی وشــەی غــەریبو نەناســراو خــۆی دەپاراست. كەمتر سەرنجی دەدایە ژیانی شەخسیی خۆی، هەموو شتێكی لە خــەباتو تێكۆشاندا كورت كرد بۆوە. هــەرگیز نەكەوتــە فیكــری وەســەرنانی مــاڵو سـامانی شەخســی‌یەوەو هــەموو شــتێكی بــۆ "كــوردو كوردســتان" دەویســت. شــــارەزاییو ئاگایی‌یەكی زۆری هەبوو لە سەر كێشەو گیرو گرفتەكانی سەر ڕێگای گەیشتنی گەلی كورد بە مــافو ئازادی‌یــە رەواو بەرحەقــەكانیو لــە ئیحساســاتی تونــدو داخوازیــی نەگونجاو لەگەڵ هەلومــــەرجی خــەبات، خــۆی دەبــوارد. راســتی‌یەكانی دەبینــیو لــە گوتنەوەی حەقو تەنانەت تاڵترین حەقیقەتیش، سڵی نەدەكردەوە. بایەخێكی زۆری بە كات دەداو لە دیاری كردنی كاتی چاوپێكەوتن لەگەڵ خــەڵكدا زۆر ورد بــوو. لەگــەڵ هەموو كەس بە پێكەنینو زەردەخەنەوە هەڵسوكەوتی دەكرد.

دوكتور قاسملوو كە لە ١٧ی نوامبری ١٩٧٨ دا بە نهێنی و بە ڕێگای جــەڵدیاندا گەڕابۆوە ئێران، شەوی دواتر دەگاتــە ناوچــەی مــەهاباد كــە كــەشو هــەوای دوایــین كاتەكانی دەسەلاتی "شا"ی بە سەردا زاڵ بوو. دوكتور قاسملوو ٥ حەوتوو لە مهاباد

دەمێنێتەوە، بەلاّم زۆر زوو هەموو کەس بە بوونی ئــەو دەزانــنو ناچــار دەبــێ خــۆی بشارێتەوە. هەر بۆیە ئەو کەسەی کە دواتر لـــە ڕێبــەریی حــیزبی دیموکــراتدا جێــی دەگرێتەوە( مەبەست دوکتور سەعیدی شەرەفکەندییە)، لەگەلّ خۆی دەیبا بۆ تـــاران بۆ ئەوەی لە مالّەکەی خۆیدا حەشاری بــدا. لــەوێ کــە دوکتــور قــاسملوو بــە هــۆی نەخۆشییەوە لە جێدا دەبێ، چاوی بە "سارمەدین ســادقوەزیری" دەکــەوێ کــە ٢٥ سالّ پێشتر ئەو کاتەی دوکتورقاسملوو ئــەندامی حــیزبی تــوودە بــوو، بەرپرســی ئــەو شانەیە بوو کە خۆی تێیدا بووە. سادقوەزیری کە ئاریستۆکراتو سەر بـــە بنەمالّــەی میرەکانی ئەردەلانی سنەو پــارێزەرێکی بەناوبانگــەو وا دیــارە زۆر ڕێــز بــۆ دوکتــور دادەنێ، هەر کە دەزانێ لە تارانە، بە پەلە دەچێو لەو ئاپارتمانەی خۆی تێدا حەشـــار داوە، دەیبینێ. ئەو دووانە پاشان هەموو هەینییەك بۆ باسو گفتوگــۆی دوورو درێــژ یەکتر دەبیننەوە. ئیدی ئەوە مەعلووم نابێ کێ مامۆستایەو کێ قوتابی!!.

لە ڕۆژی ٢٠ی نوامبری ١٩٧٩دا کۆبوونەوەیەکی گەورە لە مەهاباد پێــك دێنــێ. ڕۆژی ٣ی ئووتی ١٩٧٩، ٧٥ ئەندامەکەی مەجلیسی خیبرەگان کـــە ئەنجوومــەنێکی بچووکی یاسادانەر بوو، بە پـــڕۆژەی قــانوونی ئەساســیدا دەچــۆوە، هــەلّدەبژێردرێن. دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو بـــە ١١٣٧٧٣ دەنــگ لــە کــۆی ٣٢٥٠٠٠ دەنــگ بــە نوێنەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە مەجلیسی خیبرەگاندا هەلّبژێردرابوو. ٢ نوێنەرەکەی دیکەی ئازەربایجان ٢ مەلا بوون کە یەکێکیان لایەنگری خومەینیو ئـــەوی دیکــەیان لایەنگری شریعتمداری بوو. دوکتور قاسملوو لەگەلّ "موقەددەم مەراغــەیی" ســەرۆکی حیزبی رادیکالّ تەنیا دوو ئەندامی لائیکی مەجلیسی خیبرەگان بوون کە نەچوونە ئەو مەجلیسەوە.

چەند ڕۆژ پاش ئەو هەڵبژاردنە، بارودۆخی كوردستان تێك دەچیو شەڕ دەست پێدەكاتەوە. دوكتور قاسملوو كاتێك خۆی ساز دەكا بچێتە تاران، تا لە مەجلیسدا بەشدار بێ، وتاری رادیۆیی خومەینی دەبیسیو سەفەرەكەی تێك دەداتەوە. ئەو دواتر هەر بەو شێوازە تەنزئاسایەی خۆی دەگێڕایەوە كە خومەینی گوتوویەتی: "هاتووە ئەو فاسیدە؟ حەیف نەهاتووە، بە تەمابووم ڕایگرم."

ئەو ڕۆژی پێشوو بە ئوتومبیلێكی بێ ئیسكۆرت لە بنكەكەی كە لە "سەر شاخان"دا بوو، هاتبوو بە بێدەنگی چووبووە نێو شاری مەهاباد. شەو لە لای دۆستێكی لایەنگری حیزب دەمێنێتەوەو لەو دەرفەتە كەڵك وەردەگریو تەلەفوون بۆ خێزانی "هێلێن" دەكا كە لە فەرانسە دەژیا. كاتێك موخابەراتی تاران لێی دەپرسێ كێ قسە دەكا؟ ئەو بە خوێن ساردیو تەنزە هەمیشەییەكەی خۆیەوە ناوی ئەسڵیی خۆی دەداتێ، ناوێك كە هەموو ئێران دەیناسێ. موخابەراتیش بە سەر سووڕماویو نوتق بەستراوییەوە بۆی وەسڵ دەكا.

چەپ كە تازە لە پاریس بە دەسەڵات گەیشتبوو، بڕیار دەدا حیزبی دیموكرات بە ڕەسمی بناسێ. بەرپرسی كابینەی " گلودشیون" وەزیری كاروباری دەرەوەی حكوومەتی سۆسیالیستی " پیەر مۆروا" لە نامەیەكدا لە ڕێكەوتی ٢٥ی نوامبری ١٩٨١ بۆ دوكتور قاسملوو دەنووسێ: "دەتوانن لە پاریس دەفتەرێكی نوێنەرایەتیتان هەبێ."

بەم جۆرە دوكتور قاسملوو دەبێتە"**مخاطب ارجع**"ی دیپلۆماتەكانی (كێ دۆرسێ)و حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە.

قاسملوو كە پێشتر لە لایەن " لیونیل ژۆسپەن" سكرتێری یەكەمی حیزبی سۆسیالیستەوە وەرگیرابوو، لەمەولا بە ڕێكوپێكی بۆ كۆنگرەكانی حیزبی

سۆسیالیست بانگهێشتن دەکرێ، کە لــەوێ پێوەنــدیو دۆســتایەتی لەگــەڵ ڕێبــەرانی چەپی ئۆرووپا دادەمەزرێنێ.

دوکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبەوە کە بە سکرتێری گشتیی حــیزب هەڵ بژێردرا، تا کاتی شەهید بوونی لە **٢٢**ی پووشپەڕی ساڵی **١٣٦٨**دا بــە دەستی دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا وەك سکرتێری گشــتیی حــیزب هــەڵبژێردراوە. بــەم جــۆرە بــۆ مــاوەی هــەژدە ســاڵ وەك ڕێبەرێکی کارزانو شــارەزا لــە پلــەی یەکــەمی مەســئوولییەتدا کاروبــاری حــیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یــەکێك لــە ســەختترین قۆناخــەکانی خــەباتی ئــەم حیزبەدا بەڕێوە برد.

❊ ❊ ❊

# چۆنیەتی شەهید بوونی پێغەمبەری ئاشتی

## نهێنیی کوژرانی"قاسملوو"

**هێلین کرۆلیش (نەسرین قاسملوو) (پووشپەڕی ۱۳٦۹ـ ژووئیەی ۱۹۹۰)**

نهێنیی کوژرانی قاسملوو، نهێنیی کوژرانی ۳ نەفەرە. ڕۆژی ۲۲ی پووشپەری ۱۳٦۸ (۱۳ی ژووئیەی ۱۹۸۹ی زایینی) عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵلا قادریئازەر بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئۆرووپاو فازڵ ڕەسووڵ مامۆستای زانستگەی وییەن، خەڵکی کوردستانی عێراق، گیانیان لێ ئەستێندرا.

**بارودۆخی ڕوودانی کارەساتەکە:**

ئەم سێ کەسە ڕۆژی ۲۱ی پووشپەڕ،(۱۲ی ژووئیە) لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وادەی چاوپێکەوتنیان دانابوو. شوێنی دیدارەکە لەلایەن "فازڵ ڕەسووڵ"ەوە هەڵبژێردرا بوو، باڵەخانەیەك بوو لە دوا نهۆمی ساختومانی ژمارە ۵ی "لینکەبان کاسە" لە شاری ڤییەن، لە تەنیشت هوتێل "هیلتۆن". خاوەنی ساختومانەکە خانمی "ڕناتا فایستاوێر" هاوڕێی فازڵ ڕەسووڵ بوو. ئەم خانمە کە ئەوسەردەمە بۆ سەفەر چوو بوو، ماڵەکەی بە هاوڕێکەی خۆی سپاردبوو. ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی تاران بریتی بوون لە: محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی (بە نێوی خوازراوی "ڕەحیمی")، سەرۆکی هەیئەتی ئێرانی، ئەندامی پایە بەرزی وەزارەتی نێوخۆ، کارناس و شارەزای کاروباری کوردستان، جێگری فەرماندەری تیپی ۱۵ی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و نێردراوی تایبەتیی "ڕەفسەنجانی" ـ سەرکۆماری ئەودەمی ئێران ـ حاجی مستەفەوی (بەناوی نهێنی "جەوادی" یان

"لاجەوەردی") ئەندامی پایە بەرزی دەزگای ئیتلاعاتو ئەمنییەتی ئێران، بەرپرسی ناوچەی ئازەربایجانی رۆژئاواو کوردستان، سێهەم کەسی هەیئەتی ئێرانیی لە وتووێژەکانی ڤییەن، ئەمیر مەنسوور بوزورگیان، ئیسکۆرتو پارێزەری رەسمیی سەحراڕوودی. ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بریتی بوون لە: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە دایکبووی١/١٠/١٣٠٩(١٩٣٠/١٢/٢٢) لە ورمێ ـ ئێران. دوکتۆرای ئابووری لە زانستگەی "پراگ". ناوبراو ٢ کچی هەیە کەئێستا لە "سوئد" دەژین. قاسملوو کە لە تەمەنی ١٤ساڵییەوە لە بزووتنەوەی کوردستاندا تێکۆشانی دەست پێکردبوو، ساڵی١٣٥٢ لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتدا وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا بوو. لە زانستگەی "پاریس" دەرسی گوتۆتەوەو لە نێو رووناکبیرانو مامۆستایانو خوێندکارانی فەرانسەییو غەیرە فەرانسەیی زانستگاکانی فەرانسەدا سیمایەکی ناسراوە.

لە باری سیاسییەوە، قاسملوو لە ساڵی ١٩٤٨دا، لە"کۆمۆنیزم" زۆر نزیك بوو، پاشان لە رێبازی ئەنتێرناسیونال سوسیالیستیی (سوسیالیزمی نێونەتەوەیی) نزیك بۆوەو لەم ساڵانەی دواییدا ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست بۆ کۆنفرانسەکانی خۆی بانگهێشتنی دەکرد.

قاسملوو، پیاوێکی نووسەرو ئەدەب دۆستو وتەبێژێکی بەتوانا بوو و بەچەندین زمان دەیتوانی قسە بکا. بۆ ئاخوندە کۆنەپەرستو دواکەوتووەکان، نەیارێکی خۆڕاگرو بەهێز بوو. پاش رووخانی رێژیمی شا، قاسملوو بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا، بەلاّم نەیتوانی بەشداری لەم مەجلیسەدا بکا، چونکە خومەینی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەریو ئازادیخوازیی ئەوی پێ قبووڵ نەدەکراو بە بەرەنگاری

وسەرنەوی نەکردنی گەلی کورد تووڕە بوو، حوکمی تیرۆری دەرکردبوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆتایی هاتنی رێژیمی پاشایەتی لە ئێرانی کرد بە جێژن، بەلاّم هەر زوو بێ هیوایی بە رێژیمی تازە، باڵی بەسەر گەلی کورددا کێشا. قسەو کردەوەی رێبەرانی تازەی ئێران بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی، لەگەڵ فەلسەفەو بۆچوونی دوکتور قاسملوو و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بەبارمتە گرتنی ئەمریکایی‌یەکانی لە باڵوێزخانەی ئەو ولاّتە لە تاران (١٣٥٨ـ١٩٧٩)ی بە توندی مەحکووم کردبوو، لە دژایەتی‌یەکی تەواو دابوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو کاتەوە شەڕی چەکدارانە دەستی پێ کردووە. دەساڵ دواتر، مردنی خومەینی شك‌و گومانێکی لە بارەی نەرمی نیشان دانی رێژیم پێك هێنا، رێژیمێك کە سەرەڕای ئەوە، پاش کۆتایی هاتنی شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ عێراق، لە هەموو کات لاوازتر دەهاتە پێش‌چاو. لەم هەلومەرجەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێی وابوو بۆ جێگیر کردنی ئاشتی لە کوردستان‌و سەلماندنی مافی خودموختاری، لەگەڵ رێژیمی تاران دەست بە وتوویژ بکا. وتوویژەکان لە لایەن تارانەوە پێشنیار کرابوو، هەربۆیە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ماوەی سەفەری خۆی بۆ ئۆروپا لە سەرماوەزی ١٣٦٧"دێسامبری ١٩٨٨" قبووڵی کرد لەگەڵ نوێنەرانی رێژیمی تاران لە ڤییەن، وتوویژ بکا.

عەبدوڵلاّ قادریئازەر، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ولاّتانی ئۆرووپایی بوو. ناوبراو لە ماوەی سەفەرەکانی دوکتورقاسملوو بۆ ئۆرووپا، هاورێیەتی دەکرد. سەرەڕای ٢٠ساڵ جیاوازیی تەمەن، ئەم دووکەسە هاورێی زۆر نێزیك‌و خۆشەویستی یەکتر بوون. کەواتە سروشتی بوو، لە سەفەری دوکتورقاسملوو بۆ دانیشتن لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن، ئەویش

لەگەڵ بێت.و نێوبژیوانـــی دانیشـتنەکان، دوکتـور فـازڵ رەسـوولٚ کـوردی عـێراقیو مامۆستای زانستگە لە هاورێیانو دۆستانی د. قاسملوو بوو. فازڵ رەســوولٚ سـەر بـە هیچ کام لە لایەنە سیاسی‌یەکانی کورد نەبوو. سەردەمێك "مائۆئیست"بوو و پاشـان موسوڵمانێکی تۆخی لیٚ پەیدا بوو و لەگەڵ کۆماری ئیسـلامیش پێوەندیـی هـەبوو. فازڵ رەسوولٚ لە مێژبوو لە ئۆتریش دەژیا.

ئەوان لە بنەماڵەیەکی ماقووڵو ناسراو بوونو خێزانەکەی ئۆتریشی بوو (دوکتـور سۆزانا رەسوولٚ ـ روکن شاب). چەند کەس لە براکانی فازڵ رەسوولٚ، لـە بزووتنـەوەی کوردستاندا خـەباتیان دەکـرد. فـازڵ رەسـوولٚ سـیٚ ئەندامەکـەی هەیئـەتی ئـێرانی دەناسی. بنەماڵەی رەسوولێش لە وتووێژەکانی زستانی رابــردوو ئاگـاداربوون، بـەلاٚم ئەمجار، دوکتور فازڵ رەسوولٚ لای کەس هیچی باس نەکردبوو. بە گەیشتنی قـاسملوو بە ئۆرووپا، فازڵ رەسوولٚ لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەولیٚدەدا پێوەندیی لەگەڵ بگریٚ.

نێوەراستەکانی پووشپەڕی ١٣٦٨ (نیوەی ژووئیەی ١٩٨٩)، حکوومـــەتی ئـێران داوای کرد وتووێژەکانی ٦ مانگ پێشتر، درێژە بدرێن.ڤییەن دیسـانەکە وەك شـوێنی کۆبوونەوەکان دیاری کراو دوکتورقاسملووش قبوولـی کـرد. فـازڵ رەسـوولٚ لـە کـاتی وتووێژەکـاندا لـەویٚ بـوو و وێـڕای نوێنـەرانی حـیزبی دیموکـرات، لـە ئاپارتومـانی هاورێکەی "زناتا"، کوژرا.

## رابردووی وتووێژو داخوازەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دوو دەورە وتوویژ لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو دەوڵـەتی ئـێراندا بەڕێوە چوو بوو. یەکەمیان، رۆژەکانی هەینی و شەممە ٩و١٠ی بە فرانبــاری ١٣٦٧، (٣٠و٣١ی دێسامبری ١٩٨٨ز)و هەروەها رۆژی هەینی ٣٠ی بــە فرانبـاری ١٣٦٧، (٢٠ی ژانویەی ١٩٨٩) لە ڤییەن بەڕێوە چوون. حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئـێران

لە لایەن د. قاسملوو و قادریئازەرەوە نوێنەرایەتی دەکرا. نوێنەرانی تارانیش ٢کەس بوون: "سەحراڕوودی"و هاورێکەی "مستەفەوی". لەم دەورە لە وتووێژەکاندا، مام جەلال تاڵەبانی ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو، واسیتەو نێوبژیوان بوو. جەلال تاڵەبانی کە بۆ پێوەندی گرتنی دوو لایەنی وتووێژەکان، واتە حیزبی دیموکراتو کۆماری ئیسلامی دەستپێشخەریی کردبوو، بەم کارەی خۆی، دەیهەویست سپاسو پێزانینی خۆی بۆ د.قاسملوو نیشان بدا، چونکە ئەویش چەند ساڵ پێشتر، بۆ وتووێژی نێوان تاڵەبانیو بەغدا، ئاسانکاریی زۆری کردبوو.

دەوری دووهەمی وتووێژی حیزبی دیموکراتو تاران، ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ(١٢ی ژووئیە) لە باڵەخانەی ژمارەی ٥ی شەقامی "لینکەبان"ی شاریڤییەن دەستی پێکردو ڕوژی دواییش (٢٢ی پووشپەڕ) درێژەی کێشا تا کاتژمێر ١٩و٢٠ دەقیقە و... . لەم دەورە لە دانیشتنەکاندا، تاڵەبانی بەشدار نەبوو. بە قسە دەڵێن کاربەدەستانی تاران، تاوانباریان کردووە کە نهێنیی وتووێژەکان ناپارێزێ. فازڵ ڕەسووڵ، ئەحمەد بن بلای سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایری وەك نێوبژیوان پێشنیار کردبوو، نوێنەرانی تاران ئەم پێشنیارەشیان ڕەت کردبۆوە، هەر بۆیە فازڵ ڕەسووڵ لە ژووری وتووێژەکاندا بەشدار دەبێو هەر ئەمەش بە نرخی لە دەستدانی گیانی تەواو دەبێ. نوێنەرانی تاران، هەر کەسانی پێشوو بوون: محەممەدجەعفەری سەحراڕوودی، حاجی مستەفەوی، لەگەڵ مەنسور بوزورگیان، نیگابانی تایبەتیی سەحراڕوودی.

بابەتی وتووێژەکان بریتی بوون لە: هەلومەرجی کوردستان لە کاتی جێگیر بوونی ئاشتیدا، خودموختاری بۆ ئەم ناوچەیەو چۆنیەتیی پێك هاتن لە سەر ڕێککەوتننامەکان. لە دەوری پێشوودا، د.قاسملوو، نەزەرو بۆچوونەکانی کە بەر

لەوەش چەندین جار لە سەنەدو بەڵگە حیزبی‌یەکانو لە وتووێژەکانی خۆیدا رەنگیان دابۆوە، بۆ هەیئەتی رێژیم شی‌کردەوە: "خودموختاری بۆ کوردستان لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا" دروشمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە کە چەندین ساڵە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە، دروشمەکە بریتی‌یە لە بەڕەسمی ناسینی مافی خودموختاری، فێر بوونو خوێندنو نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا، کەڵك وەرگرتن لە کوردیو فارسی وەك زمانی رەسمی لە ئیدارەو ئۆرگانە دەوڵەتی‌یەکانی کوردستاندا، هەروەها دیاری کردنی وردی سنوورەکانی کوردستان.سەرەنجام حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای دەکرد کە هێزی نیزامیی خۆی واتە "هێزی پێشمەرگە"ی کوردستان وەك پارێزەری ئاشتیو هێمنی لە ناوچەی خودموختاری کوردستاندا لە بەردەستدا بێت. وادیارە وتووێژەکانی بەفرانباری رابردوو بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە چوونو لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان هەردوو لایەندا کۆتایی‌یان پێ هاتووە.

هەموو ئەم وتووێژانە لەسەر نەوارێك کە ئێستا لای حیزبی دیموکراتە، تۆمار کراوە. وا دەردەکەوێ کە ئەسڵی خودموختاری بەڕەسمی ناسراوە، کە شێوەی بەڕێوەبردنی ئەم ئەسڵەو شێوەی بە کارهێنانیو هەروەها هەڵبژاردنی وشەو واتای لە بار، دەبوایە لە دانیشتنی دوایی‌یدا، بەوردی روون بکرێتەوە. بێ‌گومان، وتووێژەکان بە باشی بەرەوپێش چووبوون، چونکە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئاستەمی کەڵك وەرگرتن لە هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی نەزم، رێگا چارەیەکی نوێ پێشنیار کرابوو. بەڵام بە پێچەوانەوە، گوێ گرتن لە کاسێتی وتووێژەکانی ٢١و٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٢و١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩)، نیشانی دەدا کە چۆن د.قاسملوو بەردەوام هەوڵ دەدا تا نوێنەرانی تاران ناچار بکا وەڵامی وردو راشکاوانە بدەنەوە، هەروەها دەردەکەوێ کە ئەوان چۆن لەم کارە خۆدەپارێزن. دانیشتنەکە هیچ

نزیكایەتی فیكرو بۆچوونی تێدا نیە. ئەم كاسێتە لە بەر دەست پۆلیسی "ئۆتریش"دایە.

سەعات٥/١٩، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩)، شەقامی "لینگەبان ـ ڤییەن":

سەری سەعات (١٩)و بەپێی كاتی لە پێشدا دیاری كراو، كەریم، بەرپرسی پێوەندییەكانی حیزب لە ڤییەن، بە ماشێن دێت بە شوێن دوكتور قاسملوو و قادریئازەردا. بەڵاّم ئەم دووكەسە لە شوێنی دیاری كراو نین (شەقامی بەردەم باڵەخانەی وتووێژەكان). كەریم دەورێك لیّ دەداتەوەو سەعات ١٩/٥ بە ماشێن دەگەڕێتەوە شوێنی دیاری كراو. كۆبوونەوەی خەڵكو هێزەكانی پۆلیس سەرنجی رادەكێشن. دەچێتە نێو ساختومانەكەوە، دەگاتە شوێنی دانیشتنەكانو چاوی بە كوشتارەكە دەكەویّ. پۆلیس لەویّیە، ٣تەرم لە نێو دیوێكی شێواووهەڵپرژاودان. تەرمی فازڵ رەسووڵو قادریئازەر لەسەر زەوی كەوتبوو. بەڵاّم د.قاسملوو وەك بڵێی هەروا لە جێگای خۆی لەسەر كورسی دانیشتووە؛ فیشەكێك لە نێو چاوانی دراوەو دەسبەجیّ كوژراوە.

٢كەسی دیكەش هەر بەوشێوە باس لەو دیمەنە دەكەن. بەڵاّم ئەو وێنانەی دراون بە پۆلیس، دەری دەخەن كە تەرمی د.قاسملوو لە بن كورسییەكەی كەوتووە. دواتر، ٢ كەس لەو ٣كەسەی دیمەنی شوێنەكەیان گێڕابۆوە لە قسەكانیان پاشگەز بوونەوەو دەڵێن چاك لە بیرمان نیە چی رووی داوە؟! و دیوەكەش تا رادەیەك تاریك بووە. نەفەری سێهەم هەروا لەسەر قسەكانی خۆی سوورە. پۆلیس رادەگەیەنیّ هیچ كام لە قوربانییەكان لە كاتی وتووێژەكەدا چەكیان پیّ نەبووە. سەرەتا بنەماڵەی فازڵ رەسووڵ، بەشداربوونی حاجی مستەفەوییان لە وتووێژكەدا، بە ئاگاداریی بەرپرسانی

لێکۆڵینەوە گەیاند. دیارە کاسێتی کۆبوونەوەکەش ئەمە دەسەلمێنێ. پاش تیرۆرەکە حاجی مستەفەوی چی کردووەو چۆتە کوێ؟! حاجی مستەفەوی دوای ڕووداوەکە، دەسبەجێ ون بووە. وێ دەچێ بۆ چەند چرکەیەك ئەویان لە شەقامەکەدا لە پەنای سەحراڕوودی دیبێ‌و پاشان بە مۆتۆرێکی "سوزوکی" هەڵ هاتبێ. سەنەدی کڕینی موتۆرو ئاوێنەکەی لە نێو زبڵدانێکی نزیك بە شوێنی جینایەتەکە دۆزراوەتەوە. هەروەها چەکە بەکار هاتووەکان لە تیرۆرەکەدا لەگەڵ پاڵتۆیەکی خوێناوی کە هەموویان لە کیسە نایلۆنێك ئاخنرابوون، دۆزراونەتەوە. پێمان دەڵێن بەڵگەیەکی تەواومان لە دەستدانیە کە مستەفەوی کەڵکی لەم مۆتۆرە وەرگرتبێ. کەسێکی دیکەش ڕەنگە کەڵکی لێ وەرگرتبێ. پاش ماوەیەك مستەفەوی سوار تاکسی‌یەك دەبێ‌و دەچێتە پشت فەرمان. شۆفێری تاکسی‌یەکە ئەم مشتەری‌یە سەیرەی وەبیر دێتەوە: زۆر تووڕە بوو، سەرەتا وتی بچین بۆ فرۆکەخانە، بەڵام بڕیارەکەی گۆڕی‌و چوو بۆ باڵوێزخانەی ئێران، دوای ئەوە، ئیدی کەس نەیدیوەتەوە، هەرچەند کە وەزیری "دادگوستەری" ڕۆژی ٨ی خەرمانان،(٣٠ی ئووت) دڵنیای کردینەوە کە ناوبراو هێشتا لە "ئۆتریش"ەو کۆتایی‌یەکانی ژووئیە بە تاوانی یارمەتی نەدانی کەسێك کە گیانی لە مەترسیدایە!! بڕیاری گیرانی دەرچووە. جەلال تاڵەبانی ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، کە لە ئێران بوو، سەرو بەندی پاییزی ١٣٦٨، پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە مستەفەوی لە ورمێ زەق‌و زیندووە. محەممەدجەعفەری سەحراڕوودی لە شوێنی جینایەتەکە برینداربوو. فیشەکێك لە دەستودەم‌وچاوی درابوو، کەی؟ بەر لە جینایەتەکە؟ لەکاتی ئەنجامی دانی جینایەتەکەدا؟ یان پاش ئەوە؟ ئەویان بۆ نەخۆشخانەی "فرانتس ژۆزێف" ڕاگواست. ئەوەی لە پاش ڕووداوەکە بۆ پۆلیسی گێڕایەوە، هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو و لەگەڵ قسەکانی

بوزورگیان یەكتریان نەدەخوێندەوە. كاربەدەستانی ئۆتریش بە پێویستیان نەزانی حوكمێكی لە دژی دەربكەن‌و داوای لێ بكەن لە سنووری قەزایی ڤییەن نەچێتە دەرەوەو لە دەسەڵاتی دادگوستەری‌دا بمێنێتەوە. هەم مستەفەوی‌وهەم سەحراڕوودی هەردووك پاسپۆرتی سیاسییان پێ بوو، هەر چەند كە وەك دیپلۆماتی ئێرانی لە لایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە بە ڕەسمی نەناسرابوون، هەر بۆیەش نەیاندەتوانی وەك ئەندامی ڕەسمیی هەیئەتی دیپلۆماتیكی ئێران لە ئۆتریش بناسرێن. ڕۆژی ٣١ی پووشپەڕی٦٨ (٢٢ی ژووئیەی٨٩) سەحراڕوودی لەژێر چاوەدێریی پۆلیس‌دا، لە نەخۆشخانەوە ڕاستەوخۆ بەرەو فڕۆكەخانە بەڕێ كراو لە وێوە بەرەو تاران وەڕێ كەوت. لەسەرچاوە باوەڕپێكراوەكانەوە ئاگادار بووین كە تاران، وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئۆتریشی لە ڕێگای پەیامی تێلێگرافی‌یەوە خستۆتە ژێر فشارەوەو هەڕەشەی ڕفاندنی هاووڵاتیانی ئۆتریشی‌و كردەوەی دیكەی لێ كردبوو. "ئەمیرمەنسوور بوزورگیان" كە لە شوێنی جینایەتەكە دەستگیر كرا، دوازدە سەعات دواتر ئازاد كرا. پۆلیس بیانوویەكی ئەوتۆی بۆ ڕاگرتنی ناوبراو وەچەنگ نەكەوتبوو!! بوزورگیانیش پەنای بۆ باڵوێزخانەی ئێران بردو لەتەسلیم بوون بە بەرپرسانی قەزایی خۆی پاراست. پۆلیس كە بەمە زۆر نارەحەت ببوو، چەندین جار لێی ڕاسپاردو حوكمی دەستبەسەر كردنی بوزورگیانی دەركرد، بە تاوانی یارمەتی نەدانی كەسێكی بریندار!! بە قسەی ئاغای "فورێگێر" وەزیری دادگوستەری بۆ ئەوەی بوزورگیان ڕازی بكا لە باڵوێزخانە بێتە دەرەوە، بۆ خۆی بەڵێنی بە تاران دابوو كە پاش لێكۆڵینەوە ئازادی دەكا، ئەوەش لە ڤییەن دەنگ‌وهەلایەكی زۆری لێ بەرز بۆوە، دیارە بەبێ هیچ ئاكامێكی دیارو بەرچاو. لەگەڵ هەموو ئەمانەش‌دا، هەڵسوكەوتی بوزورگیان زۆر جێگای سەرنجە.ئەو دەڵێ " هیچ ئاگاداری‌یەكم لەم جینایەتە نیە، چونكە لەوكاتەدا لە

ژوورەکەدا نەبووم‌و بۆ کڕینی خواردن چووبووم دەرەوە!" بەڵام دووکاندارەکانی ئەو گەڕەکە، هیچیان دەم‌و چاوی ئەویان وەبیر نایەتەوە! لە لایەکی دیکەشەوە، سەحرارووديش، چوونە دەری بوزورگیان رەت دەکاتەوە. سەعات ١٩|٥ بوزورگیان بە تەلەفوون ژنبراکەی فازڵ رەسووڵ ئاگادار دەکاتەوە کە کارەساتێك رووی داوەو فازڵ رەسووڵ مردووە. ئەم تەلەفوونە لە ماڵی جیرانی "رناتا فایستا وێر"ەوە کراوە. بوزورگیان دەڵێ لە قەراغ شەقام سەحرارووديم بە برینداری تووش بووە. بەڵام چەند دەقیقەیەك بە جێی دەهێڵێ‌و دەچێتە پارکێکی تەنیشت شوێنەکەو دەگەڕێتەوە. سەحراڕوودی، پاکەتێك لە گیرفانی خۆی دەردێنێ کە بەڵگەو مەدرەکی جۆراوجۆرو ٩٠٠٠ دۆلاری ئامریکایی تێدا دەبێ. پاش گەڕانەوەی سەحرارودی بۆ تاران، کاربەدەستانی پولیس ئەم پاکەتەیان دیتەوە.

**خەزەڵوەری ١٣٦٨: ئاكامی لێكۆڵینەوەكان تا ئەم رێكەوتە:**

به پێی قسەکانی پولیس، ئەم رووداوە هیچ نهێنییەکی تێدا نەماوە. دەرگای داخراوی ماڵەکە نیشان دەدا کە قاتڵەکان بە زۆر نەچوونەتە ژوورەوە، بە پێچەوانەوە، لەتە پلاستیکێکی بچووکیان لە نێو قفڵی دەرگای دەرەوەی ماڵەکە هاویشتبوو کە بە بێ کلیل یا ژمارەی تایبەتی، هاتووچۆ بکرێ. هەڵپڕژاویی‌و شپرزەیی نێو ئاپارتمانەکە نیشان دەدا کە دوو کەس لە قوربانی‌یەکان واتە قادری‌ئازەرو فازڵ رەسووڵ دیفاعیان لە خۆیان کردووەو د.قاسملوو بەر لەوان کوژراوە. بە چەك لە بەرامبەرەوە رێك لە نێو چاوانیان داوە. دوو قەبزە لەو سێ چەکەی کە لە زبڵدانەکە وەدەست کەوتبوون، تەقەیان پێ‌کرابوو، هەروەها ئاوێنەی موتورێکی سوزوکییش پەیدا کراوە. لە مانگی ژانویەی ٨٩دا موتورێك هەر بەو ناونیشانانە بە ناوی سەحراڕوودی‌یەوە کڕدرابوو. ئاکامی لێکۆڵینەوەی فیشەك ناسی‌و (هەروەها ئاکامی "کالبد شکافی") هێشتا

نەگەیشتۆتە دەستی بەرپرسانی دادگــا. لــە مــانگی ڕەزبــەردا (ئوكتوبــری ١٩٨٩)، وەزیری نێوخۆئاغای"لوشناك" ئــەم وەدوا كەوتنــەی زۆر پــێ سـەیر دەبـێ. وەزیــری دادگوستەری "فورێگێر"و وەزیری كاروباری دەرەوە "میێدێك" هــەركامیان بــەڵێنیان دا كە بۆ دۆزینەوەو دەستگیر كردنی قاتڵەكان لە هیچ هەوڵێك درێغی نەكــەن. بــەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە نێوەڕاســتەكانی ڕەزبــەردا (ئوكتوبــری ٨٩) وەزیــری نێوخــۆ كــە نەیدەویست وەڵامی پرسیارەكانمان بداتەوە، ئێمەی نارده لای وەزیری دادگوستەری كە هەموو پەروەندەكانی لە بەر دەست دایە. وەزیری نێوخۆ ڕایگەیاند كە كارەكەی ئـــەو هیچ گیروگرفتێكی تێدا نیە. تەنیا كەمتەرخەمیی یەكێك لە كارمەندەكانی نەبێ كە ناوی "شادواسێر"ە، كە بە پێچەوانەی بڕیاری وەزیر، یەكێك لە ئێرانیـیــەكانی ئــازاد كردووە. لە مـــانگی گــەلاوێژدا، وەزیــری دادگوســتەری "فورێگــێر" بــە ئازایــەتیو زیرەكییەكی زۆرەوە، لە وەڵام دانەوە بە پرسیارەكانمان خۆی دزیەوەو نێوەڕاســـتەكانی ڕەزبەریش دەرفەتی وەرگرتنو دیتنی ئێمەی نــەبوو. بــەڵام وەزیــری كاروبــاری دەرەوە دڵنیایی پێداین كە لە هەمـوو ئیمكاناتێك بــۆ ڕوون بوونــەوەی ئــەم مەســەلە كــەڵك وەردەگرێ. نوێنەرانی حیزبی سوسیالیست لە مەجلیسدا، ١٠ پرسیاریان لە وەزیـــری دادگوستەری كردووەوئاغـای "فورێگێر" دەبێ تا بەر لە كۆتایی ســەرماوەز (نوامــبر) وەڵامیان بداتەوەوئاغای "پتر پیلر" وەكیلی دادگوســتەریو نوێنــەری ســەوزەكانیش، بڕیاری داوە بەم زووانەئاغای "فورێگێر" ئیستیزاح بكات.

**كەندو كۆسپەكانی سەر ڕێگا:**

ئەم كۆسپانە، بەرهەمی كاری دوو دەوڵەتی ئێرانو ئۆتریشو نوێنەرایەتیـیــەكانی حكوومەتی تاران لە دەرەوەی وڵاتە، كە وتووێژی ئەم دوو لایەنە بە نهێنی ڕاگــیراون. ڕاستە كە ڕادیۆی تاران هەواڵی مەرگی د.قاسملووی ڕاگەیاند، بــەڵام بــە قســەی ئــەم

رادیۆیە، کـاتێك سـکرتێری گشـتیی حـیزبی دیموکراتـی کوردسـتانی ئـێران لەگـەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران بۆ وەرگرتنی ئەماننامە بە مەبەستی گەڕانەوە بـۆ تـاران، وتووێژی دەکرد، لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کـوژراوە!!. رادیـۆی دەوڵـەتیی ئێران پێشنیاری بە ئۆتریشی‌یەکان دەکرد کـە بـۆ دۆزینـەوەی قـاتڵ یـان قاتڵـەکان، گومـان لێکـراوە غـەیرە ئێرانی‌یەکانیشـیان لـە بـەر چـاو بـێ. لـە راسـتیدائاغای "رەفسەنجانی" کە دەڵێن قارەمانێکی "پراگماتیك"ە، دەیهەوێ کێشەی د.قاسملوو تا زووە لە بیر بچێتەوە، تا ئەو بتوانێ پێوەندی‌یە جۆراوجۆرەکانی خۆی لەگەڵ رۆژئاوادا پەرە پێبدا. دیارە ئەویش لەخۆڕا دڵخۆش نیەو نیـاز پـاکیی ئۆتریشـی‌یەکان بـۆ وی دڵگەرمی‌یەکە. نێوەراسـتەکانی گـەلاوێژ، "ویلایـەتی" وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ئێران، پەیامێکی پڕ لە هیواداریی لە هاوکـارە ئۆتریشـی‌یەکەیەوە پێگەیشـت، کـە ئۆتریش دەیهەوێ پێوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا وەك جاران لێ بکاتـەوە. ( لـە راستی‌دا پێوەندیـی نێـوان دوو ولاّت ماوەیـەك بـوو کـە بـە کـەمترین رادەی خـۆی گەیشتبوو.) ڤییەنیش دەیهەوێ مەسەلەی د.قاسملوو هەرچی زووتر لە بـیر ببرێتـەوە. لێرەدا نێوبانگو ئابڕوو و شەخسییەتی ئۆتریش لە گۆڕێدایە، نێو بانگێك کـە پـاش ریسوایی‌یەکانی سالاّنی رابردوو بۆ وێنە مەسەلەی "نوریکۆم"، کە دەنگو هەلاّیەکی زۆری لێ بەرز بۆوە، زەبری زۆری وێ کەوتبوو. ئۆتریش لە گەرمـەی شـەڕی هەشـت ساڵەدا، چەندین میلیارد "شیلینگ" چەكو چۆڵی داوە بە ئێرانو عێراق، لە حاڵێكدا کە ئەم کـارە لەگـەڵ ئەسـڵی بێلایـەنیی دەوڵـەتی ئۆتریـش، کـە فرۆشـتنی چـەكو تەقەمەنی بە ولاّتانی لە حاڵی شەڕدا قەدەغە دەکا، لە دژایەتیی تەواو دایە. چەندین کەس لە وەزیرانی دەوڵەتی پێشووی ئۆتریش، لەم مامەڵە نـا قانوونی‌یـەدا دەسـتیان هەبووە.

**سەرماوەز ـ بەفرانباری ١٣٦٨:**

زانیاریی تازەو کارو کردەوەکانی دیکە: مانگی نوامبری رابردوو، وەزیری نێوخۆی ئۆتریش‌ئاغای "فرانتس لوشناك" بۆ باس‌و راوێژ لەگەڵ هاوکارە ئامریکایی‌یەکەی خۆی سەبارەت بە مەوادی موخەددیرو تیرۆریزم، چووە واشینگتۆن. ناوبراو لەو سەفەرەی‌دا رووی قسەی لە چاپەمەنی‌یەکانی ئامریکا کردو رای‌گەیاند کە دەوڵەتی ئێران راستەوخۆ لە تیرۆرەکەی ١٣ی ژووئیە لە ڤییەن‌دا، دەستی هەبووە. ئەم قسانە لە چاپەمەنی‌یەکانی ئۆتریشیش‌دا بلاو بوونەوە. ئەو لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی "درشتاندارد" چاپی ڤییەن‌دا گوتی:" هەموو بەڵگەو مەدرەکەکان شاهیدیی ئەوە دەدەن کە دوکتور قاسملوو، دوکتور فازڵ‌و قادریئازەر بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژراون".

**٧ی سەرماوەز (٢٨ی نوامبر):**

حوکمی گیرانی محەممەد جەعفەری سەحراڕوودی، حاجی مستەفەوی‌و ئەمیر مەنسوور بوزورگیان بە تاوانی بەشداریی راستەوخۆ لە کوشتنی سێ تێکۆشەری کورددا، دەردەچێ. دیارە کێشەکە تەواو نەبووەو زۆر پرسیاری بێ وەڵام ماونەتەوە، بەڵام ئەمە بۆ خۆی هەنگاوێکی گرینگە.

**سەرەتاکانی سەرماوەز (کۆتایی‌یەکانی نوامبر):**

ئاکامی تاقی کردنەوەکانی فیشەك ناسی (گلولە شناسی) دران بە ئێمە. گرینگترین بەشی ئەم لێکولێنەوانە کە بێ‌گومان بوونە هۆی هەڵوێستی ئەم دوایی‌یەی دەوڵەتی ئۆتریش، بەم شێوەیەیە: ١- لە ٢ چەکی تەیار بە ئامێری دەنگبڕ (صدا خفە کن) لە لایەن ٢کەسی حازر لە دیوی وتووێژەکە، کەڵك وەرگیراوە ٢ـ فیشەکەکان لە ٢شوێنی جیاوازەوەو لە مەودایەکی کەمەوە، دەرچوون.٣-دوکتور عەبدولڕەحمان

قاسملوو لە ٢ چەکەوە ٣ فیشەکی بەرکەوتووە، عەبدوڵلاّ قادریئازەر بە ١١ فیشەك کوژراوەو فازلّ ڕەسوولّ بە ٥ فیشەك. ٤- هیچ کام لەوانەی تەقەیان کردووە، لە نێزیك درگای ئاپارتمانەکەوە نەبوون ٥- لە سەر تەرمی عەبدوڵلاّ قادریئازەر، پەڵە خوێنی سەحراڕوودی دۆزراوەتەوە. ٦- سەحراڕوودی لە بازجۆییو لێکۆڵینەوەکاندا وتبووی قاتڵەکان لە دەرەوە هاتوونەتە نێو ئاپارتمانەکەوە، بەلاّم لێکۆڵینەوەی فیشەك ناسین(گلولە شناسی)، پێچەوانەی ئەم قسانە دەردەخا.

**سەرماوەزی١٣٦٨ (نوامبر- دسامبر ١٩٨٩)، وییەن:**

"برونوکرایسکی" "سەروك وەزیر"ی پێشوو کە ئێستا پاش عەمەلێکی جەڕاحیی قورس، لە جیّدا کەوتووە، بۆ ماوەیەکی کورت وەرمان دەگریّ. ناوبراو پاش هێندێك ڕێنوێنی زۆر گرینگو پڕ بایەخ، پێی وتین کە نامەیەکم لە خانمو ئاغای "میتران"ەوە پیّ گەیشتووە، کە لەودا پشتیوانیی خۆیان ڕاگەیاندووە.

**وەزارەتی دادگوستەری:**

بەدوای دەرچوونی حوکمی گیرانی سیّ نوێنەری ئێران لە لایەن دادگوستەریی ئۆتریشەوە، تاران هەوڵیدا بە دەربڕینی نارەزایەتیو ترساندنی کاربەدەستانی ئۆتریش، ڤییەن بترسێنیّ. ئێمە لەئاغای "ئێگمۆنت فورێگێر" وەزیری دادگوستەری پرسیارمان کرد، وەلاّمو دژکردەوەی ئێوە چ دەبیّ؟ سەرەڕای ئەو هەموو شتەی کە چاپەمەنییەکانی ئۆتریش لە ڤییەن لەم بارەوە بلاّویان کردبۆوە، وەلاّمی دایەوە کە: "ئاگام لەم جۆرە هەڕەشەو گوڕەشانە نیە".پاشان وتی: "ئۆتریش ناچێتە ژێر فشارو تەوژمی هیچ شوێنێکەوە". ئێمە ریزە پرسیارێکمان لیّ کردن کە وەلاّمەکانی "مثبت" بوون. پرسیارەکانمان بەم شێوە بوون: ئایا ئۆتریش داوا لە ئێران دەکات کە بوزورگیان تەحویل بدات؟ ئایا کاربەدەستانو بەرپرسانی قەزایی ئێران حوکمی گیرانو

ریزی تاوانەکانی سەحراڕوودیو مستەفەوی بە شێوەیەکی رەسمی وەردەگرن؟ ئایائاغای "فوریگێر" لە بەرنامەیدا نیە کە داوا لــە وەزیـری کاروبـاری دەرەوەئاغــای"الویــن موك" بکات کە بچێتە دادگای نێونەتەوەیی "لاهە"؟ ئایا ئازاد کرانی سەحراڕوودیو بوزورگیان لە مانگی ژووئیەی رابردوودا، بە هەڵە نازانن؟

**وەزارەتی نێوخۆ:**

بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بە سەرکۆنە کردنیئاغای "یومــان شادواسـێر" هــەڵ پەسێردران. رابردووی ئەم کارە وەبیر دێنینەوە، بوزورگیان پاش ۱۲سەعات گیراو بــێ ئیجازەی وەزیر، ئازاد کرا. ئەو کاتئاغای"یومان شادواسێر" بە بەرپرسی ئەم کــارە نێو دەبــرا. بــەلاّم بــە پێــی ئــەو زانیارییانــەی کــە تــازە بــە دەســتمان گەیشــتووە، بەرپرسایەتیی ئەم کارە لە ئەستۆیئاغای "ورنر لیبــهاد" ســەرۆکی پۆلیســی ڤییــەن بووە کە هاوینی رابردوو سەرپەرستیی لێکۆڵینەوە لە چونیەتیی کوژرانی د.قــاسملووی لەئەستۆ بووە.

**پارلمان:**

سەرەنجام رۆژی ۷ی ســەرماوەز(۲۸ نوامــبر)،ئاغــای "فۆرێگــێر" وەلاّمــی ئــەو پرسیارانەی دایەوە کە یەکێك لە نوێنــەرانی حــیزبی سوسیالیســت لــە ٥ی رەزبــەری رابردوودا (۲۷ی سپتامبر۱۹۸۹)لێــی پرســیبوو.(هەڵســوکەوتیئاغای فۆرێگــێر لــە مەسەلەی د.قاسملوودا بە روونی دەری دەخا کە ناوبراو لــەو بــارەوە هیــچ هەڵەیــەکی نیە) وەلاّمەکانی، هیچ شتێکی تازەیان تێدا نەبوو.

۸ی سەرماوەزی(۲۹ی نوامــبر)، ئاغــای "پیــتر پیلــر" نوێنــەری ســەوزەکان ٤۲ پرسیاری لە وەزیری دادگوستەریو ۱۲ پرسیاری تازەی لــە وەزیــری کاروبــاری دەرەوە پرسی.

ئاغای"هاینس فیشر"سكرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی ئۆتریش، دەیهەوێ جارێكی دیكەش مەسەلەی د.قاسملوو لە مەجلیسدا بێنێتەوە بەرباس. بەپێی زانیارییەكان، سەحراڕوودیو مستەفەوی بە ئازادی لە ئێرانێ دەگەڕێن، بەلاّم گوایە بوزورگیان هێشتا لە سەفارەتی ئێران لە ڤییەن ڕاگیراوە.

ئێمە ڕاپۆرتێكمان لە سەر دەستتێدا بوونی كاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران، هێزە نیزامیی‌یەكانو هەروەها ئەندامانی سازمانی ئیتلاعاتی ئێرانو ئەندامەكانی باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن لە پیلانەكەی ١٣ی ژووئیەدا، وەدەست كەوتووە. ئەم ڕاپۆرتە لە ناسینی نەخشی هەركام لەو ئەفرادە لەم جەرەیانەدا، یارمەتیمان دەدا. جێگای سەرنج ئەوەیە كە ناوی "ڕەفسەنجانی" سەركۆماری ئێران، لە سەروی ئەم نێوانە دایە.

**بەفرانباری ١٣٦٨ (ژانویەی ١٩٩٠)، كورتەی ئەو زانیاریانەی لە بەردەستدان:**

**الف:** كاربەدەستانی ئۆتریش ئێستا ئیدی دڵنیان كە حكوومەتی ئێران بەرنامە داڕێژو بەڕێوەبەری ئەم پیلانە خوێناوی‌یە بووە. ئەمانە لە بارەی بەرپرسایەتیی سێ نوێنەرەكەی ئێران لە بەڕێوەبردنی پیلانەكەشدا، هیچ شكو دوودڵی‌یەكیان نیە.

**ب:** حوكمی گیرانی ئەم سێ كەسەش دەرچووە. بەلاّم ئەمە خەیاڵی خاوە كە پێمان وابێ مستەفەویو سەحراڕوودی (كە لەم دواییەدا خەلاّتیش كراون)، دێنە وییەنو خۆیان بە پۆلیس دەناسێنن. بوزورگیانیش لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن، هەست بە هیچ مەترسی‌یەك ناكا.

ج: پەیماننامەی ڤییەن لە بارەی پێوەندی‌یە دیپلۆماتیكی‌یەكان (ئیمزاكراوی ٢٧ی مای ـ ساڵی ١٩٦١) كە لە لایەن ئێرانیشەوە ئیمزا كراوە، (لاپەڕەكانی ٣٧٤و ٣٨١) ئەركی هەیئەتە دیپلۆماتیكەكان دیاری دەكا، (مادەی ٣١١). نە ئەم

پەیماننامەو نە هیچ قانوونێكی نێونەتەوەیی دیكە، ئیجازە بە هیچ دەوڵەتێك نادا لــە چوارچێوەی باڵوێزخانەی خۆی بۆ پەنادانی ئەو كەسانە كەڵك وەرگرێ كــە لــە دەسـت قانوونو دادگوستەری هەڵاتوون. ڕاگرتنی بوزورگیــان لــە باڵوێزخانــەی ئــێران وەژێـر پێنانی قانوونە دیپلۆماتیكەكانە.(ماددەی ٢٢ی پەیماننامەی ڤییــەن.) حكوومــەتی ئێران (كە باسێك لە سەحراڕوودیو مستەفەوی ناكا)، لە تەحویل دانەوەی بوزورگیـان خۆ دەپارێزیو لە هەمان كاتیشدا لە هەر چەشنە یارمـــەتیو هاوكاریـیـەك بـۆ ڕوون بوونەوەی ڕاستیی مەسەلەكە خۆدەبوێرێ.

**د:** لە نێو دەوڵ ـەتی ئۆتریشیشدا، هێندێك لە بەرپرسەكان هەڵەی زۆر گــەورەیان كردووە، بە تایبەتی لە یەكەم ڕۆژەكانی پاش تیرۆرەكە، هــەر ئــەوەش بــوو بــە هــۆی هەڵاتنی جینایەتكارەكان.

**نەورۆزی ١٣٦٩ (مارسی ١٩٩٠):**

هەروەك كە پێشتریش ئاماژەی پێكرا، كۆتاییـیەكانی نوامبری ١٩٨٩، ڕاگەیەنــە گشتیـیەكانی ئۆتریشو ئامریكا، (بۆ وێنە ڕۆژنامــــەی ســەربەخۆی "دێرشـتاندارد"، چاپی ڤییەن) قسەكانی وەزیری نێوخۆی ئۆتریشیان چاپو بڵاو كردەوە كە بە پێی ئەو قسانە، كوشتارەكەی ڤییەن، لە لایەن كەسانی سەر بە حكوومــەتی ئێرانــەوە ئــەنجام دراوە. ئـــەم قســانە لـــە بـــەردەم ڕۆژنامەنووســانو هـــەواڵنێرانی تەلــەویزیۆنو چاپەمەنیـیەكانی ئۆتریشدا وتراونو لەوانیشدا بڵاو كراونەتەوە.

**٢٢ی بەفرانباری ١٣٦٨ (١٢ی ژانویەی ١٩٩٠):**

بە سەرنجدان بەو قسانەی وەزیری نێوخۆ، من هێندێك نامەم بــۆ وەزیـری دەرەوە، وەزیری نێوخۆو وەزیری دادگوستەریی ئۆتریش نووسی، سەبارەت بەوە كە ئــێران لــەو كارەساتەدا دەستی هەبووە.

**١٣ی ڕێبەندانی ١٣٦٨ (٢ی فێوریەی ١٩٩٠):**

ئاغای "ئێریك نێتێل" باڵوێزی ئۆتریش، لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە، بە نووسراوە وەڵامی دامەوە کە: "نە دادگای ئۆتریشو نە دەوڵەتی ئۆتریش، هیچکامیان ـ بەو شێوە کە ئێوە لە نامەکەی خۆتاندا نووسیوتانە ـ رایاننەگەیاندووە کە جینایەتەکە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەرنامەڕێژی کراوە.

**٤ی رەشەمەی ١٣٦٨، (٢٣ی فێوریەی ١٩٩٠):**

وەزیری دادگوستەری لە وەڵامی نامەکەی مندا نووسی: "ئاگادارتان دەکەمەوە کە دادگای وڵات، فەرمانی گرتنی سەحرارووديو مستەفەویو بوزورگیانی دەرکردووە. ئەم دەستوورە لە لایەن وەزیری دەرەوە بە ئاگاداریی باڵوێزی ئێران لە ئۆتریش گەیشتووە. باڵوێزخانەی ئێران داوای لێ‌کردووین کە سەبارەت بە تاوانبار بوونی ئەم کەسانە، بەڵگەو سەنەدی تەواو بخەینە بەردەستیان، هەروەها ئەوەشیان وتووە کە بازجوییو لێکۆڵینەوە لە سەحرارووديی دەکرێ لە ئێرانێ بێت. چەندین جار داوا لە باڵوێزی ئێران لە ئۆتریش کراوە تا روونی بکاتەوە کە ئایا بوزورگیان لە باڵوێزخانەی ئێرانە یان نە؟ کە هیچ وەڵامێکی بەم داواکارییە نەداوەتەوە. هەروەها وەزیری دادگوستەری داوای لە کاربەدەستانی قەزایی کردووە بۆ گرتنو زیندانی کردنی ئەم سێ نەفەرە، لە رێکخراوی پۆلیسی نێونەتەوەیی یارمەتی وەرگرن.

**٩ی رەشەمەی ١٣٦٨، (٢٨ی فێوریەی ١٩٩٠):**

چاو پێکەوتن لەگەڵ وەزیری نێوخۆی ئۆتریش؛ ناوبراو لەم چاوپێکەوتنەدا گوتی: "لە بیرم نایە سەبارەت بە دەست تێدا بوونی راستەوخۆی رێژیمی ئێران لە تیرۆرەکەی ڤییەندا قسەیەکم کردبێ، سروشتییە کە ناکرێ قسەیەکی ئەوتۆشم کردبێ، چونکە

هیچ بەڵگەیەکی قانوونیم بە دەستەوە نیە." بەم شێوەیە کاربەدەستانی ئۆتریش، جارێکی دیکەش قسەکانی خۆیان خواردەوە".

**پووشپەڕی ١٣٦٩، (ژووئیەی ١٩٩٠):**

بە بۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی کوژرانی د.قاسملوو و هاوڕێکانی، ، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان ڕێ‌و ڕەسمی ڕێز گرتنەوە لە د.قاسملوو، بە بەشداریی کۆڕو کۆمەڵ‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان‌و پارێزەرانی مافی مرۆڤ‌و شەخسییەتە سیاسی، فەرهەنگی‌و هونەرییەکان پێكهات. دەستەیەك لە نووسەران‌و رووناکبیران‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئۆرووپاییدا، بەیاننامەیەکیان ئیمزا کرد تا وەبیری بێننەوە کە ساڵێك پاش تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوو کەسایەتیی دیکەی کورد بە دەستی نوێنەرانی رەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤییەن، دەوڵەتی ئۆتریش نە راستییەکانی ئەم تیرۆرەی ئاشکرا کردووەو نەهەموو ئیمکاناتێکی بۆ ئەو مەبەستە وەکار خستووە، تا عەداڵەت بتوانێ بێ گیروگرفت، ڕەوتی ئاسایی خۆی بپێوێ.ئەوانەی بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو، خوازیاری ئەوە بوون کە عامیلان‌و بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتە بە بیروڕای گشتیی جیهان بناسرێن‌ودادگایی بکرێن. دەقی ئەم نامە، لە ڕۆژنامە گرینگەکانی جیهاندا چاپ‌و بلاو کرایەوە.

**١٩ی پووشپەڕی ١٣٦٩(١٠ی ژووئیەی ١٩٩٠):**

قسەکانی "مانفرێد وایدینگێر" وەکیلی ئۆتریشیی د.قاسملوو لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە لایەن کۆمەڵەی مافی مرۆڤەوە لە پاریس ڕێکخرا بوو.

لە کۆتایی مانگی نوامبری ١٩٨٩دا (سەرەتاکانی سەرماوەزی ١٣٦٨)، بڕیاری گرتنی ٣ئێرانی کە لەم مەسەلەیەدا دەستیان بووە، دەرچوو. ئەوکات، دادگوستەریی

ئۆتریش، بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی تاقیکردنەوەکانی فیشەك ناسی (گلولە شناسی)و ئاناتۆمی(کالبد شکافی)، زۆر لەو سێ نەفەرە "مشکوك" *بەگومان* بوو. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا تۆ بلێی بەرلەوەی دووکەس لەو سێکەسە خاکی ئۆتریش بە جێ بهێڵن، حکوومەتی ئۆتریش، شكو گومانێکی ئاوای بووبێت؟! بوزورگیان رۆژی ١٤ی ژووئیە تا درەنگانێك ـ کاتێك کە لە لایەن پۆلیسەوە لێکولینەوەی لێکرا ـ لە دەست پۆلیسدا بوو و ١٤ی ژووئیە لە کۆتایی شەودا، پاش درکاندنی هەموو زانیاریو وردەکارییەکان کە کۆتایی مانگی "نوامبر"، بە نووسراوە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، ئازاد کراوە.

حکوومەتی ئۆتریش بۆ پاساودانی نابەدڵیی خۆی لە بە ئاکام گەیشتنی لێکۆڵینەوەکە، دەڵێ: "راپۆرتی کەتبیی فیشەك ناسیمان لە بەردەستدا نەبووە، هەربۆیە نەماندەتوانی بڕیار بدەین." لە حاڵێکدا کە ئەو راستییانەی رۆژی ١٤ی ژووئیە ئاشکرا بوون، بە رادەیەك بوو کە پێویستیان بە راپۆرتی کارناسان نەبوو. روون نیە خەتای کام دەزگای دەوڵەتی بووە کە بڕیاری گرتنەکان لە وەختی خۆیاندا دەرنەکراون. لە لایەکەوە "دادستان"و "بازپرس" دەڵێن: پۆلیس لە جێی خۆیدا ئێمەی ئاگادار نەکردۆتەوە". لە لایەکی دیکەشەوە، پۆلیسیش دەڵێ: "کە ناسینی هۆکاری ئەم وەدوا کەوتنە ئیمکانی نیە!! "بەلاّم لە هەر حاڵدا یەك شت روونو ئاشکرایە، ئەویش ئەوەکە کاتێك سەحراڕوودی رۆژی ٢٢ی ژووئیە، ئۆتریشی بە جێهێشت، هەموو شتێك روون ببۆوەو بەڵگەی تەواو بۆ پێش گرتن لە چوونە دەری ناوبراو بە دەستەوە بوو. ئەمە هەڵەی سەرەکیی کاربەدەستانی ئۆتریشە. ئایا ئەمە بە ئەنقەست بووە؟! پاش دەرچوونی حوکمی گیرانی ٣ ئێرانییەکە، ئێمە چەندین جار داوامان لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەو وەزارەتی دادگوستەری کرد کە بڕیاری

دیپلۆماتیکی پێویست لە دژی ئێران ڕەچاو بکەن. هەموو نیشانەکان دەریان دەخست کە بوزورگیان لە باڵوێزخانەی ئێرانە، کە واتە گرتنی ناوبراو زۆر ساکار بوو. داڵدەدانی کەسێك لەو باڵوێزخانەیەدا، کاتێك بە دەست تێدا بوون لە مەسەلەیەکی ئەوتۆدا تاوانبار کرابێ، بە مانای لە ژێر پێ نانی قانوونە نێونەتەوەیی یەکانو بەتایبەت پێشێل کردنی بەیاننامەی ١٩٦١ی ڤییەنە. ئێمە داوامان لە دەوڵەتی ئۆتریش کرد لەم بارەوە هەنگاو هەڵگرێتەوە کە ئەگەر ئێران وەڵامی نەدایەوە، مەسەلەکە بباتە دادگای نێونەتەوەیی "لاهە". کاربەدەستانی ئۆتریش هەرگیز بە ڕاشکاوی ڕایاننەگەیاند کە تاوانی ئەم ٣ نەفەرە چیە؟ چونکە ئەوان بۆ وتووێژ لە تارانەوە نێردرابوونە ڤییەن. دەوڵەتی ئۆتریش لە ڕەچاو کردنی هەڵوێستی ڕاشکاوانەو ڕەسمی لە دژی ئەم ٣ کەسە خۆ دەبوێرێ.

من پێم وایە دەوڵەتی ئۆتریش نایهەوێ پێوەندیی گونجاو لە نێوان ئەم ٣ کەسە کە گومانی پیاو کوژییان لێ دەکرێ، لەگەڵ ئەوە کە ئەم ٣ نەفەرە بۆ وتووێژ هاتوونەتە ڤییەن، شی بکاتەوە. کاتێك ئێمە دەڵێین گومانی بەهێز هەیە کە دەوڵەتی ئێران لەم ڕووداوەدا دەستی بووەو دەوڵەتی ئۆتریش دەڵێ بەڵگە بە دەستەوە نیە، هەموو هەڵسوکەوتێکی دەوڵەتی ئۆتریش ئێمە دێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە مەبەستی سەرەکیی ئەم دەوڵەتە ئەوەیە کە دەیهەوێ لە ساز بوونی هەر چەشنە گیروگرفتو کێشەیەکی سیاسی لەگەڵ ئێراندا خۆ بپارێزێ.

ئاغای "وایدینگێر" کە وەڵامی پرسیاری بەشداربووانیی دەدایەوە. لێیان پرسی: ئایا بوزورگیان هەروا لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەننە؟ ناوبراو لە وەڵامدا وتی: "حەوتووی ڕابردوو ئاگاداریان کردمەوە کە لە کاتی مانەوەی هەیئەتی ئۆتریش لە ئێراندا، کاربەدەستانی ئێرانی بە هەیئەتەکەیان وتووە کە ئەم ٣ کەسە لە ئێرانو

ئەگەر کاربەدەستانی قەزایی ڤییەن، پێیان خۆش بێ، دەتوانن هەر لە ئێران، لێکولێنەوەیان لیّ بکەن. کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە بوزورگیان ئێستا لە تارانە".

"مارك کراوێتس" ڕۆژی ١٠ی ژووئیەی ١٩٩٠، لە ڕۆژنامەی "لیبراسیون" چاپی پاریس نووسیویەتی : ئەم هەیئەتە پێك هاتوو لە بەرپرسانی پایە بەرزی ئۆتریش، لە ٣٠ جۆزەردان تا ٧ی پووشپەڕی رابردوو(٢٠تا٢٩ی ژوئەنی ١٩٩٠) لە تاران بووەو کاتێك مەسەلەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێکانی هاتۆتە گۆڕێ، کاربەدەستە ئێرانی‌یەکان وێڕای وەدرۆ خستنەوەی هەر جۆرە دەست تێدا بوونێکیان لەو پیاو کوژی‌یەدا، وتوویانە: "ئەو ٣ کەسە لە تاران دەتوانن وەلاّمی هەرچەشنە پرسیارێکی دادگوستەریی ئۆتریش بدەنەوە، گەڕاندنەوەشیان بۆ ڤییەن ئیمکانی نیە". لە قسەکانی بەرپرسە ئێرانی‌یەکاندا باسێك لە بوزورگیان ناکرێ، بەلاّم چونکە ئاماژە بە حوزووری ٣ کەس لە ئێران دەکەن، کەواتە دەتوانین بلێین ئەویش لە ئێرانە. "کراوێتس" دەپرسێ لە کەنگێوە؟ چۆن لە ئۆتریش چۆتە دەرەوە؟

ئەم زانیارییانە لە لایەن یەکێك لە وتەبێژانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئۆتریشەوە (دوکتور ئستویان) ڕۆژی دووشەممە ١١ی پووشپەڕی ١٣٦٩ (٢ی ژووئیەی ١٩٩٠) لە وتووێژێکی تەلەفوونی‌دا بە "مارك کراوێتس" ڕاگەیەندراوە: واتە کەمتر لە حەوتوویەك پاش گەڕانەوەی هەیئەتی ئۆتریش لە تاران!!

هەر لەم وتارەدا هاتووە: بەوتەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە ڤییەن، ڕۆژەکانی ١٥و١٦ی ژووئیەی ١٩٨٩، واتە کاتێك کە سەحراڕوودی هێشتا لە نەخۆشخانە بووە، ٢تیمی ١٢و١٦ کەسیی ئێرانی کە بەکەلوپەلی نیزامی تەیار بوون، دەچنە ڤییەن. دەستەیەکیان لە "بێرلین"ی ڕۆژهەلاّتەوە، ئەوی دیکەش لە ولاّتێکی دیکەی ئۆرووپایی‌یەوە، کە ڕەنگە سوئیس بێت. هەموویان پاسپۆرتی خزمەتیان پێ بوو و لە

میوانخانەكانی ڤییەندا ماونەتەوەو تەنیا پاش گەڕانەوەی سەحراڕوودی بۆ تاران بوو كە ئۆتریشیان بە جێ هێشت.

**٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٩ (١٨ی ژووئیەی ١٩٩٠):**

بەرنامەی دووهەمی تلویزیونی ئاڵمان، ڕاپۆرتێكی بەڵگەنامەیی لە بارەی "تۆڕی جاسووسیو تیرۆریستیی ئایەتوڵڵاكان لە ئۆرووپا"، بڵاو كردەوە. بەشێكی ئەو ڕاپۆرتە بۆ تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێكانی تەرخان كرابوو. تیرۆرەكە بە هەموو وردەكارییەكەوە، پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ كرابوو. ١٤ ئێرانی بە پاسپۆرتی سیاسییەوە لە میوانخانەی "ئام شتێفانزێدۆم" نیشتەجێ ببوون، ئەوانە كە لە بێرلینەوە هاتبوون، مەئموورییەتیان پێسپێردرا بوو كە ئەگەر پیلانەكە سەركەوتوو نەبوو، دەستبەكاربنوهەمووشتێك تەواو بكەن. لەم بەرنامەدا، "مانفرێد ماتزێكا" نوێنەری وەزارەتی نێوخۆی ئۆتریش ڕایگەیاند: لێكۆڵینەوەو لێپرسینەوەی وردو بەربڵاو نیشانیدا كە نەخشەی ئەم جینایەتە، بەشێوەیەكی تەواو، لە پێشدا بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، بەواتایەكی دیكە، ئێمە لەگەڵ هەوڵو تێكۆشانو بەرنامەڕێژییەكی بەرین بەرەوڕوو بووین كە بەو پێیە، جینایەتێكی ئەوتۆ بەڕێوە چووە. ئەمە كاری نەفەرێك نیە كە لە نەكاوو كتوپڕو لە ڕووی ئیحساساتەوە دەستی دابێتە جینایەتێكی لەوچەشنە.

نێزیكەی ٢حەوتوو دوای جینایەتەكەی ڤییەن، ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٨ (٢٧ی ژووئیەی١٩٨٩)، ڕۆژنامەی سەربەخۆی "دێرشتاندارد"ی ئۆتریش، نووسی: "ڕوونوئاشكرایە كە كاربەدەستانی دەوڵەتی تا ئەو جێگایەی توانیان، هەوڵیاندا چوونەدەرو دەرباز بوونی شاهیدەكانو تاوانبارانی تیرۆرەكە ئاسان بكەنەوە تا نهێنییەكان ئاشكرا نەبن". هەر ئەوكات، ڕۆژنامەی "ئاربایتێرتسایتونگ" نووسی:

ئەم شێوە بە قسە كردنو پێڕەویكردنە لە ئێران، لە قۆناغی یەكـــەمدا، بـۆ ماوەیــەك ئۆتریش لە رقو قینی مەلاكان دەپارێزێ، بەلاّم ئەمە بۆ خۆی بانگهێشتنێكیشە، كـە ئۆتریش ولاتێكی جوانو دلّگیرە، وەرنە ئۆتریشو ئینسان بكووژن.

***

# دادگای میکۆنووس، دەرفەتێک بۆ هاتنە گۆڕی دووبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو

**سەفەری بێ گەڕانەوە:**

**کاك سەلام عەزیزی**

لە درێژەی کاری دادگای "میکونۆس"دا دادستان چەندین جار مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەن پێتەختی ئۆتریش هێنایە گۆڕێ و ڕای گەیاند کە ئاگادار بوون لە دەخالەت و نەخشی کۆماری ئیسلامی لەو تیرۆرەدا بۆ روون بوونەوەی مەسەلەی تیرۆری "میکونۆس" زۆر گرینگە. هەر لە سەر ئەو بناغەیە دادستان لە کۆبوونەوەی ١٥ی دیسامبری ١٩٩٤ دا داوای خۆی بەو شێوەیە هێنایە گۆڕێ.

١- حوکمی جەلبی دەزگای قەزایی ئۆتریش لە بارەی "**محەممەدجەعفەری** سەحراڕوودی"، "ئەمیر مەنسوری بوزورگیان"و "مستەفا لاجەوەردی" لە دادگای "میکونۆس"دا بخوێندرێتەوە.

٢- کارناسی پۆلیس و بەرپرسی بازجوویی پەروەندەی ڤییەن بە ناوی "فرانتس ئۆستۆڤێس" **Franzostovists** وەك شاهید بۆ دادگای "میکونۆس" دەعوەت بکرێ تا لەسەر کارەساتی ڤییەن شیکردنەوەکانی بخاتە ڕوو.

**بەڵگەی دادستان بۆ ئەو داواکارییە بریتی بوون لە:**

**A** - لێکۆڵینەوەی پۆلیسی ئۆتریش سەلماندوویەتی کە هەر ئەو کەسانەی وەك نوێنەری ئێران لە کۆبوونەوەی ڤییەن لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بەشدار بوون، تیرۆرەکەیان ئەنجامداوە.

**B**- هەر سێ گومان لێکراو بە هۆی سەفارەتی ئێران لە ڤییەن نێردراونەتەوە بۆ ئێران.

**C**- چونکە تیرۆر کراوەکان "دوکتور سادق شەرەفکەندی" جێنشینی "دوکتور قاسملوو" و" فەتاح عەبدولی" جێنشینی "عەبدوڵلا قادریئازەر" بوون.

**D**- پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامیو حیزبی دیموکرات هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا نەهاتوە.

دادگای "میکونووس" لە سەر داوای دادستان لە کارناسی پۆلیسی ڤییەن "ئۆستۆڤێس" دەعوەتی کرد کە وەك شاهید بێتە دادگای "میکونووس".

ڕۆژی ٢٣ی فیوریەی ساڵی ١٩٩٥ئاغای "ئۆستۆڤێس" کارمەندی وەزارەتی نێوخۆی ئۆتریش لە بەشی بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزم لە ئیدارەی جینایاتی سیاسی، لە دادگای "میکونووس"دا بە عینوانی شاهید حازر بوو و لە سەر تیرۆری ڤییەنو لێکۆلینەوەی ئەنجام دراو لە لایەن پۆلیسی ئۆتریشەوە شیکردنەوەکانی خۆی خستە ڕوو کە ئێمە لێرەدا پوختەی قسەکانی دەخەینە بەر دیدەی خۆینەری خۆشەویست:

"لە ساڵی ١٩٨٨دا وتوویژ لە نێوان حیزبی دیموکراتو ڕێژیم بە نێوبژیوانی"جەلال تاڵەبانی" دەستی پێکرابوو. لە ژانویەی ١٩٨٩دا ڕێژیمی ئێران بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ کە نایەوێ درێژە بە وتوویژ بدات. چونکە ئەو وتوویژە بە هۆی "تاڵەبانی"یەوە ئاشکرا کراوە. لە مانگی ژووئیەی

١٩٨٩دا "ئەمیر مەنسور بوزورگیان" دووبارە لەگەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران پێوەندی دەگرێو ڕادەگەیەنێ كە ڕێژیم ئامادەی درێژەپێدان بە وتووێژەكانە. بۆ پێك هاتنی جەلەسەی چاوپێكەوتنو وتووێژ لە مانگی ژووئیەدا كارئاسانی دەكرێو ڕۆژەكانی ١٢و ١٣ی ژووئیە بۆ چاوپێكەوتن دیاری دەكرێ.

لە لایەن حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە، "دوكتورعەبدولڕەحمان قاسملوو" و "عەبدوڵلا قادریئازەر"و " دوكتورفازڵ ڕەسول" بەشداری دەكەن و نوێنەرانی ڕێژیمی ئێرانیش بریتی دەبن لە: "**محەممەد جەعفەر سەحرارودی**" لە لایەن سوپای پاسدارانەوە، "مستەفا لاجەوەردی" و " ئەمیر مەنسور بوزورگیان ئەسڵ " لە بەرپرسانی ئەمنییەتی ڕێژیم.

وتووێژی ڕۆژی ١٢ی ژووئیە بەڕێوە دەچێتو ڕۆژی ١٣ی ژووئیەش ( ڕۆژی تیرۆرەكە) تا لای ئێوارێ درێژەی دەبێت. هیچ كام لە ئەندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لەو چاوپێكەوتنە ئاگادار نابن. خێزانی دوكتور فازڵ ڕەسول دواتر بە پۆلیسی ڕاگەیاند كە مێردەكەی پێی گوتوە كارێكی هەیە كە نایەوێ سەبارەت بەو كارە شتێك بڵێت. ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی ژووئیە كۆبوونەوەكە كۆتایی پێ دێنو قەرار دادەنێن ڕۆژی ١٤ی مانگ دەستی پێ بكەنەوە كە لە پڕ نوێنەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران دەكەونە بەر دەسترێژو دەكوژرێن.

گوزاریشی پزیشكیی قانوونی نیشانی دا كە دوكتور "قاسملوو"و دوكتور " فازڵ" نەیانتوانیوە هیچ بەربەرەكانێیەكو حەرەكەتێك بكەن بەلام "قادری ئازەر" پێش كوژران دەیەوێ دەست بكاتەوەو لە جێگای خۆی هەڵدەستێ بۆیە لە دوو لاوە بە دوو جۆر چەك تەقەی لێدەكرێ، یەك گوللە پاش ڕەد بوون لە قادری وەدەستو زاری "سەحرارودی" دەكەوێو برینداری دەكات.

هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا لە نێوان قسەکانی "سەحراڕوودی"و "بوزورگیان"دا جیاوازی هەبووە. " لاجەوەردی" هەڵاتبوو. "بوزورگیان" دەی گوت لە کاتی تەقەکەدا ئەو لە جەلەسەکەدا نەبووەو بۆ ساندویچ کڕین چۆتە دەرەوە، بۆیە ئاگای لە جەرەیانەکە نیە. "سەحراڕوودی" لە بازجوویی دا دەڵێ: "وتووێژی ئێمە تەواو بوو و قەرار بوو ڕۆژی دوایی کۆ بینەوە کە لە پڕ درگا کرایەوەو ٢ یا ٣ کەس هاتنە ژوورەوەو دەستیان بە تەقە کرد. لە کاتی تەقە کردندا "لاجەوەردیو بوزورگیان" لەوێ بوونو دەستیان بە سەریانەوە گرتبوو و دەگریان. نازانم بۆچی "بوزورگیان" ئیددیعای کردوە کە لەو کاتەدا لەوێ نەبووە. ڕەنگە نیگەرانی بەرپرسایەتی یەکەی بووبێ لە بەرامبەر دەوڵەتی ئێراندا، بۆیە درۆ دەکات.

لێکۆڵینەوە دەری خستووە کە تیرۆریستەکان لە شوێنی کۆبوونەوەکە بوون یان لە ژوورەوە ڕا درگایان لێ کراوەتەوە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی زەربەو شکان بە درگای شوێنی کۆبوونەوەکەوە دیار نەبوو.

دوای تەقە کردن لە نێزیکەوە تیری خەلاس لە هەرسێك قوربانی یەکە درابوو و بە جۆرێك کە بە نێو چاوانی ئەوانەوە لە بەر گەرمای ئاگری چەکەکان شوێنەواری سووتان دەبیندرا.

ئەو چەکانە کە تیرۆرەکەیان پێ کرابوو دوو دەمانچەی "باراتاو لاما" بوون کە دەنگبڕیان بە سەرەوە بوو. چەکەکان پاش تیرۆرەکە لە کیسەیەکی نایلۆنی دا پێچرابوونەوەو لە سەتڵێکی ئەشغاڵدا لە سەر شەقامی نێزیك شوێنی ڕووداوەکە فڕێ درابوون. پۆلیس چەکەکانی دیتەوەو لەگەڵ چەکەکان کیفێکی دەستییش دۆزرایەوە کە قەبزێکی کڕینی مۆتۆرسیکلێتی سۆزوکی بە ڕێکەوتی ١٠ی ژانویەی ١٩٨٩ (

دەوری یەکەمی وتوویژ) بە ناوی کابرایەکی تورکی تێدا بوو. مۆتۆرسکلێت فرۆشـەکە وێنەی "سەحراڕوودی" بە عینوانی کڕیاری مۆتۆرەکە ناسیەوە.

سەرەڕای بەڵگەی زۆر لە سەر ئەوەی کە تیرۆریسـتەکان هـەر هـەمان نوێنـەرانی ئێران لە کۆبوونەوەکەدا بوون، بەلاّم لە سەرەتای لێکۆڵینەوەدا حوکمـی بازداشـتی "لاجەوەردیو بوزورگیان" لە سەر ئەوە دەرچوو کە یارمەتییان بە بریندارى رووداوەکە، واتە "سەحراڕوودی" پێشکەش نەکردووە.

سەفارەتی ئێران بە مەرجێك حازر دەبیّ کە لـەو نەفەرانـە بـازجوویی بکـریّ کـە حوکمی بازداشتەکەیان هەڵوەشێتەوە، پۆلیس حوکمـی بازداشـتەکەیان وەدوا بخـات. کاتێك حوکمی نیهایی بازداشتی ئەو سیّ کەسە دەردەچیّ کە هەرسـێکیان بـە هـۆی سەفارەتەوە گەڕابوونەوە بۆ ئێران!

لە حوکمی بازداشتی ئەو سیّ نوێنەرەی ئـێراندا هـاتووە کـە هـەر سـێك کـەس گومانیان لە سەرە بە یارمەتیی یەکترو لــە نێـو دیـوی وتوویـژداو زۆر لـە نزیکـەوە تەقەیان لە قوربانییەکان کردووەو تیرۆرەکەیان ئەنجام داوە.

"سەحراڕوودیو لاجەوەردی" پاسـپۆرتی دیپلۆماسـیو "بوزورگیـان" پاسـپۆرتی خزمەتیان هەبووە. داوای هەڵوەشانەوەی حوکمی بازداشت لە لایەن سەفیری ئێرانـەوە کراوەو کاتێك کە "سەحراڕوودی" لە نەخۆشخانەی ڤییەن بوو سەفیری ئێران سەردانی کردوە. ئێران پاش دەرچوونی حوکمی بازداشتی ئەو سـیّ کەسـە، بـەو مەرجـە ڕازی دەبیّ  بازجویی لەوانە بکریّ کە ئەو کارە لە تاران بەڕێوە بچێت.

بەو جۆرە هەژاریو بیّدەرەتانیی گەلی کوردو ساتو سەودای ئابووری بوو بە هۆی پیّشێل بوونی مافی مرۆڤ،و عەداڵەت بوو بە فیدای مەسـڵەحەتی کـاتیی دەوڵـەتی ئۆتریش.

تیرۆریستەکان پاش ئەوەی کە بەرێزو حورمەتەوە گەڕانـــەوە بـۆ تـاران، خـەلاّتو بەراتیان پێ دراو بەرپرسایەتیی بەرزیان لە دەزگای حکوومەتی‌دا پێ ئەسـپێردرا. بـە تایبەت " **محەممەد** جەعفــەر سـەحراڕوودی" دەرەجـەی بـەرزی نـیزامیی لـە سـوپای پاسداران وەرگرتو بوو بە کارناسی مەسایلی پێوەندیدار بە کوردستانەوە.

سەیر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا چەندین جار بە دزیو ئاشکرا "سەحراڕوودی" وەك بەرپرسی هەیئـەتی ئـێران ناردۆتـە کوردسـتانی عـێراقو بۆتـە میوانی ڕێکخراوە کوردی‌یەکان. بێگومان مەبەستی ئەساسیی ڕێژیم لەو کـارە تـەنیا تێكشکاندنی غروری خەڵکی کوردستانو گاڵتە کردن بە مەسەلەی کوردە.

❊ ❊ ❊

# دوكتور قاسملوو لە دوایین ساتەكانی ژیانیدا بەرگری لە گەلانی بندەستی ئێران دەكات*

هەشت ساڵ دوای تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە ئۆتریش، سەرەنجام پۆلیسی ئۆتریش كاسێتی وتووێژی دانیشتنی دوكتور قاسملوو سكرتێری پێشووی حیزبی لەگەڵ نوێنەرانی كۆماری ئیسلامیی ئێران كە بە دەنگی هاوێژرانی چەند گوللە كۆتایی پێدێ تەحویلی حیزبی دیموكراتی كوردستان دا. لەم تیرۆرە ناجوامێرانەیەدا بێجگە لە دوكتور قاسملوو، كاك عەبدوڵڵا قادریو دوكتور فازڵ ڕەسووڵ شەهید كران. دوایین قسەی دوكتور قاسملوو بەر لەوەی بكەوێتە بەر گوللەی بەكرێگیراوانی مرۆڤكوژ بەم شێوەیە بوو:

"دەبێ ئەو ئازایەتییە هەبێ كە بە پێی ئوسوولو قانوونی وەك یەك مەسەلە نێوخۆییەكانی ئێران بۆ هەمووان، بۆ عەرەبەكان، بەلووچەكان، توركەمەنەكانو كوردەكان چارەسەر بكرێن. ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بكەین لە داهاتوودا دەبنە كارەسات بۆ وڵاتەكەمان."

دوایین وتەكانی دوكتور قاسملوو لە مێژووی یەك یەكی گەلانی ئێراندا تۆمار دەكرێ. لە نێو هەموو نەتەوەكاندا ڕێز لە كەسایەتییەكەی دەگیرێ، نەك تەنیا سەبارەت بە دیفاعی ناوبراو لە مافەكانیان، بەڵكوو سەبارەت بە نیشاندانی ڕێگای ڕاست بە تاریك بیرانو هەموو ئەو كەسانە كە چ لە رووی تیگەیشتنەوەو چ لە رووی نەزانییەوە حاشا لە بوونی چەند نەتەوە لەو وڵاتە فرەگەلیو چەند فەرهەنگیو چەند زمانییەی ئێراندا دەكەن. دوایین وتەكانی ئەم كەسایەتییە بەرزەی گەلی كورد پڕە لە ئازایەتیو سەر دانەنواندن لە بەرامبەر نوێنەرانی بەرچاوتەنگی كۆماری ئیسلامیدا.

دواین وتەکانی ئەم کەسایەتی‌یە بەرزەی کورد بێگومان وەك دوایـــین قســەو دیفـاعی خەباتگێڕێك دەچێ کە بەر لە گوللەباران کران بۆ دیفاع لە بیرو بـــاوەڕو ئامانجـەکانی خۆی دەیانکا.

**(یادی بەرزو پیرۆز بێ)**

*** * ***

* گوڤاری"**ایل گون**" ژمارەی ٥ (بلاوکراوەی سەر بە تورکمەنەکانی ئێران)

## ژێدەر:

- "چل‌ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" ـ شەهید دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

- "نیوسەدە تێكۆشان" ـ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە

- "خەباتخوازی كورد" ـ كریس كۆچیرا

- "نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران" ـ مەهدی خانباباتارانی

- "سەفەری بێ‌گەڕانەوە" ـ كاك سەلام عەزیزی

- گۆڤاری "چشم‌انداز" ژمارە٨

- گۆڤاری "ایل گون" ژمارە٥

## فەسڵی دووهەم:

# لە وتە بەنرخەكانی شەهید دوكتور قاسملوو

# له وته بەنرخەکانی شەهید دوکتور قاسملوو

دوکتور قاسملووی شەهید زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە ڕێگـای ئازادیدا بەخت کردووە. لە سەر سـتراتیژیی جووڵانـەوەی کـورد، وەزعـی داهـاتووی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو وەزعی نێونەتەوەییو زۆر مەسەلەی جۆراوجۆری دیکـە نـەزەری داوە. "کوردسـتانو کـورد"، "چـل سـاڵ خـەبات لــە پێنــاوی ئــازادی، نامیلکــەکانی "کورتــە باســێك لــە ســەر سوســیالیزم"، "ڕەوتــی ئاشــتیو دیموکراتیزاسیون"، "باسێك لە سـەر مودیرییـەت"، "مێـژووی کورتـی ڕێبەرایـەتی حیزب"و سەدانو هەزاران وتار کە دوکتور قاسملوو بە زمانە جۆراوجۆرەکان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەوە. هەموویان بۆ ئـەوە دەبـن کـە تێکۆشـەرانی حـیزبی دیموکراتو ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری بیانخوێننەوەو دەرسو ئەزموونیان لێوەربگرن.

* * *

## دیموکراسیو مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران:

پاراستنی ئازادییە دیموکراتییەکانو چەسپاندنو پتەو کردنـی بناخـەی ڕێژیمێکـی ڕاسـتەقینە لـە سەرانسـەری ئـێراندا، زامنـــی ئەســڵیی پێشــکەوتنی شــۆڕشو وەدەستهێنانی مافــە نەتەوایەتییــەکانی هــەموو گــەلانی ئێرانــە. بــە بــێ بوونـی ڕێژیمێکی دیموکراتی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین ناکرێو بە بێ دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیش ڕێژیم بە مانای تــەواوی وشــە دیموکراتیــك نــابێ. ئەگەر دوژمنانی گەلی کوردیش پێیان وایە بە ساز کردنی بەیتو باوی جیــاوازیخوازی دەتوانن گەلی کورد ناچار بکەن حاڵــەتی دیفـاعی بـە خۆیـەوە بگـرێو داوای مافـە

ڕەواکانی نەکا، زۆر بە هەڵەدا چوون. ئێمە دڵنیـــاین هــەر ڕێژیمێــك لــە ئــێراندا کــە ڕێژیمێکی بەڕاستی گەلی، دادپەروەرو دیموکراتیك نەبێ ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایــەتی کە یەکێك لە گیروگرفتە بنەڕەتی‌یەکانی وڵاتی ئێمەیە چارەسەر بکــا. ڕاســتی‌یەکەی ئەوەیە کە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیــاتر لــە نیــوەی دانیشــتووانی وڵات پێــك دێنن. خوێندن بە زمانی زگمــاکی، پاراستن و پــەرەپێدانی فەرهــەنگی نەتەوایــەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەموو گرنگتر دیاری کردنی چــارەنووس بە دەســتی خۆیــان، بەشــێك لــە مافــە ڕەواکــانی ئــەو گەلانــەن. لابردنــی ســتەمی نەتەوایەتی لە سەر ئەو گەلانە بە پێچەوانەی ئیددیعــای ژمارەیــەك لــە دوژمنــانی، هــاندانی خــەڵك بــۆ جیــا بوونــەوە نیــە. بــە پێچەوانــەوە دابــین کردنــی یەکیــەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە لـــە چوارچێــوەی ئــێرانێکی دیموکراتــی‌دا زامنــی پاراســتنی یەکیەتی و سەربەخۆیی وڵاتە. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەیــەو هیــچ چەشــنە خۆگێل کردنێك لـــە بایــەخی ئــەو کــەم ناکاتــەوە، بــە پێچەوانــە، ڕێگــا بــۆ کــەڵك لێوەرگرتنی دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی ئێران خۆش دەکا.

(ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٨٧)

* * *

## یەکیەتیی سیاسی و فیکری:

پتەو کردنی یەکیەتیی سیاسی و فیکری ئەرکێکی بنەڕەتی‌یە کــە دەکەوێتــە ســەر شانی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی‌یەکانەوە وەك‌یەك فکر ناکەنەوە، ئامانجیش ئەوە نیە وەك یەك فکر بکەنـــەوە، چونکە ئەوە نـــە مومکینــە نــە بــە قــازانجی تێکۆشــانی حیزبیشــە. مەبەســت لــەو

یەكیەتی‌یە ئەستاندنەوەی داهێنانی فیكری لە ئـەندامانی حـیزب نیـە. بوونـی بـیرو باوەڕی جیاوازو رێككـەوتنی دیموكراتیكـی ئـەوان كلیلـی چارەسـەركردنی دروسـتی گیروگرفتەكانو هۆی بەرەو پێشچوونی حیزبە.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## مەسەلەی ژنان:

لە تێكۆشانی حیزبیو سیاسیی ئێمەدا دەبێ جێگایەكی تایبەتی بدرێ بە ژنان كە نیـوەی دانیشـتووانی ولاتەكـەمان پێكدێنـن. وەك دەزانـن حـیزبی ئێمـە مـافی بەرامبەریی تەواو لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بـەڵام دانـانی مـاف لەگـەڵ پیـادە كردنی ئەومافە لە كۆمەڵدا مەودایەكی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئـەو مەودایـە بەرەبەرە لە بەین بچـێ. بـە بـیروڕای حـیزبی ئێمـە هـەرچی زیـاتر ژنـان لـە كـارە كۆمەلایـەتیو سیاسـی‌یەكاندا بەشـداربن كۆمـەڵ پێشـكەوتووترەو هـەرچی لـە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەكدا ژنان تێكۆشەرتر بن، بزووتنەوەكە پێشـكەوتووترەو شانسی سەركەوتنی زیاترە.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## نەخشی دانیشتوانی شار لە بزووتنەوەدا:

شارەكانی كوردستان پشتی جەبهەی دوژمنن. كەوابوو لە شارەكانی كوردسـتاندا دەكرێ زۆر زەربەی باش لە دوژمن بدرێ. دەبێ هەموو كارەكانی دوژمـن بـۆ ئـەوەی

پشتی جەبهەی خۆی بە قەوەت بكا تێك بدەین. دوژمن تەداروكاتی لە شارەكانەوەیە، دوژمن هێزی خۆی لە شارەكان كۆ دەكاتەوە، دوژمن ئازووقەی لەوێڕا دێت. دەبێ كارێكی وا بكەین نەك هەر لە دەرەوەی شار كە پێشمەرگەی لێیەو ڕێگای لێدەگرێو زەربەی لێدەدا، بەڵكوو لە داخیلی شاریشدا بە ئیبتكاری خەڵكی شارەكانی كوردستان دەبێ زەربەی لێبدرێ. نابێ لە بیریان بچێ كە هەرچەند ئەوان لە شارەكانن، هەرچەند بە زاهیر چەكیان پێنیە، بەڵام پێشمەرگەن، وەك پێشمەرگە لە سەنگەردانو دەبێ بۆ تێكدانی نەخشەكانی دوژمن، بۆ گەیاندنی ئەخبار بە پێشمەرگەو بۆ بەربەست كردنی ڕێگای دوژمن لە هەر ڕێگایەكەوەو بە هەر شێوەیەك كە بتوانن ئەركی خۆیان جێبەجێ بكەن.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## ڕەمزی خۆڕاگریی حیزبی دیموكرات:

بۆچی حیزبی دیموكرات توانیویەتی ڕاوەستێ، ئەوانی دیكە نەیانتوانیوە؟ ئەوە سێ هۆی هەیە: یەكەم، سیاسەتی حیزبی دیموكرات سیاسەتێكی دروست بووە. بۆ داخوازەكانی خەڵكی كوردستان كە بریتین لە دیموكراسیو خودموختاری خەبات دەكەین. ئێمە شوعاری خۆڕاییمان نەداوە، شوعاری توندو تیژمان نەداوە كە بۆمان جێبەجێ نەكرێن. ئێمە مەسئوولانە هەتا ئێستا چووینە پێش، وەختی ئاشتی ویستوومانە وتووێژ بكەین، وەختی شەڕ، شەڕمان كردووە. دووهەم، خەڵكی كوردستانی ئێران پشتیوانی ئێمەیە. حیزبی دیموكرات وەك ماسییە لە نێو گۆمدایە

گۆمەكەش خەڵكە. هێزی حیزبی دیموكرات لەوەدایە كە خەڵك پشتیوانیی لیّدەكا.
سێهەم هۆی مانەوەو درێژەپێدانی خەباتی ئێمە فیداكاریی پێشمەرگەكانمان بووە.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## مەسەلەی كورد مەسەلەیەكی نێوخۆیی نیە:

مەسەلەی كورد لە هەموو ئەبعادی خۆی دا بەو شێوەیە كە هەیە لە واقیعدا مەسەلەی ٢٥میلیون كوردە كە دەبێ مەترەح بكرێ. پێم وایە ئەگەر بەو شێوەیە ئێمە بچینە پێش سەركەوتنمان زیاتر دەبێ. موهیمیش ئەوەیە كە ئەو پەیامە كە ئێمە لەو وەزعە تازەدا دەینێرین، پەیامێك بێ كە باش لە دەرەوە وەربگیرێ. دەبێ بە هەموو ئەو كەسانە كە گوێیان لە قسەكانی ئێمەیە بڵێین كە داوای كورد زۆر سادەو رەوایە، كورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ كە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاددا هاتووە، واتە شتێكی زیادی نیە بۆیە مەسەلەن داوای خودموختاری مەسەلەیەكی نێوخۆیی نیە. زۆر لە دەوڵەتان وەك دەوڵەتی ئێران ئەگەر باسی خودموختاری دەكرێ دەڵێن، ئەوە مەسەلەیەكی نێوخۆییو داخیلییەو كەس حەقی نیە دەستی تیّوەردا. كەوابوو مەسەلەی خودموختاری مەسەلەیەكی نێوخۆیی نیەو بەشێكە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەتو رێكخراوو شەخسییەتانە كە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن پێویستە لە داوا رەواكانی گەلی كورد پشتیوانی بكەن.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## پەیام بۆ گەلانی ئێران:

سەدان ساڵە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێراندا پێکەوە دەژیــن. ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین‌و بەو کەســانە کــە جارو بــار لــێرەو لــەوێ ئێمــە بــە جیاییخواز ( تجزیــەطلب ) دادەنێن، دەڵێین بە هیچ جــۆر ئــەو حەقــە بــە هیچکــەس نادەین کە خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ.[1]

بزووتنەوەی گەلی کورد هەرچەندە بەهێزیش بێ ئەوپەرەکەی تەنیا دەتوانێ ڕیژیــم لاواز وڕێگا بۆ رووخانی خۆش بکا، بەلام هیچ کات ناتوانێ بەتەنیا ببیتە ئالترناتیو، بۆیە ئیمە بەردەوام هــەوڵمان داوە کــە پێوەندیــی نێــوان بزووتنــەوەی گــەلی کــورد وبزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بەهیز بکەین.[2]

پێم خۆشبوو چەند کەلیمەش لە گەڵ گەلانی بەشەکانی دیکەی ئێران بدوێم. ئێوە دەبێ‌بزانن کە کوردســتان تــەنیا بــۆ خودموختــاری شــەڕناکا. بــەڵکوو بــۆ ئــازادیی سەرانسەری ئێران خەبات دەکا. کوردستان لە پێناوی رزگاریی هەموو ئێران لــە ژێــر ئیســتبدادی ئاخوندیدایــە کــە شــەهید دەدا. بۆیــە ئــەرکی ســەر شــانی هــەموو شۆڕشگێڕان‌و ئازادیخوازانی ئێرانە کە یارمــەتیمان بــدەن. ئێمــە دەزانــین کــە ڕێژیمــی سەرکوتکەر ڕێگاتان نادا کە یارمەتیمان بدەن. بەلاّم ڕێژیم ئەوەندەش بەهێز نیــە کــە کاربەدەستانی ئیددیعا دەکەن. ڕێگای یارمەتیدان بە کوردستانی خوێناوی ئاواڵەیــە. لە بیرتان نەچێ کە یارمەتیدان بە کوردستان، یارمــەتیدان بــە ســەنگەری لــە گــیران نەهاتووی سەرانسەری ئێرانە.

**ژێدەر:**

١ـ رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٨٧

٢ـ وتووێژی"عاطفە گرگین" لەگەڵ دوکتور قاسملوو، گۆڤاری وەرزیی"فصلی در گلسرخ" بەرگی سێهەم

**رەتکردنەوەی تیرۆریزم:**

ئێمە وەك حیزبێکی دیموکرات رەشەکوژی رەت دەکەینەوە. چونکە حیزبێك کە لە لایەن گەلەوە پشتیوانی لیَبکریَ هیچ پێویستی‌یەکی بە پەنا بردن بۆ ئەو چەشنە کارانە نیە. ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێك مەحکووم دەکەین.[1]

من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە رێگای دیموکراتیدا دەڕۆنو رێنوێنی دەکرێنو لایەنگریو پشتیوانیی خەڵکیان لە گەڵە، پێویستی‌یەکیان بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە. لە گەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەڵکی وەرگرتوە، ئێمە هیچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردوەو بە پێرەوی کردن لە ئوسوول، بارمتە گرتنمان مەحکووم کردوە. لە ساڵی **١٩٧٩**دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بارمتە گرتنمان لە سەفارەتی ئامریکادا مەحکووم کرد. دواتریش هەمیشە تەیارە رفاندنو بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە.تیرۆریزم سیاسەتی رەسمیی کۆماری ئیسلامی‌یە کە بەرپرسانی رێژیم چەند ساڵ لەمەو پێش بە ئاشکرا رایان گەیاندوە. ئێستا چونکە لە نێوخۆی ئێراندا لە هەر لایەکەوە هاواری رەخنەو ئیعتراز بەرز بۆتەوە، رێژیم بیَئەوەی بە رەسمی قسە لە تیرۆریزم بکا، بە کاری دێنیَ. بەلاّم فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیەو هەمیشەش ئەوە بووە کە شۆڕشی ئیسلامی بە هەر شکلّو شێوەیەك کە ئیمکانی هەبیَ ـ با لە رێگای تیرۆریزمیشەوە بیَ ـ بۆ دەرەوە بنێریَ.[2]

لە رابردوودا دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانی کردن لە ئاکارو کردەوەی تیرۆریستیی خۆیان پاراستووەو بەدایم لە دڵە خورپەدا بوون کە نەکا وەك پشتیوانو لایەنگری تیرۆریزم کە ئەو پەڕی قانونشکێنیو تێکدانی دابونەریتی نێونەتەوەیی‌یە بناسرێنو بە لایەنگری لە تیرۆریزم تاوانبار بکرێن. بەلاّم لە حاڵی

حازردا وای لێهاتووە كە ڕێژیمە دیكتاتۆری‌یەكان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەكانیاندا نە تەنیا كردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵكوو بەشێوەی ڕەسمی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا لە ڕەشەكوژی‌و شێوە جۆراوجۆرەكانی تیرۆر كەڵك وەردەگرن. ئەو ڕێژیمانە لە نێوخۆی وڵاتدا موخالیفە سیاسی‌یەكانی خۆیان تیرۆر دەكەن‌و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بە زۆری بەسەر خەڵكدا دەسەپێنن. لەدەرەوەی وڵاتیش‌دا بۆ كپ كردنی دەنگی هاودەردی‌و هاوپێوەندیی جیهانی‌و بۆ بەرگری لە لایەنگریی ئازادیخوازان‌و بە مەبەستی ناچار كردنی دەوڵەتان بۆ قبووڵی هێندێك مەبەستی تایبەتی‌و جاروباریش بۆ باج ئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئولۆژی‌و بۆچوونێكی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم.[٣]

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆیە بە سەرچاوەی تیرۆریزم دادەنرێ لە بەر ئەوەیە كە زیاتر لە هەر ناوچەیەكی دی ناوەندی ناتەبایی‌یە ستراتیژی، سیاسی، ئابووری، مەزهەبی‌و نەتەوەیی‌یەكانەو هەتا ئەم ناكۆكی‌یانە بنەبڕ نەكرێن بوار بۆ كردەوە تیرۆریستی‌یەكان هەر دەمێنێ.[٤]

**ژێدەر:**

١ـ ڕۆژنامە كوردستان ژمارە ١٨٧

٢ ـ وتوویژ لەگەڵ هەواڵنووسی ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن"

٣ـ ڕۆژنامە كوردستان ژمارە ١٨٧

٤ـ لە وتوویژی "عاطفە گرگین"، "فصلی در گلسرخ"، بەرگی سێهەم

* * *

## ئەخلاق لە سیاسەتدا:

ئێمە بێئوسووڵیو جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا رەت دەکەینەوەو بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشینو ئێمە یەکەم رێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردووە.

* * *

## خەباتی فەرهەنگیو نەتەوەیی:

ژیانی فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە حاڵی پێشکەوتنو بووژانەوە دایە، پێشکەوتنو پشکووتنی فەرهەنگ، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی ئێمە بەهێز دەکاو ئەویش لە بەرامبەردا شوێنەوار دەخاتە سەر بووژاندنەوەی فەرهەنگ. تەنانەت ئەگەر بڵێین شوێنەواری ئەم دوو دیاردەیە لە سەر یەکتر شوێنەوارێکی راستەوخۆیە هیچ موبالەغەمان نەکردووە. بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دوو بەڵگە لە دەستدایە، یەکەم ئەوە کە خەباتی نەتەوەیییە، خەڵکی ژێر ستەمی ئێمە کە بۆ دیفاع لە مانەوەی خۆی شەڕێکی چەکدارانەی دەست پێکردووە هەر لەو کاتەشدا ئەرکی سەرشانیەتی کە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی بپارێزێو بیبووژێنێتەوە. دووهەم: ئەوە کە ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستاندا لەگەڵ رێژیمێکی یەکجار زۆر دواکەوتوو، رێژیمی ئایەتوڵڵاکان کە لە تاریکایی سەدەکانی نێوەراستدا سەریان وەدەرناوە بەرەوڕووین. شەڕی ئێمە لە دژی رێژیمی نەزانیو خورافات پەرستی درێژەی هەیە، هەم لە بەرەی شەڕداو هەم لە مەیدانی فەرهەنگو فێرکردندا. ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە گرێدراون. دیاردەی یەکەم بە بێ دووهەم سەرکەوتوو نابێو دووهەمیش بە بێ یەکەم ناتوانێ وجوودی هەبێ.

* * *

## دیکتاتۆریی مەحکووم بەنەمانە:

سەرکەوتن بەســـەر فاشـیزمدا زۆر دەرسـی بـەنرخی تێـدان. یەکـەم: ئـەوەی کـە دیکتاتۆری‌یەکان هەر چەند بەهێزیش بن ئاخرەکەی لە بەرامبەر راوەســتانی گــەلاندا هێزی خۆڕاگرتنیان نیەو دەڕووخێن. دووهەم: شەڕخوازی بـــە مەبەســتی لــەژێر چـۆك خستنی گەلان یا سادر کردنی رێژیمێکی دیاری‌کراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکســـتو لە نێو چوون بەدواوە نیە.

* * *

## سەر بەخۆیی سیاسی:

ئێمە حیزبێکی سەر بەخۆین‌و سەربەخۆیی خۆمان لە هەموو شتێکی دیکە خۆشتر دەوێ. ئەوەی بۆ خۆمان بە قازانجی بزانین جێبەجێی دەکەین. هیچ کەس نەزەری خۆی بە سەرماندا نەسەپاندووە.

* * *

## گرینگیی تەشکیلات:

بە بێ بوونی تەشکیلاتی حیزبی، هیزی بێ‌پایانی خەڵك وەك ئینرژی‌یەکی دەســت لێ‌نەدراو دەمێنێتەوە. ئەگەرچی بە شێوەی خۆبەخۆ حەرەکەت لە خۆی نیشـــان دەدا، بەڵام کاریگەر نابێ‌و دوژمن زەبری لێ‌دەداو بـــە چۆکـی دادێنـێ. ئـەوە راسـتی‌یەکی مێژوویی‌یەو لە جووڵانەوەکانی رابـــردووی گــەلی کــورددا نــەبوونی تەشـکیلات وەك ئاوێنەیەك خۆدەنوێنێ کە هۆی تێ‌شکان‌و ناکامی‌یەکانە.

※ ※ ※

## دیموکراسی:

ئێمە لە کوردستان‌و لە حیزبی دێموکراتدا باوەڕێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیەو هەروەها لەو باوەڕەداین: بە بێ دابین بوونی ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان، وڵاتی ئێمە ناتوانێ ئەو کێشەو گیرو گرفتە ئاڵۆزانە چارەسەر بکا کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.[1]

هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتیی پێك هاتنی حیزبی دیموکراتەو تا حیزبی دیموکرات ماوە دیموکراسی مەبەست‌و ئامانجیەتی.[2]

ئێمە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیی دێموکراسی هەیە. بێ دێموکراسی‌یەکی جێگیروبنەگرتوو لە ئێران دا خودموختاریی کوردستان، هەموو کات لە بەرامبەر مەترسی و هەڕشەی لەنێو چوون دا دەبێ. تەنیا هۆکاری دەستەبەربوونی خودموختاریی کوردستان بوونی دێموکراسی‌یەکی سەقامگیر لە ئێران دایە.[3]

... ئێمە جگە لە سەقامگیر بوونی دیموکراسی‌یەکی راستەقینە لە ئێراندا هیچ دەستەبەرێکی دیکە بۆ خودموختاری نابینین. هەر بۆیە لە سەر دیموکراسی لە نێوخۆی ئێراندا زۆر پێ‌دادەگرین.

... یەکێك لە مەسەلە بنەڕەتی‌یەکانی دیموکراسی، مەسەلەی چەپی ئێرانە، بێ چەپێکی سەربەخۆ بە هێز کە بە ئازادی بیر بکاتەوە سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێراندا ئیمکانی نیە.[4]

**ژێدەر:**

١ـ بڵاوکراوەی "جامعه نوین و دمکراتیك کردستان" ژمارە ١ ٢ـ رۆژنامە "کوردستان" ژمارە ١٨٧

٣ـ لە وتووێژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ "راه ارانی" ژمارە٦دا.

٤ـ لە قسەکانی دوکتور قاسملوو لە ئەنیستیتۆی هاوپێوەندی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا.

**مودیرییەت:**

شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئێمەدا بە گشتی لە سەر بناغەی پێوەندیی زیندوو، ڕێنوێنیو لە ئاکامدا ئیقناعە. بەرپرسی حیزبی دەبێ بە پێی ڕێنوێنیو بڕیارەکان کە لە بەخشنامەدا هاتوون، پێوەندیی زیندووی لەگەڵ نەفەراتی خۆی هەبێو تەوزیح بداوماندوو نەبێ تا ئەو کاتەی تەرەف قانیع دەکا.

* * *

**ڕەفتاری دروستی حیزبی:**

ئەوەش ئەسڵێکی گرینگی دیکەی مودیرییەتە کە بەرپرسی حیزبی دەبێ بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەفرادی سەرەوەو ئورگانی سەرەوە بکاتو لە هەمان کاتدا بشزانێت کە چۆن بەرخورد لە گەڵ ئەفرادو ئورگانەکانی خوارەوە بکا. شێوەی ئوسووڵی ئەوەیە کە نابێ بە تەحەککومو دەستووردانو توندوتیژیو کوێخایانە ڕەفتار لەگەڵ ئورگانەکانی خوارەوەدا بکەینو لەگەڵ ئورگانەکانی سەرەوەشدا نابێ ڕەفتارمان چاپلووسیو تەمەلوقو پێدا هەڵگوتن بێ.

* * *

**ئەوینی نیشتمان:**

من بەراستی زۆر خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لەنێو خەڵکی خۆمانو ئەندامانی حیزبو پێشمەرگەدام. وڵاتی دیکە زۆر خۆشنو زۆر جێگای خۆشیش لەو دنیایەدا هەیە، بەڵام هیچیان بە قەد نیشتمانی خۆمان خۆش نینو هەموو جارێك کە دەگەڕێمەوە هەست بە خۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر دەکەمو کە دەگاتە ڕۆژەکانی

ئاخری سەفەرەکەم کەمێکیش بەپەلەم کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە نێو هاوڕێیانو پێشمەرگەکانو گەلی خۆمان.

* * *

## مافی دیار كردنی چارەنووس بۆ گەلی كورد:

گەلی کورد لە بارەی مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە جیاوازی‌یەکی لەگەڵ گەلانی دیکەدا هەیەو ئەویش ئەمەیە کە کوردەکان بێجگە لە ئێران، لە عێراق، تورکیەو سووریەش دەژینو دابەشینێکی دەستکرد بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاوە. ڕۆژێك کە ئەو مەسەلەیە بێتە گۆڕێ وەك مافی یەکگرتنەوەی کوردەکان خۆی دەنوێنێ. حەزم نەدەکرد ئیشارە بەو شتە بکەم چونکە لە "تەواضع" دوورە. من لە کتێبێکدا کە بیستو پێنج ساڵ لەمەوبەر بڵاوبۆتەوە، لەو بارەوە نووسیومە کە لە داهاتوودا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست فیدراسیۆنێك پێشبینی دەکەم کە لەو فێدراسیۆنەدا لەوانەیە یەکێك لە کۆمارە فیدراتیوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش کوردستان بێ.

* * *

## دیفاعی مەشرووع:

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی کورد، کوردان شەڕخواز نین. ئەوان خوازیاری سوڵحو ئاشتین. بەڵام کاتێك بوونو مەوجوودی‌یەتیان وەك نەتەوەیەك لە مەترسی دەکەوێ، دیارە بۆ دیفاع لە هۆوییەتی میللیوشەخسییەتی ئینسانیی خۆیان ناچارن ڕاپەڕن.

* * *

## دادپەروەریی كۆمەڵایەتی:

وەدەست هێنانی خودموختاری بــێ لــەنێو بردنــی هــەژاریو كوێــرەوەری دەبێتــە داخوازێكی بێنێوەرۆك.

* * *

## شانازییەكی گەورە بۆ حیزبی دیموكرات:

... دەتوانم بڵێم و رابگەیەنم كە ئێمە هەوەڵین كەس بووین لەبەربەرەكانێ لە گــەڵ ڕێژیمــی خومــەینیدا ولــەو بــاوەڕەدام لـــە داهـــاتووش دا ئـــاخرین كـــەس دەبـــین كەبەربەرەكانێمان لە گەڵ ڕێژیمی خومەینی هەردەمێنێ.

وتووێژی دوكتور قاسملوو لەگەڵ رۆژنامەی "یوم‌السابع"، "كوردستان" ژمارە ١٠٩

* * *

## جێگای ژنان لە كۆماری ئیسلامیدا:

لە حاڵێك دا كــە ژن ئیلــهامدەری هونەرمــەندان بــۆ خولقــاندنی بەرهەمەكانــە، تەعلیماتی كۆنو رزیوی خومەینی مــەقامی ژنــی هێناوەتــە خــوارو كردوویــەتی بــە بوونەوەرێكی چادر بەسەر، رەشپۆش و بێ مایە، بوونەوەرێك كەشــیاوی كۆیلەتییــە، مەجبووره لە ماڵ دا زیندانی بێ بۆ ئەوەی خزمەتی پیاوان بكــاو دوور لــە كۆمــەڵی پیاوان درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

رۆژنامەی "كوردستان" ژمارە ٩٤

* * *

## سەبارەت بە فەرهەنگ:

ئێمە لە كوردستان دەرسی نیشتمانپەروەری دەدەین بە خەڵك و هەرچەند داوا لە پێشمەرگەكان دەكەین كە ئازایانە دژی دوژمن شەڕ بكەن و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی تێ بكۆشن، هەر لەو كاتەش دا فێریان دەكەین كە چۆن بژین. چونكە ئامانجی هەرە بەنرخیئێمە پێش لەمردن، لە خەباتێكی زەروورری و خوێناویدا كە بەسەرمان دا سەپاوە، وەدەستهێنانی ئازادی بە مەبەستی باشتر ژیانە.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## با بە خۆمان و خەباتی خۆمان پشت ئەستوور بین:

لەپێش دا، با بایەخ بە هێزی بێپایانی گەلی كورد بدەین و، لە خۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین و، وەك عامیلێكی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵات دا خۆ بنوێنین، ئەو كاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ‌و هەلومەرجی سەركەوتن باشتر ئامادە دەبێ.

لە پەیامی دوكتور قاسملوو بە بۆنەی ٢٥یگەلاویژی١٣٦٧

* * *

## هۆی پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی:

كاتێك لە وڵاتێكدا سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار بێ، ئازادییەكان پێشێل بكرێن‌و مافە ئینسانییەكان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵكی ئەوینداری رزگاری‌و عەدالەت چونكە بە هۆی بێ هێزییەوە ناتوانن راپەڕینێكی تێكڕایی یان شۆڕشێكی گشتی بۆ كۆتایی

هێنان بە دەسەڵاتی ناوەندی وەڕێ بخەن، رێگایەكی دیكەیان، بێجگە لە پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی نیە.

وتاری دوكتور قاسملوو لە ژێرناوی "شەڕی پارتیزانی‌و زەبرو زەنگ"، "كوردستان"، ژمارە ١٢٤

* * *

**ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ:**

ئێمە لەو باوەرە داین پاش تاقیكردنەوەی دوو سەرەرۆیی توندوتیژ، واتە سەرەڕۆیی پاشایەتی وسەرەرۆیی ریژیمی خومەینی، كاتی ئەوە هاتوە كە ریژیمێكی دیموكراتیك لە ئێران دابمەزرێ. ئێمە ئامادە نین لە گەڵ هیچ هێزێكی لایەنگری دیكتاتۆری هاوكاری بكەین‌و هەر لە بنەڕەت را هەر چەشنە دیكتاتۆری‌یەك رەت دەكەینەوە. ئێمە دەمانهەوێ بۆ هەتا هەتایە كۆتایی بە كۆبوونەوەی دەسەلات لە تاران بێنین. ئێمە خوازیاری ئێرانێكی سەربەخۆو بێ‌لایەنین‌و لەو باوەڕەداین لەم رووەوە زۆربەی هێزەكان لە گەڵمان هاودەنگن.

لە وتوویژی "عاطفه گرگین"، "فصلی در گلسرخ"، بەرگی سێهەم

* * *

**ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرینگە:**

بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرینگە ئەوەیە كە نابێ‌هیچ‌كات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ‌و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بكا كە ئەوەندەی بۆی كراوەو لە دەستی هاتووە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی‌و رزگاریی نیشتمانەكەی‌دا كردوویەتی.

بلاوكراوەی "جامعه نوین و دیموكراتیك كردستان" ژمارە ١

* * *

## تەنیا تاوانی خەڵکی کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای خەباتە:

تاوانی خەڵکی کوردستان تەنیا ئەوەیە کە ئامادە نین دان بە دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاستی ئاخوندەکاندا بنێن و لە بەشێکی نیشتمانە ئازیزەکەمان واتە لە کوردستاندا ئاڵای خەباتیان شەکاوە ڕاگرتوە، بۆیە کەوتوونەتە بەر ڕق و تووڕەیی لە ڕادەبەدەری خومەینی و دەستوپێوەندەکانی.

بەشێك لە پەیامی د.قاسملوو بۆ ڕێکخراوو کەسایەتی و هاونیشتمانان لە دەرەوەی وڵات "جامعه نوین و دمکراتیك کردستان" ژمارە ٤

* * *

## کوردستان، سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێرانە:

خەڵکی کوردستان داوای **"دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"** دەکەن، ئەوان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئاخوندەکاندا نەك هەر بەرگری لە بوون و بایەخە ئینسانییەکانی خۆیان دەکەن، بەڵکوو بۆ ئازادیی سەرانسەری ئێران تێدەکۆشن، ئەو شانازییەش بۆ هەتا هەتایە بۆ خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە کە لە قۆناخە هەرە سەختەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەماندا کوردستانیان کردۆتە سەنگەری ڕزگاریی سەرانسەری ئێران و بۆ پاراستنی ئەم سەنگەرەش گیانی خۆیان بەخشیوە.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی کێن؟

خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگایی ئێران هەر ئەوانە نین کە چەکیان لەشانە و لە بەرەکانی شەڕ دا دژی ڕێژیمی ئاخوندی شەڕ دەکەن، بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە

گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵو بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانیێ دژی ڕێژیمی ئاخوندی دا بەشدارن، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادین.

(سەرچاوەی پێشوو)

* * *

## داهاتووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی:

ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خومەینی، چ بە خومەینییەوەو چ بێ خومەینی، ڕێژیمێکی بێداهاتوویە، بەلاّم هەڵەیە ئەگەر وابیر بکەینەوە {بە دوای مەرگی خومەینیدا} زۆر زووو لەپڕ دەڕووخێ. لە ڕاستیدا ئەوە ڕاستە کە ڕێژیم ئیدی پشتیوانیی زۆربەی خەڵکی لە پشت نیە، بەلاّم کەمایەتییەك کە ماوەتەوە، هەستەیەکی زۆر چڕ پێك دێنێو لە گەڵ ئەوەش دا کە یەکپارچەو یەکدەست نیە، بەلاّم قازانجی هاوبەش لێکی گرێداون. لەنێو هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیمدا بەرەبەرە دوو قۆڵ پێك هاتوە:

قۆڵی توندڕەوو قۆڵی میانەڕەو، ئاشکرایە هەر یەك لەم دوو قۆڵە هەوڵ دەدا کە سەنگەرەکانی خۆی پتەوتر بکاو ئەگەر توندڕەوەکان مەبەستیان ئەوەیە هەر ئەم ڕێگاو شێوازە وشكو توندو نەگۆڕەی ئێستا درێژە بدەن، میانەڕەوەکان پێیان خۆشە کە هێندێك لە ئازادییە پێشێل کراوەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی (نسبی) زیندوو بکەنەوەو ئەو دەرگایانەی بە رووی ڕۆژئاوایان دا داخستوون، بەرە بەرە بکەنەوەو بەم جۆرە چارەسەرانە، تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژ بکەنەوە [١]

من نازانم كــه خومــه‌ینی چــه‌نده ده‌ژی. نێونجــی ته‌مــه‌ن لــه بنه‌ماڵــه‌ی ئــه‌ودا، ده‌وروبه‌ری سه‌د ساڵه.كه‌وابوو له‌وانه‌یه به‌و زووانه نــه‌مرێ، به‌هــه‌ر حــاڵ تــا كــاتێك خومه‌ینی ماوه، پێم وانیه ئاڵوگۆڕێك بێته پێش. به‌ڵام دوای وی، ئه‌و رێژیمه‌ی ئێستا یا ده‌مێنێته‌وه یان شه‌ڕی نێو خۆیی ساز ده‌بێ. من پێم وانیــه كــه رێژیمــی كۆمــاری ئیسلامی پاش مــه‌رگی خومــه‌ینی هــه‌ر بــه‌و شــێوه‌یه كــه لــه ده ســاڵی رابــردوودا هه‌بووه،ده‌مێنێته‌وه. به‌ڵام ئه‌وه به‌ومانه‌یه‌ش نیه كه رێژیم به خێرایی له نێو ده‌چــێ. چونكه كۆماری ئیسلامی له‌م ده‌ساڵه‌دا توانیویه‌تی هێندێك جێ‌پێ بۆخۆی بكاتــه‌وه‌و به‌و ٢٥٠هه‌زار پاسدارو١٥٠هه‌زار ئاخونده‌ی كه له ئیختیاری دان، ناكرێ بــه شــه‌وێك ئــه‌م رێژیمــه بگــۆڕدری. بــه‌و حاڵــه‌ش ئــاڵوگۆڕی گــه‌وره روو ده‌ده‌ن. چونكــه هه‌ڵكه‌وته(موقعیت)ی ئێران له ئاستی نێونه‌تــه‌وه‌یی‌دا جۆرێكــه كــه ولاتــانی ده‌ره‌وه به‌شێوه‌یه‌كی راسته‌و خۆ قازانجیان تێدایه‌و به‌لوبنانی كردنی ئێران، زیانێكی قــه‌ره‌بوو نه‌كراو به هه‌مووی ئه‌وان ده‌گه‌یه‌نێ.[٢]

**ژێده‌ر:**

١ـ وتاری دوكتور قاسملوو له رۆژنامه‌ی "لوموند"دا، مارسی١٩٨٢ وه‌رگیراوه له"روزگار نو"، ژماره٩٠

٢ـ پوخته‌ی وتووێژی دوكتور قاسملوو له‌گه‌ڵ هه‌واڵنووسانی فه‌رانسه‌یی،١٥ی‌سیپتامبری١٩٨٨

* * *

## هیندێک لە خۆزگەو ئاواتەکانو تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو لە زمانی خۆیەوە:*

مەسەلەیەکی بنەڕەتی بۆ من {لە ژیانمدا} لابردنی ستەم بووە، بۆ لابردنی هەر چەشنە ستەمێك لە سەرەتای لاوەتیمەوە خەباتم کردوە. ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەم ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتوە. دیارە لە ژیاندا ئەزموونێکی زیاترم وە سەر یەك ناوەو واقعبینتر بووم. ئەمن لە ژیانم دا هەمیشە خۆشبین بووم و لە دژوارترین هەلومەرجیشدا هەمیشە رووحیەی خۆمم پاراستوە، ئیستاش هەروام. زۆر ئۆگری خوێندنەوەم، لە کوردستان هەموو گۆڤارو رۆژنامە خاریجیو ئێرانییەکان دەخوێنمەوە. زۆر ئۆگری خوێندنەوەی رۆمانو کتێبە زانستییەکانم، بەلاّم بۆخۆم شێعرم زۆر پیٚخۆشە. لە کوردستان شەوی شێعر پێكدێنینو من شێعر دەخوێنمەوە. زۆر ئۆگری شێعری کلاسیکی ئێرانم، بۆ وینە: حافیز، سەعدی،خەییام، بابا تاهیری عوریانو فیردەوسی، دیارە شێعری کوردیش بە تایبەتی{شێعرەکانی} "گۆران" کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردەو ئەحمەدی خانییش کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرانی نوی"نادر نادرپوور"و "ئەحمەد شاملوو"م بەدڵن، دیوانەکەیانم هەیەو"پەروین ئێعتیسامی"م زۆر بەدڵە، پێموایە شێعرەکانی زۆر لە ژیانی من نزیکن. لە هەلومەرجی ئیستادا، وەك دەزانی تێکۆشانی سیاسی بەتایبەتی کاتیك تۆ بەرپرس بیو شەڕی نێوخۆییش لە گۆڕیٚدابیٚ، گیروگرفتت بۆ دێنێتەپیش کە بە داخەوە تۆ ناتوانی بەشێوەی سیستماتیكو بە ئیشتیای خۆت ئۆگری بە شیعر یان مووسیقی درێژە بدەی.

یەکیك لەو گیروگرفتانەی کە لە ژیانی مندا هەیە، مەسەلەی شەهید بوونی هاورێیانی نزیکمن، لە راستیدا ئەوە یەکێك لە گەورەترین نارەحەتییەکانە کەلە ژیانمدا هەیە. ئەمن ئێستا ئەگەر بمتوانیبایە بۆخۆم بڕیاربدەم، پێمخۆشبوو خەریکی زانست بامو کارم لەسەر مەسەلە فەرهەنگیو ئەدەبییەکانی ئێران کردبا. بەلاّم ئێستا لەکوردستان ئەرکم لەسەرشانەو لە بەرامبەر خەڵکی کوردستانو ئێراندا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم.

**پرسیار: پرسیارێکی دیکەت لیّ دەکەمو ئەویش ئەوەیە کە جەنابت پێتوایە ١٠یان ١٥ یان ٢٠ ساڵی دیکە خەریکی چ دەبیو لە کویّ دەبی؟**

**دوکتورقاسملوو:** ئەمن ناتوانم پێشبینی بکەم، لەم هەلومەرجەیکە ئێمەی تێداین هەر لە جیّدا پێشبینیکردن زۆر سەختە. ئەمن پێمخۆشە پاش چەند ساڵی دیکە ئەگەر لەدەستم بیّ خەریکی نووسینو کاری زانستی بم. ئێستا نزیك بە ٤٠ ساڵە لە خەباتدا بەشدارم، پێمخۆشە ئەزموونەکانی خۆم بنووسم. بەلاّم هەرچۆنێك بیّ پێمخۆشە لە نێو خەڵكدابم. ئێستا خووم بەم هەلومەرجە گرتووە {بەلاّم} دووری لە خەڵکی ئاسایی زۆر گرانەو هیوادارم هەلومەرجێك بێتەپێش کە ولاّتەکەمان ببێتە ولاّتێکی سەربەخۆو ئارام بێتەوەو لەو هەلومەرجەدا ئەمن لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستاندا، بۆ وێنە گوندی "قاسملوو" ـ رەنگە ئێوە نەزانن کە گوندێکی ئاوا هەیە، ئێمە ناویخۆمان لەو گوندە وەرگرتوە ـ دانیشمو تاماوم بخوێنمەوەو بنووسم.

* * *

* وتووێژی هەواڵنێری "بی.بی.سی" بهروز یوسف زادە لەگەلّ دوکتور قاسملوو.

## فەسڵی سێهەم:

# دیموكراسیی راستەقینە لە روانگەی كاك دوكتور قاسملووەوە.

- كاك دوكتور قاسملوو، چۆن دەیڕوانیە چەمكی دیموكراسی لـــە تیئـۆڕی‌و پراتیك‌دا؟
- دوكتور قاسملوو، پارێزەری راستەقینەی سوسیالیزمی دیموكراتیك

# كاك دوكتور قاسملوو، چۆن دەیڕوانیە چەمكی دیموكراسی لە تیئۆریو پراتیكدا؟

**كاك دوكتور قاسملوو:**

"پێداگرتنی حیزبی ئێمە لە سەر دیموكراسی دوو هۆی هەیە، یەكەم ئەوە كە ئێمە وەك حیزبێكی دیموكراتی رەسەن بە راستی باوەڕمان بە دیموكراسی هەیە. ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین كە بوونی دیموكراسی لە ولاتدا، دەتوانێ یارمەتی بە وەدیهاتنی هەموو داخوازەكانی خەلك بكا. دیارە دیموكراسیمان تەنیا بۆ حیزبی خۆمان ناوێ، بەلكو بۆ هەموو حیزب و رێكخراو و تاقمەكانی بە ئاوات دەخوازین و لە هەلومەرجی ئێستادا هەولْ دەدەین تا ئەو جێگایەی ئیمكانی هەیە، ئەو دیموكراسی‌یە لە كوردستاندا بەڕێوە بچێ و لە راستی‌دا بە هاوكاریی تاقم و رێكخراوەكانی دیكە تەمرینی دیموكراسی دەكەین. بەلام هۆی دیكەی پێداگرتنی حیزبی ئێمە ئەوەیە كە ئێمە بۆ دابین بوون و پاراستنی خودموختاری لە كوردستانی ئێران، جگە لە دیموكراسی لە ئێراندا هیچ دەستەبەرێكی دیكەمان نیە. ئەو بیرە كە ئێمە لە كوردستانی ئێراندا ناوچەیەكی خودموختارمان هەبێ، بەلام لە بەشەكانی دیكەدا سەرەڕۆیی حكوومەت بكا لە مێشكی ئێمەدا جێگای نیە. ئێمە نامانەوێ تاقە حیزبی كوردستان بین. ئێمە لە هەموو چەشنە مەیلێكی پاوانخوازانە بە دوورین. ئێران هی هەموو تاقم و رێكخراوە سیاسی‌یەكانە و ئامادەین لە گەلْ هەموو رێكخراوەكان لە بوارە هاوبەشەكاندا هاوكاری بكەین بەلام دەزانین كە تاقە هێزی سیاسیی گەورە و رێكخراو لە كوردستاندا، حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانە. بەو

حاڵەش نامانەوێ تاقە حیزبی کوردستان بین. من لەو باوەڕەدام کە بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە لە تەنیشت حیزبی ئێمە، لە تەمرین کردنی دیموکراسی‌دا یارمەتیمان دەدا و تەنانەت بۆچوونەکانی ئەو تاقم و ڕێکخراوە سیاسییانە دەتوانن بۆ حیزبی ئێمە ڕێنوێن بن.

ئێمە دیموکراسیمان هەر بەو جۆرە کە هەیە دەوێ، یانی دیموکراسیی ڕاستەقینە. دیموکراسی بۆ هەموو خەڵك و بۆ ئەوەی دەرەتانی ئەوە هەبێ هەموو ڕێکخراوە میللی‌یەکان بتوانن تێکۆشانی سیاسیی خۆیان ئازادانە ئەنجام بدەن و هەموو خەڵك دەستیان بە ئازادی‌یە دیموکراتی‌یەکان ڕابگا. چاپەمەنی لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەسڵە ئەخلاقی‌یەکانی ڕۆژنامەنووسی و بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ مەسەلەکان لە ئاستێکی بەرزدا، دەبێ ئازاد بن و نابێ هیچ سنوور و سەراوەردێکیان بۆ دابنرێ.

نابێ چاوەڕوان بین تا پاوانخوازی دەگاتە ئەو پەڕی خۆی و دیکتاتۆری بە سەر وڵاتدا زاڵ دەبێ، جا ئەو کات خەبات لە دژی دەست پێ بکەین. پاوانخوازی لە ژێر هەر جۆرە پەردە و دروشمێکدا بێت شتێك لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. لە گەڵ هەر خۆدەرخستنێکی چووك و گەورەی تاقمە پاوانخوازەکاندا دەبێ دەست بە جێ دژایەتی‌بکرێ و پێش ئەوەی جێ‌بگرێ، لە نێو ببرێ. جگە لەمە ڕێگایەك بۆ پێشگیری لە سەرکەوتنی کۆنە پەرستی و فاشیزم نیە."

* * *

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:**

"دووبەرەکی لە نێو ئەوانەدا کە بە هەر حاڵ بە کادری ڕێبەری دەژمێردران لە زۆر بارەوە لە زۆر وەختدا سەری هەڵدەدا، بەڵام دەکرێ بڵێین تەوەرەی ئەو

دووبەرەکی‌یە وەك شەخس، دوکتور قاسملوو لە لایەكو ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) لە لایەکی دیکە بوونو لە باری سیاسی‌یەوە ناکۆکی لە سەر بیرو باوەڕی چەپو دیموکراتیو پێشکەوتنخوازانە کە دوکتور قاسملوو لایەنگری بوو لە گەڵ بیرێکی ناسیونالیستی بەرچاوتەنگانە بوو کە کاك ئەحمەد تۆفیق بە سەمبولی دەژمێردرا. هەر ئەو دوو بۆچوونو بیرکردنەوەیە دوو هەڵوێست یان دوو سیاسەتی دیکەشیان هێنایە کایەوە. هەرچی دوکتور قاسملوو بوو (لە گەڵ ئەوەی ناکرێ لە هەموو بارێکەوە بە بێ‌خەتا دابنرێ) لایەنگری سەرسەختی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووو تا ئەو کاتەش سەری نایەوە لەو رێبازە دروستە لای نەدا. هەرچی کاك عەبدوڵڵا ئیسحاقیش بوو، بە هەر دەلیلێك کە بۆخۆی پێی قانیع بوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردبوو بە کلکەیەك لە پارتی دیموکراتی کوردستانو بە کردەوە لە ژێر رێبەرایەتی پارتیو شەخسی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفادا بەڕێوە دەڕۆیشت.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە ئەو بەشە لە ململانەکە تا رادەیەك زوو کۆتایی پێ‌هات. چونکە کاك ئەحمەد تۆفیقو هاوبیرەکانی بە رێگایەکدا کە ناکرێ لێرەدا باسی بکرێ زۆر زوو دوکتور قاسملوویان لە عێراق بە دەرکردن داو قاسملوو هەتا دوای رێککەوتننامەی ١١ مارسی ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی عێراقو بزووتنەوەی کورد، لە ئۆرووپا ژیاو ئیددیعای رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشی نەدەکرد. قاسملوو کە بە پێچەوانەی ئیسحاقی ئەهلی فکرو سیاسەتو قەڵەمو نوسین بوو بە هاوکاری هێندێ لە دۆستانی بۆ ماوەی چەند ساڵێك رۆژنامەیەکیشی لە ئۆرووپا دەردەکرد کە ناوی "کوردستان"ی لە سەر دانابوو. بەڵام چونکە خۆی بە رێبەری حیزب دانەدەنا لە سەر رۆژنامەکەشی نەیدەنووسی "ئۆرگانی حیزبی دیموکرات"،

ئەگەر چی لە راستیدا بیرو باوەڕی حیزبی بڵاو دەکردەوە. دیارە بە ڕۆیشتنە دەرەوەی دوکتور قاسملوو بەربەرەکانێ لە گەڵ بیرو بـاوەڕی راسـتڕەوانەو رەفتـاری تەکرەوانـەی کاك عەبدوڵڵا ئیسحاقی کۆتایی نەهات.

کاك دوکتور لە ململانێی دەروون حیزبیدا تێ دەکۆشـا لـە ڕێگـای قەناعەتـەوە سەرنجیهاوڕێیانی بۆ لای خۆی راکێشێ. زۆر کەس هەیە لەگەڵ موخالفەکانی خۆی تا سەرحەدی دوژمنایەتی دەڕوا، بەڵام کاك دوکتور هەم رەخنەی دەگرتو هەم رەخنـەی قبووڵ دەکردو هەم مەجالی ئەوەی دەهێشتەوە تا موخالفانی خۆی بۆ بۆچوونـەکانیان تەبلیغ بکەن، ئەگەرچی بـە زیـانی خۆیشـی تـەواو ببوایـە بـۆ نموونـەی ئـەو شـێوە تایبەتمەندییە لاپەڕە ٧٠ی "نیوسەدە تێکۆشان" وەك بەڵگە دێنمەوە:

"عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە پێـش کونفرانسـی دووهـەم ئیسـتعفای لـە ئەندامـەتی کومیتەی ناوەندی کردبوو و پاش چەند جار داواکردنـی کومیتـەی نـاوەندی ئامـادە نەبوو ئیستێعفاکەی وەربگرێتەوە، پـاش ئـەوەی لـە لایـەن کومیتـەی ناوەندییـەوە (کومیتـەی نـاوەندیی هـەڵبژێراوی کۆنگـرەی دووهـەمو کونفرانسـی دووهـەم) پێـی راگەیەندرا کە ئیستیعفاکەت قبووڵ کراوە کەوتە هەڵتۆز هەڵتۆزو کاری سـەرەڕۆیانەو دژی حیزبی. هەر بـەینێك نـا بـەینێك بەیاننامەیـەکی دەردەکـردو ئـەوەی نـەدەبوو ئەندامێکی حیزب بە قەڵەمیدا بێ دەینووسـیو خۆشـی بـە حـیزبو بـە کومیتـەی ناوەندیو هەموو شتێك دادەنا. ئەو رەفتـارەی ئیسـحاقی نارەزایەتییـەکی زۆری لـە بەدەنەی حیزبدا دروست کردبوو. بۆیە لە کونفرانسدا بە توندی داواکرا کە لە حیزب دەربکرێ. خەریك بوو بڕیاری دەرکردن بدرێ کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو هاتـە دەنگو گوتی: "هاورێیان ئەمن دەزانم کە ئەحمەد تۆفیق سەرەڕۆیەو خـەتای حـیزبیی لە سەرە، لە نێو ئێوەشدا کەس نیە بە قەدەر من لە لایەن ناوبراوەوە خراپەی لەگـەڵ

كرابێ، بەلاّم ئێمە ئێستا خەریكی دامەزراندنو جێگیر كردنی ئوسووڵی حیزبیین. چۆن دەكرێ هەر لێرەدا بۆ خۆمان پێشێلی بكەین؟ ئەو برایە ئەندامی حیزبە، دەبێ بانگ بكرێ بۆ كۆبوونەوەی حیزبی، قسەی لە گەڵ بكرێو هەوڵ بدرێ رەفتاری خۆی باش بكا. ئەگەر خۆی ئیسلاح كردو رێوشوێنی حیزبی بە جێهێنا باشتر، ئەگەریش نا ئەودەم كومیتەی ناوەندی دەتوانێ دەری بكا." كونفرانس بۆچوونەكانی قاسملووی پەسەند كردو روونكردنەوەی وەزعی حیزبیی ئەحمەد توفیقی بە كومیتەی ناوەندی ئەسپارد."

(نیوسەدە تێكۆشان ـ مامۆستا عەبدوڵلاّ حەسەنزادە)

*** 

**مامۆستا عەبدوڵلاّ حەسەنزادە:**

ئەوەیش یەكێكە لەو شتانە كە دیسان دەبێ بڵێم لە كاناڵیانەوە دوكتور قاسملوو زوڵمی لێ كراوە. زۆر جار لە لایەن بەشێك لە هاوكارانو رەفیقانیەوە بە نادیموكرات! لە قەڵەم دراوە. ئەمن پێم وایە لە كورددا هیچ كەس بە قەد دوكتور قاسملوو دیموكراسیی خۆش نەدەویستو دیموكراسی لە وجوودیداجێی نەگرتبوو. بەڵێ دوكتور قاسملوو زۆر جار نەزەری ئەكسەرییەتی دەگۆڕی. بەلاّم ئەوە بە دیكتاتۆری نەبوو، بە قووەتی ئیستدلالو مەنتیق بوو كە منو تۆ قانع دەكا نەزەرەكەی وی راستە، نەزەرەكەی خۆمان دەگۆڕین. خۆ نەهاتوە بەرتیلمان بداتێ یا زۆرمان لێ بكا یا هەڕەشەمان لێبكا كە ئەگەر نەزەرەكەتان وەك نەزەری من نەبێ خراپتان بە سەر دێ. ئەوە پێی ناڵێن لە ژێرپێنانی دیموكراسی، ئەوە پێی دەڵێن قووەتی ئیستدلال، قووەتی شەخسییەت، قووەتی مەنتیق لەو بارەوە. دوكتور قاسملوو لە خراپترین تەنگانەدا،

باوەڕی بە دیموكراسی هەبوو. نموونەیەكت بۆ دێنمەوە كە ئیدی هەموو كەس تێی بگا. ئێمە بە داخەوە وەكوو هەموو جەریاناتی سیاسیی كوردو دنیایە تووشی شەڕی نێوخۆ بووین. تووشی شەڕی نێوخۆ ببووین لە گەلْ كۆمەڵەی.لە هەموو مەنتیقەی سەردەشتیْ كۆمەڵە لە دێیەكیدا كۆ ببونەوە ـ ئەو دێیە زادگای منیشە، "سیسێر" ـ دەورەیان لیْ گرتبوو دەیانویست هەمووان یان تەسلیم كەن یان قەتڵو عامیان كەن. پێشمەرگەی مە دەیانویست ئەوی ئەوان هەیانە لە نێوی بەرن. دوكتور قاسملوو تووڕە بوو گوتی یەعنی كۆمەڵە جەریانێكی سیاسی با موخالیفی مەش بیْ، ئەو جەریانە سیاسییە لە هەموو ئەو مەنتەقەیەدا حەقی نیە دێیەكی هەبیْ؟ لە جێیەكی بیْ؟ پێی داگرتو هەرچی هەڕەشە بوو كردی كە ئەگەر دەوری ئەو دێیەی بەر نەدەنو موحاسەرە نەشكێنن چ دەكا. ئەوە لە حالێك دا بوو كە ئێمە خوێنی شەهیدەكانمان جاریْ وشك نەببۆوە لەو شەڕەیدا، بریندارمان هەبوون كە لە بیمارستانیْدا كەوتبوون، برینداری شەڕ لە گەلْ كۆمەڵەی. یەعنی ئەو نەك بۆ رەفیقەكانی بۆ موخالیفانیو تەنانەت بۆ دوژمنەكانیشی ـ ئاخركەسێك دەتكوژیْو دەیكوژی دوژمنە ـ بۆ دوژمنەكانیشی دیموكراسیی دەپاراست، نەك هەر بۆ دۆستەكانی. نازانم دیموكراسی پاراستن لەوە زیاتر چیە؟ ئەمن زۆر جارم گێڕاوەتەوە قسەیەكم لە بەڕێز "یاسر عەرەفات" خوێندۆتەوە زۆرم پیْ جوانە لە موساحەبەیەكدا لێی دەپرسن وەختێكی لە سەر ئەو سازمانانەی دیكەی فەلەستینی كە موخالفن. دەڵیْ: "موخالفم بوون دەستیان خۆش بیْ. ئەمن ڕێبەری پارچە مەڕیك نیم. ئەمن شوان نیم، ئەمن ڕێبەری شۆڕشگێڕانم. ئێمە دیموكراسی تفەنگانمان هەیە دیموكراسی موسەللەح، هەتا ئەو وەختەی كابرا زەربەتی لە بزووتنەوەی فەلەستین نەداوە، موخالیفی منە، با موخالیفی من بیْ چ قەیدی هەیە."

یا هەرچەند کەمێك ناحەزیشـــە بـەلاّم زۆرم گێڕاوەتـەوە جـارێکی دیکـە بۆتـان بگێڕمەوە. چوبووینە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لــە مـیراوێ، دوکتـور قسـەی کـرد. کـە مەراسمەکـە تـەواو بـوو لـە بنکـەی کومیتـەی ناوچـەی مـیراوێ دانیشـتبووین لــە سەردەشتێ کابرایەك هات ویستی دەستی ماچ بکا، نەی‌هێشت دەستی ماچ کـاو لــە پاشان کابرا گوتی قوربان برایان گرتووەو ماوەیەکە بەرەلاّی ناکەن، بەلّکوو ئەمر کەی بۆم بەرەلاّ کەن، ئەویش گوتی باشە ئەتۆ بڕۆ دوایە لێی‌دەپرسینەوە. کـابرا ڕۆیشـتو گوتـی ڕاسـت دەکـا بـرای گـیراوە؟ گوتیـان بـەلّێ. فـەرمووی بـۆ گـیراوە؟ گوتیـان ئینسانێکی خراپە.گوتی خراپی چیە؟ جاشە؟ تفەنگی پێ‌یە؟ گوتیان نە. جاسووســە؟ گوتیان نە. گوتی باشە ئاخر خراپیی چیە؟ گوتیان زمانی خراپەو قسەی خراپ دەکـاو گوتی ئاخر قسەی خراپی چی؟ پێم بلّێن قسەی خراپی چیە؟ هەرگوتیان ئـاخر قسـەی خراپی کردوە. گوتی قسەی خراپ چیە؟ ئاخر پێم بلّێن حـالّیم کـەن، سـکرتێری ئـەو حیزبەم نابێ بزانم چی خراپی گوتوە؟ گوتیان گوتوویەتی لە گۆڕی بابی قاسملووی بەم. گوتی ئەمنیش لە گۆڕی بابی قاسملووی بەم، بچن ئازادی کەن."

***

**مەهدی خانباباتارانی:**

یەکێك لە ئەندامانی لقی چریکە فیدایی‌یەکان لــە کوردسـتان کـە کچێکـی لاوو خۆشکەزای قاسملووە، دەچێتە لای حیزبی دیموکـرات بـۆ ئـەوەی ڕاگەیـەندراوێك بـە ئیمکاناتی حیزبی دیموکرات بە چـاپ بگەیـەنێ، چونکـە خۆیـان کەلوپـەلی چاپیـان نەبووە. قاسملوو بە خۆشکەزاکەی دەڵێ: "بۆ دەڵێن حیزبی دیموکرات، دیموکرات نیــە؟ ئایا دەکرێ پیاو لەوەش دیموکراتتر بێ؟ ئێوە لەم ڕاگەیـەندراوەدا هێرشـتان کردۆتـە

سەر ئێمەو بێحورمەتیتان پێكردووین‌و بە بوودجەو ئیمكاناتی خۆشمان چاپی دەكەن!! لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئێمەشدا دەژیـــن، ئێمـــە ماڵمـــان داونـــەتێ تـــا وەك پایـــەگا كەڵكی لێ وەرگرن، ئەمنییەتی ئێوەشمان دابین كردووە، لەوە دیموكراتترت پـــێ شـــك دێ؟!

*** 

**كاك حەمەنەزیف قادری:**

د.قاسملوو زیندوومانەوەی حـــیزبی دیموكراتـــی كوردســـتانی لـــە رەعایـــەت كـــردن‌و پاراستنی ئوسووله دیموكراتیكەكاندا دەزانی‌و دیموكراسی بە چارەســـەری كیشـــەكاندا دەناو لە تـــەواوی مـــاوەی خـــەبات‌و تێكوشانیشـــیدا لـــە بـــەرەی دیفـــاع لـــە ئـــازادی‌و دیموكراسیدا بووە. لە پێوەندییەدا سەدان نمونەیش هەیە بۆ داكوكی كرنی د.قـــاسملوو لە دیموكراسی. یەكێك لەو شەخســـییەتە بـــە ناوبانگانـــە بـــوو كـــە پـــەردەی لـــە ســـەر دیكتاتوری پرولتاریا لاداو سیاسەتەكانی یەكیەتی شوورەوی ئەوكات‌و پێشێل كردنـــی دیموكراسی لەو وڵاتەو ســـەركوت كردنـــی جوڵانـــەوە دیموكراســـی خوازەكـــانی وڵاتـــانی ئۆرووپایی لە لایەن شوورەوییەوە بە تایبەت لە چێكۆسڵوواكی پێشوو لـــە ســـەردەمی دوبچكدا لە ساڵی ١٩٦٨ لە قاو دا.

لە ئێرانیشدا هەر لە تەمەنی لاویەتیەوە تا ئەو كاتەی گیانی لە ڕێگای ئـــازادی‌و دیموكراســـی‌و ئامانجـــەكانی گـــەلی كـــورد بەخشـــی، یـــەكێك لـــە ســـیما ناســـراوەكانی بزووتنەوەی ئێران بـــوو و ڕێـــز لـــە بۆچوونـــەكانی دەگـــیرا. لـــە حـــیزبی دیموكراتیـــشدا مامۆستاو پایەگوزاری دیموكراسی بوو، بـــاوەڕی بـــە رەهبـــەری جـــەمعی و ئـــاڵوگۆڕی بیروڕا هەبوو.هەمیشە حورمەتی لە نەزەری بەرانبەرەكەی دەگرت‌و سیمای دیموكرات‌و

تایبەتمەندی‌یەكانی كادرێكی باشی حیزبی لە هونەرەكانی د.قاسملوو بوون. لـە كـۆڕو كۆبوونەوەو باسە سیاسی‌یەكانی سەبارەت بە پێگەیاندنی كادرەكانی حیزب، پیێ لـە سەر دا ئەگرتن. گرتنی كونگرەكانی حیزب لە كاتی خۆی‌داو هێنانە بەر باسی كورتـە باسێك لە سەر سوسیالیزم، پێویستی دیموكراسی لـە سوسـیالیزم‌داو لێكدانـەوەی لـە سەر ئالۆگۆڕە سیاسی‌یەكانی سەردەمی میخایل گۆرباچۆف لە یەكیـەتی سـۆڤییەتو مەسەلەی گلاسنۆست، بیرمەندی‌و دووربینی ئەم زانا گەورەیە لە سەر دیموكراسی بوو. د.قاسملوو هەروەها بۆ پاراستنی ئوسوولی دیموكراسی دەیگوت"خەبات بۆ دیموكراسـی نابێ بچێتە سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا چینایـەتی"و زۆرجـار ئـەم وتـە بەنرخەی دووپات دەكردەوە كە "خراپترین دیموكراسـیم لـە باشـترین دیكتـاتۆری پـێ باشترە". بە نەزەری من دیموكراسی بە مانای واقعییەكەی‌و ئاشـنا كردنـی ئـەحزابو كۆمەڵی كوردسـتان لـە لایـەن د.قـاسملووەوە بـوو، نموونـەی ئاشـكرایش، گرێدانـی جووڵانەوەی كورد بە ئەحزابی ئەنتێرناسیۆنالیست سوسیالیزمەوەیە.

*** 

**كاك تەیموور مستەفایی:**

د.قاسملوو خراپترین دیموكراسی لە باشترین دیكتاتۆری پێ باشتر بوو. ئـەودەم كـە فەزای چەپ باڵی بە سەر كوردستاندا كێشابوو باس باسـی دیكتـاتۆریی پرۆلێتاریـا بوو. كەس نەی‌دەوێرا لە ترسی دەروێشەكانی یەكیەتی سۆڤیەت لە توودەیـی‌و تـوودە سیفەتەكان یەك كەلیمـەش دژی دیكتـاتۆریی پرۆلێتاریـا بـدوێ، چونكـە بـە "ضـد انقلاب"و عامیلی ئیمپریالیزم ناو دەبرا. لەو كاتەدا د. قـاسملوو ئازایانـەو بوێرانـە دیفاعی لە دیموكراسی دەكردو خراپترین دیموكراسی لە باشترین دیكتاتۆری پـێ باشـتر

بوو و نامیلکەی "کورتە باسێك لە سەر سوسیالیزم" کە باسی لە سوسیالیزمی دیموکراتیك دەکردو بۆ ڕەدکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریاو لە ڕاستی‌دا مەرزبەندی لەگەڵ بیروباوەڕی تودەئیزم کە لە کۆنگرەی ٦ی حیزبدا بە زەحمەت‌و تێکۆشانی د.قاسملوو بە پەسند گەیشت، شاهیدی ئەو ئیدعایەیە.

د. قاسملوو دەیگوت: دیموکراسی باجی خۆشی هەیەو دەبێ ئەو باجە بدەین. ئەو دەیگووت هەر کەس دەبێ دیفاع لە دیموکراسی بکا، تێکۆشەرانی میلەتێکی بن‌دەست دەبێ بە توندی دیفاع لە دیموکراسی ڕاستەقینە بکەن. چونکە تەنیا لە سێبەری دیموکراسی‌یەکی ڕاستەقینە دایە کە میللەتی بن‌دەست بە مافەکانی خۆی شاد دەبێ‌و هەر لەم ڕوانگەیەوەش بوو کە بەردەوام دیفاعی لە دروشمی حیزبەکەی "دیموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان " دەکرد.

د. قاسملوو پێی وابوو چونکە مرۆڤ بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستی بە هەوا هەیە، واش پێویستی بە ئازادی هەیە. بۆیە دەیگوت ئازادی نرخی گرانە میللەتێك کە بیهەوێ بە ئازادی بگات، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات‌و بە خوێنی سووری خۆی نرخی ئەو ئازادی‌یەی داو لەو ڕێگایەش‌دا ڕاستگۆ بوو و بەڵێنەکەی بردە سەر.

❊❊❊

**کاك سەید ڕەزا درودگەر:**

دوکتور قاسملوو هەمیشەو لە هەر کات‌دا باسی دیموکراسی دەکردو دیفاعی لێ دەکردو بە ڕاستی ئیمانی پێی‌بوو، دەیزانی کەپایەی پێشرفت‌و تەرەقی هەر گەلێك ئازادی‌و دیموکراسی‌یە، دەی‌فەرموو هەر جامعەیەك دیموکراسی تێدا بێ‌و گەلەکەی بە دیموکراسی گەیشتبێ هەم ئینسانەکان خەلاقیەتی خۆیان دەردەخەن‌و هەم جامعەکە

گەشە دەكات.لە جامعەیەكدا كــە دیموكراســی جێگــر بــوو، بنــەڕەتی پتــەو دەبــێ‌و بەئاسانی لێك بڵاو نابێ‌و گەورەترین گرفتــی جامعــەی كومونیســتی‌و سوسیالیســتی نەبوونی دیموكراســی‌یە. هــەر بۆیــە ئــەو جامعانــە نــاتوانن بڵێــین كــە جامعەیــەكی ئیدەئالن‌و ئاواتەكانی گەلانیان بەجێ هێناوە، لە جامعەیەكدا كە دیموكراســی هــەبێ هەموو حیزب‌و ڕیكخراوو فیكرێك، دەبێ حــەقی دەربڕینــی بــیرو ڕای خــۆی هــەبێ، مەگەر بە زەرەری جامعەكە بێ. هەر بۆیە ئەگەر ئێمە لایــەنگری دیمۆكراســین دەبــێ هەر لە ئێستاوە تەمرینی ئەو دیموكراسی‌یە بكەین‌و نەزەراتی ئــەحزاب‌و ئــەفرادو بــە گشتی هەموو نــەزەرێكی مخالف تەحــەموول بكەین‌وبــە دەلیــل‌و مــەنتیق وەلاّمــی بدەینەوە. جارێك تعدادێك ئەسیر گیرابوون كە یەك لــە ئەســیرەكان زۆر جەنایــەتكارو ئینسان كوژ بوو و چەند كەس لە پێشمەرگەكان خەبەریان دا با لە ڕێگادا بیكوژیــن‌و بڵێن هەڵهاتووە،كاك دوكتور موخالیفەتی كردو پاش چەند ڕۆژ كە گەیشتینە شــوێنی دەفتەری سیاسی، هاتە لای كاك دوكتور بۆ دیدار، ئەمنیش لەوێ بووم‌و پاش ئەحواڵ پرسی‌و چاك‌وچۆنی ئەو پێشمەرگەیە وتی باشە كاك دوكتور بۆ موافقەتتان نەكرد كــە ئەو خیانەتكارە بكوژین، هەرچی كاری خــراپ‌و جنایــەتی دنیایــە كردوویــەتی، كــاك دوكتور وتی: تۆ ئاگاداری، وتی بەڵێ، ئەی مەدرەكت هەیە وتی: بەڵێ ئــەوە هــەموو مەدرەك‌و شاهیدە وتی: باشە هەر ئێستا بچۆ بــۆ بەشــی قــەزایی‌و زینــدان‌و هــەموو شتێك بڵێ‌و مەدرەك نیشان بدە با ئەویش وەك تاوانبــار قســەی خــۆی بكــا. ئەگــەر ســابیت بــوو ئــەوە حوكمــی دەدرێ، تــۆ وا دیــارە بــە قســە دێموكراتــی‌و ئــازادی‌و دیموكراسیت هەر بۆ خۆت دەوێ. تۆ ئەگەر دیموكرات بی دەبێ حەقی دیفاعی ئازاد بۆ هەموو كەس ڕەوا ببینی.

جارێكیش لە مەزاری ئالانی سەردەشت بووین ئـــەو كـات مـن لـە كومیســیۆنی تەشـكیلات بـووم وئـالانی سەردەشـتیش مەركـەزی هـەموو ئـەحزاب بـوو،ڕۆژێـك فەرماندەی پێشمەرگەكانی مقەڕی "بێتووش" لە گەڵ كادرێك هات بـۆ لای مقـەڕی دەفتەری سیاسـی‌و زۆر نارەحـەت بـوو ـ فەسـلی هـاوینیش بـوو ـ كـاك"ئەبوبـەكر هیدایەتی" یادی بە خێر لێی پرسی، چ خەبەرە؟ وتی كارم بـــە دەفتــەری سیاســی‌یە. كاك دوكتوریش لەو نزیكەی ئێمەدا دانیشــتبوو، كـاك ئەبوبـەكر وتـی وەرە دانیشـە ئاوێك بخۆوە دوایی دەچی بۆ لای كاك دوكتورو ئەمنیش دێم، ئەو هاوڕێیانە ووتیــان: ناوەڵا بە پەلەین، دەچین، ئەمن‌و كاك ئەبوبكریش چووین‌و كاك دوكتور قاسملوو، كاك سەرگورد علیارـ یادی بەخێر ـ و جەلالی (كادرێكی نیزامی هێزی سامرەندو ئـازەری زمان بوو) ئەوانیش لە خزمەت كاك دوكتوردا بوون ـ كاك سەرگورد علیــار ئـەو دەم جێگری كومیسیۆنی پێشمەرگە بوو ـ ئەوانی دیت‌و جەلالی هات بەدەمیانەوە. وتـــی چ خەبەرە؟ خێرە؟ ئەوانیش دەنگیان بەرز كردەوە وتیان كاكە واتان لە ئێمـــە كـردووە بەم دێموكراسیەتانەوە كە كەس بە قسەمان ناكاو كەس لێمـان سـڵ ناكـات. ئـەوەتا پێشمەرگەكانی...كە هەموویان لە سەراسەری كوردســتان‌و ئـێراندا بـە قـەد هـێزی سامرەندی ئێمە نــابن، دەڵـێ ئێـوە سـەرمایەدارن‌و لایـەنگری سـەرمایەدارین‌و زۆر فەرقتان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی‌دا نیە. كاك دوكتوریش كە گوێی لە قسەكانیان بوو وتی: كاك سەرگورد با بێنە ئێرە، فەرموون بێن لێرە دانیشن، با ئێمــەش بزانـین چـی قەوماوە؟ وا دیارە بێتووشێ كەوتۆتە خەتەرو دەڕووخێ. ئەوانیش هاتن‌و كاك دوكتور وتی: پێم خۆشە هەر لە ئەوەڵەوە بە ووردی شتەكە باس بكەن. ئـــەوانیش شـتەكەیان زۆر بە وردی‌و بە ئاب‌و تابەوە باس كردو بەردەوامیش دووكادری حیزبیشیان تاوانبار دەكرد كە ئەوان نەیان هێشتووە ئێمە چەكیان بكەین‌و دەریــان بكـەین. پاشـان كـاك

دوكتور وتی كەمێكی‌تر ئاو بخۆنەوە و گوێ بگرن تا پێتان بڵێم، ئێوە دیموكراتن؟ ئەو شتە ئەسڵیانەی حیزبتان قبووڵە؟ وتیان ئەی چۆن قوربان ئەی دەكرێ دیموكرات نەبین، پاش تەوزیحاتی زۆر كە نەك بۆ ئەوان، بەڵكوو بۆ هەموو ئێمەش كە لەوێ بووین زۆر بە كەڵك بوو. وتی: شانازیمان ئەوە نیە كە نیرۆی نیزامی‌و قودرەتی شەڕو تعدادی نەفەراتمان زۆرە ـ دیارە ئەوانە لە جێی خۆی‌دا هەمووی شانازین ـ بەڵام زۆرتر ئێمە شانازیمان ئەوەیە كە لایەنگری بیرو بڕوامان زۆرە كە ئەساسەكەی دیموكراسی‌و ئازادی‌یە. ئێوە دەبێ میدان بدەن بە هەموو بیروبۆچوونێ ئەگەریش مخالفی ئێمە بێ‌و پێشی قەڵس نەبین، ئەوجار دەتوانین بڵێین دیموكراتین. دوكتور قاسملوو لە هەر حاڵێكدا لایەنگری دیموكراسی بوو و بە راستی ئیمانیشی پێ بوو، هەمیشە دەیگووت: "خراپترین دیموكراسی لە باشترین دیكتاتوری باشترە."

****

# دوكتور قاسملوو، پارێزەری ڕاستەقینەی سوسیالیزمی دیموكراتیك*

شەهیدی نەمر دوكتور قاسملوو، ڕێبەری زانای حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بە بلاْو كردنەوەی نامیلكەیەك لە ژێر ناوی "كورتەباسێك لەسەر سوسیالیزم" لە ساڵی ١٣٦٢دا، كە چەند مانگ دواتر لە كۆنگرەی شەشەمی حیزبدا پەسند كرا، وێڕای ئاماژە كردن بە پێویستی سەقامگیر كردنی سوسیالیزم بۆ دابینكردنی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی لە ئێران‌و كوردستاندا، ئەو سوسیالیزمەی شی‌كردەوە كە حیزب مەبەستیەتی لە داهاتوودا دابمەزرێ. دوكتور قاسملوو لەم نامیلكەیەدا بە ئیشارەكردن بە كەم‌و كووڕی‌و لادانی نیزامە سوسیالیستی‌یەكانی بەرەی ڕۆژهەڵات لەو سوسیالیزمەی كە ئامانجی ڕێبەرانی بزووتنەوەی كرێكاری بوو، هەروەها نەبوونی دیموكراسیی لە سوسیالیزمی مەوجووددا بە زیانێكی گەورە دەزانی، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت كە لە بنەڕەتڕا هەرچەشنە نیزامێكی ئیدئۆلۆژیكی‌و هەر چەشنە ئیدئۆلۆژی‌یەكی دەسەڵاتدار لە هەر فۆرم‌و نێوەرۆكێكدا بێ، ناچار دەبێتە دیكتاتۆریی ئیدئۆلۆژی‌و حیزبی دەسەڵاتدارو سەرەنجام دەبێتە دیكتاتۆریی بێ ئەم‌لاو ئەولای ڕێبەری حیزب.

ڕێبەری حیزبی ئێمە وێڕای ڕەتكردنەوەی هەر چەشنە دیكتاتۆری‌یەك، بۆ وێنە دیكتاتۆریی پرۆلتاریا، بە پشت بەستن بە نووسینەكانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی كرێكاری، ماركس‌و ئەنگێلس ئەو ڕاستیەی هێنایە بەرباس كە لە سەردەمی سەقامگیر كردنی سوسیالیزمدا دەبێ دیموكراسیی سوسیالیستی لە هەموو بوارەكاندا،

* ڕۆژنامەی "كوردستان" ژمارە ٢٧٢

چ دیموکراسیی سیاسیی تاکەکەسیو چ دیموکراسیی سیاسیی گشتیو کۆمەڵایەتی، بەڕێوە بچێ.

دوکتور قاسملووی نەمر بە ئاماژەکردن بە کارەساتە خوێناوی‌یەکانی وڵاتانی وەك مەجارستانو ئاڵمانی رۆژهەڵاتو چێکۆسلۆواکی کە بۆخۆی لە نێزیکەوە ئاگاداری هێندێ لەو رووداوانە بوو، بەم ئاکامە مەنتیقی‌یە گەیشتبوو کە تا ئەو کاتەی ئابووریی سوسیالیستی دیموکراتیزە نەکرێ، تا کاتێك ئەو ئازادییانەی کە بەشێك لە دەسکەوتەکانی شۆڕشە بۆرژوا ـ دیموکراتی‌یەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی بوون، تیکەڵ بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی نەکرێن، سوسیالیزم ناتوانێ رەوتی گەشەسەندنو پێشکەوتنی خۆی درێژە پێ بداو بەتەواوی سەقامگیر بێ.

لەلایەکی دیکەوە، رێبەری زانای حیزب لە نامیلکەی ناوبراودا ئیشارە بە دەسکەوتە بەنرخەکانی نیزامی سوسیالیستی لە پێڕاگەیشتن بە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن، لەش‌ساغی، یارمەتیدان بە بنەماڵە دەسکورتەکان، پێکهێنانی دامودەزگا فەرهەنگیو هونەری‌یەکانو... هتد دەکاو دان بەو راستی‌یەدا دەنێ کە سوسیالیزم توانیویەتی زۆر ئیمتیازی ناعادلانە لەنێو بەرێ. ئەو لە پێوەندی لەگەڵ دروشمی بنەڕەتیی حیزبدا دەنووسێ: "خودموختاری، دیموکراسی، سوسیالیزم. کەوابوو ئێمە خوازیاری نیزامێکی سوسیالیستین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێتەوە کە هەم مافی دیاریکرنی چارەنووس بە شێوەی خودموختاریو دیموکراسیو ئازادی‌یە دیموکراتی‌یەکانی تێدا دەستەبەر بکرێو هەم لە ئاکامی لەنێو چوونی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینساندا، پێوەندی‌یە سوسیالیستی‌یەکان بە سەر ئینساندا زاڵ بن."

سكرتێری گشتیی حیزب لە هەلومەرجێكدا "كورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم"ی نووسی كە یەكەم: هیچ كەس پێشبینی نەدەكرد بناخەی سوسیالیزمی مەوجوود كە قایم و پتەو دەهاتە بەرچاو، ئاوا تێك برووخێ.

دووهەم: هەلومەرجی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی چەپ لە ئێراندا كە بە شێوەیەكی گشتی لە ژێر كاریگەریی تەبلیغاتی فریودەرانەی هیندێ حیزبی وەك حیزبی توودەدا بووە، رێگای لەوە گرتبوو كە بچوكترین رەخنە لە ئۆردووگای سوسیالیستی و سوسیالیزمی مەوجوود قبووڵ بكەن. لەم بارەیەوە بەجورئەتەوە دەتوانین بڵێین، رێبەری زانای حیزبی دیموكرات لە ریزی ئەو ژمارە كەمە لە كەسایەتییە ئێرانی و كوردستانییانەدا بوو كە سەرەڕای ناووناتۆرەیەكی زۆر لە هەلومەرجێكی ئاوادا كەموكووڕی و هەڵەو لادانەكانی سوسیالیزمی مەوجوودیان هێنایە بەرباس و راستییەكانیان هەر بەو جۆرەی كە هەبوون هێنایە گۆڕێ.

جگە لەوەش، بڵاو كردنەوەی ئەم نامیلكەیە لە نێو بزووتنەوەی گەلی كوردو لە نێو حیزبیشدا لە هەلومەرجی ئەو كاتدا بایەخێكی یەكجار زۆری هەبوو. حیزبی دیموكرات وەكوو حیزبێكی دیموكراتیك و میللی، هەر لەو كاتەدا كە خۆی بە پێشڕەوی هەموو خەڵكی كوردستان و بەتایبەتی كرێكاران، جوتیاران، زەحمەتكێشان و رووناكبیرانی كورد دەزانێ، هیچكات ئیدیعای نەكردوە كە حیزبێكی ئیدئۆلۆژیكی و خاوەن جیهانبینییەكی تایبەتییە، كەوابوو هەر كوردێكی ئێران و هەر كام لە دانیشتووانی كوردستانی ئێران بە مەرجێ بەرنامەی حیزبی دیموكراتیان قبووڵ بێ، بە بێ لەبەرچاو گرتنی بیروباوەڕیان دەتوانن لە نێو حیزب و هاوهەنگاو لەگەڵ حیزبدا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی حیزب و گەڵ تێبكۆشێ. ئەم راستییە ببووە هۆی ئەوەی كە بوار بۆ سەرهەڵدانی رەوتێك لە نێو حیزبدا خۆش بێ كە راست درێژە پێدەری رەوتی

ناسراو بە "تودەایسم" جیاکردنەوەی ریزی دیموکراتە راستەقینەکان لە ریزی ئەو کەسانە بوو کەبە هەر شێوەیەك خۆیان خزاندبووە نێو حیزبو جێگایان لە نێو بزووتنەوەی کورددا خۆش کرد بوو.

رێبەری هەرگیز نەمری حیزب بە پێچەوانەی هێندێ لە حیزبەکانو رێبەرانیان کە بەرژەوەندییەکانی خەڵکیان بە قازانجو بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی سوسیالیستییەوە گرێ دابوو و بە کردەوە نیشانیان دەدا کە لە بەر قازانجی ئۆردووگای سوسیالیستیو سوسیالیزمی مەوجوود ئامادەن پشت لە بەرژەوەندییەکانی خەڵك بکەن، لەو نامیلکەیەدا ئیشارە بە پێوەندیی حیزب لە گەل وڵاتانی سوسیالیستیی پێشوو دەکا و باس لەوە دەکا کە حیزبی دیموکراتو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وەکو هەر حیزبو گەلێکی خەباتگێڕ رێز لە دۆستایەتیی نێوان خۆیو وڵاتانی سوسیالیستیو لە سەرووی هەموویانەوە یەکیەتیی سۆڤیەت دەگرێو تێ دەکۆشێ لەم دۆستایەتییە بە قازانجی بردنە پێشی خەباتی گەلەکەمان کەڵك وەربگرێ، بەڵام ئامادە نیە بە قیمەتی درێژەپێدانی ئەم پێوەندییە دۆستانەیە، سەربەخۆیی سیاسیی خۆیو گەلەکەی پێشێل بکاو ئەگەر هەرلومەرجێك بێتە پێش کە لەو دوو رێگایە یەکێکیان هەڵ بژێرێ، بێ هیچ دوودڵییەك بەرژەوەندیی گەلی کوردو سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دیموکرات هەڵدەبژێرێ. حیزبی ئێمە بە پێچەوانەی هێندێ حیزبی پاشکۆ، نە بەرژەوەندی گەلی کورد لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی ئۆردووگای سوسیالیتییەوە چاو لێ دەکاو نە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد ئامادەیە پەنا بۆ هەر شتێك بەرێ.

سەرئەنجام، ئەگەرچی نیزیك بە ١٠ساڵ بە سەر تێك رووخانی ئۆردووگای سوسیالیستیو سوسیالیزمی مەوجووددا تێ دەپەڕێ، ئەگەرچی نامیلکەی "کورتە باسێك لە سەر سوسیالیزم" لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ئۆردووگای سوسیالیزمدا ـ

کەلەگەڵ رابردوو رۆیی ـ نووسراوەو پەسند کراوە، بەڵام وەك بەڵگەیەکی مێژوویی کە نیشانەی تێگەیشتنی دروستو واقعبینانەی حیزبی دیموکراتو ڕێبەرە شەهیدەکەی لە سوسیالیزمی دیموکراتیکە، گرنگیو بایەخێکی تایبەتیی هەیە.

❊ ❊ ❊

## فەسڵی چوارەم:

# "دوکتور قاسملوو" پێغەمبەری ئاشتی

- دوکتور قاسملوو کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل
- وتووێژ، شێوازێکی خەبات

# دوكتور قاسملوو كاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نوبێڵ

ئەنجومەنی دۆستانی گەلی كورد لـــە ئۆتریـش رۆژی ۳۱ی ئۆكتوبـری ۱۹۸۹ لــە كۆبوونەوەی خۆیدا بە تێكڕای دەنگ بڕیاری دا رێبەری شەهیدی حـــیزبی دیموكراتـــی كوردستانی ئێران "دوكتور عـــەبدولڕەحمان قـاسملوو" بـــە نـاوی كـاندیدای وەرگرتنـــی خەلاتی ساڵی ۱۹۹۰ بە كومیتەی خەلاتی ئاشـــتیی نۆبێـل بناسـێنێ. "ئەنجومـــەنی دۆستانی گەلی كورد" بۆ ئەم مەبەستە كومیتەیەكی دامەزراند كە سەنەدو بەڵگـــەی پێویست بۆ ئەو كاندیدا كردنە ئامادە بكـــاو بیـاندا بـــە كومیتـــەی خـەلاتی نۆبێـل. كومیتەی ناوبراو پاش ئامادە كردنی پێشنیارنامەكە دەستی كرد بە پێوەندی گرتن لە گەڵ ئەو شەخسییەتانە كە بە پێی ئوسوولی خەلاتی ئاشتی، حەقی پشـتیوانی كـردن لە كاندیداتۆریی كاندیداكانی وەرگرتنـــی ئـەو خەلاتـــە جیهانی‌یـەیان پـێدراوە، ئـەو كەسانە بریتی بوون لە:

١ـ پرۆفیسۆرەكانی: فەلسەفە، مێژوو، زانستە سیاسی‌یەكانو مافی گەلان.

٢ـ نوێنەرانی پارلمان.

٣ـ ئەوانەی بۆخۆیان خەلاتی ئاشتی نۆبێلیان وەرگرتوە.

٤ـ ئەندامانی دادگای نێونەتەوەیی.

لـــە ئاكـامی پێوەندی‌یـەكانی كومیتـــەی نـاوبراو چـەند شەخســـییەتی خـــاوەن سەلاحییەت لە چەند ولاتی ئۆرووپایی‌دا پشتیوانی خۆیان لە پێشنیار كردنی دوكتـــور قاسملووی شەهید دەربڕیبوو كە بریتی بوون لە:

**١ـ لە ئۆتریش ٧ پرۆفیسۆرو ١٦ نوێنەری پارلمان.**

**٢ـ لە ئیتالیا ١١ سەناتۆرو نوێنەری پارلمان.**

٣ـ لە چێکۆسلۆواکی ٤ پرۆفیسۆر کە یەکیان نوێنەری پارلمانە.

٤ـ لە ئالّمانی رۆژئاوا ٢ نوێنەری پارلمان.

٥ـ لە فەرانسە ٢ نوێنەری پارلمان.

٦ـ لە ئیسلەنددا ١ پرۆفێسۆر.

بە دوای پشتیوانی دەربڕینی ئەم شەخسییەتانەدا کومیتەی هەلّبژێراوی ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئۆتریش تەواوی سەنەدو بەلّگەی پێویست کە بریتی بوون لە پێشنیارنامەیو ئیمزای ئەوانەی پشتیوانییان لە پێشنیارەکە کردبوو، ژیاننامەی شەهید دوکتور "قاسملوو" و گولّبژێرێك لە قسەو نووسراوەکانی دوکتور "قاسملوو" لە رۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا نارد بۆ کومیتەی خەلاّتی ئاشتیی نوبێل لە نۆروێژ.

لە بەشێکی پێشنیارنامەی ئەنجومەنی دوستانی گەلی کورد لە ئوتریشدا هاتوە:

دوکتور قاسملوو کە چەندین سالْ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لەو ناوچەیەدا دەسەلاّتدارەکان هەولّیان داوە مەسەلەی کورد تەنیا لە رێگای زەبرو زەنگو سەرکوتەوە چارەسەر بکەن. هەمیشە تیْدەکۆشا مافە ئینسانیو سیاسییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەی دیموکراتیكو لە رێگای ئاشتی خوازانەوە بەدەست بێنیْ... ئەو هەلّویستە لە دروشمی بۆ دنیا ناسراوی "دیموکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان"دا بەتەواوی خۆی نیشان دەدا. لەو خەباتە دیفاعییەشدا کە لە چەند سالّی رابردوودا لە لایەن رێژیمی سەرەرۆوە بە سەر گەلەکەی داسەپاوە، تیروریزمو هەموو کارێکی دژی ئینسانیی بە تەواوی رەت دەکردەوە... بە پێی بڕوای قوولّی بەوەکە "دیموکراسی نرخی خۆی هەیەو کەسێك دیموکراسی بۆی دەبیْ ئامادە بیْ ئەو نرخە بدا." ئەو ریسکەی کردو لە گەلْ نوێنەرانی

رێژیمێك بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی كورد كەوتە وتووێژ كە بە ئاشكرا ئەوی بە مەرگ مەحكووم كرد بوو. ئێمە دڵنیاین كە دانی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل، پاش مردن بە دوكتور قاسملوو هاندەرێكی گرنگ دەبێ بۆ هەموو هەوڵێكی ئاشتیخوازانە لە تەواوی ناوچەكەدا.

پێشنیار كردنی مامۆستای شەهید دوكتور قاسملووی نەمر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی لە لایەن ئەنجومەنی دۆستانی گەلی كورد لە ئوتریشو پشتیوانیی شەخسییەتە سیاسیو كۆمەڵایەتیو زانستیو حقووقییەكان لە وڵاتانی ئۆرووپادا رێز دانانێكی بەجێیە بۆ شەخسییەتی بەرزی ئینسانێك كە ژیانی بۆ وەدی هێنانی مافو ئازادییەكانی نەتەوەیەكی ژێر دەستی چەند میلیونی تەرخان كردو گیانی لە پێناوی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی رەوای گەلەكەیدا كردە قوربانی. ئەمەش هەر رەنگدانەوەیەكە لە مەقامی بەرزو شەخسییەتی جیهانیی دوكتور قاسملووی شەهید كە هێندێك داخ لە دڵو كورتبینیی خۆوڵاتی بە داخەوە چاوی دیتنو مێشكی تێگەیشتنییان نیە.

كاندیداتوریی دوكتور قاسملوو بۆ خەڵاتی ئاشتی هەر لەو كاتەدا بۆ گیانی سرەوتووی دوكتور قاسملوو و بۆ بنەماڵەكەی، حیزبەكەیو گەلەكەی لە كوردستانی ئێراندا مایەی فەخرو شانازییەو هەروەها سەنەدێكی ریسوایی رێژیمی كۆنەپەرستو دژی ئاشتیو دژی ئازادیی كۆماری ئیسلامیی لە ئێران دایە، بۆ گەلی كورد لە هەموو پارچەكانی كوردستانو هەروەها بۆ خەڵكی وڵاتەكەمان "ئێران" جێگای خۆشحاڵیو شانازییە، چونكە دوكتور قاسملوو جگە لەوە كە خەباتگێڕی شێلگیری رێگای ئاشتیو دیموكراسیو مافە ئینسانییەكانی خەڵكی وڵاتەكەمانو گەلی كورد

بوو و سەرەنجام هەر لەو ڕێبازەشدا گیانی خۆی دانا، یەکەمین کوردو یەکەمین ئێرانی بوو کە بۆ خەڵاتی ئاشتیی نوبێل کاندیدا کرا.

❊ ❊ ❊

**ژێدەر:**

ڕۆژنامە کوردستان، ژمارە ١٥٨

گۆڤاری لاوان، ژمارە ٣٥

# وتووێژ، شێوازێکی خەبات

شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بە پێی خسڵەتی ئاشتیخوازانەی خۆی هەوڵی زۆری ئەدا مەسەلەی کورد لە رێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکا. هەربۆیە لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، تێدەکۆشێ چاوی بە "خومەینی" بکەوێو لەو بوارەدا قسەی لەگەڵ بکا. بەڵام خومەینی بە پێی خسووسیاتی دژی ئینسانیانەی خۆی، لە مولاقاتی تایبەتی دوکتور قاسملوو خۆ دەپارێزێ. مامۆستا حەسەنزادە لە "نیوسەدە تێکۆشان" لاپەرەکانی ١٣١و ١٣٢دا بەو چەشنە باسی دەکا: ..."کاتێکیش خومەینی لە "نوفل لۆشاتۆ"ی پاریس دەژیا، دوکتور قاسملووی شەهید چووە سەردانیو هەوڵی دا قسەی لەگەڵ بکا. ئەو جارەش هەرچەند دوکتور توانیبووی بچێتە "تەکیە"ی ئیمام، بەڵام خومەینی موافەقەتی نەکردبوو بە تەنیا بیبینیو ئاشکراشە کە قسەکانی دوکتور قاسملوو شتێك نەبوون لە مەجلیسێكدا کە هەموو جۆر خەڵکێکی لێ دانیشتوون بێنە گۆڕێ."

...رۆژی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ راگەیاندنی سیاسەتو هەڵوێستەکانی خۆی میتینگێکی گەورەی لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباد پێك هێنا. لەو میتینگەدا کە سەد تا سەدوپەنجاهەزار کەس بەشدار بوون، بێجگە لە خەڵکی ناوچەی مەهاباد، نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستانو زۆر لە حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانو ... تێدا بەشدار بوون. پاش زیاتر لە ٣٠ساڵ خەباتی نهێنی، حیزبی دیموکرات رایگەیاند کە لەمەودوا خەباتی ئاشکراو قانوونیی خۆی دەست پێ دەکا. هەر لەو میتینگەدا دوکتور قاسملووی نەمر سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی شی کردنەوەو وێڕای دووپات

کردنەوەی پشتیوانی لە لایەنی دژی ئیمپریالیستیی شۆڕشی ئێران، ئیشارەی بە گێرەشێوێنیی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆن‌و دوژمنانی شۆڕش کردو ئاشکرای کرد کە حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمنان دەست لەسەر دەست دانانیشن. دوکتور قاسملوو هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ‌و هەموو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی بۆ یەکیەتی‌و تەبایی‌و هاوکاری بانگهێشتن کردو ئەو ڕاستی‌یەی وەبیر هێنایەوە کە دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا ڕیشەی نیەو بۆ ئەوەی هەموومان لەو فەزا ئازادەی بە ڕووخانی ڕێژیمی شا پێک‌هاتووە بە باشی کەڵک وەرگرین، پێویستە مەشقی دیموکراسی بکەین، واتە فێربین دیموکراسی چۆن بەکار بێنین.

قاسملوو ئینسانێکی وشیارو کراوەیە، بیروبۆچوونی لەسەر خودموختاری، سەرنج‌ڕاکێشە، ئەو دەڵێ: ئێوە مافی خۆمان بدەنێ، جا نێوی دەنێن چی؟ کەیفی خۆتانە. نیوەی حەقی خۆمان بدەنێ، بەلاّم نێوی خودموختاریی لیٚ هەڵمەگرن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات کاتێك باسی نێوەرۆکی وتووێژەکان دەکا، دەڵێ: "میللەت خودموختاریی دەوێ، ئێمە نابێ لەوە پاشگەز بینەوە، لە کوردستان کەس نازانێ "خودگەردانی" چیە؟! بەلاّم سەبارەت بە مەجلیس‌و هەیئەتی ئیجرایی، وشەکان گرینگی‌یەکی کەمتریان هەیە، ئەوەی گرینگە، نێوەرۆکە. ئێستا ناوی ئەو هەیئەتە ئیجرایی‌یە دەنێن "حکوومەتی ناوچەیی"، یان "کومیتەی ئیجرایی"، "مەجلیسی میللی" دەبێ یان "ناوچەیی"؟! وشەکان زۆر گرینگ نین، ژاندرمری و پۆلیس دەبێ کورد بن. مەسەلە ئەوەیە کێ فەرماندارەکان دیاری دەکا؟ ئێمە دەڵێین هەیئەتی ئیجرایی کورد دیاری دەکا، ئەوان دەڵێن دەوڵەتی ئێران دیاری دەکا. دیارە ئەرتەشی ئێران لە کوردستان جێگیر دەبێ، بۆ ئەوەی پارێزگاریی سنوورەکان بکا؛ بەلاّم نابێ دەست لە کاروباری نێوخۆیی وەربدا، پادگانی مەهابادیش کە نیوەی

شــارەکەی داگرتــووە، نــامێنێ. بــۆ زەمانــەت کردنــی داهـــاتووی خودموختـــاری، پێشمەرگەکانمان رادەگیرێن، لەو بارەوە هیچ پاشەکشەیەکمان نابێ".

"فرووهــەر" لــە ١٤ی فوریــەی ١٩٧٩ لــە مــەهاباد چــاوی بـــە دەســـتەیەکی نوێنەرایەتیی کورد دەکەوێ کە لەو کەسانە پێك هاتووە: عەبدولرەحمان قــاسملوو( کــە ئەوە یەکەم جارە خۆی دەردەخا) غەنی بلووریان، سەلاح موهتەدی، شــێخ عــێززەدین حوسەینیو نوێنەرێکی کۆمەڵە. چاوپێکەوتنەکە لە کەشێکی خۆشدا بەرێوە دەچــێ. "ژنرال پزشکپوور" فەرماندەری پادگانو زاوای داریوش فرووهـــەر کــاتێك چــاوی بــە دوکتور قاسملوو دەکەوێ، هاوار دەکا "ئـــای ئــەوە تــۆی! دەمێــك بــوو دەمەویســت بتبینم!" رێبەری حیزبی دیموکرات کە حیزبەکەی هەروا قەدەغەیە، لە وەلاّمدا دەڵــێ: "کەواتە بە دوامدا گەراوی !"

رۆژی ٢٠ی نوامبری ١٩٧٩، "داریوش فروهر" لە گفتوگۆیەکی تەلــەفونیدا بە قاسملوو دەڵێ: دەوڵەت ئامادەیە پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بکێشێتەوە، بەلاّم نایهەوێ جموجۆڵی ئەرتەش رابگرێ. عەبدولرەحمان قاسملوو کە ئەوەی پێ سەیر دەبێ، دەڵێ : هەروەها فرووهەر بەڵێنیی پێداوە کە ئەگەر کوردەکان رازی بن، دەوڵــەت لــە ماوەی ٤٨ سەعاتدا حیزبە کوردییەکان قانوونی دەکاو پرۆژەیــەکی خودموختــاری رادەگەیەنێ."

کەچی هەر لەو کاتەدا "چەمران" رێپۆرتاژێك لـــە رۆژنامــەی "کیــهان"دا بــلاّو دەکاتەوە کە قاسملوو ئەو نووسراوەیە بە "توهین آمیز" دەرحەق بە کوردەکان لە قەڵەم دەدا. قاسملوو دەڵێ: "لە نێوان دوو گەلی برادا کە بە شــەردا چووبــن، ســەرکەوتوو و دۆراو نیە، ئێمە دڵنیاین شەر هیچ گیروگرفتێك چارەسەر ناکات".

ڕۆژی ٢٩ی ئۆكتوبری ١٩٧٩، وەزیـــری نێوخـۆ دووپـاتی دەكاتـەوە حكوومـەت دەیهەوێ وتووێژەكان دەست پێ بكاتەوە.

شێخ عێززەدین كە دوكتور قاسملوو لە دروست كردنی كەســایەتیەكەی‌دا نەخشـی هەبوو، ئێستا ئەو دەستكردەی دوكتور قاسملوو كــەمێكیش لـەوی لـە پێشـتر بـوو، دوكتور لەسەر سەرۆكایەتیی هەیئەتی كورد بۆ وتووێژ لەگەڵ حكوومـــەتی نـاوەندی‌و كەسایەتیی شێخ عێززەدین دەڵـــێ: "ڕێبــەرێكی ئایینی‌یـە ڕێـزی لێ دەگریـن، ئـەو شەخسییەتێكی سیاسیشە، ئێمە ڕازین لە وتووێژەكان‌دا بەشدار بێ، بەڵام ئەوە شـــێخ عێززەدین نیە شەر دەكا، ئێمەین، ئەوە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانە كە دەبێ سەرۆكایەتیی دەستەی نوێنەرایەتی بكا."

## چاوپێكەوتن لەگەڵ خومەینی:

بەو جۆرە كە سكرتێری گشتیی ئـــەو حیزبـە دەیگێڕێتـەوە، چاوپێكەوتنەكـە لـە كەشێكی خۆش‌دا بەرێوە چووبوو. خومەینی قسەكانی بە هێندێك شتی گشتی دەست پێدەكاو دەڵێ :" ئێمە هەموومان موسوڵمانین‌و لــە بـەردەم ئیسـلام‌دا بەرامبــەرین. ئێمە دەبێ یەكیەتیی خۆمان بپارێزین." كاتێكیش نوێنەرانی كورد باسی پێویســتیی وەدی هێنانی مافەكانیان دەكەن، خومەینی لە وەڵام‌دا دەڵێ : " زۆر باشــە، جـاددەو مەدرەسەو نەخۆشخانەتان بۆ دروست دەكرێ!!"

دوكتور قاسملوو لە سەر قسەكانی سوور دەبێ‌و دەڵێ: "بەڵام ئێمە دەمانەوێ مافە سیاسی‌یەكانی خۆمان بدرێتــێ، گـەلی كـورد زۆری پـێ خـۆش دەبـوو ئەگـەر ئێـوە شتێكتان لە سەر خودموختاری ڕاگەیاندبا."

خومەینی سەر لە نوێ خۆ لە ئەسڵی مەبەست دەدزێتەوەو دەپرسێ: "ئەمە بە دژی یەکیەتیی ئێران نیە؟ چاکە، مادام وایە لەگەڵ "بازرگان" سەرۆك وەزیردا باسی بکەن."

رۆژی ١١ی خاکەلێوە هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاوی بە ئاغای "بازرگان" کەوتو مەسەلەکانی لەگەڵ باس کرد. نوێنەرانی کورد داخوازەکانیان تەسلیمی سەرۆك وەزیر دەکەن. دوکتور قاسملوو پشتیوانی حیزبی دیموکراتی لە دەوڵەتی کاتی راگەیاندو داوای کرد کە رێگا بدرێ هەیئەتی حیزبی دیموکرات لە رێگای رادیۆو تەلەفیزیۆنەوە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شی بکاتەوە. هەروەها داوای کرد بۆ ئەوەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە قانوونی ئەساسیدا بگونجێندرێن، رێگا بدرێ نوێنەرانی خەڵکی کوردستانیش لە دانانی ئەو قانوونەدا بەشداربن. هەر لەو دیدارەدا دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب گەلاڵەیەکی بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان پێشکەشی سەرۆك وەزیر کرد. خوالێخۆشبوو بازرگان خۆشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنە دەربڕیو ئەسڵی خودموختاری بە شتێکی باشو قابیلی قەبووڵ داناو رایگەیاند کە گەلاڵەی حیزبی دیموکرات موتالا دەکا.

بازرگان دەڵێ: "ئەگەر خودموختاری ئەوەیە، پێم وا نییە موخالف بین." لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵێك هەیە کە ئەو لەگەڵی موافق نیە، ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکە کە نوێنەرایەتیی سێ ئوستانە کوردەکان بکا.

بازرگان پێیان دەڵێ : "ئەمە کوردستانێکی جیاییخوازە. بە هەر حاڵ حکوومەتەکەی من کاتییە، با بزانین پاش پەسند کرانی قانوونی ئەساسی چۆن دەبێ؟

هەروەها رایگەیاند كە كۆمیسیۆنێك لە وەزیرانی "دیفاع"و "نێوخـۆ"و "كـار" پێكهـاتووە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نوێنـەرانی واقیعیـی كوردسـتاندا لـە مەسـەلەكان بكۆڵێتەوە. لە بارەی رادیۆو تەلەفیزیۆنیشەوە مانعێك نـابینم‌و ئێـوە خۆتـان لەگـەڵ بەرپرسانی رادیۆو تەلەفیزیۆون قسە بكەن‌و وەخت وەربگرن.

بە داخەوە هەموو ئەو وادەو بەڵێنییانە بێ بەرهەم بوون. نە ڕێگا درا نوێنـەرانی كورد لە ڕێگای رادیۆو تەلەفیزیۆونەوە قسە بۆ خەڵكی ئێران بكەن، نە داخوازەكـانی خەڵكی كوردستان چووكترین ئاوریان لێ درایەوەو نە كۆمیسیۆنی وەزیرانیش هەرگیز لەگەڵ نوێنەرانی واقیعیی كوردستان مەسەلەكانی خستە بەر باس.

دوكتور قاسملوو بۆ تێ گەیاندن‌و روونكردنەوەو وشـیار كردنـەوەی خـەڵك لەسـەر مافـە رەواكانیـان (سـەرەرای ئـەوەی لـە ڕێگـای كادرەكـانی حـیزب‌و ئـەندامان‌و لایەنگرانی‌یەوە) راستەوخۆ لە كۆبوونەوەكان‌و پێكـهێنانی میتینگـەكاندا بەشـداری چالاكانەی دەكرد. لە هیچ چەشنە گیانبازی‌یەك بۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەكانی گـەلی كورد درێغی نەدەكرد. پێكهێنانی میتینگی نەغەدە لـە ٣١ی خاكـەلێوەی ١٣٥٨دا كە پێش لە دەست پێكردنی بە هۆی عامیلانی ئاخوندەكانەوە بە سـاز كردنـی تەقـە تێكدرا. هەروەها میتینگی گەورەی شاری مەهاباد پـاش شـەری سـێ مانگـە كـە رۆژانی ٢٩و٣٠ی خەزەڵوەری ٥٨ ڕێكخرا، دوكتور قاسملوو بە رەسمـی پێشـوازی لـە بەیاننامەی خومەینی كردو ئامادەیی حیزبی دیموكرات‌و گـەلی كـوردی بـۆ وتووێـژو چارەسەر كردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی كورد دەربڕی.

لە هەڵبژاردنی ٢٥ی ژانویـەی ١٩٨٠دا كـە "بنـی صـدر"ی تێـدا هـەڵبژێردرا، كوردەكان بریاری بایكۆت كردنی دەدەن. زۆر زووش رووداوی ناخۆش‌و سەخت دووپات دەبنەوە. لە ٢ی فوریەی ١٩٨٠، شێخ عیزەدین‌و دوكتور قاسملوو داوا لە خومـەینی

دەکەن کە "ئەو پیلانـەی هێندێـك شەخسـییەتی سیاسـیی ئـێران لـە دژی شۆرشـی ئیسلامیو خەڵکی کوردستان ناویانەتەوە، پووچەڵ بکاتەوە."

لە سەرەتای مانگی مایدا، هەیئـەتێکی دیکـەی حـیزبی دیموکراتـی کوردسـتان دەچێتە قوم، بۆ ئەوەی لە سەر رووداوەکانی نەغەدە لەگەڵ خومەینی بـاسو گفتوگـۆ بکاتو داوا بکا کۆمیسیۆنکی لێکۆڵینەوە پێك بـێ. لـەو بـارەوە دوکتـور قـاسملوو دەگێرێتەوە: "بە خومەینیمان گوت لەو رووداوانەدا "توطئە"و "تحریك" بووەو ئەگەر شتێك نەکا، رووداوی ناخۆش دووپات دەبنەوە."بەلاّم خومەینی لــە وەلاّمـدا هـەروا مەسەلەکە بە لاریدا دەباو لە کاتێکدا دووپاتی دەکاتەوە کە لــە ئیسـلامدا هـەموو کەس بەرامبەرە، دەڵێ: "جیاوازیی نێوان دوو کەس تەنیا لە ئیمانیان دایە".

پــاش پێکـهاتنی هەیئـەتی "حوسـنی نییـەت" بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشـــەی کوردستان، هێرشو لەشکرکێشی دەسـتی پیکـرد. دوکتـور قـاسملووی نـەمر رۆژی ١٩٨٠/٤/٢٥ بەرامبەر لەگەڵ ١٣٥٩/٢/٥ ئەم بەیاننامەیەی بلاّوکردەوە:

## بەیاننامە

**جارێکی دیکە دەسەلاّتی فەرمانرەوا لە ئێراندا شەرێکی تـازەو وێرانکـەری دژی خەڵکی کوردستان دەست پیکردووە، هەر ئێستا لـــە شـارەکانی سـنە، سـەقزو بانـە ئەرتەش بە چەکی مودێرنی ڤانتۆمو هێلیکۆپتەرو تۆپو تـــانك، خـەڵکی کوردسـتان دەکوتـێ. ئامـانجی دەسـەلاّتی فـەرمانرەوا لـەو شـەرەدا لـەنێوبردنی بزووتنــــەوەی کوردستانە کە بۆتە سەنگەری ئازادیی ئێران. تا ئێستا هـــەزاران کـەس لـە خـەڵکی بێتاوان، ژنانو پیرە پیاوانو مندالاّنیان لــــە شـارو گوندەکـانی کوردسـتاندا قـەلاّچۆ کردووە. سەدان ماڵ لە شارەکانی ســـنەو ســەقزو بانــە وێـران بـوون. کوردسـتان لــە**

گەمارۆی ئابووری دایە. نە شتومەکی خواردەمەنی، نەسووتەمەنیو نە دەرمان ناگاتە کوردستان. ئێمە داواتـان لیّدەکـەین جـارێکی دیکـە دەنگـی بـێزاریی خۆتـان دژی تاوانەکانی دەسەلاّتی فەرمانرەوا لە تاران بەرز بکەنەوەو بیروڕای گشتیی جیـهان دژی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئێران کە بە دەستووری سەرکۆمار دەجولێتەوە، هـان بـدەنو ڕێگا نەدەن بوونی نەتەوەیەك کە تەنیا گوناهی دیفاع لە دیموکراسی لە ئێرانو مـافی نەتەوایەتیی‌یە بکەوێتە بەر مەترسیی لەنێو چوون. لە کۆمەکی مادییو مەعنەوی بـە خەڵکی زۆر لێکراوی کوردستانی ئـێران درێغـی مەکـەن. کۆمـەك بکـەنو مـەهێڵن نەتەوەیەك لە بەر چاوی مرۆڤایەتی لە خاكو خۆیندا بنێژرێ.

لەگەڵ سلاّوێکی زۆر ـ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

عەبدولڕەحمان قاسملوو ٢٥ |٤|١٩٨٠

* * *

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە گشتیو دوکتور قاسملوو بە تایبەتی شـەكو تەردیدیان لەوەدا نـەبوو کـە ڕێژیـمی کۆمـاری ئیسـلامی ئـێران بـاوەڕی بـە مـافی نەتەوایەتی نیەو حەقی گەلی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە دابین ناکا. لە لایەکی دیکەوە دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی دیموکراتو ئازادیخواز بوو کە نە حەقی بە کەس ئـەدا لـە کاروباری نێوخۆی حیزبدا دەخالّت بکاو نە لە کاروباری لایەنی دیکـەدا مۆداخلـەی دەکرد. ئەو مەسەلەی سەربەخۆیی لە حیزبی دیموکراتدا بە باشی گونجاند ، هەرچەند موجاهدین تیّدەکۆشان کە حیزبی ئێمە ڕێگـای وتووێـژ لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی نەگرێتە بەر، بەڵام دەلیل زۆر بوو کە وتووێژ وەك یەکێك لە ڕێگاکـانی بەربـەرەکانی دەبێ کەڵکی لیّوەرگرین .

لەم بارەیەوە "مەهدی خانباباتارانی" لە کتێبی "نگاهی از درون به جنبش چــپ در ایران"بەرگی ٢ لاپەڕەی ٦١٠ دەڵێ:

"دەلیــلو لێکدانــەوەی حــیزبی دیموکراتــی کوردســتان، لــە کۆبوونەوەیــەکدا کــە قاسملووش تێیدا بەشدار بوو، ئەوە بوو کە ئیســـتراتیژیی رووخــانی ڕێژیمیــان قبووڵــە، بەڵام وتووێژیش ڕەت ناکەنەوە، چونکە وتووێژ درێژەی سیاسەتەو لــە زۆربــەی شــەرە ئازادیخوازییەکاندا وەك شەری "ڤیتنام" وێڕای شەر، وتووێژیش ئەنجام دراوە. ئەگــەر ڕێکخراوی "مجاهدین" دژایەتیی ئەم بۆچوونانە دەکا، ئەوە بە مانای حاڵی نەبوون لــە سیاسەتو تەنانەت داخستنی دەرگای سیاسەتە، ئەمە جیا لەوەش کە ئەوان بۆخۆیان پێشنیاری وتووێژی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ حیزبی دیموکــراتو شــووڕایان ڕاگــەیاندووە. دوکتــور قــاسملوو وتــی: "بزووتنــەوەی کوردســتان مــاوەی ٥ ســاڵە لەگــەڵ ڕێژیمــی خومــەینی شــەر دەکــا، هــێزێکی ئــەوتۆش بــە وادەو بــەڵێنی درۆ فریــــو نــادرێ. پێشمەرگەکانی ئێمە پێڵاویان لە پێدا نیە، نانو چایان نیە، ئێوە لەو ماوەدا کە ئــەم بزووتنەوەیە لە حاڵی شەردا بووە، چ یارمەتییەکتان کردووە کە ئێستا مافی وتووێژی سیاسیشی پێ ڕەوا نابینن؟! ئەم شێوە دەسەڵاتو سەرەڕۆیییەی خۆتــانی بــە ســەردا دەسەپێنن؟

ئێمە ئەو حەقە بە هیچ کەسێك نادەین ، تەنانەت بە "شووراش"، هەر چۆن مافی وتووێژ لەگەڵ ڕێکخراوی ئێوە هەیەو ئێوەش لەگەڵ عــێراق کەوتوونەتــە وتووێــژەوە، ئێمەش ئەو حەقەمان هەیە. لە کاتی وتووێژدا، لە باری ئەخلاقییــەوە لــە ســەرمانە "شوورا" لە مەسەلەکە ئاگادار بکەینەوە، دەزانین دانیشــتنو وتووێــژ لەگــەڵ ڕێژیمــی خومەینی بە ئاکام ناگاتو ئاگادارین ئەو ڕێژیمە خودموختاریمان ناداتێ، بەڵام ڕێژیمــی خومەینی لە تەبلیغاتی بــەردەوامی خــۆیدا ڕووی قســەی لــە خــەڵکی کوردســتانەو

بەردەوام دەڵێ ئامادەم ویستو داخوازەکانی ئەوان بە جێ بێنمو وتووێژیان لەگەڵ بکەم.ڕێژیمی خومەینی هەمیشە ئیددیعای ئەوە دەکا ڕێبەرانی کوردستان فێڵبازو سەر لێشێواون کە خەڵك بە لاڕێدا دەبەنو کۆسپ دەخەنە سەر ڕێگای سەقامگیر بوونی ئاشتیو هێمنی لە کوردستاندا. کەواتە ئێمە مەجبوورین بۆ پووچەڵ کردنەوەی تەبلیغاتی ڕێژیم لە نێو خەڵکی کوردستانداو بۆ درێژەدانی خەبات، وتووێژ وەك درێژەی سیاسەت، بەرەو پێش ببەین، ئێوە دەتانهەوێ بە پێشگیری کردن لەوە، مافە دیموکراتیکەکانی ئێمە پێشێل بکەن.

دوکتور قاسملوو لە درێژەدا وتی: پێشمەرگە کوردەکان ٥ ساڵە دوور لە ماڵو حاڵی خۆیان، لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی خەبات دەکەن، خۆپاراستن لە وتووێژ دەبێتە هۆی تەئسیر دانانی تەبلیغاتی ڕێژیم لەسەر گەلی کورد. ئێمە لە وتووێژەکاندا بە دوو مەبەست دەگەین؛ یەکەم ئەوە کە تەبلیغاتی ڕێژیم پووچەڵ دەکەینەوەو بە کردەوە بە کۆمەلانی خەڵك دەسەلمێنین کە ڕێژیمی خومەینی ئامادە نیە خودموختاریمان بداتێ، لەم ڕێگایەوە ورەی کۆمەلانی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان دەبەینە سەرێ، دووەمین مەبەستیشمان، دەرفەتی حەسانەوەو پشوودان بۆ هێزە نیزامییەکانمان پێك دێنین، ئەمە یەکێك لە قانوونەکانی شەڕی چەکدارانەیەو ئێوە ناتوانن قانوونی تازەی شەڕ بۆ ئێمەو هێزەکانمان دابڕێژن."

قاسملوو بە پێچەوانەی "رەجەوی"، دەڵێ نابێ لە "تبعید"دا دەوڵەت پێك بێ، چونکە هیچ مانایەکی نیە.

قاسملوو ئاشتیخوازێکی شێلگیر بوو. تەنانەت رەنگە تەنیا سەرکردەی ئەمرۆی کورد بێ کە نەیدەزانی ئەو دەمانچەیەی هاورێکانی بە زۆری پێیان دەبەست، بەکاری بێنێ. ئەو کە تیرۆریزمو فرۆکە رفاندنی مەحکووم دەکرد، هەمیشە وتووێژی پێ باشتر

بوو. قاسملوو هەمیشە ئامۆژگاریی حیزبە کوردیەکانی عێراقی دەکرد کە وتووێژ بکەنو بۆخۆیشی دەبووە نێوبژیوانیان، هەروەك ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان صدام حسێنو بارزانیدا کردی، یان ساڵانی ١٩٨٤و ١٩٨٨ لە نێوان صدام حسێنو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا. قاسملوو هەمیشە پێی وابوو دەکرێ وتووێژ لەگەڵ تاران بکرێو ئەوەمان لە ساڵەکانی ١٩٧٩و ١٩٨٠دا بینی.

**ژێدەر:**


ـ "نیوسەدە تێکۆشان" ـ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ـ خەباتخوازی کورد ـ کریس کۆچێرا

ـ "نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران" ـ مەهدی خانباباتارانی

## فەسڵی پێنجەم:

# دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد

# دوكتور قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد.

**رۆژنامە كوردستان ژمارە ١٦٣ :**

"لـە مێـژووی بزووتنـەوەی رزگاریخوازانـەو نەتەوایـەتیی كـورددا، زۆر رێبـــەرو سەركردەو شەخسییەتی سیاسی هەڵكـەوتوون كـە هـەر كامـەیان بـە گوێـرەی ئـەو بارودۆخە كە نەتەوەكەمان پێیدا تێپەڕیوەو ئەو قۆناغــە كـە ئـەوان خـەباتیان تێـدا كردووە، رۆڵێكی گرینگو بەرچاویان لە بزووتنەوەكەدا گێڕاوە.

ئەگەر لەو بارەوە تێكۆشانی دوكتور قـاسملوو لـە نێـو بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی كورد، بەتایبەت لەو بیست ساڵەی دواییدا هەڵسـەنگێنین، بۆمـان دەردەكـەوێ كـە دوكتور قاسملوو بە هۆی شارەزایی لە زانستە سیاسی، ئـابووریو كۆمەڵایەتییـەكانو بە هۆی ئاگادار بوون لە مێژووی نەتەوەكەیو خەباتی گەلانی دنیاو تێگەیشـتنی لـە لایەنە جۆراوجۆرەكانی سیاسەتو دیپلۆماسیی نێونەتەوەییو هەر لـەو كاتـەشدا بـە هۆی خوێندنەوەی بێوچانو فێربوون لە رەوتی ژیـانو خـەباتداو رێبەرایـەتی كردنـی خەڵك لە جەرگەی خەباتی بەكردەوەدا، نەخشێكی گرینگو بەرچاوی بووە. بۆ ئـەوەی ئەو مەبەستە جوانتر روون بێتەوە ئیشارە بە چەند مەسەلەیەك بە پێویســت دەزانـین. ئەگەر ئەمرۆ دەبینین حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران وەك حـیزبێكی شۆڕشـگێڕو پێشـكەوتوو نەخشـێكی بـەرچاوی لـە بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی گـەلی كـورد لـــە كوردستانی ئێراندا هەیە، دەبێ قبووڵ بكەین كە بەشێكی گەورەی ئەو شانازییە بـۆ دوكتور قاسملوو دەگەڕێتەوە. چونكە ئەو بوو كە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئـێرانی نزیكەی بیست ســاڵ رێبەرایـەتی كـردو دوای شـەهید بوونیشـی خـەتو رێبـازێكی دروستی سیاسیو تەشكیلاتێكی پتەوو پرستیژێكی بەرزی نێونەتەوەیی بۆ حیزب بـــە

جیّهێشت. ماوەیەکی دوورودرێژ بەشێك لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد تووشی بیّبڕوایی بە خۆیانو هێزو توانای خەباتگێڕانەی خۆیان ببوون. چاوەڕوان بوون لە دەرێڕاو لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دنیادا، هێزێك یان دەوڵەتێك بێتو ڕزگاریان بکا. دوکتور قاسملوو ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی ڕەت کردەوەو فێری کردین کە لە هەر هەلومەرجێکدا کورد دەبیّ پشت بە هێزو توانای خۆی ببەستیّو تیّبکۆشیّ بە خەباتی بیّوچان، مەسەلەی کورد بکاتە مەسەلەیەکی گرینگو جیددی لە لێکدانەوەکانی خۆیدا. ئەو فێری کردین کە گەلی کورد دەبیّ یارمەتیو پشتیوانیی دەرەوە وەك عامیلی یارمەتیدەر بە حیساب بێنیّ.

بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بووە لەوە کە چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەر یان شەخسییەتێك لێك گرێدراوە. بە لاڕێدا چوونو نەمان یان لەدەستچوونی ئەو شەخسییەتە بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەکەش تێك بشکیّ. لەو بارەشەوە دوکتور قاسملوو چ لە ڕووی تیئۆرییەوەو چ لە مەیدانی کردەوەدا بە دژی لێکگرێدانی چارەنووسی بزووتنەوە لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەرێك، شەخسییەتێك، یان بنەماڵەو عەشیرەتێك ڕاوەستاو کاری بە کۆمەڵو ڕێبەرایەتیی دەستەجەمعی هێنایە نێو فەرهەنگی بزووتنەوەی کوردەوە. بە هەموو تواناوە لە دژی گەورە کردنەوەی نەخشی شەخسییەتو بۆچوونی عەشیرەتیی دواکەوتوانە ڕاوەستاو بەو پەڕی لێزانییەوە لە بەهێزکردنی نەخشی تەشکیلاتیشدا دژی هەر چەشنە سەرەڕۆییو تەکڕەوییەك ڕاوەستا.

بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوایەتیی کورد بزووتنەوەیەکی ڕەواو عادلانەیە، بەلاّم لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیەدا جارو بار کردەوەی ناپەسەندو دزێوی وەك ڕەشەکوژی،

دیل کوشتن، گرتنو لیدانو ئەشکەنجە لە هێندێك کەسی نێو بزووتنەوەوە بینراوە. دوکتور قاسملوو لەو مەیدانەشدا تەئکیدی لە سەر ئەو مەسەلەیە دەکردەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزو رەواکانی کورد دەبێ وەسیلەی رەواو پیرۆز بەکار بهێنرێ، نابێ رێگا بدرێ ئەو بزووتنەوە رەوایە لە نێو بیروڕای گشتیی جیهاندا عەیبدار بکرێ. لەو بوارەشدا دوکتور قاسملوو شوێنێکی بەرچاوی لەسەر بزووتنەوەکەمان داناو ئاکامی ئەو شوێندانانە لەمێژە دەرکەوتووە.

سالانێکی درێژ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد گیرودەی دەستی دەمارگرژیو بەرچاوتەنگیی میللیو ناوچەییو ئایینیو حیزبی بوو. دوکتور قاسملوو بە هەموو تواناوە دژی ئەو بۆچوونە چەوتانە وەستاو فەرهەنگی دیموکراسیو پلورالیزمی لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا هێنا کایەوە. زۆر جار بۆ وەبەر چاو گرتنی قازانجی گشتیی بزووتنەوە، بەرژەوەندییەکانی حیزبی خۆشی وەلادەنا. لەمێژ بوو ئەو بۆچوونە لە نێو رۆڵەکانی نەتەوەی کورددا باو بوو کە گلەیی لە ولاتانی جۆراوجۆرو بە تایبەتی یەکیەتی شوورەوی بکەن کە بۆچی لەگەڵ دوژمنانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد پێوەندییان هەیەو بازرگانیان لەگەڵ دەکەنو تەنانەت چەكو چۆلیان پێ دەفرۆشن. دوکتور قاسملوو روونی کردەوە کە هەرچەند ئەو گلەییە بەحەقو رەوایە، بەلام چاوەڕوانییەکی ئاوا لەگەڵ راستییەکانی سیاسەتی ئەمرۆی دنیادا ناگونجێ. چونکی بەداخەوە دنیای ئەمڕۆ دنیای قازانجپەرستییەو دەوڵەتانی دنیا لە پێشدا بۆ دابین کردنی قازانجو بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێدەکۆشن.

دوکتور قاسملوو تێکۆشان بۆ رزگاریی نەتەوایەتیی بە ئەرکی هەموو چینو توێژە نیشتمانپەروەرەکانی کۆمەڵی کوردەواری دادەناو لەو باوەڕەدا بوو کە هەموو چینو

توێژەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواری دەتوانن لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بن‌و نەخشی لەباریان هەبێ.

دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەی وردو زانستیی وەزعی دنیای ئەمڕۆ بۆی دەرکەوتبوو کە ئامانج‌و ئەرکەکانی ئێستاو دوارۆژی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ قازانج‌و بەرژەوەندی‌یەکانی ئیمپریالیزم‌و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچە ناتەبایی هەیەو ئەگەر بزووتنەوەی کورد بەرەو پێشەوە بڕوا، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بەدی دێنێ. بۆیە بزووتنەوەی کورد بە هیچ جۆرێك نابێ متمانە بە هێزە ئیمپریالیست‌و کۆنەپەرستەکان بکا.

دوکتور قاسملوو کە بۆخۆی وەك ڕێبەرێك‌و شەخسییەتێکی هەڵکەوتووی نێو بزووتنەوەی کورد هەمیشە لە بەرانبەر مێژووی نەتەوەکەی‌دا لە گرتنە پێشی هەر سیاسەتێك‌دا هەستی بە بەرپرسایەتی‌یەکی گەورە دەکرد، ئەو هەست بە بەرپرسایەتی کردنەی کردە بەشێك لە فەرهەنگی سیاسیی نێو بزووتنەوەی کورد.

دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە لەو باوەڕەدا بوو، بزووتنەوەی کورد دەبێ بە باشترین شێوە بەرامبەر ئەو پەلامارە ڕاوەستێ کە هەڕەشە لە مان‌و مەوجوودییەتی نەتەوەی کورد دەکا، بە تەواوی ئیمانیشی بەوە بوو کە مەسەلەی کورد ڕێگا چارەی نیزامی نیە. بۆیە هەموو تواناو لێزانیی خۆی بەکار دەهێنا تا مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتی‌و وتووێژەوە چارەسەر بکرێ.

لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیی نێوخۆی کوردستانیش‌دا، دوکتور قاسملوو سیاسەتێکی دروست‌و ئۆسوولێیی ڕەچاو دەکردو لە کردەوەش‌دا بەڕێوەی برد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان هەر لەو کاتەدا کە پێویستە پێوەندیی دۆستانەو برایانەیان لەگەڵ یەکتر هەبێ‌و لەسەر مەسەلە گشتی‌یەکانی بزووتنەوەی

نەتەوایەتیی كورد پێكەوە هاوكاری بكەن، بە هیچ جۆرێك نابێ دەست لــە كاروبــاری یەكتر وەربدەن.

دوكتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو كە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد لە بەر ئــەوەی بزووتنەوەیــەكی ڕەواو عادلانەیــە، توانــاو زەرفییــەتی ئــەوەی هەیــە كـــە بكرێتـــە مەسەلەیەكی جیهانیو نێونەتەوەیی. هەر بۆیەش بۆ ناســاندنی مەســەلەی كــورد بــە بیروڕای گشتیی جیهان هەوڵێكی زۆری داو بە ڕاستی نەخشی دوكتـــور قــاسملوو لــەو مەیدانەدا، نەخشێكی تاقانە بوو."

※ ※ ※

**خەباتخوازی كورد:**

بە لە دەست دانی قاسملو، بزووتنەوەی كورد لە تەواوەتی خۆیــدا كەســایەتییەكی بێهاوتای لە دەستدا. ڕێبەری وەك قاسملوو كەم هەن، كــە هــەموو كــەس گوێــی لێ دەگرتو ڕەنگە تەنیا كەسایەتی كوردیــش بــێ كــە "تالــەبانی" بــە قســەی دەكــرد. قاسملوو بێشك دەیتوانی ڕۆڵێكی سەردەمی ڕاپەڕینی كوردەكــانی عــێراق لــە ســاڵی ١٩٩١و لە پاش ڕاپەڕینەوە بگێڕێ، هەروەها لە كاتی قەیرانــەكانی ئــەم دواییانــەی نێوان مەسعوود بارزانیو"جلالی تالەبانی"،یان لە نێوان كوردەكانی عێراقو توركیەدا دەی توانی ڕۆڵێكی یەكلا كەرەوە بگێڕێ.

※ ※ ※

**ڕۆژنامەی كوردستان ژمارە ١٨٧:**

زۆرمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین قاسملوو یەكەمین ڕێبــەری كــورد بــوو كــە گرنگــیو بایەخی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە داخوازە بەرحەقەكانی گەلی كــورد، بــەو جــۆرەی

پێویستە، تێگەیشتو بەشێکی بەرچاو لە وەختو کارو تێکۆشانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانی‌یە تەرخان کرد. بە خۆڕایی نیە کە دەبینین ئێستا کە لە ئاکامی ئالوگۆڕە ناوچەیی‌یەو نێونەتەوەیی‌یەکاندا مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەیەکی هەرە زیندووی دنیای ئەمڕۆ. هەموو دڵسۆزانی کورد دەستی خۆیان بۆ قاسملوو دەشکێننەوەو زۆر جار دەڵێن: حەیف بۆ دوکتور قاسملو ئەمڕۆ ڕۆژی دوکتور قاسملوو بوو. ئەگەر بمانەوێ گرنگترین خزمەتی دوکتور قاسملوو بە گەلی کوردو بزووتنەوە حەقخوازانەکەی دەستنیشان بکەین دەبێ بگەڕێینەوە سەر نەخشی تەشکیلاتی‌و ڕێبەرایەتیی ئەو شەهیدە مەزنە لە نێو خوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا. گەورەترین خزمەتی قاسملووی مەزن بە نەتەوەکەی ئەوە بوو کە حیزبێکی لە دوای خۆی بەجێهێشت، ڕێکوپێك و وشیارو خەباتگێڕ، حیزبێك کە پاش قاسملوو و بێ قاسملووش هەروا لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی‌و خودموختاری، دوو ئامانجی بەرزی قاسملوو راوەستاوەو ئێستاش هەروەك سەردەمی ژیانی قاسملووی ڕێبەر مایەی هیوای کۆمەڵانی گەلی کوردو جێگەی بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە. بەحەق ئەو دروشمە باش هەڵبژێردراوە کە دەڵێ: "قاسملوو لە بیرو باوەڕدا زیندووە."

*** 

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:**

دەتوانم ئەوەی حەواڵە بکەمەوە سەر قسەیەکی کە ئەمن هەر وەختی خۆی لە بارەی دوکتور قاسملووەوە کردم لە وەختی تەشییع جەنازەکەیدا. دوکتور قاسملوو کە بیرو بۆچوونێکی بەربلاّو روونی سیاسی هەبوو لە هەموو کەس (لە نێو خۆماندا دەڵێم لە هەموو دنیایەدا ناڵێم) باشتر مەسائیلەکەی لێك دەدایەوەو بە تایبەتی ئەو

وەزعەی كە بۆ كوردی ئێرانو بۆ حیزبی دیموكراتی كوردستان هەیەو بووەو رەنگە هەر بشمێنێ، ئەوە كە لە لایەكەوە بەشێكین لە ولاّتێك، لە چواچێوەی ولاّتێكدا دەژیین كە پێی دەڵێن "ئێران" لە لایەكیشەوە بەشێكین لە میللەتی كورد. زۆر كەس بەتایبەتی شۆڤینیستە مەزنخوازەكانی هاوولاّتیی مە، پێیان وایە كە ئینسان مەجبوورە یان دەبێ ئێرانی بێ یان دەبێ كورد بێ. ئەگەر گوتی كوردم ئەوەجیاوازیخوازەو ئێرانی نیە.

دوكتور قاسملوو زۆر باشتر دەیزانی كە هەر لە عەینی حاڵدا كە كوردە ئێرانییەو لە عەینی حاڵدا كە ئێرانییە كوردە. بۆیە باوەڕی بەوە هەبوو، بۆ ئەوە كاری دەكرد كە لە لایەك باشترین پێوەندی لە بەینی بزووتنەوەی كوردو بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێراندا هەبێو لە عەینی حاڵیشدا لە لایەكی دیكەوە بزووتنەوەی كوردی ئێران وەكوو بەشێك لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی خەڵكی هەموو كوردستان بۆ ئازادیو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەكانی خۆی لە نێو جەرەیانەكەدا هەبێ. بۆیە باوەڕی بەوە هەبوو كە دەبێ هەر لەو كاتەدا كە بۆ رزگاریی ئێران دەبێ كار بكەین، ئەوەیان ئەسڵیشە چونكی ئێمە بەشێكین لە ئێرانو ئەوەیان وەزیفەی ئێمەیە، هەر لەو كاتە دا دەبێ باشترین پێوەندیمان لەگەڵ بەشەكانی دیكەی كوردستان هەبێو كۆمەك بكەین بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد لە هەموو بەشەكانی دیكە، بەو رادەیە كە لە دەستمان دێو بەو رادەیە كە نابێ بە دەستوەردان لە كارو باری وەلاّتانی دیكەدا. بەو رادەیە كە نەدەبێتە دونبالەڕەویی بۆ بەشی دیكەی كوردستان نە دەبێتە دەستێوەردان لە كارو باری بەشێكی دیكەی كوردستاندا. چونكە ئەوانە بەراستی شتی زۆر زەریفی سیاسینو دوكتور قاسملوو لەو بارەیەوە بە حەق نەقشێكی یەك جار زۆر گەورەی هەبوو. دەرسی یەك جار گەورەی بۆ بزووتنەوەی كورد بە گشتی بۆ بەجێ

هێشتن. ڕەنگە ئێمە پێمان وابێ کە بەو جۆرە پێویستە ڕێزی لێ‌نەگیراوە، بەڵام ئەگەر بەو جۆرەی پێویستە ڕێزێشی لێ‌نەگیرابێ زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوزی‌و بڵۆزی‌یە کە لە مەسەلەی کوردا هەیە. ئەو هەموو پێوەندی‌یە دژی‌یەکە کە لە نێو مەسەلەی کوردا پەیدا بووە. بەشێکی لەگەڵ ئەم لا تەرەفە، بەشیکی لەگەڵ ئەو لای تەرەفە. یەکیان دۆستی لایەکە ئەوی دیکە دوژمنیەتی. یەعنی ئەگەر قەدریشی لێ‌نەگیرابێ دەلیلەکەی ئەوەیە کە نەیان‌توانیوە لە بەر ئەو تێ‌بینی‌یە سیاسی‌یانە. دەنا پێم وایە هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد، دوکتور قاسملوو و بە گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە کە وەك بەشێك لە بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ئەوەی خزمەتی بەشەکەی خۆی دەکا خزمەت بە بەشەکانی دیکەش بکا، هەموویان حیزبی دیموکرات‌و دوکتور قاسملوو بە نموونە دەزانن‌و بە نموونەشی دێننەوە. پێم وایە ڕەنجی بە فیڕۆ نەچووە. ئەوەڵەن سوننەتێکی باشی لە نێو بزووتنەوەی کورددا دایر کردوەو بەتایبەتی لە نێو حیزبی دیموکرات‌دا ئیدی نهادینە بووە. لە عەینی حاڵیش‌دا ئەوانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا یان لە کوردستانی خۆمان، بەڵام لە دەرەوەی حیزبی دیموکرات‌دا ئەوانەش ڕێزو قەدری ئەو نەخشەی دوکتور قاسملوویان لە بەرچاوە.

*** 

**کاك حەسەن ڕەستگار:**

ئێمە ڕاستە کونگرەی دووممان گرتبوو، ڕاستە حیزبی دیموکرات کەم‌و زۆر نێوێکی هەبوو. بەڵام لە ڕاستی‌دا ئێمە بە دوای سیاسەتی ئەحزابی دیکەدا دەکشیان. پێمان خۆش بێ یان پێمان ناخۆش بێ، زۆرتر گوێبیستی سیاسەتی ئەوان بووین. بەڵام ککە دوکتور قاسملوو گەرایەوەو ئەو یەکگرتنەوەیە بوو و ئەو پێشنیارانە هاتنە گۆڕێ کە

بە ئیستلاح حیزبی دیموکرات دەبێ حیزبێکی سەربەخۆ بێو سەربەخۆیی بڕیاردانی دانی هەبێ، فلانی هەبێ، ئەوەی کە پێشتر بۆم باس کردی نەتیجەی ئەوەی بوو بە ئەوە کە ئێمە لە پێشدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقێ وەکوو حیزبێکی موستەقیلو سەربەخۆ پێوەندیمان گرتو رابیتەمان دامەزراندو هەر ئەو رابیتەیە بوو بە باعیسی وەی کە خەبەرنگارو ئەحزابی دیکەش هەست بەوەی بکەن کە بابە بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقێ "حیزبی دیموکراتی کوردستان"یش هەیە، بەو ئامانجو بەو بەرنامانەوە کە هەیەتیو بەو پێڕەو پرۆگرامانەوەو ئەوانە بڵاو دەکرانەوە خۆ هەروا نەبوو و تەماس دەگیرا لەگەڵ ئەحزابی کومونیستو ئەو وەختی لەگەڵ ئەحزابی سوسیالیستی ئۆرووپاییو ئەوانەو لەو روانگەیەوە حیزبی دیموکرات بوو بە وەزنەیەك لە نێو ئەحزابی چەپی دنیایەداو لە نێو دەورو بەری بە ئیستلاح خۆشماندا وەکوو دەوڵەتی عێراق، وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان وەکوو حیزبی شیوعیی عێراق کە رابیتەیەکی زۆر باشمان هەبوو لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقو لە رێگای وانیشەوە دیسان تەئسیری هەبوو بۆ ئەحزابی چەپی دنیایەو ئەوە تەئسیرێکی عومدەی کردە سەر ئەوەی کە حیزبی دیموکرات ببێتە حیزبێکی هەم خاوەن ئیدئۆلۆژی، هەم خاوەن بیروباوەڕ، هەم خاوەن تەشکیلاتو نەزمو نیزامێك، پێناسەیەکی ببێ. بێجگە لەوەش چونکە شەهید دوکتور قاسملوو لە مەحافیلی "بین‌المللی"دا بە هۆی ئەوەی کە زمانزانی چاك بوو، بە هۆی ئەوەی کە ئۆستادی دانشگایە بوو لە پراگێ، بە هۆی ئەوەی کە بە ئیستلاح موخالفەتی کردبوو ـ کە ئەو رۆژی زۆر موهیم بوو ـ لەگەڵ هاتنی ئەرتەشی شوورەوی بۆ چێکۆسلۆواکی نێوبانگێکی لە نێو مەحافیلی سیاسی ئۆرووپایی دەرکردبوو و ئەو نێوو نێوبانگە کە ئەوە دوکتور قاسملوو موخالیفی بە ئیستلاح ئەوەیەو ئەوەیە بوو بە باعیسی ئەوەی کە دوکتور قاسملوو وەکوو شەخسی

خۆشی بناسرێ لە نێو مەحافیلی سیاسی ئۆرووپاییداو لە بەر ئەوەش کە ببوو بە سکرتێری حیزبی دیموکراتو ئەو بوون بە سکرتێری حیزبی دیموکراتو ئەو شەخسییەتی حیزبی دیموکرات بە یەکەوە بوو بەوە کە بە ئیستلاح هەم حیزبی دیموکرات نێوو نێوبانگی بچێتە پێشێ لە هەموو مەحافیلێو هەم بزووتنەوەی کوردیش، هەم بە هۆی شۆڕشی کوردستانی عێراقو هەم بە هۆی بوونی بە ئیستلاح حیزبی دیموکراتو ئەوانە تا رادەیەکی مەسەلەکە چوە پێشێو هەمیشەش دوکتور قاسملوو لە مەحافیلی سیاسی ئۆرووپاییدا دیفاعی لە مەسەلەی کورد بە گشتی دەکردو ئەوەش بۆ خۆی مەسەلەیەك بوو کە بە قەولی دەڵێن دوکتور قاسملوو نەخشی هەبوو لە چوونە پێشی مەسەلەی بزووتنەوەی کوردو ئازادی کورد لە نێو مەحافیلی سیاسی دنیایەدا."

***

**کاك مستەفا مەولوودی:**

بە نەزەری من بەداخەوە هەلومەرجی سیاسیو جوغرافیایی ئەو ناوچەیەی کە کوردستانی تێدا هەڵکەوتوەو کوردی تێدا دەژی زۆری زەمینە تێدا فەراهەم نەبووە، بۆ ئەوەی دوکتور قاسملوو بتوانێ ئەوەندەی لەدەستی هاتبێو لە تواناییدا بووبێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی بەکاری هێنابێ. یانی بەبێ ئەوەی بمهەوێ تۆزقاڵێك لە خەمخۆری دوکتور قاسملوو بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد بە گشتی کەم بکەمەوەو ئارەزووی پیرۆزی ناوبراو لەو بوارەدا خەوشدار بکەم. دەڵێم ئەگەر هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە ئیزنی دابا، دوکتور قاسملوو لە توانایدا هەبووە زۆر لەوە زیاتر بۆ

بزووتنەوەى كورد بە گشتى كارى كردبا. كە لەو بوارەدا قسەى لەسەر كراوە يان لە سەرى نووسراوەو بڵاوە كراوەتەوە.

بەڵام هەر ئەوە كە لە بەرنامەى حيزبى ديموكراتى كوردستاندا هاتووە،و دەزانين بەرهەمى فيكرى دوكتور قاسملوويە كە نووسراوە"بە ئاگادارىو پەسندى دەولەتى مەركەزى حكوومەتى خودموختارى كوردستان لە ئيمكاناتى خۆى بۆ كۆمەك بە خەباتى رزگاريخوازانەى تێكۆشەرانى كورد لە ولاتانى دراوسێدا كەڵك وەربگرێو پەناى سياسى بەو كوردە نيشمانپەروەرانە كە داواى پەنابەرايەتى دەكەن، بدا." يان لە هەر جێگەيەك بە جۆريەك كەم يان زۆر باسى مەسەلەى كورد بە گشتىو بزووتنەوەكەى كرابێ، دوكتور قاسملوو بە باشىو بە هيواى بەرزەوە نەزەرى خۆى راگەياندووە، نەخشى ناوبراو لەو بارەوە دەردەخا.

يان ئەوە كە نووسەرو رۆژنامەنووسى دەرەوە ( كريس كۆچيرا ) دەڵێ: ئەگەر دوكتور قاسملوو ئێستا مابايە. لەوانەبوو وەزعى كوردەكان لە كوردستانى ئێرانو توركيە گۆڕابا، شاهيدى دەدەن كە دوكتور قاسملوو لە بزووتنەوەى كورددا بە گشتى نەخشى باشى هەبووەو ئەوەندەى مەجالى هەبووە كارى بۆ كردووە. بۆ نەخشى دوكتور قاسملوو لە حيزبى ديموكراتدا دەكرێ بە بێ ئەوەى تۆزقاڵێك لە نەخشو ئەهەمييەتى هاوڕێيانى ديكەى حيزب كەم بكەمەوە بڵێم. حيزبى ديموكرات ئەوەى هەيەتى زۆربەى زۆرى بۆ لێزانىو تواناى سياسى دوكتور قاسملوو دەگەڕێتەوە.

دوكتور قاسملوو حيزبى ديموكراتى لە وابەستەگى تەشكيلاتى بە حيزبى ديكەى ئێرانى نەجات داوە، دوكتور حيزبى ديموكراتى لە پەرشوبڵاوىو بێ بەرنامەيى رزگار كردووە، ناوبراو حيزبى ديموكراتى كردۆتە خاوەن بەرنامەو ئەساسنامەى روونى سياسىو پێشكەوتووخوازنە، دوكتور قاسملوو شێعارى "ريكخراو چەكى هەرە

گرینگی ئێمەیە"ی فۆرمۆڵە کردوو کردویەتە فەرهەنگی تەشکیلاتی لە نێو ریزکـانی حیزبداو بۆجێبەجێکردنی ئەو شێعارە یەکجار زۆر کاری کردووەو زۆر شتی دیکەش کـە بەڕاسـتی مـن توانـای بـاس کـردن‌و فۆرمۆڵـە کردنـی هـەموویانم نیـە. بـەڵام خۆلاسەکەی ئەوەیە دەتوانم بڵێم لە مێژوو و ژیـــانی سیاسـیی حـیزبی ئێمـەدا هیـچ شتێك شك نابەم جێگەی پەنجەی دوکتور قاسملووی پێوە دیار نەبێ.

❋ ❋ ❋

**کاك تەیموور مستەفایی:**

د.قاسملوو زۆر پرنسیپی باش‌و بیرو بۆچوونی نوێی هێنایە نێو بزووتنـەوەی کـورد بە گشتی‌و حیزبی دیموکرات بە تایبەتی، ئەو بـە بـیرو بـاوەڕی پێشـکەوتووانەو بـەو کەسایەتییە کاریزمایەوە کە هەیبوو توانی هێندێك چوارچێوە بـۆ بـەرەوپێش بردنـی خەباتی گەلی کورد بێنێتە گۆڕێ کە لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا بوو. ئەو بڕوای بە یەکبوونی گەلی کورد هەبوو. پێی وابوو ئەگەر رۆژێك بێتـە پێشـێ کـورد بکەوێتـە سەریەك ئەوە نەك جیا بوونەوەو دابڕینی خـاکی کـەس نیـە، بـەڵکوو یەکگرتنـەوەی گەلێکە کـە بـە پێچەوانـەی ویسـتو ئـیرادەی خـۆی دابـەش کـراوە. لەگـەڵ ئـەم بۆچوونەش‌دا ئەو راستییەی لە بەرچاو بوو کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە پارچـەکانی دیکەی کوردستاندا هەرکام تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو پێویستە هەر بەشە بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندیانـە تـاکتیك‌و ئیسـتراتیژیی خـەباتی خـۆی دابڕێـژێ. د.قـاسملوو بـە سەرنجدان بە هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان دەیگوت: کوردەکـانی هـەر کـام لـە پارچەکانی کوردستان بۆیـان هەیـە لەگـەڵ دەوڵـەتی وڵاتـی جـیرانی وڵاتەکـەی بـۆ

بەرەوپێش بردنی خەباتەكەی پێوەندی هەبێ، بە مەرجێ زیان بە خەباتی پارچەكانی دیكەی كوردستان نەگەیەنێ.

د.قاسملوو لە ناساندنی خەباتی گەلی كوردو حیزبی دیموكرات بە دنیای دەرەوە دەورێكی بەرچاوی گێڕا. ئەو رێبەرە مەزنە رێگای حیزبی دیموكراتو حیزبە كوردستانی‌یەكانی دیكەی بۆ نێو سازمانە نێونەتەوەیی‌یەكان كردەوە، كە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەندامەتی حیزبی دیموكراتو ئەحزابی دیكەی كوردی لە شورای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بوو. ئەو لە دانانی رێوشوێنی دیموكراتیك بۆ حیزبی دیموكراتو هەر لەو كاتەدا بارهێنانی ئەندامانی حیزب بە گیانێكی دیموكراتیو شۆڕشگێرانە دەوری خۆی گێڕا.

***

**كاك سەید رەزا درودگەر:**

نەخشی كاك دوكتور لە بزووتنەوەی گەلی كوردو حیزبی دیموكراتدا زۆر بەرچاو بووە . دوكتور قاسملوو ئینسانێكی زاناو تێگەیشتوو و ساحیب نەزەرو ناسراو بوو. هەر كەس بە هەر فیكرو بۆچوونو ئایینو مەزهەبو ئەخلاقێكەوە هاوسوحبەتی دەبوو، لێی تێدەگەیشتو دەیتوانی كەلكی باشی لێوەربگرێو شوێنو جێگایەكی باش بێ بۆ وەرگرتنی وەلامی پرسیارو داواو موشكیلەكانی، هەر بۆیە زۆر كەس موراجەعەی پێدەكردو لە رێگای ئەوو بە هۆی ئەوەوە دەبوو بە لایەنگری بزووتنەوەی كورد، بە تایبەت خەبەرنگارانو نووسەرانو لێكۆلەرانو ئەویش خۆی لە خەبەرنگارانو نووسەرانو لێكۆلەران زیاتر نزیك دەكردەوەو دۆستایەتی لەگەل دەكردن، بۆ ئەوەی دەنگی گەلی كورد بە دنیا بگەیەنێ. زۆر جاریش دەیگووت

باشترین جێگـــا بـۆ قسـه كـردن‌و هـاوار كردنـی دەردی گەلـه بەشـخووراوەكان لای خەبەرنگاران‌و ڕۆژنامەنگارانە كە دەكرێ لەگەڵیان نزیك بین‌و قسەی خۆمان لە ڕێگای ئەوانەوە بە دنیا بگەیەنین. دوكتور قاسملوو هەروەك وتمان دۆستی باشـی بـۆ حـیزب‌و بزووتنەوە پەیدا كردبوو كـە بەشـێكیان تـا ئێسـتاش مـاون‌و بـە باشـی هاوكـاری‌و هاودەردی لەگەڵ گەلی كورد دەكەن .كاك دوكتور یەكێك لەو كەسانە بوو كە كـوردی بە ئوروپاو ئەمریكا ناساندو یەكێك لـــە ئـالاّ هـەڵگرانی پوچـەڵ كردنـەوەی فیكـرو بۆچوونی چەوتی چەپ‌و ڕاست بوو.

دوكتور قاسملوو لەسەر حیزبی دیموكرات لە قۆناغە جۆراوجۆرو ناسكەكانی خەباتی حیزبدا نەخشی زۆر بە كەڵك‌و كاریگەری هەبوو كە بەشێكیان ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ هەروەك دەزانن پاش تێكشـكانی كۆمـاری كوردسـتان لـە سـاڵی (١٣٢٥)دا ئەندامان‌و لایەنگران‌و ڕێبەرانی حیزب بە توندی هێرش كرایە سەریان‌و بەشـێكی زۆر شەهیدو ئەسیرو زیندانـی كـران‌و بەشـێكیش هـەڵاتن بـۆ عـێراق‌و وڵاتـانی دەرەوەو زۆربەشیان بە نهێنی لە ئێران‌و كوردستان مانەوە و فشارو خەفەقان وای كردبـوو، تـا سەرەتای ساڵی (١٣٣٢) كەس نـەیدەتوانی كـارێكی بـەرچاوی حـیزبی لـە نێوخـۆی وڵاتدا بكا. دوكتور قاسملوو لە سەرەتای ساڵی (١٣٣٢)دا بە هاوكاری پێنج كەسـی دیكە كە ئەو بەرپرسیان بـوو حـیزبی دیموكراتیـان سـازمان داو بووژاندیانـەوە و لـە فرسەتێكی زۆر كەمدا لە زۆربەی شارەكانی كوردسـتاندا حـیزب فەعالییـەتی خـۆی دەست پێكردو ئەندامانی حیزبی رۆحییەیان وەبەر هاتەوە .

٢ـ بازسازی‌و ساغ كردنەوەی حیزبی دیموكرات لە كۆنفرانسـی سـێهەم لـە سـاڵی (١٣٤٨) كە لەو كاتەدا حیزب شتی وای نەمابوو و رەهبەری‌یەكەی‌و ئەندامانی پرژو بڵاو ببوون، بەرنامەو ریّوشوێنی باش‌و بەكەڵكی بۆ حیزب دانا.

**٣ـ** پێشگیری له لادان له سیاسەتی ئوسـوولی لـه هـەموو قۆناغـەكانی خـەباتی حیزب دا.

٤ـ هێنانی سیاسەتی روونو مۆدێـڕن بـه پیـێ وەزعـی دنیـای ئـەمڕۆو گرتنـی هەڵوێستی گونجاو له هەموو قۆناغەكان دا.

*** 

## فەسڵی چوارەم:

# "دوكتور قاسملوو" پێغەمبەری ئاشتی

- دوكتور قاسملوو كاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل
- وتووێژ، شێوازێكی خەبات

# دوکتور قاسملوو کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نوبێل

ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئۆتریش رۆژی ۳۱ی ئۆکتوبەری ۱۹۸۹ لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دا رێبەری شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو" بە ناوی کاندیدای وەرگرتنی خەلاتی ساڵی ۱۹۹۰ بە کومیتەی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل بناسێنێ. "ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد" بۆ ئەم مەبەستە کومیتەیەکی دامەزراند کە سەنەدو بەڵگەی پێویست بۆ ئەو کاندیدا کردنە ئامادە بکاو بیاندا بە کومیتەی خەلاتی نۆبێل. کومیتەی ناوبراو پاش ئامادە کردنی پێشنیارنامەکە دەستی کرد بە پێوەندی گرتن لە گەڵ ئەو شەخسییەتانە کە بە پێی ئوسوولی خەلاتی ئاشتی، حەقی پشتیوانی کردن لە کاندیداتۆریی کاندیداکانی وەرگرتنی ئەو خەلاتە جیهانی‌یەیان پێ‌دراوە، ئەو کەسانە بریتی بوون لە:

١ـ پرۆفیسۆرەکانی: فەلسەفە، مێژوو، زانستە سیاسی‌یەکانو مافی گەلان.

٢ـ نوێنەرانی پارلمان.

٣ـ ئەوانەی بۆخۆیان خەلاتی ئاشتی نۆبێلیان وەرگرتوە.

٤ـ ئەندامانی دادگای نێونەتەوەیی.

لە ئاکامی پێوەندی‌یەکانی کومیتەی ناوبراو چەند شەخسییەتی خاوەن سەلاحییەت لە چەند ولاتی ئۆرووپایی‌دا پشتیوانی خۆیان لە پێشنیار کردنی دوکتور قاسملووی شەهید دەربڕیبوو کە بریتی بوون لە:

**١ـ لە ئۆتریش ۷ پرۆفیسۆرو ١٦ نوێنەری پارلمان.**

**٢ـ لە ئیتالیا ١١ سەناتۆرو نوێنەری پارلمان.**

٣ـ لە چێکۆسلۆواکی ٤ پرۆفیسۆر کە یەکیان نوێنەری پارلمانە.

٤ـ لە ئاڵمانی ڕۆژئاوا ٢ نوێنەری پارلمان.

٥ـ لە فەرانسە ٢ نوێنەری پارلمان.

٦ـ لە ئیسلەندا ١ پرۆفێسۆر.

بە دوای پشتیوانی دەربڕینی ئەم شەخسییەتانەدا کومیتەی هەڵبژێراوی ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئۆتریش تەواوی سەنەدو بەڵگەی پێویست کە بریتی بوون لە پێشنیارنامەیو ئیمزای ئەوانەی پشتیوانییان لە پێشنیارەکە کردبوو، ژیاننامەی شەهید دوکتور "قاسملوو" و گوڵبژێرێك لە قسەو نووسراوەکانی دوکتور "قاسملوو" لە ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٠دا نارد بۆ کومیتەی خەلاتی ئاشتیی نوبێل لە نۆروێژ.

لە بەشێکی پێشنیارنامەی ئەنجومەنی دوستانی گەلی کورد لە ئوتریشدا هاتوە:

دوکتور قاسملوو کە چەندین ساڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لەو ناوچەیەدا دەسەلاتدارەکان هەوڵیان داوە مەسەلەی کورد تەنیا لە ڕێگای زەبرو زەنگو سەرکوتەوە چارەسەر بکەن. هەمیشە تیدەکۆشا مافە ئینسانیو سیاسییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەی دیموکراتیکو لە ڕێگای ئاشتی خوازانەوە بەدەست بێنێ... ئەو هەڵویستە لە دروشمی بۆ دنیا ناسراوی "دیموکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان"دا بەتەواوی خۆی نیشان دەدا. لەو خەباتە دیفاعییەشدا کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە لایەن ڕێژیمی سەرەڕۆوە بە سەر گەلەکەی داسەپاوە، تیروریزمو هەموو کارێکی دژی ئینسانیی بە تەواوی ڕەت دەکردەوە... بە پێی بڕوای قووڵی بەوەکە "دیموکراسی نرخی خۆی هەیەو کەسێك دیموکراسی بۆی دەبێ ئامادە بێ ئەو نرخە بدا." ئەو ریسکەی کردو لە گەڵ نوێنەرانی

ڕێژیمێك بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی كورد كەوتە وتووێژ كە بە ئاشكرا ئەوی بە مەرگ مەحكووم كرد بوو. ئێمە دڵنیاین كە دانی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل، پاش مردن بە دوكتور قاسملوو هاندەرێكی گرنگ دەبێ بۆ هەموو هەوڵێكی ئاشتیخوازانە لە تەواوی ناوچەكەدا.

پێشنیار كردنی مامۆستای شەهید دوكتور قاسملووی نەمر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی لە لایەن ئەنجومەنی دۆستانی گەلی كورد لە ئوتریشو پشتیوانیی شەخسییەتە سیاسیو كۆمەڵایەتیو زانستیو حقووقییەكان لە وڵاتانی ئۆرووپادا ڕێز دانانێكی بەجێیە بۆ شەخسییەتی بەرزی ئینسانێك كە ژیانی بۆ وەدی هێنانی مافو ئازادییەكانی نەتەوەیەكی ژێر دەستی چەند میلیونی تەرخان كردو گیانی لە پێناوی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی ڕەوای گەلەكەیدا كردە قوربانی. ئەمەش هەر ڕەنگدانەوەیەكە لە مەقامی بەرزو شەخسییەتی جیهانیی دوكتور قاسملووی شەهید كە هێندێك داخ لە دڵو كورتبینی خۆڵاتی بە داخەوە چاوی دیتنو مێشكی تێگەیشتنییان نیە.

كاندیداتوریی دوكتور قاسملوو بۆ خەڵاتی ئاشتی هەر لەو كاتەدا بۆ گیانی سرەوتووی دوكتور قاسملوو و بۆ بنەماڵەكەی، حیزبەكەیو گەلەكەی لە كوردستانی ئێراندا مایەی فەخرو شانازییەو هەروەها سەنەدێكی ریسوایی ڕێژیمی كۆنەپەرستو دژی ئاشتیو دژی ئازادیی كۆماری ئیسلامیی لە ئێران دایە، بۆ گەلی كورد لە هەموو پارچەكانی كوردستانو هەروەها بۆ خەڵكی وڵاتەكەمان "ئێران" جێگای خۆشحاڵیو شانازییە، چونكە دوكتور قاسملوو جگە لەوە كە خەباتگێڕی شێلگیری ڕێگای ئاشتیو دیموكراسیو مافە ئینسانییەكانی خەڵكی وڵاتەكەمانو گەلی كورد

بوو و سەرەنجام هەر لەو رێبازەشدا گیانی خۆی دانا، یەکەمین کوردو یەکەمین ئێرانی بوو کە بۆ خەلاّتی ئاشتیی نوبێل کاندیدا کرا.

❊ ❊ ❊

**ژێدەر:**

رۆژنامە کوردستان، ژمارە ١٥٨

گۆڤاری لاوان، ژمارە ٣٥

# وتووێژ، شێوازێکی خەبات

شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بە پێی خسڵەتی ئاشتیخوازانەی خۆی هەوڵی زۆری ئەدا مەسەلەی کورد لە رێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکا. هەربۆیە لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، تێدەکۆشێ چاوی بە "خومەینی" بکەوێو لەو بوارەدا قسەی لەگەڵ بکا. بەڵام خومەینی بە پێی خسووسیاتی دژی ئینسانیانەی خۆی، لە مولاقاتی تایبەتی دوکتور قاسملوو خۆ دەپارێزێ. مامۆستا حەسەنزادە لە "نیوسەدە تێکۆشان" لاپەرەکانی ١٣١و ١٣٢دا بەو چەشنە باسی دەکا: ..."کاتێکیش خومەینی لە "نوفل لۆشاتۆ"ی پاریس دەژیا، دوکتور قاسملووی شەهید چووە سەردانیو هەوڵی دا قسەی لەگەڵ بکا. ئەو جارەش هەرچەند دوکتور توانیبووی بچێتە "تەکیە"ی ئیمام، بەڵام خومەینی موافەقەتی نەکردبوو بە تەنیا بیبینێو ئاشکراشە کە قسەکانی دوکتور قاسملوو شتێك نەبوون لە مەجلیسێكدا کە هەموو جۆر خەڵکێکی لێ دانیشتوون بێنە گۆڕێ."

...رۆژی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ راگەیاندنی سیاسەتو هەڵوێستەکانی خۆی میتینگێکی گەورەی لە ستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباد پێك هێنا. لەو میتینگەدا کە سەد تا سەدوپەنجاهەزار کەس بەشدار بوون، بێجگە لە خەڵکی ناوچەی مەهاباد، نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستانو زۆر لە حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانو ... تێدا بەشدار بوون. پاش زیاتر لە ٣٠ساڵ خەباتی نهێنی، حیزبی دیموکرات رایگەیاند کە لەمەودوا خەباتی ئاشکراو قانوونیی خۆی دەست پێ دەکا. هەر لەو میتینگەدا دوکتور قاسملووی نەمر سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی شی کردنەوەو وێڕای دووپات

کردنەوەی پشتیوانی لە لایەنی دژی ئیمپریالیستیی شۆڕشی ئێران، ئیشارەی بە گێرەشێوێنیی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆنو دوژمنانی شۆڕش کردو ئاشکرای کرد کە حیزبی دیموکراتو گەلی کورد بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمنان دەست لەسەر دەست دانانیشن. دوکتور قاسملوو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵو هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی بۆ یەکیەتیو تەباییو هاوکاری بانگهێشتن کردو ئەو ڕاستییەی وەبیر هێنایەوە کە دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا ڕیشەی نیەو بۆ ئەوەی هەموومان لەو فەزا ئازادەی بە ڕووخانی ڕێژیمی شا پێکهاتووە بە باشی کەڵك وەرگرین، پێویستە مەشقی دیموکراسی بکەین، واتە فێربین دیموکراسی چۆن بەکار بێنین.

قاسملوو ئینسانێکی وشیارو کراوەیە، بیروبۆچوونی لەسەر خودموختاری، سەرنجڕاکێشە، ئەو دەڵێ: ئێوە مافی خۆمان بدەنێ، جا نێوی دەنێن چی؟ کەیفی خۆتانە. نیوەی حەقی خۆمان بدەنێ، بەڵام نێوی خودموختاریی لێ هەڵمەگرن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات کاتێك باسی نێوەرۆکی وتووێژەکان دەکا، دەڵێ: "میللەت خودموختاریی دەوێ، ئێمە نابێ لەوە پاشگەز بینەوە، لە کوردستان کەس نازانێ "خودگەردانی" چیە؟! بەڵام سەبارەت بە مەجلیسو هەیئەتی ئیجرایی، وشەکان گرینگییەکی کەمتریان هەیە، ئەوەی گرینگە، نێوەرۆکە. ئێستا ناوی ئەو هەیئەتە ئیجراییە دەنێن "حکوومەتی ناوچەیی"، یان "کومیتەی ئیجرایی"، "مەجلیسی میللی" دەبێ یان "ناوچەیی"؟! وشەکان زۆر گرینگ نین، ژاندرمری و پۆلیس دەبێ کورد بن. مەسەلە ئەوەیە کێ فەرماندارەکان دیاری دەکا؟ ئێمە دەڵێین هەیئەتی ئیجرایی کورد دیاری دەکا، ئەوان دەڵێن دەوڵەتی ئێران دیاری دەکا. دیارە ئەرتەشی ئێران لە کوردستان جێگیر دەبێ، بۆ ئەوەی پارێزگاریی سنوورەکان بکا؛ بەڵام نابێ دەست لە کاروباری نێوخۆیی وەربدا، پادگانی مەهابادیش کە نیوەی

شــارەکەی داگرتــووە، نــامێنێ. بــۆ زەمانــەت کردنــی داهــاتووی خودموختــاری، پێشمەرگەکانمان رادەگیرێن، لەو بارەوە هیچ پاشەکشەیەکمان نابێ".

"فرووهــەر" لــە ١٤ی فوریــەی ١٩٧٩ لــە مــەهاباد چــاوی بـــە دەســـتەیەکی نوێنەرایەتیی کورد دەکەوێ کە لەو کەسانە پێك هاتووە: عەبدولرەحمان قــاسملوو( کــە ئەوە یەکەم جارە خۆی دەردەخا) غەنی بلووریان، سەلاح موهتەدی، شــێخ عــێززەدین حوسەینیو نوێنەرێکی کۆمەڵە. چاوپێکەوتنەکە  لە کەشێکی خۆشدا بەرێوە دەچــێ. "ژنرال پزشکپوور" فەرماندەری پادگانو زاوای داریوش فرووهــەر کــاتێك چــاوی بــە دوکتور قاسملوو دەکەوێ، هاوار دەکا "ئــای ئــەوە تــۆی! دەمێــك بــوو  دەمــەویست بتبینم!" رێبەری حیزبی دیموکرات کە حیزبەکەی هەروا قەدەغەیە، لە وەڵامدا دەڵــێ: "کەواتە بە دوامدا گەراوی !"

رۆژی ٢٠ی نوامبری ١٩٧٩، "داریوش فروهر" لە گفتوگۆیەکی تەلــەفونیدا بە قاسملوو دەڵێ: دەوڵەت ئامادەیە پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بکێشێتەوە، بەڵام نایهەوێ جموجۆڵی ئەرتەش رابگرێ. عەبدولرەحمان قاسملوو کە ئەوەی پێ سەیر دەبێ، دەڵێ : هەروەها فرووهەر بەڵێنیی پێداوە کە ئەگەر کوردەکان رازی بن، دەوڵــەت لــە ماوەی ٤٨ سەعاتدا حیزبە کوردیەکان قانوونی دەکاو پرۆژەیــەکی خودموختــاری رادەگەیەنێ."

کەچی هەر لەو کاتەدا "چەمران" رێپۆرتاژێك لـــە  رۆژنامــەی "کیــهان"دا بــڵاو دەکاتەوە کە قاسملوو ئەو نووسراوەیە بە "توهین آمیز" دەرحەق بە کوردەکان لە قەڵەم دەدا. قاسملوو دەڵێ: "لە نێوان دوو گەلی برادا کە بە شــەردا چووبــن، ســەرکەوتوو و دۆراو نیە، ئێمە دڵنیاین شەر هیچ گیروگرفتێك چارەسەر ناکات".

ڕۆژی ٢٩ی ئۆكتوبری ١٩٧٩، وەزیـــری نێوخـۆ دووپـاتی دەكاتـەوە حكوومـەت دەیهەوێ وتووێژەكان دەست پێ بكاتەوە.

شێخ عێززەدین كە دوكتور قاسملوو لە دروست كردنی كەسـایەتیەكەی‌دا نەخشـی هەبوو، ئێستا ئەو دەستكردەی دوكتور قاسملوو كـەمێكیش لـەوی لـە پێشـتر بـوو، دوكتور لەسەر سەرۆكایەتیی هەیئەتی كورد بۆ وتووێژ لەگەڵ حكوومـەتی نـاوەندی‌و كەسایەتیی شێخ عێززەدین دەڵـێ: "ڕێبـەرێكی ئایینی‌یـە ڕێـزی لێ دەگریـن، ئـەو شەخسییەتێكی سیاسیشە، ئێمە ڕازین لە وتووێژەكاندا بەشدار بێ، بەڵام ئەوە شـێخ عێززەدین نیە شەر دەكا، ئێمەین، ئەوە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانە كە دەبێ سەرۆكایەتیی دەستەی نوێنەرایەتی بكا."

## چاوپێكەوتن لەگەڵ خومەینی:

بەو جۆرە كە سكرتێری گشتیی ئـەو حیزبـە دەیگێڕێتـەوە، چاوپێكەوتنەكـە لـە كەشێكی خۆش‌دا بەڕێوە چووبوو. خومەینی قسەكانی بە هێندێك شتی گشتی دەست پێدەكاو دەڵێ :" ئێمە هەموومان موسوڵمانین‌و لــە بـەردەم ئیسـلام‌دا بەرامبـەرین. ئێمە دەبێ یەكیەتیی خۆمان بپارێزین." كاتێكیش نوێنەرانی كورد باسی پێویسـتیی وەدی هێنانی مافەكانیان دەكەن، خومەینی لە وەڵام‌دا دەڵێ : " زۆر باشــە، جـاددەو مەدرەسەو نەخۆشخانەتان بۆ دروست دەكرێ!!"

دوكتور قاسملوو لە سەر قسەكانی سوور دەبێ‌و دەڵێ: "بەڵام ئێمە دەمانەوێ مافە سیاسی‌یەكانی خۆمان بدرێتـێ، گـەلی كـورد زۆری پـێ خـۆش دەبـوو ئەگـەر ئێـوە شتێكتان لە سەر خودموختاری ڕاگەیاندبا."

خومەینی سەر لە نوێ خۆ لە ئەسڵی مەبەست دەدزێتەوەو دەپرسێ: "ئەمە بە دژی یەکیەتیی ئێران نیە؟ چاکە، مادام وایە لەگەڵ "بازرگان" سەرۆك وەزیردا باسی بکەن."

رۆژی ١١ی خاکەلێوە هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاوی بە ئاغای "بازرگان" کەوتو مەسەلەکانی لەگەڵ باس کرد. نوێنەرانی کورد داخوازەکانیان تەسلیمی سەرۆك وەزیر دەکەن. دوکتور قاسملوو پشتیوانی حیزبی دیموکراتی لە دەوڵەتی کاتی راگەیاندو داوای کرد کە رێگا بدرێ هەیئەتی حیزبی دیموکرات لە رێگای رادیۆو تەلەفیزیۆنەوە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شی بکاتەوە. هەروەها داوای کرد بۆ ئەوەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە قانوونی ئەساسیدا بگونجێندرێن، رێگا بدرێ نوێنەرانی خەڵکی کوردستانیش لە دانانی ئەو قانوونەدا بەشداربن. هەر لەو دیدارەدا دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب گەڵاڵەیەکی بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان پێشکەشی سەرۆك وەزیر کرد. خوالێخۆشبوو بازرگان خۆشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنە دەربڕیو ئەسڵی خودموختاری بە شتێکی باشو قابیلی قەبووڵ داناو رایگەیاند کە گەڵاڵەی حیزبی دیموکرات موتاڵا دەکا.

بازرگان دەڵێ: "ئەگەر خودموختاری ئەوەیە، پێم وا نییە موخالف بین." لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵێك هەیە کە ئەو لەگەڵی موافق نیە، ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکە کە نوێنەرایەتیی سێ ئوستانە کوردەکان بکا.

بازرگان پێیان دەڵێ : "ئەمە کوردستانێکی جیاییخوازە. بە هەر حاڵ حکوومەتەکەی من کاتیيە، با بزانین پاش پەسند کرانی قانوونی ئەساسی چۆن دەبێ؟

هەروەها رایگەیاند كە كۆمیسیۆنێك لە وەزیرانی "دیفاع"و "نێوخـــۆ"و "كـار" پێكهـاتووە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نوێنـەرانی واقیعیـی كوردسـتاندا لـە مەسـەلەكان بكۆڵێتەوە. لە بارەی رادیۆو تەلەفیزیۆنیشەوە مانعێك نـابینمو ئێـوە خۆتـان لەگـەڵ بەرپرسانی رادیۆو تەلەفیزیۆون قسە بكەنو وەخت وەربگرن.

بە داخەوە هەموو ئەو وادەو بەڵێنییانە بێ بەرهەم بوون. نە رێگا درا نوێنــەرانی كورد لە رێگای رادیۆو تەلەفیزیۆونەوە قسە بۆ خەڵكی ئێران بكەن، نە داخوازەكــانی خەڵكی كوردستان چووكترین ئاوریان لێ درایەوەوو نە كۆمیسیۆنی وەزیرانیش هەرگیز لەگەڵ نوێنەرانی واقیعیی كوردستان مەسەلەكانی خستە بەر باس.

دوكتور قاسملوو بۆ تێ گەیاندنو روونكردنەوەو وشــیار كردنــەوەی خـەڵك لەسـەر مافـە رەواكانیـان (سـەرەرای ئـەوەی لـە رێگـای كادرەكـانی حـیزبو ئــەندامانو لایەنگرانیيەوە) راستەوخۆ لە كۆبوونەوەكانو پێكــهێنانی میتینگـەكاندا بەشـداری چالاكانەی دەكرد. لە هیچ چەشنە گیانبازیيەك بۆ گەیشــتن بـە ئامانجـەكانی گـەلی كورد درێغی نەدەكرد. پێكهێنانی میتینگی نەغەدە لــە ٣١ی خاكـەلێوەی ١٣٥٨دا كە پێش لە دەست پێكردنی بە هۆی عامیلانی ئاخوندەكانەوە بە سـاز كردنـی تەقـە تێكدرا. هەروەها میتینگی گەورەی شاری مەهاباد پـاش شـەری سـێ مانگـە كـە رۆژانی ٢٩و٣٠ی خەزەڵوەری ٥٨ رێكخرا، دوكتور قاسملوو بە رەسمــی پێشـوازی لــە بەیاننامەی خومەینی كردو ئامادەیی حیزبی دیموكراتو گــەلی كـوردی بـۆ وتووێـژو چارەسەر كردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی كورد دەربڕی.

لە هەڵبژاردنی ٢٥ی ژانویــەی ١٩٨٠دا كـە "بنـی صـدر"ی تێـدا هـەڵبژێردرا، كوردەكان بریاری بایكۆت كردنی دەدەن. زۆر زووش رووداوی ناخۆشو سەخت دووپات دەبنەوە. لە ٢ی فوریەی ١٩٨٠، شێخ عێززەدینو دوكتور قاسملوو داوا لە خومــەینی

دەکەن کە "ئەو پیلانەی هێندێك شەخسییەتی سیاسیی ئێران لە دژی شۆرشی ئیسلامیو خەڵکی کوردستان ناویانەتەوە، پووچەڵ بکاتەوە."

لە سەرەتای مانگی مایدا، هەیئەتێکی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەچێتە قوم، بۆ ئەوەی لە سەر رووداوەکانی نەغەدە لەگەڵ خومەینی باسو گفتوگۆ بکاتو داوا بکا کۆمیسیۆنکی لێکۆڵینەوە پێك بێ. لەو بارەوە دوکتور قاسملوو دەگێرێتەوە: "بە خومەینیمان گوت لەو رووداوانەدا "توطئە"و "تحریك" بووەو ئەگەر شتێك نەکا، رووداوی ناخۆش دووپات دەبنەوە."بەلام خومەینی لە وەلامدا هەروا مەسەلەکە بە لاریدا دەباو لە کاتێکدا دووپاتی دەکاتەوە کە لە ئیسلامدا هەموو کەس بەرامبەرە، دەڵێ: "جیاوازیی نێوان دوو کەس تەنیا لە ئیمانیان دایە".

پاش پێکهاتنی هەیئەتی "حوسنی نییەت" بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردستان، هێرشو لەشکرکێشی دەستی پێکرد. دوکتور قاسملووی نەمر رۆژی ١٩٨٠/٤/٢٥ بەرامبەر لەگەڵ ١٣٥٩/٢/٥ ئەم بەیاننامەیەی بلاوکردەوە:

## بەیاننامە

**جارێکی دیکە دەسەلاتی فەرمانرەوا لە ئێراندا شەرێکی تازەو وێرانکەری دژی خەڵکی کوردستان دەست پێکردووە، هەر ئێستا لە شارەکانی سنە، سەقزو بانە ئەرتەش بە چەکی مودێرنی ڤانتۆمو هێلیکۆپتەرو تۆپو تانك، خەڵکی کوردستان دەکوتێ. ئامانجی دەسەلاتی فەرمانرەوا لەو شەرەدا لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردستانە کە بۆتە سەنگەری ئازادیی ئێران. تا ئێستا هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان، ژنانو پیرە پیاوانو مندالانیان لە شارو گوندەکانی کوردستاندا قەلاچۆ کردووە. سەدان ماڵ لە شارەکانی سنەو سەقزو بانە وێران بوون. کوردستان لە**

گەمارۆی ئابووری دایە. نە شتومەکی خواردەمەنی، نەسووتەمەنیو نە دەرمان ناگاتە کوردستان. ئێمە داواتـان لێدەکـەین جـارێکی دیکـە دەنگـی بـێزاریی خۆتـان دژی تاوانەکانی دەسەڵاتی فەرمانرەوا لە تاران بەرز بکەنەوەو بیرورای گشتیی جیـهان دژی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئێران کە بە دەستووری سەرکۆمار دەجوڵێتەوە، هـان بـدەنو ڕێگا نەدەن بوونی نەتەوەیەك کە تەنیا گوناهی دیفاع لە دیموکراسی لە ئێرانو مـافی نەتەوایەتییە بکەوێتە بەر مەترسیی لەنێو چوون. لە کۆمەکی مادییو مەعنەوی بـە خەڵکی زۆر لێکراوی کوردستانی ئـێران درێغـی مەکـەن. کۆمـەك بکـەنو مـەهێڵن نەتەوەیەك لە بەر چاوی مرۆڤایەتی لە خاكو خۆیندا بنێژرێ.

لەگەڵ سلاوێکی زۆر ـ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

عەبدولڕەحمان قاسملوو ٢٥ |٤| ١٩٨٠

***

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە گشتیو دوکتور قاسملوو بە تایبەتی شـەكو تەردیدیان لەوەدا نـەبوو کـە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئـێران بـاوەری بـە مـافی نەتەوایەتی نیەو حەقی گەلی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە دابین ناکا. لە لایەکی دیکەوە دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی دیموکراتو ئازادیخواز بوو کە نە حەقی بە کەس ئـەدا لـە کاروباری نێوخۆی حیزبدا دەخاڵەت بکاو نە لە کاروباری لایەنی دیکـەدا مۆداخلـەی دەکرد. ئەو مەسەلەی سەربەخۆیی لە حیزبی دیموکراتدا بە باشی گونجاند ، هەرچەند موجاهدین تێدەکۆشان کە حیزبی ئێمە ڕێگـای وتووێـژ لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی نەگرێتە بەر، بەڵام دەلیل زۆر بوو کە وتووێژ وەك یەکێك لە ڕێگاکـانی بەربـەرەکانی دەبێ کەڵکی لێوەرگرین .

لەم بارەیەوە "مەهدی خانباباتارانی" لە کتێبی "نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران"بەرگی ٢ لاپەڕەی ٦١٠ دەڵێ:

"دەلیلو لێکدانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا کە قاسملووش تێیدا بەشدار بوو، ئەوە بوو کە ئیستراتیژیی رووخانی رێژیمیان قبووڵە، بەلاّم وتووێژیش رەت ناکەنەوە، چونکە وتووێژ درێژەی سیاسەتەو لە زۆربەی شەرە ئازادیخوازی‌یەکاندا وەك شەری "ڤیتنام" وێڕای شەر، وتووێژیش ئەنجام دراوە. ئەگەر رێکخراوی "مجاهدین" دژایەتیی ئەم بۆچوونانە دەکا، ئەوە بە مانای حاڵی نەبوون لە سیاسەتو تەنانەت داخستنی دەرگای سیاسەتە، ئەمە جیا لەوەش کە ئەوان بۆخۆیان پێشنیاری وتووێژی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ حیزبی دیموکراتو شوورایان راگەیاندووە. دوکتور قاسملوو وتی: "بزووتنەوەی کوردستان ماوەی ٥ ساڵە لەگەڵ رێژیمی خومەینی شەر دەکا، هێزێکی ئەوتۆش بە وادەو بەڵێنی درۆ فریو نادرێ. پێشمەرگەکانی ئێمە پێلاّویان لە پیّدا نیە، نانو چایان نیە، ئێوە لەو ماوەدا کە ئەم بزووتنەوەیە لە حاڵی شەردا بووە، چ یارمەتی‌یەکتان کردووە کە ئێستا مافی وتووێژی سیاسیشی پیّ رەوا نابینن؟! ئەم شێوە دەسەلاّتو سەرەرۆیی‌یەی خۆتانی بە سەردا دەسەپێنن؟

ئێمە ئەو حەقە بە هیچ کەسێك نادەین ، تەنانەت بە "شووراش"، هەر چۆن مافی وتووێژ لەگەڵ رێکخراوی ئێوە هەیەو ئێوەش لەگەڵ عێراق کەوتوونەتە وتووێژەوە، ئێمەش ئەو حەقەمان هەیە. لە کاتی وتووێژدا، لە باری ئەخلاقی‌یەوە لە سەرمانە "شوورا" لە مەسەلەکە ئاگادار بکەینەوە، دەزانین دانیشتنو وتووێژ لەگەڵ رێژیمی خومەینی بە ئاکام ناگاتو ئاگادارین ئەو رێژیمە خودموختاریمان ناداتیّ، بەلاّم رێژیمی خومەینی لە تەبلیغاتی بەردەوامی خۆیدا رووی قسەی لە خەڵکی کوردستانەو

بەردەوام دەڵێ ئامادەم ویستو داخوازەکانی ئەوان بە جــێ بێنــمو وتووێژیــان لەگــەڵ بکەم.رێژیمی خومەینی هەمیشە ئیددیعای ئەوە دەکـا رێبــەرانی کوردسـتان فێڵبــازو سەر لێشێواون کە خەڵك بە لاڕێدا دەبەنو کۆسپ دەخەنــە ســەر رێگــای ســەقامگیر بوونی ئاشتیو هێمنی لە کوردستاندا. کەواتە ئێمە مەجبوورین بۆ پووچەڵ کردنەوەی تەبلیغاتی رێژیم لە نێو خەڵکی کوردســـتانداو بــۆ درێژەدانــی خــەبات، وتوویــژ وەك درێژەی سیاسەت، بەرەو پێش ببەین، ئێوە دەتانهەوێ بە پێشگیری کردن لەوە، مافــە دیموکراتیکەکانی ئێمە پێشێل بکەن.

دوکتور قاسملوو لە درێژەدا وتی: پێشمەرگە کوردەکان ٥ ساڵە دوور لە ماڵو حاڵی خۆیان، لەگەڵ رێژیمی خومەینی خەبات دەکەن، خۆپاراستن لــە وتوویــژ دەبێتــە هــۆی تەئسیر دانانی تەبلیغاتی رێژیم لەسەر گەلی کــورد. ئێمــە لــە وتووێژەکــاندا بــە دوو مەبەست دەگەین؛ یەکەم ئەوە کە تەبلیغاتی رێژیم پووچەڵ دەکەینەوەو بە کردەوە بــە کۆمەلانی خەڵك دەسەلمێنین کە رێژیمی خومەینی ئامادە نیە خودموختاریمــان بداتــێ، لەم رێگایەوە ورەی کۆمەلانی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان دەبەینە سەرێ، دووەمین مەبەستیشمان، دەرفەتی حەسانەوەو پشوودان بۆ هێزە نیزامیــیەکانمان پێــك دێنــین، ئەمە یەکێك لە قانوونەکانی شەڕی چەکدارانەیەو ئێوە ناتوانن قانوونی تازەی شەڕ بۆ ئێمەو هێزەکانمان دابڕێژن."

قاسملوو بە پێچەوانەی "رەجەوی"، دەڵێ نابێ لە "تبعید"دا دەوڵــەت پێــك بــێ، چونکە هیچ مانایەکی نیە.

قاسملوو ئاشتیخوازێکی شێلگیر بوو. تەنانەت رەنگە تــەنیا ســەرکردەی ئــەمرۆی کورد بێ کە نەیدەزانی ئەو دەمانچەیەی هاورێکانی بە زۆری پێیان دەبەست، بەکاری بێنێ. ئەو کە تیرۆریزمو فرۆکە رفاندنی مەحکووم دەکرد، هەمیشە وتووێژی پێ باشتر

بوو. قاسملوو هەمیشە ئامۆژگاریی حیزبە کوردییەکانی عێراقی دەکرد کە وتووێژ بکەنو بۆخۆیشی دەبووە نێوبژیوانیان، هەروەك ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان صدام حسێنو بارزانیدا کردی، یان ساڵانی ١٩٨٤و ١٩٨٨ لە نێوان صدام حسێنو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا. قاسملوو هەمیشە پێی وابوو دەکرێ وتووێژ لەگەڵ تاران بکرێو ئەوەمان لە ساڵەکانی ١٩٧٩و ١٩٨٠دا بینی.

**ژێدەر:**

- "نیوسەدە تێکۆشان" - مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

- خەباتخوازی کورد - کریس کۆچیرا

- "نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران" - مەهدی خانباباتارانی

## فەسڵی پێنجەم:

# دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد

# دوكتور قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد.

**رۆژنامە كوردستان ژمارە ١٦٣ :**

"لـە مێـژووی بزووتنـەوەی رزگاریخوازانـەو نەتەوایـەتیی كـورددا، زۆر رێبـــەرو سەركردەو شەخسییەتی سیاسی هەڵكـەوتوون كـە هـەر كامـەیان بـە گوێـرەی ئـەو بارودۆخە كە نەتەوەكەمان پێیدا تێپەڕیوەو ئەو قۆناغــە كـە ئـەوان خـەباتیان تێـدا كردووە، رۆڵێكی گرینگو بەرچاویان لە بزووتنەوەكەدا گێڕاوە.

ئەگەر لەو بارەوە تێكۆشانی دوكتور قــاسملوو لــە نێـو بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی كورد، بەتایبەت لەو بیست ساڵەی دواییدا هەڵســەنگێنین، بۆمـان دەردەكـەوێ كـە دوكتور قاسملوو بە هۆی شارەزایی لە زانستە سیاسی، ئـابووریو كۆمەڵایەتییـەكانو بە هۆی ئاگادار بوون لە مێژووی نەتەوەكەیو خەباتی گەلانی دنیاو تێگەیشـتنی لـە لایەنە جۆراوجۆرەكانی سیاسەتو دیپلۆماسیی نێونەتەوەییو هەر لـەو كاتـەشدا بـە هۆی خوێندنەوەی بێوچانو فێربوون لە رەوتی ژیـانو خـەباتداو رێبەرایـەتی كردنـی خەڵك لە جەرگەی خەباتی بەكردەوەدا، نەخشێكی گرینگو بەرچاوی بووە. بۆ ئـەوەی ئەو مەبەستە جوانتر روون بێتەوە ئیشارە بە چەند مەسەلەیەك بە پێویســت دەزانـین. ئەگەر ئەمڕۆ دەبینین حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران وەك حـیزبێكی شۆڕشـگێڕو پێشـكەوتوو نەخشـێكی بـەرچاوی لـە بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی گـەلی كـورد لـــە كوردستانی ئێراندا هەیە، دەبێ قبووڵ بكەین كە بەشێكی گەورەی ئەو شانازییە بـۆ دوكتور قاسملوو دەگەڕێتەوە. چونكە ئەو بوو كە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئـێرانی نزیكەی بیست ســاڵ رێبەرایـەتی كـردو دوای شـەهید بوونیشـی خـەتو رێبـازێكی دروستی سیاسیو تەشكیلاتێكی پتەوو پرستیژێكی بەرزی نێونەتەوەیی بۆ حیزب بـــە

جێهێشت. ماوەیەكی دوورودرێژ بەشێك لە ڕۆڵەكانی نەتەوەی كورد تووشی بێبڕوایی بە خۆیانو هێزو توانای خەباتگێڕانەی خۆیان ببوون. چاوەڕوان بوون لە دەرێڕاو لە ئاكامی ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەكانی دنیادا، هێزێك یان دەوڵەتێك بێتو ڕزگاریان بكا. دوكتور قاسملوو ئەو جۆرە بیركردنەوەیەی ڕەت كردەوەو فێری كردین كە لە هەر هەلومەرجێكدا كورد دەبێ پشت بە هێزو توانای خۆی ببەستێو تێبكۆشێ بە خەباتی بێوچان، مەسەلەی كورد بكاتە مەسەلەیەكی گرینگو جیددی لە لێكدانەوەكانی خۆیدا. ئەو فێری كردین كە گەلی كورد دەبێ یارمەتیو پشتیوانیی دەرەوە وەك عامیلی یارمەتیدەر بە حیساب بێنێ.

بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد، یەكێك لە خاڵە لاوازەكانی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بووە لەوە كە چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەر یان شەخسییەتێك لێك گرێدراوە. بە لاڕێدا چوونو نەمان یان لەدەستچوونی ئەو شەخسییەتە بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەكەش تێك بشكێ. لەو بارەشەوە دوكتور قاسملوو چ لە ڕووی تیئۆری‌یەوەو چ لە مەیدانی كردەوەدا بە دژی لێكگرێدانی چارەنووسی بزووتنەوە لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەرێك، شەخسییەتێك، یان بنەماڵەو عەشیرەتێك ڕاوەستاو كاری بە كۆمەڵو ڕێبەرایەتیی دەستەجەمعی هێنایە نێو فەرهەنگی بزووتنەوەی كوردەوە. بە هەموو تواناوە لە دژی گەورە كردنەوەی نەخشی شەخسییەتو بۆچوونی عەشیرەتیی دواكەوتوانە ڕاوەستاو بەو پەڕی لێزانی‌یەوە لە بەهێزكردنی نەخشی تەشكیلاتیشدا دژی هەر چەشنە سەرەڕۆییو تەكڕەوی‌یەك ڕاوەستا.

بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوایەتیی كورد بزووتنەوەیەكی ڕەواو عادلانەیە، بەلاّم لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیەدا جارو بار كردەوەی ناپەسەندو دزێوی وەك ڕەشەكوژی،

دیل کوشتن، گرتنو لێدانو ئەشکەنجە لە هێندێك کەسی نێو بزووتنەوەوە بینراوە. دوکتور قاسملوو لەو مەیدانەشدا تەئکیدی لە سەر ئەو مەسەلەیە دەکردەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزو رەواکانی کورد دەبێ وەسیلەی رەواو پیرۆز بەکار بهێنرێ، نابێ رێگا بدرێ ئەو بزووتنەوە رەوایە لە نێو بیروڕای گشتیی جیهاندا عەیبدار بکرێ. لەو بوارەشدا دوکتور قاسملوو شوێنێکی بەرچاوی لەسەر بزووتنەوەکەمان داناو ئاکامی ئەو شوێندانانە لەمێژە دەرکەوتووە.

سالانێکی درێژ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد گیرودەی دەستی دەمارگرژیو بەرچاوتەنگیی میللیو ناوچەییو ئایینیو حیزبی بوو. دوکتور قاسملوو بە هەموو تواناوە دژی ئەو بۆچوونە چەوتانە وەستاو فەرهەنگی دیموکراسیو پلورالیزمی لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا هێنا کایەوە. زۆر جار بۆ وەبەر چاو گرتنی قازانجی گشتیی بزووتنەوە، بەرژەوەندییەکانی حیزبی خۆشی وەلادەنا. لەمێژ بوو ئەو بۆچوونە لە نێو رۆڵەکانی نەتەوەی کورددا باو بوو کە گلەیی لە ولاتانی جۆراوجۆرو بە تایبەتی یەکیەتی شوورەوی بکەن کە بۆچی لەگەڵ دوژمنانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد پێوەندییان هەیەو بازرگانیان لەگەڵ دەکەنو تەنانەت چەكو چۆلیان پێ دەفرۆشن. دوکتور قاسملوو روونی کردەوە کە هەرچەند ئەو گلەییە بەحەقو رەوایە، بەلام چاوەڕوانییەکی ئاوا لەگەڵ راستییەکانی سیاسەتی ئەمڕۆی دنیادا ناگونجێ. چونکی بەداخەوە دنیای ئەمڕۆ دنیای قازانجپەرستییەو دەوڵەتانی دنیا لە پێشدا بۆ دابین کردنی قازانجو بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێدەکۆشن.

دوکتور قاسملوو تێکۆشان بۆ رزگاریی نەتەوایەتیی بە ئەرکی هەموو چینو توێژە نیشتمانپەروەرەکانی کۆمەڵی کوردەواری دادەناو لەو باوەڕەدا بوو کە هەموو چینو

توێژەكانی ئەمڕۆی كۆمەڵی كوردەواری دەتوانن لە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بنو نەخشی لەباریان هەبێ.

دوكتور قاسملوو بە لێكدانەوەی وردو زانستیی وەزعی دنیای ئەمڕۆ بۆی دەركەوتبوو كە ئامانجو ئەركەكانی ئێستاو دوارۆژی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی‌یەكانی ئیمپریالیزمو هێزە كۆنەپەرستەكانی ناوچە ناتەبایی هەیەو ئەگەر بزووتنەوەی كورد بەرەو پێشەوە بڕوا، ئاڵوگۆڕێكی بەرچاو لە ناوچەی رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا بەدی دێنێ. بۆیە بزووتنەوەی كورد بە هیچ جۆرێك نابێ متمانە بە هێزە ئیمپریالیستو كۆنەپەرستەكان بكا.

دوكتور قاسملوو كە بۆخۆی وەك ڕێبەرێكو شەخسییەتێكی هەڵكەوتووی نێو بزووتنەوەی كورد هەمیشە لە بەرانبەر مێژووی نەتەوەكەی‌دا لە گرتنە پێشی هەر سیاسەتێك‌دا هەستی بە بەرپرسایەتی‌یەكی گەورە دەكرد، ئەو هەست بە بەرپرسایەتی كردنەی كردە بەشێك لە فەرهەنگی سیاسیی نێو بزووتنەوەی كورد.

دوكتور قاسملوو هەر لەو كاتەدا كە لەو باوەڕەدا بوو، بزووتنەوەی كورد دەبێ بە باشترین شێوە بەرامبەر ئەو پەلامارە راوەستێ كە هەڕەشە لە مانو مەوجوودییەتی نەتەوەی كورد دەكا، بە تەواوی ئیمانیشی بەوە بوو كە مەسەلەی كورد رێگا چارەی نیزامی نیە. بۆیە هەموو تواناو لێزانیی خۆی بەكار دەهێنا تا مەسەلەی كورد لە رێگای ئاشتی‌و وتووێژەوە چارەسەر بكرێ.

لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیی نێوخۆی كوردستانیش‌دا، دوكتور قاسملوو سیاسەتێكی دروستو ئۆسوولّیی رەچاو دەكردو لە كردەوەش‌دا بەڕێوەی برد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو كە حیزبو رێكخراوە كوردستانی‌یەكان هەر لەو كاتەدا كە پێویستە پێوەندیی دۆستانەو برایانەیان لەگەڵ یەكتر هەبێو لەسەر مەسەلە گشتی‌یەكانی بزووتنەوەی

نەتەوایەتیی کورد پێکەوە هاوکاری بکەن، بە هیچ جۆرێك نابێ دەست لــە کاروبــاری یەکتر وەربدەن.

دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە بەر ئــەوەی بزووتنەوەیــەکی رەواو عادلانەیــە، توانــاو زەرفییــەتی ئــەوەی هەیــە کـــە بکرێتـــە مەسەلەیەکی جیهانیو نێونەتەوەیی. هەر بۆیەش بۆ ناســاندنی مەســەلەی کــورد بــە بیروڕای گشتیی جیهان هەوڵێکی زۆری داو بە راستی نەخشی دوکتـــور قــاسملوو لــەو مەیدانەدا، نەخشێکی تاقانە بوو."

❊ ❊ ❊

**خەباتخوازی کورد:**

بە لە دەست دانی قاسملو، بزووتنەوەی کورد لە تەواوەتی خۆێــدا کەســایەتییەکی بێهاوتای لە دەستدا. رێبەری وەك قاسملوو کەم هەن، کــە هــەموو کــەس گوێــی لێ دەگرتو رەنگە تەنیا کەسایەتی کوردیــش بــێ کــە "تاڵــەبانی" بــە قســەی دەکــرد. قاسملوو بێشك دەیتوانی رۆڵێکی سەردەمی راپەڕینی کوردەکــانی عــێراق لــە ســاڵی ۱۹۹۱و لە پاش راپەڕینەوە بگێڕێ، هەروەها لە کاتی قەیرانــەکانی ئــەم دواییانــەی نێوان مەسعوود بارزانیو"جلالی تاڵەبانی"،یان لە نێوان کوردەکانی عێراقو تورکیەدا دەی توانی رۆڵێکی یەکلا کەرەوە بگێڕێ.

❊ ❊ ❊

**رۆژنامەی کوردستان ژمارە ۱۸۷:**

زۆرمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین قاسملوو یەکەمین رێبــەری کــورد بــوو کــە گرنگــیو بایەخی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە داخوازە بەرحەقەکانی گەلی کــورد، بــەو جــۆرەی

پێویستە، تێگەیشتو بەشێكی بەرچاو لە وەختو كارو تێكۆشانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانی‌یە تەرخان كرد. بە خۆڕایی نیە كە دەبینین ئێستا كە لە ئاكامی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی‌یەو نێونەتەوەیی‌یەكاندا مەسەلەی كورد بۆتە مەسەلەیەكی هەرە زیندووی دنیای ئەمڕۆ. هەموو دڵسۆزانی كورد دەستی خۆیان بۆ قاسملوو دەشكێننەوەو زۆر جار دەڵێن: حەیف بۆ دوكتور قاسملو ئەمڕۆ ڕۆژی دوكتور قاسملوو بوو. ئەگەر بمانەوێ گرنگترین خزمەتی دوكتور قاسملوو بە گەلی كوردو بزووتنەوە حەقخوازانەكەی دەستنیشان بكەین دەبێ بگەڕێینەوە سەر نەخشی تەشكیلاتیو ڕێبەرایەتیی ئەو شەهیدە مەزنە لە نێو خوی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا. گەورەترین خزمەتی قاسملووی مەزن بە نەتەوەكەی ئەوە بوو كە حیزبێكی لە دوای خۆی بەجێ‌هێشت، ڕێكوپێك و وشیارو خەباتگێڕ، حیزبێك كە پاش قاسملوو و بێ قاسملووش هەروا لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی دیموكراسیو خودموختاری، دوو ئامانجی بەرزی قاسملوو ڕاوەستاوەو ئێستاش هەروەك سەردەمی ژیانی قاسملووی ڕێبەر مایەی هیوای كۆمەڵانی گەلی كوردو جێگەی بڕوای كۆمەڵانی خەڵكی ئێرانە. بەحەق ئەو دروشمە باش هەڵبژێردراوە كە دەڵێ: "قاسملوو لە بیرو باوەڕدا زیندووە."

※※※

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:**

دەتوانم ئەوەی حەواڵە بكەمەوە سەر قسەیەكی كە ئەمن هەر وەختی خۆی لە بارەی دوكتور قاسملووەوە كردم لە وەختی تەشییع جەنازەكەیدا. دوكتور قاسملوو كە بیرو بۆچوونێكی بەربلاوو ڕوونی سیاسی هەبوو لە هەموو كەس (لە نێو خۆماندا دەڵێم لە هەموو دنیایەدا ناڵێم) باشتر مەسائیلەكەی لێك دەدایەوەو بە تایبەتی ئەو

وەزعەی كە بۆ كوردی ئێرانو بۆ حیزبی دیموكراتی كوردستان هەیەو بووەو رەنگە هەر بشمێنێ، ئەوە كە لە لایەكەوە بەشێكین لە وڵاتێك، لە چواچێوەی وڵاتێكدا دەژیین كە پێی دەڵێن "ئێران" لە لایەكیشەوە بەشێكین لە میللەتی كورد. زۆر كەس بەتایبەتی شۆڤینیستە مەزنخوازەكانی هاووڵاتیی مە، پێیان وایە كە ئینسان مەجبوورە یان دەبێ ئێرانی بێ یان دەبێ كورد بێ. ئەگەر گوتی كوردم ئەوەجیاوازیخوازەو ئێرانی نیە.

دوكتور قاسملوو زۆر باشتر دەیزانی كە هەر لە عەینی حاڵدا كە كوردە ئێرانییەو لە عەینی حاڵدا كە ئێرانییە كوردە. بۆیە باوەڕی بەوە هەبوو، بۆ ئەوە كاری دەكرد كە لە لایەك باشترین پێوەندی لە بەینی بزووتنەوەی كوردو بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێراندا هەبێو لە عەینی حاڵیشدا لە لایەكی دیكەوە بزووتنەوەی كوردی ئێران وەكوو بەشێك لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی خەڵكی هەموو كوردستان بۆ ئازادیو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەكانی خۆی لە نێو جەرەیانەكەدا هەبێ. بۆیە باوەڕی بەوە هەبوو كە دەبێ هەر لەو كاتەدا كە بۆ رزگاریی ئێران دەبێ كار بكەین، ئەوەیان ئەسڵیشە چونكی ئێمە بەشێكین لە ئێرانو ئەوەیان وەزیفەی ئێمەیە، هەر لەو كاتە دا دەبێ باشترین پێوەندیمان لەگەڵ بەشەكانی دیكەی كوردستان هەبێو كۆمەك بكەین بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كورد لە هەموو بەشەكانی دیكە، بەو رادەیە كە لە دەستمان دێو بەو رادەیە كە نابێ بە دەستوەردان لە كارو باری وەڵاتانی دیكەدا. بەو رادەیە كە نەدەبێتە دونباڵەڕەویی بۆ بەشی دیكەی كوردستان نە دەبێتە دەستێوەردان لە كارو باری بەشێكی دیكەی كوردستاندا. چونكە ئەوانە بەراستی شتی زۆر زەریفی سیاسینو دوكتور قاسملوو لەو بارەیەوە بە حەق نەقشێكی یەك جار زۆر گەورەی هەبوو. دەرسی یەك جار گەورەی بۆ بزووتنەوەی كورد بە گشتی بۆ بەجێ

هێشتن. ڕەنگە ئێمە پێمان وابێ کە بەو جۆرە پێویستە ڕێزی لێنەگیراوە، بەڵام ئەگەر بەو جۆرەی پێویستە ڕێزێشی لێنەگیرابێ زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئـاڵوزیو بلۆزییـە کە لە مەسەلەی کوردا هەیە. ئەو هەموو پێوەندییە دژییەکە کە لە نێـو مەسـەلەی کوردا پەیدا بووە. بەشێکی لەگەڵ ئەم لا تەرەفە، بەشیکی لەگەڵ ئـەو لای تەرەفـە. یەکیان دۆستی لایەکە ئەوی دیکە دوژمنیەتی. یەعنی ئەگەر قەدریشی لێنـەگیرابێ دەلیلەکەی ئەوەیە کە نەیانتوانیوە لە بەر ئەو تێبینییە سیاسییانە. دەنا پێـم وایـە هەموو لایەنەکانی نێـو بزووتنـەوەی کـورد، دوکتـور قـاسملوو و بـە گشـتی حـیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە کە وەك بەشێك لە بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ئـەوەی خزمەتی بەشەکەی خۆی دەکا خزمەت بە بەشەکانی دیکەش بکا، هەموویان حـیزبی دیموکراتو دوکتور قاسملوو بە نموونە دەزانن‌و بە نموونەشی دێننەوە. پێم وایە ڕەنجی بە فێرۆ نەچووە. ئەوەڵەن سوننەتێکی باشی لە نێـو بزووتنـەوەی کـورددا دایـر کـردوەو بەتایبەتی لە نێو حیزبی دیموکراتدا ئیدی نهادینە بووە. لە عەینی حاڵیشدا ئەوانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا یان لە کوردستانی خۆمان، بەڵام لە دەرەوەی حیزبی دیموکراتدا ئەوانەش ڕێزو قەدری ئەو نەخشەی دوکتور قاسملوویان لە بەرچاوە.

***

**کاك حەسەن ڕەستگار:**

ئێمە ڕاستە کونگرەی دوومان گرتبوو، ڕاستە حیزبی دیموکرات کەمو زۆر نێوێکـی هەبوو. بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە بە دوای سیاسەتی ئەحزابی دیکەدا دەکشـیان. پێمـان خۆش بێ یان پێمان ناخۆش بێ، زۆرتر گوێبیستی سیاسەتی ئەوان بووین. بەڵام کگـە دوکتور قاسملوو گەرایەوەو ئەو یەکگرتنەوەیە بوو و ئەو پێشنیارانە هاتنە گـۆڕێ کـە

بە ئیستلاح حیزبی دیموكرات دەبێ حیزبێكی سەربەخۆ بێو سەربەخۆیی بڕیاردانی دانی هەبێ، فلاٚنی هەبێ، ئەوەی كە پێشتر بۆم باس كردی نەتیجەی ئەوەی بوو بە ئەوە كە ئێمە لە پێشدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقێ وەكوو حیزبێكی موستەقیلو سەربەخۆ پێوەندیمان گرتو رابیتەمان دامەزراندو هەر ئەو رابیتەیە بوو بە باعیسی وەی كە خەبەرنگارو ئەحزابی دیكەش هەست بەوەی بكەن كە بابە بێجگە لە پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراقێ "حیزبی دیموكراتی كوردستان"یش هەیە، بەو ئامانجو بەو بەرنامانەوە كە هەیەتیو بەو پێڕەو پرۆگرامانەوەو ئەوانە بلاٚو دەكرانەوە خۆ هەروا نەبوو و تەماس دەگیرا لەگەڵ ئەحزابی كومونیستو ئەو وەختی لەگەڵ ئەحزابی سوسیالیستی ئۆرووپاییو ئەوانەو لەو روانگەیەوە حیزبی دیموكرات بوو بە وەزنەیەك لە نێو ئەحزابی چەپی دنیایەداو لە نێو دەورو بەری بە ئیستلاح خۆماندا وەكوو دەوڵتی عێراق، وەكوو پارتی دیموكراتی كوردستان وەكوو حیزبی شیوعیی عێراق كە رابیتەیەكی زۆر باشمان هەبوو لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقو لە رێگای وانیشەوە دیسان تەئسیری هەبوو بۆ ئەحزابی چەپی دنیایەو ئەوە تەئسیرێكی عومدەی كردە سەر ئەوەی كە حیزبی دیموكرات ببێتە حیزبێكی هەم خاوەن ئیدئۆلۆژی، هەم خاوەن بیروباوەڕ، هەم خاوەن تەشكیلاتو نەزمو نیزامێك، پێناسەیەكی ببێ. بێجگە لەوەش چونكە شەهید دوكتور قاسملوو لە مەحافیلی "بینالمللی"دا بە هۆی ئەوەی كە زمانزانی چاك بوو، بە هۆی ئەوەی كە ئۆستادی دانشگایە بوو لە پراگێ، بە هۆی ئەوەی كە بە ئیستلاح موخالفەتی كردبوو ـ كە ئەو رۆژی زۆر موهیم بوو ـ لەگەڵ هاتنی ئەرتەشی شوورەوی بۆ چێكۆسلۆواكی نێوبانگێكی لە نێو مەحافیلی سیاسی ئۆرووپایی دەركردبوو و ئەو نێوو نێوبانگە كە ئەوە دوكتور قاسملوو موخالیفی بە ئیستلاح ئەوەیەو ئەوەیە بوو بە باعیسی ئەوەی كە دوكتور قاسملوو وەكوو شەخسی

خۆشی بناسرێ لە نێو مەحافیلی سیاسی ئۆرووپاییداو لە بەر ئـەوەش كـە ببـوو بـە سـكرتێری حـیزبی دیموكـراتو ئـەو بـوون بـە سـكرتێری حـیزبی دیموكـراتو ئـەو شەخسییەتی حیزبی دیموكرات بە یەكەوە بـوو بـەوە كـە بـە ئیسـتلاح هـەم حـیزبی دیموكرات نێوو نێوبانگی بچێتـە پێشـێ لـە هـەموو مـەحافیلێو هـەم بزووتنـەوەی كوردیش، هەم بە هۆی شۆڕشی كوردستانی عێراقو هەم بە هۆی بوونی بـە ئیسـتلاح حیزبی دیموكراتو ئەوانە تا رادەیەكی مەسەلەكە چـوە پێشـێو هەمیشـەش دوكتـور قاسملوو لە مەحافیلی سیاسی ئۆرووپاییدا دیفاعی لـە مەسـەلەی كـورد بـە گشـتی دەكردو ئەوەش بۆ خۆی مەسەلەیەك بوو كە بە قەولی دەڵێن دوكتور قاسملوو نەخشـی هەبوو لە چوونە پێشی مەسەلەی بزووتنەوەی كوردو ئازادی كورد لە نێـو مـەحافیلی سیاسی دنیایەدا."

***

### كاك مستەفا مەولوودی:

بە نەزەری من بەداخـەوە هەلومـەرجی سیاسـیو جوغرافیـایی ئـەو ناوچەیـەی كـە كوردستانی تێدا هەڵكەوتوەو كوردی تێدا دەژی زۆری زەمینە تێدا فەراهـەم نـەبووە، بۆ ئەوەی دوكتور قاسملوو بتوانێ ئەوەندەی لەدەستی هاتبێو لە تواناییدا بووبـێ بـۆ بزووتنەوەی كورد بە گشتی بەكاری هێنابێ. یانی بەبێ ئەوەی بمهەوێ تۆزقـاڵێك لـە خەمخۆری دوكتور قاسملوو بۆ بزووتنەوەی گـەلی كـورد بـە گشـتی كـەم بكەمـەوەو ئارەزووی پیرۆزی ناوبراو لـەو بـوارەدا خەوشـدار بكـەم. دەڵێـم ئەگـەر هەلومـەرجی سیاسی ناوچەكە ئیزنی دابا، دوكتور قاسملوو لە توانایدا هەبووە زۆر لەوە زیـاتر بـۆ

بزووتنەوەی کورد بە گشتی کاری کردبا. کە لەو بوارەدا قسەی لەسەر کراوە یان لە سەری نووسراوەو بڵاوە کراوەتەوە.

بەڵام هەر ئەوە کە لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە،و دەزانین بەرهەمی فیکری دوکتور قاسملوویە کە نووسراوە"بە ئاگاداریو پەسندی دەولەتی مەرکەزی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ئێمکاناتی خۆی بۆ کۆمەك بە خەباتی رزگاریخوازانەی تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا کەڵك وەربگرێو پەنای سیاسی بەو کوردە نیشمانپەروەرانە کە داوای پەنابەرایەتی دەکەن، بدا." یان لە هەر جێگەیەك بە جۆریەك کەم یان زۆر باسی مەسەلەی کورد بە گشتیو بزووتنەوەکەی کرابێ، دوکتور قاسملوو بە باشیو بە هیوای بەرزەوە نەزەری خۆی راگەیاندووە، نەخشی ناوبراو لەو بارەوە دەردەخا.

یان ئەوە کە نووسەرو رۆژنامەنووسی دەرەوە ( کریس کۆچیرا ) دەڵێ: ئەگەر دوکتور قاسملوو ئێستا مابایە. لەوانەبوو وەزعی کوردەکان لە کوردستانی ئێرانو تورکیە گۆڕابا، شاهیدی دەدەن کە دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورددا بە گشتی نەخشی باشی هەبووەو ئەوەندەی مەجالی هەبووە کاری بۆ کردووە. بۆ نەخشی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دیموکراتدا دەکرێ بە بێ ئەوەی تۆزقاڵێك لە نەخشو ئەهەمییەتی هاوڕێیانی دیکەی حیزب کەم بکەمەوە بڵێم. حیزبی دیموکرات ئەوەی هەیەتی زۆربەی زۆری بۆ لێزانیو توانای سیاسی دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە.

دوکتور قاسملوو حیزبی دیموکراتی لە وابەستەگی تەشکیلاتی بە حیزبی دیکەی ئێرانی نەجات داوە، دوکتور حیزبی دیموکراتی لە پەرشوبڵاویو بێ بەرنامەیی رزگار کردووە، ناوبراو حیزبی دیموکراتی کردۆتە خاوەن بەرنامەو ئەساسنامەی روونی سیاسیو پێشکەوتووخوازنە، دوکتور قاسملوو شێعاری "ریکخراو چەکی هەرە

گرینگی ئێمەیە"ی فۆرمۆڵە كردوو كردویەتە فەرهەنگی تەشكیلاتی لە نێو ریزكـانی حیزبدا و بۆجیٚبەجیٚكردنی ئەو شێعارە یەكجار زۆر كاری كردووەو زۆر شتی دیكەش كـە بەڕاسـتی مـن توانـای بـاس كـردن‌و فۆرمۆڵـە كردنـی هـەموویانم نیـە. بـەلاّم خۆلاسەكەی ئەوەیە دەتوانم بڵێم لە مێژوو و ژیـــانی سیاسـیی حـیزبی ئێمـەدا هیـچ شتێك شك نابەم جێگەی پەنجەی دوكتور قاسملووی پێوە دیار نەبیٚ.

*** 

**كاك تەیموور مستەفایی:**

د.قاسملوو زۆر پرنسیپی باش‌و بیرو بۆچوونی نوێی هێنایە نێو بزووتنـەوەی كـورد بە گشتی‌و حیزبی دیموكرات بە تایبەتی، ئەو بـە بـیرو بـاوەڕی پێشـكەوتووانەو بـەو كەسایەتییە كاریزمایەوە كە هەیبوو توانی هێندێك چوارچێوە بـۆ بـەرەوپێش بردنـی خەباتی گەلی كورد بێنێتە گۆڕیٚ كە لە بەرژەوەندیی گەلی كورددا بوو. ئەو بڕوای بە یەكبوونی گەلی كورد هەبوو. پێی وابوو ئەگەر رۆژێك بێتـە پێشـیٚ كـورد بكەوێتـە سەریەك ئەوە نەك جیا بوونەوەو دابڕینی خـاكی كـەس نیـە، بـەڵكوو یەكگرتنـەوەی گەلێكە كـە بـە پێچەوانـەی ویسـتو ئـیرادەی خـۆی دابـەش كـراوە. لەگـەلْ ئـەم بۆچوونەشدا ئەو راستییەی لە بەرچاو بوو كە بزووتنەوەی گەلی كورد لە پارچـەكانی دیكەی كوردستاندا هەركام تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو پێویستە هەر بەشە بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندیانـە تـاكتیك‌و ئیسـتراتیژیی خـەباتی خـۆی دابڕێـژیٚ. د.قـاسملوو بـە سەرنجدان بە هەڵكەوتی جوغرافیایی كوردستان دەیگوت: كوردەكـانی هـەر كـام لـە پارچەكانی كوردستان بۆیـان هەیـە لەگـەلْ دەوڵـەتی ولاّتـی جـیرانی ولاّتەكـەی بـۆ

بەرەوپێش بردنی خەباتەكەی پێوەندی هەبێ، بە مەرجێ زیان بە خەباتی پارچەكانی دیكەی كوردستان نەگەیەنێ.

د.قاسملوو لە ناساندنی خەباتی گەلی كوردو حیزبی دیموكرات بە دنیای دەرەوە دەورێكی بەرچاوی گێڕا. ئەو رێبەرە مەزنە رێگای حیزبی دیموكراتو حیزبە كوردستانییەكانی دیكەی بۆ نێو سازمانە نێونەتەوەیییەكان كردەوە، كە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەندامەتی حیزبی دیموكراتو ئەحزابی دیكەی كوردی لە شورای ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا بوو. ئەو لە دانانی ڕێوشوێنی دیموكراتیك بۆ حیزبی دیموكراتو هەر لەو كاتەدا بارهێنانی ئەندامانی حیزب بە گیانێكی دیموكراتیو شۆڕشگێرانە دەوری خۆی گێڕا.

***

**كاك سەید رەزا درودگەر:**

نەخشی كاك دوكتور لە بزووتنەوەی گەلی كوردو حیزبی دیموكراتدا زۆر بەرچاو بووە . دوكتور قاسملوو ئینسانێكی زاناو تێگەیشتوو و ساحیب نەزەرو ناسراو بوو. هەر كەس بە هەر فیكرو بۆچوونو ئایینو مەزهەبو ئەخلاقێكەوە هاوسوحبەتی دەبوو، لێی تێدەگەیشتو دەیتوانی كەڵكی باشی لێوەربگرێو شوێنو جێگایەكی باش بێ بۆ وەرگرتنی وەڵامی پرسیارو داواو موشكیلەكانی، هەر بۆیە زۆر كەس موراجەعەی پێدەكردو لە رێگای ئەوو بە هۆی ئەوەوە دەبوو بە لایەنگری بزووتنەوەی كورد، بە تایبەت خەبەرنگارانو نووسەرانو لێكۆڵەرانو ئەویش خۆی لە خەبەرنگارانو نووسەرانو لێكۆڵەران زیاتر نزیك دەكردەوەو دۆستایەتی لەگەڵ دەكردن، بۆ ئەوەی دەنگی گەلی كورد بە دنیا بگەیەنێ. زۆر جاریش دەیگووت

باشترین جێگــا بــۆ قســه كــردنو هــاوار كردنــی دەردی گەلــه بەشــخووراوەكان لای خەبەرنگارانو ڕۆژنامەنگارانه كه دەكرێ لەگەڵیان نزیك بینو قسەی خۆمان له ڕێگای ئەوانەوه به دنیا بگەیەنین. دوكتور قاسملوو هەروەك وتمان دۆستی باشــی بــۆ حــیزبو بزووتنەوه پەیدا كردبوو كــه بەشــێكیان تــا ئێســتاش مــاونو بــه باشــی هاوكــاریو هاودەردی لەگەڵ گەلی كورد دەكەن .كاك دوكتور یەكێك لەو كەسانه بوو كه كــوردی به ئوروپاو ئەمریكا ناساندو یەكێك لــه ئــالاّ هــەڵگرانی پوچــەڵ كردنــەوەی فیكــرو بۆچوونی چەوتی چەپو ڕاست بوو.

دوكتور قاسملوو لەسەر حیزبی دیموكرات له قۆناغه جۆراوجۆرو ناسكەكانی خەباتی حیزبدا نەخشی زۆر به كەڵكو كاریگەری هەبوو كه بەشێكیان ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ هەروەك دەزانن پاش تێكشــكانی كۆمــاری كوردســتان لــه ســاڵی (١٣٢٥)دا ئەندامانو لایەنگرانو ڕێبەرانی حیزب به توندی هێرش كرایه سەریانو بەشــێكی زۆر شەهیدو ئەسیرو زیندانــی كــرانو بەشــێكیش هــەڵاتن بــۆ عــێراقو وڵاتــانی دەرەوەو زۆربەشیان به نهێنی له ئێرانو كوردستان مانەوه و فشارو خەفەقان وای كردبــوو، تــا سەرەتای ساڵی (١٣٣٢) كەس نــەیدەتوانی كــارێكی بــەرچاوی حــیزبی لــه نێوخــۆی وڵاتدا بكا. دوكتور قاسملوو له سەرەتای ساڵی (١٣٣٢)دا به هاوكاری پێنج كەســی دیكه كه ئەو بەرپرسیان بــوو حــیزبی دیموكراتیــان ســازمان داو بووژاندیانــەوه و لــه فرسەتێكی زۆر كەمدا له زۆربەی شارەكانی كوردســـتاندا حــیزب فەعالییــەتی خــۆی دەست پێكردو ئەندامانی حیزبی رۆحییەیان وەبەر هاتەوه .

٢ـ بازسازیو ساغ كردنەوەی حیزبی دیموكرات له كۆنفرانســی ســێهەم لــه ســاڵی (١٣٤٨) كه لەو كاتەدا حیزب شتی وای نەمابوو و رەهبەریەكەیو ئەندامانی پرژو بڵاو ببوون، بەرنامەو ریۆشوێنی باشو بەكەڵكی بۆ حیزب دانا.

**٣ـ** پێشگیری لە لادان لە سیاسەتی ئوسوولی لە هەموو قۆناغەكانی خەباتی حیزب دا.

٤ـ هێنانی سیاسەتی روونو مۆدێڕن بە پێی وەزعی دنیای ئەمڕۆو گرتنی هەڵوێستی گونجاو لە هەموو قۆناغەكان دا.

***

## فەسڵی شەشەم:

# ڕۆڵی كاك دوكتور قاسملوو لە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبدا

# ڕۆڵی كاك دوكتور قاسملوو له سەربەخۆیی سیاسیی حیزبدا

ئازادیخوازیو بیروبۆچوونی دیموكراتیك لەگەڵ دوكتور قاسملوو لەیەك گرێ درابوون. ئەو پێی وابوو سەربەخۆیی بۆ هەر مرۆڤێك حەقی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی. ئێمە ئەگەر داوای سەربەخۆییش بكەین حەقی خۆمانە. ئازادی مرۆڤ لەوە دایە كە بتوانێ مافە ئینسانییەكانی خۆی وەدەست بێنێ. بیرو بۆچوونی سەربەخۆیی سیاسی وا لە نێو حیزبی دیموكراتدا جێی خۆی كردۆتەوە كە لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب وەك شانازییەك لە نێو كۆڕو كۆمەڵدا باسی لێ دەكرێو حیزبیش تا ئەمرۆ وەك شانازییەك كەڵكی لێوەرگرتووە. دوكتور پێی وابوو سەربەخۆیی تەنیا ئەوە نیە كەس لە كاروباری سیاسی ئێمە دەخاڵەت نەكا، بەڵكوو پێی وابوو كە ئێمەش نابێ لە كاروباری لایەن یان وڵاتو كەسانی دیكە دەخاڵەت بكەین لە گەڵ ئەوەش پێشنیاری باشو بەكەڵك لە خەڵكو لایەنەكان وەردەگرینو پێشنیارو بۆچوونی خۆمان بۆ باشتر بەرەو پێشچوونی جووڵانەوەی گەلی كورد بە كەسانو لایەنەكانی دیكە رادەگەێنین. بۆ ئەوەی نەخشی دوكتور قاسملوو لەو پێوەندییەدا باشتر روون كەینەوە كۆمەڵێك وتووێژمان لە گەڵ هاورێیانی رێبەری حیزب پێك هێناوە كە بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو پێوەندییەدا بەو چەشنە نەزەری خۆی دەردەبڕێ:

**مامۆستا عەبدوڵڵاحەسەن زادە:**

حیزبی دیموكرات ـ زۆرجاری دیكەمان گوتووە رەنگە ئەوە كەمێك دووپات كردنەوە بێ ـ لە زۆر بارەوە منەتی شەخسییەتو مەوقیعییەتی دوكتور قاسملووی بە سەرەوەیە. یەكێكیش لەوانە هەر ئەو مەجالی سەربەخۆیی سیاسییەیە. سەربەخۆیی

سیاسی دەتوانێ بۆ هەموو کەس عەزیز بێ وهەموو کەسیش دەتوانێ بیپارێزێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئینسانێك سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ یەك دوو شەرت پێویستن. یەکێکیان ئوسوولەن بڵێین وسعەتی بیرکردنەوە، ئاگاهی بە سەر مەسائیل دایە. چونکی ئەگەر پیاو هیچ نەزانێ، بۆخۆی شت نەزانێ لە باری فیکرییەوە یەکسەر دەبێتە پاشکۆی بیرو باوەڕی کەسێکی دیکە، بە بێ ئەوەی خوانەخواستە مەبەستی لەدەستدانی ئیستقلال بێ یا مەبەستی خۆفرۆشتن یا مەبەستی ماڵی دنیا بێ. بەڵام ئەگەر وسعەتی فیکری هەبوو و توانی مەسائیل لێك داتەوە، نەزەر لە کەسێك دەبیسێ. ئەو نەزەرەی یان ڕەد دەکاتەوە بە ئیستیدلالی خۆی یا ئەگەر ڕەدیشی نەکردەوە بە ئاگاهییەوە قبووڵی دەکا. ئەوە پێی دەڵێن تەتابوقی نەزەر، پێی دەڵێن بیرو بۆچوون وێك چوون نەك ئەوە کە یەکێکیان تابیعی ئەوی دیکە بێ. ئەوی دیکە مەوقیعییەتی ئیجتیماعیو شەخسییەتی ئیجتماعیو سیاسیو ئەو مەوقیعییەتەیە کە ئینسان تێیدا هەڵکەوتوە، چ لە باری سیاسییەوە بێ چ لە باری ئیجتماعییەوە بێ، لە هەرجێگایەك. دوکتور قاسملوو لەو بارەشەوە هەردووك شتەکانی تێدا هەبوونو لە نێو ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشدا هیچ شتێکی سەیرمان نەگوتوە، لە واقیعدا سەرو گەردنێك وەکوو لە ئیستلاحی مەشهووردا دەڵێن لە هەمووان بەرزتر بوو، بۆیە باوەڕی ئەوە بوو کە دەبێ ئیستیقلالی سیاسی هەمیشە بپارێزین، با ئەو ئیستیقلالە سیاسییە پاراستنەکەی جاروبار بە قیمەتێکی گرانیش تەواو بێ، چونکە باوەڕی وابوو ـ ئێستاش بە خۆشییەوە لە حیزبەکەیدا جێی خۆی گرتوە ئەو باوەڕە ـ ئەگەر ئینسان لە مەرحەلەیەکدا لە قۆناغێکدا زەرەریش بکا لە پاراستنی ئیستیقلالە سیاسییەکەیو وئیستیقلالی بڕیاردانەکەیو سەربەخۆیی بڕیاردانەکەی، لە مەرحەلەیەکی دیکەدا

دیسان خۆی دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر ئینسان بە تایبەتی وەکوو ئینسانی سیاسی، وەکوو جەریانی سیاسی بوو بە کلکی جەریانێکی دیکە هەر ئەندازەش بیهەوێ وەزن بۆ خۆی پەیدا بکا، وەزنێکی موستەقیل نیە بۆخۆی، بەڵکە تابیعی جەریانێکی دیکەیە. لە بەر ئەوە بە نەزەری من دوکتور قاسملوو لە باری سەربەخۆیی سیاسییەوە دەتوانرێ بە کۆڵەکەو بە مامۆستای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی تەسمیمگیری لە نێو حیزبی دیموکراتدا لە قەڵەم بدرێ.

*** 

**کاك حەسەن رەستگار:**

وەکوو هەموو ئینسانێکی دوکتور قاسملووش ئینسان بوو. دیارە مومکینە لە جەریانی کاردا هەم نوکاتی موسبەتی زۆر بوو، نوکاتی بە قووەتی زۆر بوو. بەڵام ئەوەی کە ئەوی بەرجەستە دەکرد ئەوە بوو کە دەیتوانی سازماندەهی بدا، شکڵ بدا، ئیدئۆلۆژی هەبوو و دووربینی هەبوو بۆ مەسایلی سیاسی، ئەوەی کە ئەوێ رۆژێ حیزبی دیموکرات لەو بارەوە زەعیف بوو. بۆیە وجوودی وی نەخشی وی یەکجار زۆر مۆئەسیر بوو لە بووژاندنەوەو دروستکردنەوەوپێکەوەنانەوەو بە ئیستلاح سازماندەهی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بە نەزەری من هیچ وەختایەکی چ وەختێك مەوافیقی ببووم چ وەختێك موخالیفی ببووم، قەد ئەوەم نەشاردۆتەوە هەمیشە پێم وابووە ـ کە لە کونگرەی هەشتیش هەر ئەو قسانەم کرد ـ کە نەخشی دوکتور قاسملووی لە بووژاندنەوەی حیزبی دیموکرات لە سەربەخۆیی حیزبی دیموکرات، نەخشێکی ئەساسی بووە.

له ڕاستیدا دوكتور قاسملوو ئینسانێكی ساحب تەجروبە بوو ساحب ئەزموون بوو و دەورانێكی زۆر ئەو لە حیزبی توودەو حیزبی دیموكراتدا فەعالییەتی كردبوو و پێم وایە هەم ئەو بوو كە تەئسیری هەبوو لە كۆبوونەوەیەكدا كە لە كوردستانی ئێران بە قاچاغی گیرابوو لە دێی سەیداواو ئەوانە، هەر ئەو ببوو بە باعیسی ئەوەی كە حیزبی دیموكرات لە حیزبی توودە جوێ بكاتەوەو حیزبێكی سەربەخۆ بێ. لە بەر ئەوە بێجگە لەوەش دوكتور قاسملوو ئەو فكرەی ئەوەندەی من لێی حالّی بم، ئەو فكرەی بەلای باری ناسیونالیستیدا زۆر بە قووەت ببوو دوای وەی كە دوكتوراكەی وەرگرتوو و تێزی دوكتوراكەی كە كتێبی "كوردستانو كوردە" نووسیویەتی ئەگەر تمشای بكەین دیارە لەوێ مەراعاتی زۆر شتی كردوە ـ كە بۆوەی كتێبەكە چاپ بێ یا ئەسلەن بۆ خۆی عەقیدەی وا بوە،ئەوەی نازانم ـ بەلاّم بە لای باری ئەوەیدا كە میللەتی كورد میللەتێكی گەورەیەو حەقی سەربەخۆیی هەیەو حەقی ئازاد بوونی هەیە تەئسیری زۆر لە سەر شەهید دوكتور قاسملوو هەبوو بۆ ئەوەی كە ببێتە كوڕی میللەتی خۆیو لەو ڕێگایەدا هەولّ بداتو كە لەو ڕێگایەشدا هەولّ بدا حیزبێكی كوردی دەبێ موستەقیل لە ئەحزابی دیكە بێت، مەسەلەن لە حیزبی توودەی ئێران بێ كە حیزبێكی سەرتاسەری بوو و ئەو زەمانی حیزبی دیموكراتو فیرقەی ئازەربایجان بەشێك یان لقێك لەوی بوون، ئەو فیكرە لەویدا تەقوییەت ببوو كە كورد بۆخۆی لیاقەتی ئەوەی هەیە كە حیزبی خۆی هەبێ، سەربەخۆ بێ، بۆ خۆی بڕیار بداو بە قەولی دەلّێن نۆكەری هیچ حیزبو سازمانێكی دیكە نەبێو ئەوەی بە روونی لەو كێشەو بێشەی ئەحزابی كومونیست بۆ دەركەوتبوو و ئەوەشی بۆ دەركەوتبوو كە زۆر شتی ناڕەوا لەو ئەحزابی كومونیستی ـ ئیستالینییەدا هەیە كە بە ڕاستی ئینسان لێی بێزارە. بۆیە

زیاتر هەوڵی ئەوەی بوو کە حیزبی دیموکرات دەبێ حیزبێکی سەربەخۆ بێو بــۆ خــۆی بڕیار بدا.

*** 

**کاك مستەفا مەولوودی:**

لە پێوەندی لەگەڵ دەوری ناوبراو لە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبدا ئەوەندە دیــارو بەرچاوە کە لە هیچکەس شاراوە نیەو بۆ ئێمەش هەمیشە جێگای شانازی بووە. لــە نێو حیزبدا زۆرجار دەبینین ئۆرگانێکی حیزبی یــان یــەکێك لــە هاوڕێیــانی حــیزبی رەخنەو گازەندەی لە هیندێك حەرەکەتو کردەوەی رێبەرایەتی حــیزب بــە نیســبەت هەڵوێستی سیاسی یان مەسەلەیەکی سیاســی دەربڕیــوەو نیشــان داوە. بــەڵام هــەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، هیچکات نەمبیستووە لــە نێــو حــیزبدا کەسێك بــە نیســبەت سەربەخۆیی سیاسی حیزب، رەخنەی لە حیزب گرتبێو حیزبی وابەستە بە جێگەیەکی تایبەتی پێوەند دابێ.

لە دەرەوەی حــیزبیشدا لەگــەڵ ئــەو هــەمووە "تەلاتوماتــە" سیاســییانەی ئــەو ناوچەیەی کە ئێمە تێیدا دەژینو حیزبی دیموکرات خەباتی تێدا دەکات، ســەربەخۆیی سیاسیو فیکری حیزبی دیموکرات وێردی زمانی خاسو عــام بــووەو بــە "مقایســە" لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ئێرانو کوردستان لەو پەیوەندیدا هەمیشــە بــە نموونــە دەهێنرێتەوە. یان لە نێو حیزبیشدا کە لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی باس دێتە پێش، هیچ کەس نیە فکر لەوە بکاتەوە لە بەر خاتری فلانە جێگا یــا ئــەوە بکــەینو ئــەوە نەکەین، بەڵکوو تەنیا شتێك کە مێشکی هەموو لایــەك بــە خۆیــەوە خــەریك دەکــا قازانجو بەرژەوەندیی گەلی کوردو حیزبی دیموکراتو تێبینــی سیاســیی ناوچەکەیــە. من پێم وایە شــانازی دارشــتنی ئــەو سیاســەتە دروســتەش لــە حــیزبی دیموکــراتدا

هەرچەند باجی زۆریشی بۆ دراوەو بە حەقیش جێگەی خـۆی بـووە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئوستادیو لێزانیی سیاسیی دوكتور قاسملوو.

*** 

**كاك تەیموورمستەفایی:**

كاتیٚ باسی سـەربەخۆیی بڕیـاردانی حـیزبی دیموكـرات دەكـەین، تـا ئێسـتاش گەورەترین شانازی ئەم حیزبە سەربەخۆیی لە بڕیارداندا بـووە، ئـەم حیزبـە زۆر جـار باجی سەرەبەخۆیی بڕیاردانی داوەو زۆر جار لە گەڵ تەنگو چەڵەمە بەرەوڕوو بۆتەوەو بە سەبرو لە سەرخۆیی تەنگو چەڵەمەكانی تیٚپەڕاندوون، بەڵام شانازی سـەربەخۆیی بڕیاردانی لە دەست نەداوە. میعماری سەربەخۆیی بڕیاردان چ لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ حیزبی توودەی دایك! دا كە سەردەمانیٚ حیزبی دیموكرات وەك شاخەیەك لـەم حیزبـە حیسابی لە سەر دەكراو چ لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی جیران كە حیزب بە ناچارو لـە ڕوی هەڵكەوتی جوغرافیـایی كوردسـتانەوە وەك پشـتی جەبهـە بـۆ بەرەوپێشـبردنی خەبات كەڵكی لیٚ وەردەگرت، د. قاسملووی نەمرە. هەر كـەس مێـژووی ئـەم حیزبـە بخوێنێتەوە دەزانیٚ كە حیزب لە نێوان كۆنگرەی دووهەمو سێهەمدا تـەنیا نـاوێكی لیٚ مابۆوە، بە شاهیدی هاوڕێیانی ئەو دەمی، ئەوە د. قاسملوو بوو كە حـیزبی لـە لادان گێڕایەوە سەر ڕێبازی ئەسڵیو بۆ پێوەنـدی گرتـن لـە گـەڵ حـیزبو دەوڵەتـەكانیش بنەڕەتێكی پتەوی سیاسی دیاری كرد.

لێرەدا بیرەوەریەك دەگێڕمەوە، پاش كۆنگرەی هەشتەم وەك بەرپرسی مەڵبەندی شیمال دیاری كرام. كاتیٚ بەهار بەرەو ناوچەی شیمال دەگەڕاینەوە چوومـە خزمـەتی كاك د. قاسملوو بۆ خوداحافیزیو لەویٚ داوام كرد ڕێنوێنیمـان بكـا. وێـڕای هێندێـك

قسەو ڕێنوێنی له سەر شێوەی بەڕێوەبردنی كار، ئاگاداری كردم لەوانەیـــه لـه لایـەن بەرپرسانی مەرزی توركیەو تەنانەت سـەرەوەتریش پێوەندیتـان پێـوه بكـەن. ئەگـەر پێوەندییان پێوه كردن پێیان بڵێین پێوەندیمان له گەڵ توركیه پێ خۆشه، بـەلاَم ئێمـه پێوەندی بۆ ئەوه ناكەین كه دژی كەس شەڕ بكەین یان كەسێك بۆ ئێمه خەتو نیشان بكێشێ كه چۆن بڕیار بدەین، چۆن هەڵسوكەوت بكەین. ئەگـەر ئـەو دوو شـەرتەیان قبووڵ كرد ئەوه دەتوانین پێوەندیمان هەبێ، ئەگەر نا پێوەندیی دیكەمان پێویست نیه. لەوێش تەئكیدی كردەوه ئێمه له هەر پێوەندی گرتنێكدا دەبێ بەرژەوەندیی میللەتی خۆمان له بەر چاو بێ. هەر پێوەندییەك زیان به بـەرژەوەندیی گەلەكـەمان بگەیـەنێ ئاماده نابین ئەو پێوەندی‌یه بگرین.

*** 

**كاك حەمه نەزیف قادری:**

له نـەزەری شـارەزایانی سیاسـیو تێكۆشـەرانی كـوردەوە، یـەكێك لـه هۆیـــه ئەسڵی‌یەكانی به ئامـانج نەگەیشـتنی جولاَنـەوەكانی كـورد، نـەبوونی سـەربەخۆیی سیاسیو پێوەندیو بەسـتراوەیی بـه لایـەنێكی دیكـەوە بـووە. ئـەزموونی كۆمـاری كوردستانو خەباتو تێكۆشانی حیزب دوای رووخانی كۆمارو ئاڵوگۆڕەكانی ساڵەكانی ١٣٢٧ی هەتاوی تا كودەتـای ٢٨ی گـەلاوێژی ١٣٣٢و گـیرانی ئـەندامانی حـیزبی توودەو حیزبی دیموكراتی كوردستانو تێكچوونی شیرازەی تەشكیلاتی حیزب، دوكتور قاسملوو، هاوڕێیانی هێنایـه سـەر ئـەو بـاوەڕە كـه تەشـكیلاتی حـیزبی دیموكراتـی كوردستان به یەكجاری له حیزبی تووده جیا بكەنەوەو حیزبی دیموكراتـی كوردسـتانو جوولاَنەوەی كورد وەك عامیلێكی سەربەخۆ درێژه بەخەباتی سیاسی خۆیان بدەن. بـۆ

ئـەو ئامانجـە سـاڵی ١٣٣٤ لـە ئەشـكەوتی "قەلاّتـەڕەش" لـە ناوچـەی مـــەهاباد كونفرانسی یەكەمی حیزب پێك هاتوحیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران سەربەخۆیی تەشكیلاتیی خۆی بە تەواوی راگەیاندو پێوەندیـی تەشـكیلاتی بـە حـیزبی تـوودەوە پچڕاند. دوای ئەم هەڵویستە شۆڕشگێڕانەیە، فەسلێكی تـازە لـە خـەباتی سیاسـیی حیزب دەستی پێكردو زۆربەی گیروگرفتەكانی حیزب لە كۆنفرانـس چارەسـەر كـرانو كومیتەیەكی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراو، ئەركەكانی حیزب دەستنیشان كران.

بە دوای ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەكانی عێراقو هاتنە سەرەكاری "عبدالكریم قاسم" لە ١٤ی ژووئیەی ١٩٥٨و تەئسیراتی لە سەر كوردستانی عێراقو بووژانەوەی جۆلاّنەوەی كوردستانی عێراقو تێكۆشانی پارتی دیموكراتی كوردستانی عـێراق، هەلومـەرجێكی لـە بـار بـۆ فەعالییـەتی سیاسـیو فەرهـەنگی پێكهـاتو لـە بەشـەكانی دیكـەی كوردستانەوە شۆڕشگێڕانی كورد هاتنە عێراق، بە ئەو هیوایە بتوانـن خزمـەتێك بـە ئامانجەكانی كورد بكەنو لـە بـەر رۆشـنایی ئـەو ئـاواتو ئارەزوانـەیش پۆلێـك لـە ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب هاتنـە عـێراقو فەعالییـەتی ئاشـكرایان دژی رێژیمـی پاشایەتیی حەمەرەزا شا دەست پێكرد. بە داخەوە زۆری پێ نـەچوو، حـیزب توشـی گیرو گرفتی سیاسیو تەشكیلاتی بووەوەو بۆ جارێكی‌تر بە هـۆی سیاسـەتی چـەوتی "عبدالله اسحاقی" (ئەحمەد تۆفیق)ەوە حیزب لە رێبازی سیاسـیو سـەربەخۆیی لای داو بە شێوەیەكی خراپتر لە پێوەندی تەشكیلاتی لە گەڵ حیزبی توودە، گـیرۆدە بـوو وكەوتە بەر تەئسیری پـارتی دیموكراتـی كوردسـتانو حـیزب عەمەلـەن لـە ئوسـولی سیاسی‌دا بە لاڕێدا برا.

د. قاسملوو لە بەرانبەری ئەو بەلاڕێدا چوونەی حیزب هەڵویستی گرتو لـە گـەڵ هاوڕێیانی بۆ رزگار كردنی حیزب لەو وەزعـە نالـەبارەدا ئـاڵوگۆڕی نـەزەریان كـردو

پێوەندییان له گەڵ ئەندامانی حیزب گرتو شەرایتی گرتنی كونفرانسی سێهەم بۆ گێڕانەوەی حیزب بۆ سەر رێبازی پێشكەوتوخوازانەیان ئامادە كردو له ساڵی ١٣٥٠دا كۆنفرانسەكەیان گرتو ئوسولێكیان بۆ حیزب دانا كه تا ئێستا له خزمەتی ئامانجەكانی كوردو حیزبی دیموكراتی كوردستان دایەو رۆڵەكانی دیموكراتی بۆ هەمیشه له بەلاڕێدا چوون رزگار كردو شەرەفی ئەو سەربەخۆیییه سیاسیو بڕیاردانەیش بۆ دوكتور قاسملوو دەمێنێتەوەو له **مێژوی حیزبیشدا وەك معماری سەربەخۆیی سیاسی حیزب** به شانازییەوه دەمێنێتەوەو ئالآی ئەو رێبازەیش هەر شەكاوه دەبێ.

❋ ❋ ❋

**كاك سەید رەزا دروودگەر:**

شەهید دوكتور قاسملوو نەخشی ئەساسی له سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبدا بووەو ئەگەر بڵێین ٩٠٪ نەخشی ئەو بووه موبالەغەمان نەكردوه. هەموو ئەو كەسانه كه له سەرەتاوه لەگەڵ حیزب بوون چ ئەندامانی رێبەریو چ كادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی ئەوه تەئید دەكەن له ساڵی ١٣٤٨ بۆ خوارەوه كه دوكتور قاسملوو دەسەڵاتی ئەوتۆی له حیزبدا نەبووه، حیزب نه رێبەرییەكی یەكگرتوو و به ئوتۆریتەی بووەو نه بەرنامەو كارو بڕیاردەری ئەوتۆی بووه. هەر تیعداد له كادرو پێشمەرگەو یا ئەندامێكی رێبەری له شوێنێك، هەر كام بۆ خۆیانو بەشێوەی بۆچوونی خۆیان خەریكی كاری حیزبیو ژیانی خۆیان بوون. له باری سیاسیشەوه ئینسیجامی خۆیان له دەست دابوو. ئەو كات دوكتور قاسملوو گەڕایەوه كوردستانو كۆنفرانسی سێهەم گیراو رێبەریی حیزبی بەدەستەوه گرت. ئەو كات بەرەبەره ئەندامانی رێبەرایەتیو

کادرو پێشمەرگەکان یەکیان گرتەوەو بەرنامـــەو سیاســەتێکی روونیـان دامــەزراندو حیزب کەوتەوە سەر رێگای راستی خۆیو درێژە دان بە ئامانجەکانی پێشەوای گەورەی کورد قازی موحەممەد.

شەهید دوکتور قاسملوو لە کاتێکدا بوو بە سکرتێری حیزب کە جگە لـەوەی کـە دەیان حیزبو لایەن دەستیان بۆ نێو حـیزب درێـژ کردبـووو هـەر کـام دەیانەویسـت حیزبو ئەفرادی حیزبی بۆ لای خۆی راکێشنو تەنانەت حـیزب لـەنێو بـەرنو لـەنێو تەشکیلاتی حیزبیش بیروبۆچوونو لایەنگری جۆراوجۆری تێدا بووو هەر کەسیش پێی خۆش بوو کە حیزب بەرەو لای ئامانجی خۆی بەرێ. کەوابوو رێبەریکردنی حیزب لەو سەردەمەداو بەو ئیمکاناتەوە ئاسان نەبوو، کەسێکی دەویست کـە زانسـتو توانـای باشی هەبێو بتوانێ بە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی دروست لە سەر هـەموو مەسـایلو دامەزراندنی رابیتەی دروست لەگەڵ حیزبو دەوڵەتەکانی ناوچەو جیهان، حیزبەکـەی رێبەری بکا کە بەخۆشییەوە سەرکەوتوو بوو. لەو کاتەوە تـا کـاتی شـەهید بوونـی، کۆنگرە بە کۆنگرە بە تەدبیرو ئەندێشە، حیزبی رێبەری کردو بووە جێگـای متمانـەو باوەری هەموان.

لەو رابیتەیەدا چەند خاڵی زۆر بەرچاو هەبوون کە بەم جۆرەن:

١ـ دەربـاز کردنـی حـیزب لـە ژێـر تەئسـیری حـیزبی تـوودە، پـاش زەحمـەتو فیداکارییەکی زۆرو بە هاوکاری لەگەڵ چەند ئەندامی رێبەرایەتیو غەیرە رێبەرایەتی حیزبدا.

٢ـ دیـاریکردنی سیاسـەتێکی روونو شـەفاف لەبەرانبـەر حـیزبو رێکخـراوو دەوڵەتانی ناوچەو جیهاندا.

**٣ـ** شکاندنی بوتی کومونیزمو سوسیالیزمی مەوجوود له نێــو بەدەنــەی حــیزب، بەتایبەت بە مەترەح کردنی "کورتە باسێك له سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیــك" کــه تا ئەو دەمە کەم کەس دەیوێرا که بڵێ ئەو کۆمەڵگا کومونیستییە که پێك هاتووە، وەڵامدەر نیەو ناتوانێ گــەلان بــه ئــاوات بگەیــەنێو بەتایبــەت ئاغــای هــەموویان "یەکیەتیی سۆڤیەت" که زۆڵم له نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکاو ئــەوەی کــه پێی بڵێن ئازادی تێدا وجوودی نیەو ئەو گەلانە جگە لەوەی زوڵمیان لێ چووە، پــرژو بڵاوو نابود کران هیچی دیکەی لێ شین نەبوو. لەو کاتەدا بوو که دوکتور قاسملوو بــه دەلیلو مەنتق لەو بارەوە ئیفشاگەری دەکردو له دواییــشدا دەرکــەوت کــه دروســت بوو.

**٤ـ** دانانی چوارچێوەی روون بۆ رابیتەو پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراق به پێی قازانجو مەسڵەحەتی دوو لایانەو قەدەغە کردنیگرتنی پێوەنــدی لەگــەڵ عــێراق بــۆ کادرو پێشمەرگەی حیزب جگە له نوێنەری دیاری کراو.

❊ ❊ ❊

## فەسڵی حەوتەم:

# بیروڕاو بیرەوەریی نووسەران، سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە کاک دوکتور قاسملوو

- بەڕێز کاک مستەفا هیجری
- بەڕێز مارك کراوێتز
- پرۆفیسۆر کەماڵ مەزهەر
- بەڕێز سەلاح بەدرەدین
- بەڕێز کریس کۆچیرا
- پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار
- مامۆستا محەممەد مەلاکەریم
- دوکتور مەحموود عوسمان
- بەڕێز کاك عەلی مێهرپەروەر
- دوکتور عەلیڕەزا نووریزادە
- دوکتور موکەڕەم تاڵەبانی
- مامۆستا مەسعوود محەممەد

# کاك دوکتور قاسملوو کەسایەتی‌یەکی کەم‌وێنە لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا

**کاك مستەفا هیجری:**

شەهید دوکتور قاسملوو هەر بەتەنێ سکرتێری لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو کەسایەتی‌یەکی ناسراوی نێو بزووتنەوەی دیموکراسی‌خوازیو بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا بوو. لە ساڵەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا کە ئەو بەڕێزە تازە گەڕابۆوە نێوخۆی وڵاتو خەڵك بەو جۆرە کە پێویست بوو نەیاندەناسیو، حیزبی "توودە"ش بە هێندێك هۆ ـ کە لێرەدا جێی باس نین ـ بە دایم خەریکی تەبلیغات بە دژی بوو و، هەر جارەی تاوانێکی دەدایە پاڵی بە شێوەیەك کە ئەو تەبلیغاتە ژەهراوی‌یە بەهۆی کلکەکانی حیزبی توودە لە نێو حیزبی دیموکراتیش‌دا کەم‌وزۆر شوێنی خۆی دانابوو، بەڵام زانایی دوکتور قاسملوو و توانایی‌یەکەی لە بەڕێوەبردنی حیزبی دیموکرات بوو بە هۆی ئەوەی کە بە زوویی زۆربەی ئەو تەبلیغاتانە پووچەڵ ببنەوەو، دوکتور قاسملوو وەك میحوەرێك لە نێو بزووتنەوەی سەرانسەری ئێراندا بناسرێ.

پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە ساڵەکانی ٥٩ ـ ١٣٥٨و شوێن پەنجەی حیزبی دیموکرات ـ دوکتور قاسملوو ـ لەو هەئیەتەدا وەك دەمڕاستی هەیئەتو بەرەوپێش بردنی ئەرکی وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی دیاریکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر مافی گەلی کورد، تواناکانی دوکتور قاسملووی لەو کۆبوونەوانەدا زیاتر

دەرخست. هەر چەند هەموو هەوڵو تێكۆشانی ئەو هەیئەتە بە مەبەستی پەسەند كردنی لانی‌كەمی مافەكانی گەلی كورد لە لایەن كۆماری ئیسلامی‌و چارەسەری ئاشتیخوازانەی ئەو داوایانە بە ئاكام نەگەیشت، چونكە مەبەستی كۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا خۆ ئامادە كردن بۆ هێرش بۆ سەر كوردستان بوو نەك باس لەسەر داخوازەكانی گەلی كورد. بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا هەیئەت بە جۆرێك رەفتاری كرد كە ئاشتیخوازیی گەلی كوردو پاوانخوازیی كۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەلی كوردو زۆر كەسی دیكەش ئاشكرا بوو.

لە لایەنی سەرانسەریشەوە بە ئیبتكاری دوكتور قاسملوو بوو كە پێكهێنانی یەكێتی گەلانی ئێران هەنگاوی بۆ هەڵگیراو بڕیار بوو لە پاییزی **١٣٥٩**دا نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران لە شاری "مەهاباد" كۆببنەوەو رێوشوێنێك بو بەربەرەكانی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران بگرنە بەر، بەڵام بەداخەوە هێزەكانی رێژیم لەو سەروبەندەدا هێرشی بەربلاوی خۆیان بۆ سەر شاری مەهاباد دەست پیّ‌كردو ئەو فرسەتەش لە كیس چوو.

لە باری دیپلۆماسی‌یەوە دوكتور قاسملوو كاریزماتیك بوو. بەو واتایە كە زانایی‌و شارەزایی‌یەكەی لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا "**جذابیت**"ێكی تایبەتی بە ناوبراو بەخشیبوو، ئەویش دەیتوانی زۆر لیّ‌هاتوویانە لەو زانیاریانەی خۆی بۆ راكێشانی سەرنجی لایەنی دیكە كەڵك وەر بگریّ. شارەزایی ناوبراو بە سەر شێعر، فەلسەفە، فولكلور، ئاشنایی بە فەرهەنگی رۆژئاوا، ئابووری، زمانزانی‌و... سەرجەم دەستیان دابوو بەیەك‌و دوكتور قاسملوویەكیان دروست كردبوو كە لە سەردەمی خۆی‌دا لە هەموو رۆژهەڵاتدا هەڵكەوتووی لەم چەشنە كەم بوون.

سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە، توانایی دوکتور قاسملوویان لە رێبەریکردنی حیزبی دیموکراتیشدا بە شێوەیەکی بێوێنە یارمەتی کرد.

ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە سەردەمی هەڵچوون و دروشم و بژی و بمرێ بوو و زۆرتر هەستی خەڵك کاری دەکرد تا بیرو ئەندێشەیان، لە سایەی رێبەرایەتی ئەو پیاوە مەزنەدا حیزبی دیموکرات بناغەکانی سەربەخۆیی حیزبەکەی بە دوور لە هات و هاواری ئەملاو ئەولاو، لە سەر قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کورد دادەڕشتەوە. نموونەی ئەو سیاسەتە سەربەخۆیییانە لە مەحکووم کردنی دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئامریکا لە لایەن داروودەستەکانی کۆماری ئیسلامی، پەسندکردنی "سوسیالیزمی دیموکراتیك" لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب و زۆر هەڵوێست و سیاسەتی دیکە ـ کە ناکرێ لێرە پەنجە بۆ هەموویان درێژ بکەین ـ هەر کام لە کاتی خۆیدا دەنگدانەوەی زۆریان چ لەباری موسبەت و چ لەباری مەنفی بەدواوە بوو، بەڵام چونکە بە قازانجی دوارۆژی حیزب دەناسران بە تێکۆشانی دوکتور قاسملوو دەهاتنە بەرباس و بڕیاریان لە سەر دەدرا. ئەو سەربەخۆیییەو ئەو سیاسەتانەی لەو چوارچێوەدا بەڕێوە دەچوون، حیزبی دیموکراتیان لەو سەردەمەدا پاراست و بۆ داهاتووش بوون بە رووناکیدەری رێبازی سیاسیی حیزب. ئێستا دوای نێزیك بە چارەکە سەدەیەك کە ئاوڕ لە رابردوومان دەدەینەوە شانازی بەو سیاسەتانەمانەوە دەکەین، بە تایبەت کاتێك دەبینین هەر لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆر لە رێکخراوە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی دوچاری هەڵەی سیاسی و هەڵکشان و داکشان هاتن و خەسارێکی گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ جووڵانەوەش پێکهێنا.

شەهیدی نەمر بەباشـــی لـەو راسـتی‌یە گەیشـتبوو کـە یـەکێك لـە زامنـەکانی بەردەوامیی دیموکراسی دامەزراندن‌و بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکان لـــە نێـو هەر کۆمەڵێك دایە. لە لایەکی دیکەشـــەوە بـاوەڕی قوولّـی بـە دەوری چین‌و توێـژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ هەبوو، هەربۆیەش زۆری هەوڵ دەدا کە ئەو توێژانە یەکیەتیی خۆیان هەبێ بۆ ئەوەی پاڵپشـتێك بـن بـۆ دیموکراسـی‌و جووڵانـەوەو، هـەروەها لـەو ڕێگایەوە بتوانـن مافـە کۆمەڵایەتی‌یـەکانی خۆشـیان بەدەسـت بێنـن. "یەکیـەتیی لاوان"و "یەکیەتیی ژنان" دوان لەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی‌یانە بوون کە چ لەو کاتەدا کە حیزبی دیموکرات ئیدارە کردنی بەشێکی زۆر لە کوردستانی لە بەردەستدا بـوو و، چ لەو کاتەدا کە بەڕێوەبەرایەتیی حیزب شارەکانی بەجێ‌هێشت‌و پەڕیوەی گوندەکان‌و دوایـەش هـەندەران بـوو، شـەهید دوکتـور قـاسملوو هـەوڵی زۆری بـۆ دامــەزراندن‌و پەرەگرتنیان داو تا ئێستاش ئـــەو یەکیەتیی‌یانـە لـە کەمپـەکانی حـیزبی‌و لـە نێـو لایەنگران‌و ئەندامانی حیزبی لە ئۆرووپا تێکۆشانی بەرچاویان هەیە.

شتێکی ئاشکرایە کە دەوری ڕێبەرێکی کاریزمای لەم چەشنە لە حیزبەکەی خـۆی حیزبی دیموکرات‌و تەنانەت لە جووڵانەوەی سەرانسەری وڵاتەکەی‌دا دەورێکی کارسازو یەکلاکەرەوەی دەبێ‌و، لەدەستدانیشی خەمێکی گەورەو خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە پێك دێنێ. هەرچەند حیزبی دیموکرات بە هەوڵ‌و تێکۆشانی قوتابییانی مەکتـەبی ئـەو مامۆستا لێزان‌و پایەبەرزە توانیویەتی لە ڕێبەری کردنــی حـیزبدا بـەو ڕێچکەیـەدا هـەنگاو بنـێ کـە لـە کـاتی خـۆی‌دا ئـەو ڕێبــەرە گەورەیـە دیـاری کـردوە، بـەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئێستاش دوای تێپەڕ بوونی نێزیك بە چـاردە سـاڵ بـە سـەر لەدەستچوونی‌دا، جێگاکەی لە نێو ڕێبەری حیزبدا هەروا بەتاڵە، بەڵام ڕێگاکەی بە دڵنیایی‌یەوە هەر درێژەی دەبێ.

# قاسملووی ژیرو زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یارو یاوەر*

**مارك کراوێتز:**

عەبدولڕەحمان قاسملوو کە سێزدەهەمی ژووئیەی ۱۹۸۹ لە ڤییەن تیرۆر کرا، هەم وەك ڕێبەری یەکێك لە کۆنترینو ڕەسەنترین بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەییو هەم لە باری سەرنج ڕاکێش بوونی کەسایەتی‌یەوە، هەروەها لە باری ئیعتیبارو نفووزی نێونەتەوەییشەوە بەو توانـاو لێهاتوویی‌یە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێ وێنەیەی لە شیکردنەوەی دابو نەریتەکانو خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لە توێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا کە بریتین لە: ئازادی، دیموکراسیو ئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بی هاوتا بوو.بەڵام بۆ خەڵك {ی‌جیهان} ئەوەندە نەناسرا بوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوونو مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن. قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوونو نە ژیانێکی پڕ لە نهێنیو ڕەمزو رازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕو لەمەش زیاتر ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگو باسکردنو هەبوونی پێوەندیی گەرمو گوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەلسووڕو بە هەست بوو بۆ بزووتنەوەکەیو بۆ باشتر ناساندنی، سەفەری بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لە نێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕینو لە قووڵایی دۆڵێکو لە سنوورەکانی نێوان ئێرانو عێراقی زیاتر پێ‌خۆش بوو، ناوچەیەك کە زووزوو ناچار بە گوێزە گوێزو گۆڕینی شوێنیماڵو بنکەکەی دەبوو. بەڵام کتێبخانەکەی هەمیشە لەگەڵدا بوو. ئۆگرو ئەویندارى کتێبو شەرابی چاك بوو. دیارە زۆر بە هاسانی

دەیتوانی چاوپۆشی لە دووهەمیان بکا، بەلاَم لە یەکەمیان نا. هەروا کە زۆر بە سانایی لەسەر مێزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانی‌یەش، تەنیایی‌و ژینی سادەی لە هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکاندا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیك ٦٠ساڵی ـ لە دیسامبری داهاتوودا دەبووە ٥٩ساڵ ـ سەفاو گەرم وگوڕی‌و خۆمانە بوونی ئینسانێکی وریای ڕوژهەلاَتیی لەگەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاوو، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان (کۆڕی زانیاری)و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو ڕادەیە کە لەسەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندەش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو. ئەو بە هاسانی دەیتوانی توندو تیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی ـ چەکدارانە لەگەڵ شك‌و گومانێکی سەرچاوە گرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتەو یەکانگیر بکا. قاسملوو لە ئابووری‌دا پلەی دوکتۆرای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شیعری کوردی، فارسی‌و عەرەبی‌دا شارەزا بوو. جگە لەمەش بە هاسانی وتەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ، بۆدلیر، والت ویتمەن یا تی،س.ئیلیۆتی بە نموونە دێنایەوە. ئینسانێکی سەمیمی، بێ فیزو خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بە پاراوی‌و بە هاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکردو دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتەو قسەی خۆش دەهات. لەگەڵ هەرکەسێك دواباو هەلسوکەوتی هەبا، چ لایەنگرانی بزووتنەوە{ی ژێر ڕێبەرایەتی}ی خۆی، چ ڕووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان‌و سیاسەتمەدارانی چەپ‌و ڕاست، هەستێکی وەك‌یەکی تێدا پێك دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوەپێشیش چاوپێکەوتن‌و وتووێژیان لەگەڵ بووبێ، پێ لەم ڕاستی‌یە دەنێن کە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو کاری تێ کردوون‌و بۆ لای خۆی ڕای کێشاون. لەم سەدەیەدا کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە بارەی

شەخسییەتەکەیەوە هاودەنگ بن. قاسملوو ژیانی سیاسیی خـۆی وەك کۆمونیستێکو لە حیزبی توودەی ئێراندا، دەست پێکردو هەتا ئاستی ڕێبەرییش لەم حیزبەدا چـووە پێش. پاش پازدە ساڵ گوتنەوەی دەرسی ئابووری لە {زانستگەی} پراگ، لـە ئووتـی ١٩٦٨ لەسەر مەسەلەی دەخالەتی شوورەوی لە کاروباری چێکۆسلۆواکی‌دا، وازی لە حیزبی کۆمونیست هێنا. ئەگـەرچی بـیروڕای تێکـەڵ بـە دەمـارگرژیو دوگمـاتیکی مارکسیزمی وەلانا، بـەڵام قـەت حاشـای لـە رابـردووی خـۆی نـەکرد. بـەڵکوو بـە هەڵـەکانی خـۆی‌دا چـۆوەو بـۆ تێگەیشـتنی ئـەم مەسـەلەیە کـە لـەکوێو کـەنگێ دادپـەروەری لەگـەڵ بێعەداڵـەتیو راسـتی لەگـەڵ درۆو ـ تەنانـەت لەگـەڵ تـیرۆرو وەحشەت ـ دا ئاوێتەی یەك بوون، هەلومەرج و بارودۆخە سیاسی‌یە جیاوازەکانی شی دەکردەوەو لێکی دەدایەوە. ئەوە بە تایبەتی، زیرەکیو هەستێکی ئەوتۆی هەبوو کـە گیروگرفتـەکانی خـەباتی سیاسـی لـە کۆمـەڵێکی "دواکـەوتوو"دا بـە باشـی تـێ دەگەیشت.(بۆ خۆی هەموو جارێك وشەی "دواکەوتوو"ی بە کار دەهێنا). کۆمـەڵێك کە بە هۆی نەبوونی هـەر چەشـنە پێوەندی‌یـەك لەگـەڵ دنیـای دەرەوەداو بـە هـۆی بێبەشی لە مافی بیروڕا دەربڕینو بڕیاردان، تەنانەت لە بواری دەسـت ڕاگەیشـتن بـە فەرهەنگەکەی خۆشی‌دا، وەدوا کەوتوو. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئـەم دواکەوتوویی‌یـە بکا بە بیانوویەکی ئیدۆئولوژیکی بە مەبەستی پەنا بردن بـۆ زێدەڕۆیـی جۆراوجـۆری وەك برەو پێدانی توندوتیژی، تەنیا لە بەر نەفسی توندوتیژی، بـرەودان بـە پەرسـتنی شەخسییەتی ڕێبەر (کیش شخصیت) لە ڕێکخراوێکی سیاسـی‌دا، یـان دیکتـاتۆریی حیزبێکی سیاسی بە سەر گەلێکو...دا.

جگە لەمەش، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو كە گرینگ نیە لە پێوەندیی‌یە گشتی‌یەكانو لە وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتی‌یەكاندا، بە جۆرێك بدوێ، بەڵام لە مەیدانی كردەوەدا ئەو قسانەی كردوونی، لە بیر خۆیانی بەرێتەوە. شانازیی گەورەی كە هیچ كات لە دووپات كردنەوەی ماندوو نەدەبوو، ئەوە بوو كە ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخو ئیدەئالە ئینسانی‌یەكان لە تێكۆشانو كاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوەدا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ.

حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، هیچ كات لەگەڵ زیندانی‌یەكان بە خراپی ڕەفتاری نەكردوە. لە پێوەندیو هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵكدا پەنای بۆ فشارو زۆرەملێ نەبردوە. قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ كات فڕۆكەی نەرفاندوە یان لە نێو ئوتوبوسێك، بازاڕێك یان یەكێك لە شارەكانی دوژمندا، بۆمبی نەتەقاندۆتەوە. دیارە حیسێبی شوێنو ناوچە نیزامی‌یەكان جوێیە. قاسملوو ئەگەرچی ئینسانێكی بێباكو نەترس بوو، بەڵام لە باری ئوسوولی‌یەوە دژی تیرۆریزم بوو- ئەگەرچی چاك دەیزانی دەبێ چ نرخێكی گران بابەتی هەلویستێكی لەم بابەتە ببژێرێ. هەر بۆیە زۆر جار وێڕای ئیشارە كردن بەم مەسەلەیە، زۆر بە داخەوە ناڕەحەتی لەوە دەردەبڕی كە ڕاگەیەنە گشتی‌یەكان گرنگی‌یەكی ئەوتۆ بە مەسەلەی كوردەكان نادەن. جارێك لە جێیەكدا نووسیبووی "تاقمێكی بچووك دەتوانێ لە ڕێگای بارمتە گرتنەوە، یان دانانەوەی بۆمبێك ناوبانگێكی زۆر بۆ خۆی پەیدا بكا، ئەوەش لە حاڵێك دایە كە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەیی‌یەكان كە پەنا بۆ تیرۆریزم نابەن، بە تەواوی لە بیر كراون." نوامبری١٩٧٩، هەر لە یەكەم ڕۆژی بە بارمتە گیرانی دیپلۆماتەكانو كارمەندەكانی سەفارەتی ئەمریكا لە تاراندا، ئەم كردەوەیەی مەحكووم كرد. بە بڕوای دوكتور قاسملوو، ڕزگاریی ئێران لە ژێر دەسەلاتی ئەمریكا، یان ڕزگار بوونی

دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەروەك لە بەرنامـــەی حـیزبی دیموکراتـی کوردستانی ئێراندا هاتوە، ئامانجی درێژخایەنی خـەباتێکی سیاسـی‌یە کـە ئـازادیو دیموکراسی بۆ هەموانی بە دواوەیە، بەم حاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی ڕێژیمی تـاران، واشینگتۆن ئاوڕیکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئـەمریکا لـە شەڕی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا(١٩٧٥ـ١٩٦١) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ ستراتیژیکییانەی کیسـینجێر شـییان دەکاتـەوەو لـە مێشـکی خـۆیدا بـە نیـاز خراپی‌یەوە بیریان لیٚ دەکاتـەوە ـ دەوڵـەتی ئـەمریکا هیـچ کـارێکی بـە مەبەسـتی خزمەت بەم کیشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێك بەر لە مردنی کــە ویـزای سەفەر بۆ ئەمریکای پیٚ درا ـ قەت ڕێگای چوون بۆ ئەمریکای پیٚ نەدرا. راسـت لـە رۆژەکانی بەر لە سەفەری ڤییەن، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکـرد، ولاتێـك کە کەئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هــەوڵ تێـدا بـدا. ئەگـەرچی لەسەر ئاکامە سیاسی‌یەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریـــش نـاڕوون نـەبوو. ئـەو چـاك دەیزانی کە هاوپێوەندیو هاودەردیی بەشێك لە خوێندەوارانی جیهان لەگـەڵ کێشـەی کوردەکان (نەك هەر لەگەڵ ٥میلیۆن کوردی ئێران، بەڵکوو لەگەڵ ٢٥میلیۆن کورددا کە بەسەر چەند ولاٚتدا، دابەش کراون) ئەگەرچی بەربەرینتریش بـیٚ، بـە هیـچ جـۆر ناتوانیٚ دیپلۆماسیی دەسەلاٚتە گەورەکانو تەنانەت دیپلۆماسی‌یە ئۆرووپایی‌یـەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێویٚ. چونکە هەر لە جیٚدا ئەوان لـە بـیری قازانجـەکانی خۆیـان دان. ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بــە تایبـەتی بـۆ ئۆرووپـا کردبوونـی، ئـەم راستی‌یەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بە گشتی رێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵــەش زۆر بە کەمی لە کۆڕو کۆمەڵە رەسمی‌یەکاندا وەردەگیرا. لـە باشـترین حاڵـەتدا، بـە

كەڵك وەرگرتن لـە دۆسـتایەتیی لـە میژینـەو پێوەندیـی{حیزبەكـەی} خـۆی لەگـەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی كەمێك یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بـۆ گەلەكەی وەدەست بێنێ یان لە ڕێگای دۆستێكی‌یەوە، گیروگرفتێك كە بۆ وی گرینگ بوو، چارەسەر بكا. "ژان فرانسوا دیناو،" یەكیك لە وەزیرەكانی كابینەی "ژیسـكار دێستەن،" بە هەستێكی تا رادەیەك دۆستانەوە باسی ئەوەی دەكرد كـە سـەردەمێك دوكتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشـار، تـا سـەرەنجام توانیویـەتی فەرهـەنگێكی فەرانسەی ـ كوردی كە لەمێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووبارەی بوو، سەر لە نوێ چـاپ بكاتەوە. قاسملوو ئینسانێكی ریئالیست بوو. باش لە بیرمە جارێك گوتی لە كۆتـایی سەدەیەكدا كـە هـەوڵدانی نەتـەوەجۆراوجۆرەكان بـە مەبەسـتی سـەقامگیر كردنـی ناسیۆنالیزمێكی لەرزۆك‌و ناقایم، لــە تایبەتمەندی‌یـە بەرچاوەكانیـەتی "هەرچەشـنە هەوڵدانێك بۆ تێكدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە كـە ئیجـازە بـە كوردەكـان بدرێ لەسەر وێرانەكانی ٣ نەتەوەی دیكە، ولاّتێكی سەربەخۆ پێـك بێنـن،"نـاتوانێ شتێكی دڵخواز بێ. هەربۆیە خودموختاریی بـۆ كوردسـتانی ئـێران دەویسـت، نـەك سەربەخۆیی بۆ كوردەكان. بـەلاّم دوژمنـەكانی لـە تـاران پێیـان وابـوو ئەمـە هـەر تاكتیكێكی فریودەرانەیە، تـاكتیكێك كـە بـە شـێوەیەكی ناشـیانە بـۆ شـاردنەوەی بـیروڕای جیاوازیخوازانـە كـە نـاویرێ دەری بـبڕی‌و یەكـەم هـەنگاوە بـۆ پێكـهێنانی "كوردستانی گەورە"و یەكگرتوو كردنی كوردەكانی ئێران، عێراق، توركیەو تەنانـەت كوردەكانی سووریەو یەكیەتیی شوورەوی، كەڵكی لێ وەردەگرێ. لەو بارەوە تەنانـەت كەسێكی ناڕووحانیی وەك بەنی‌سەدریش لەگەڵ ئاخوندە بنیاتگەراكان تەواو هاوبیروڕا بوو.

دەستووری کوشتنی دوکتور قاسملوو، لە ساڵی ۱۹۷۹وە کە وەك تەنیا کەسی غەیرە رووحانی بۆ مەجلیسی "دامەزرێنەران" هەڵبژێردراو، لە بەر هۆی ئەمنییەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست، درابوو. ئایەتوڵلا خومەینی لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنی‌دا بە ئاشکرا بەداخ بوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی‌و گوتی: "خۆزگە هاتبا. من وام دانابوو ئەگەر هاتبا لێرە رامگرتبا". سێزدەهەمی ژووئیە رۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان {جێژنی قوربان} بوو، هەروەها شێعەکانیش لەم رۆژەدا، رێزیان لە چلەمین رۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێکی بە رێکەوت بوو؟ ئایا ئەو قاتلانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتییان کردبووەبەرو لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانی‌یەوە مەئموورییەتیان پێ درابوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتێکەوە کە "ویلایەتی" {وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی} ئیمزای کردبوون، لە تارانەوە هاتبوون، بە ئەنقەست لەم رۆژەدا کە رۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بە جێ گەیاند؟!

***

* رۆژنامەی لیبراسیون، ۷ی ئووتی ۱۹۸۹

## ئەو ڕابەرەی لە گشت بوارەكاندا لێهاتوو بوو

**د.كەمال مەزهەر:**

بەهاری ساڵی ١٩٥٩، واتە چل ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەكەم جار نـاوی "ئـەنوەری" كە یەكێك بوو لە نازناوەكانی دوكتور قاسملوو، بەر پەردەی گوێم كـەوت. شـاگردانی بەشی كوردیی تازە كراوەی زانكۆی بەغدا بە ڕێزو خۆشەویستی‌و تـەقدیرێكی زۆرەوە بەو مامۆستایەیاندا هەڵدەداو باسی وانە پڕ سوودەكانیان دەكردو لەو بـوارەدا پلـەی یەكـەمیان دابـووە ئـەوو "گۆرانـی" شـاعیر. هەڵبـەت ناسـینی ڕووناكبـیرێكی وا پێشكەوتنخوازو پایەبەرز خۆزگەو ئاواتی هەر كوردێكی دڵسۆز بوو. بـە هـۆی بـرای خۆشەویست دوكتور عیزەددین مستەفا ڕەسووڵەوە هەر زوو دەرفـەتێكی وا بـۆ مـن هەڵكەوت. ئەو ڕۆژەی بۆ یەكەم جار لـە ماڵەكـەی خـۆی لـە گـەڕەكی "كـەرادە"ی مریەمی بەغدا دیم، هەستم كرد قاسملوو لە گشت بوارەكاندا بـە ڕاسـتی كوردێكـی كەم وێنەو كەم هاوتایە، قسەزان، قسەخۆش، نیشتمانپەروەر، زاناو دانایـەكی قـووڵ‌و دووربینە. زۆری نەبرد بە هۆی پەتای كوشندەی "دەردە كورد"ەوە، قاسملوو لە عێراق دوور خرایەوە. ئەو بڕیارە هێندە بزواندمی خۆم پێ نـەگیراو وتـارێكی توندوتیـژم بـە ناونیشـانی "بۆچـی؟"یـەوە نووسـی‌و لـەوێدا زۆر بـە سـۆزەوە باسـی لێـهاتوویی بێ‌ئەندازەی شەهیدم كردبوو كە دەبوو هەمیشە دەرگەكانی عێراقی شۆڕشی گـەلاوێژ لەبەردەمی‌دا ئاواڵە بێت. سەرنووسەری ئەوسای ڕۆژنامەی "ژین"، "ئەحمەد زرنگی" نەوەی "پیرەمێرد" نووسینەكەی هێند بە دڵ بوو كردی‌یە سـەروتاری ڕۆژنامەكـە. وا دیارە وتارەكەم ڕقی ناپیرۆزی یـەكێك لـەو بـرادەرە كوردانـەی زۆر هەڵسـاندبوو كـە میكرۆبی "دەردە كورد" بە خەست‌و خۆڵی تێكەڵ بە خوێنی ناو گشـت دەمارەكـانی لەشی ببوو، زۆر بـە تونـدی‌و بـە ڕەقـی هـەر لەسـەر لاپـەرەكانی "ژیـن" وەڵامـی

دابوومەوەو دەستە چەورەکەی خۆی بە قاسملوودا سووا بوو.. بەلاّم خوا هەلّناگرێت ناونیشانێکی لەباری بۆ وەلاّمە نالەبارەکەی هەلّبژاردبوو، کە ئەویش "چونکو" بوو. کاتێك وەلاّمەکەی ئەو دەردە کورداوی‌یە چاپ بوو، من گەیشتبوومە ولاّتی شوورەوی بۆ خوێندنی بالاّ، قاسملووی شەهید بۆ خۆی دانەیەك لەو ژمارەیەی "ژین"ی لە پراگەوە بۆ ناردم بۆ مۆسکۆو خۆی ئاسایی چەند دێڕێکی رازاوەی پڕ لە پەندی بۆ نووسیبووم. پێم‌وایە دەوروبەری کۆتایی ساڵی ۱۹٦۰، یا سەرەتای ساڵی ۱۹٦۱ شەهید هاتە ولاّتی شوورەوی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی باسەکانی نامەی دوکتوراکەی، ئەوساکە منیش لەوێ بە خوێندنی دوکتوراوە خەریك بووم. دەمدی چۆن لە ناو کتێباندا کەنەی دەکرد، چەند ماندوونەناس بوو. هەر لەو ڕۆژانەشدا زانیم کەم کەس لە دونیادا بە رادەی ئەو زمانی ڕۆژهەلاّتی‌و ئۆرووپایی دەزانێت، وەك یەك هەردوو زاراوەی سەرەکیی کوردی‌و فارسی‌و ئازەری‌و تورکی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و رووسی‌و چێکی‌و سلۆڤاکی‌و هی دی. لە دانیشتنێکدا لە مالّی خۆم لە بەغدا دیومە چۆن لەگەلّ مۆبیك (کریس کۆچیرا)و خێزانەکەیدا وەك بولبول، بێ گرێ بە فەرەنسی دەدواو تا ئەوان بە هەردووکیان نوکتەیەکیان دەگێڕایەوە، ئەم چواری خۆشتری دەدا بە تەنگەیانداو ئینجا هەر پێنجیشیانی بۆ ئێمە دەکردە کوردی‌و گشتمانی دەهەژاند. هەمیشە گولّی سەردەستەی مەجلیس بوو، لەسەر هیچ پەکی نەدەکەوت، لە گشت بوارەکاندا، سیاسەت، مێژوو، ئەدەب‌و هەر بوارێکی تردا شۆڕەسواری مەیدان بوو، تەنانەت دەنگوئاوازیشی لەگەلّ باسەکاندا دەگۆڕدرا، بۆیەکا ئەوەی نەیناسیبایە نەیدەزانی ئەو کەلّە پیاوە، سیاسی‌یە یان شاعیرو ئەدیب‌و زاناو مێژوونووس‌و زمانەوانە، چونکە ئەو لە راستی‌دا هەموویان بەسەر یەکەوە بوو.

دەیان جار لەگەڵی دانیشتووم، کەم کەسی وا بیٚ فیزو پەتیو زمانپـــاكو رۆح ســووكم دیوە، هەمیشە وەك گوڵە گەنمی پڕ دەچەمییەوە، بێزی نەدەهات توخنی گوڵە گەنمــە پووچەڵەکان بکەوێت، لــە کــاتی پێویســتیشدا بــە خراپــە باســی کەســی نــەدەکرد، توانجهاوێژو ئاگر خۆشکەر نەبوو، بە پێچەوانەوە کۆکەرەوەی دژەکان بوو، لەم بــوارەدا کەس وەك ئــەو وەســتا نــەبوو. ژمارەیــەکی زۆر لــەو دیدەنییانــەم خوێندۆتــەوە کــە رۆژنامەنووسانی شەرقو غــەرب لەگــەڵ قــاسملوودا ســازیان دابــوو، ســەرجەمیان بــە سۆزەوە باسی لێهاتوویی ئەو رابەرەیان لە گشت بوارەکاندا کردوەو وەك ســـەردارێکی دووربینو دیموکراســیخوازو ئــازادو لــە خۆبــووردوو سەرڕاســتو ئاشــتیخوازو ئــەدەب دۆستوقسەخۆش باسیان کردوە، گشتیان بە هەگبەی پڕ لە زانیــاریی وردو دەگمــەنو خۆشەویستییەکی زۆرەوە مالاٌوایییان لیٚ کردوە. ئــەوەی "کریــس کۆچــیرا"و خــانمی هاوسەریو "هدی الحسینی"و زۆریتر دەربارەی قاسملوو دەیلێن مایەی شــانازییە بــۆ هەموو کوردێکــی دڵســۆزو نیشــتمانپەروەر، بریــا رێبوارانــی رێگــای قــاسملوو ئــەو بەرهەمانەیان لە کتێبێکی ســەربەخۆدا بــلاٌو دەکــردەوە کــە دڵنیــام لــەوەی دەبێتــە رێنیشــاندەرێکی دەگمــەنو پێویســت بــۆ پشــتاو پشــتی کــورد. قســەکانی لەگـــەڵ رۆژئاواییەکاندا نەستەقو هەڵسەنگاندنەکانی بەجیٚو بۆچوونەکانی ورد بوون، باشــی دەبزواندن کە پێی دەگوتن: کوردیش دەتوانن فڕۆکە بڕفێننو بارمتە بەرنو خەڵکی بیٚ تاوان لە خۆێندا بگەوزێنن، تاکەی لەوە ناگەنو وەئاگا نایەنو ئاوڕێکی مرۆڤانە لــەو گەلە ستەمدیدەیە نادەنەوە..."

ئەگەر بێمە سەر باسی بەرهەمە رەسەنو نایابەکانی دەتوانم یەکجار زۆر ببێژم، بە تایبەت دەربارەی نامەی دوکتوراکەی کە تا ئیستە لە بــەر بایــەخی زۆری بــە چــەند زمانێکی ئەورووپاییو رۆژهەلاٌتی چاپ کراوە. کاتی خۆی لە رۆژنامەی "التــاخی"دا

وتارێکی تایبەتیم لەم بارەیەوە بلاّو کردەوەو ئەو بەرهەمەیم بە یەکێك لە کتێبە دانسقەکانی کوردناسی لە قەڵەمدا. عیشقی شەهید بەرانبەر کوردو کوردستان بێ ئەندازەو بێ سنوور بوو، لەبن نەدەهات، کەس بەر لەو نەیتوانی بە رادەی ئەو تینی ئەو عیشقە پیرۆزە بگەیێنێتە ناو خاکی ئەورووپاوە، هەستی دەیانو دەیان سیاسەتمەدارو کەسایەتیو رۆژنامەنووسی ئەورووپایی بەناوبانگی بە لای کێشەی نەتەوەیی کورددا راکێشا. هەمانکات قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی ئێرانیو مرۆڤدۆستێکی گەورەی جیهان بوو. بێگومان مێژوو بە قێزو نەفرەتەوە دەڕوانێتە ئەو دەستە شێتە ناپاکانەی بە ئەوپەڕی کورتبینیو گەوجیو رقی سەر بە سەدە ناوئجی‌یەکانەوە، رێگەیان بە خۆیان دا ئێمەو خۆیانو خەڵکیتریش لە تیشکی ئەو ئەستێرە بەرزەی ئاسمانی کوردستانو ئێرانو تووران دابڕن، ئەو ئەستێرە گەشاوەیەی "بێرنارد کۆشنێر" وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی فەرەنسی لە کاتی ئاوابوونیدا بە دڵی پڕو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێی گوت:

"لەسەرجەمی جیهانی سێیەمدا کەسم وەك تۆ بە دڵ نەبوو."

* * *

# سڵاوی وەفاو ڕێزلێنان لە یادی دەهەمین ساڵی مەرگی شەهید دوکتور"عەبدولڕەحمان قاسملوو"دا

**سەلاح بەدرەدین:***

یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٨دا لە "پراگ " چاوم پێی کەوت. ئەوکات دوکتور"ئەنوەری"، (ناوی نهێنیی دوکتور قاسملوو) لە پراگ مامۆستای زانستگە بوو و دەرسی دەگوتەوە. بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەدا ـ کە ئەودەم لە سەرەتای لاوەتیدا بوومو بە جیددیو حەماسەتەوە لە بواری کێشەی نەتەوایەتیدا کارم دەکرد ـ پێم خۆشبوو لە بزووتنەوەی نیشتمانیو ئازادیخوازانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار بم.

ئەزموونی مەهابادو ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانو ناوی شەهید قازی محەممەدو هاوڕێیانیو نەخشی بارزانیی نەمر لەو کۆمارەدا جێگای گرینگی پێدانی ئێمە بوونو دەمانەویست راستییەکانی پێوەندیدار بەو کۆمارەو بە تایبەت نەخشی یەکیەتیی سۆڤیەتو بەرپرسایەتیی ئەو حکوومەتە لە تێکچوونی کۆماری مەهاباددا زیاتر بزانین. ئەودەم ئێمە وەك لاوانی کوردی سەر بە حیزبو رێکخراوە چەپییەکان، ئارەزوومان دەکرد کە بەرپرسایەتیی تێك رووخانی کۆماری مەهاباد نەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکیەتیی سۆڤیەت. لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە چاوم بەشەهید قاسملوو کەوت، وام زانی کە لایەنێکی گەورەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمانم دۆزیوەتەوە. بۆم دەرکەوت کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا خەباتگێڕ هەنو بزووتنەوەی کوردایەتی هەیە. لەو چاوپێکەوتنەدا بۆم دەرکەوت کە بیروبۆچوونمان لەسەر ئامانجمان بۆ ئێستاو داهاتووی بزووتنەوەی کورد وەك یەك وایە.

* سکرتێری گشتیی حیزبی گەلی کورد لە سوریە

بۆ جاری دووهەم لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا دووبارە لە "پراگ" چاوم بە شەهید کەوت. ئەوکات بەیاننامەی مێژوویی ١١ی ئازار دەرچووبوو. قەرار بوو کۆنفرانسێکی هاوبەش لە نێوان حیزبی ئێمەو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە "پراگ"دا بەڕێوە بچێ. شەهید قاسملوو دەعوتی لە هەموو لایەك کرد کە کۆبوونەوەیەکی گەورە بگیرێ بە بۆنەی دەرچوونی ئەو بەیاننامە مێژووییەو لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بە گەرمی پشتیوانیی لەو بەیاننامەیە کردو بە ڕووداوێکی گەورەی هەڵسەنگاند. جاری سێهەم هاوینی ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا چاومان پێی کەوت، ئەو کات من بۆ کۆنگرەی هەشتی پارتی دەعوت کرابووم‌و لە بەغدا ڕاچووم بۆ "ناوپردان"و "حاجی هۆمەران". چاوپێکەوتنی ئەوجارەمان لەماڵی سەرتیپی خانەنشین "فوئاد عارف"و لە ماڵی خوالیخۆشبوو"نژاد عەزیزئاغا" ئەنجام دراو لەو چاوپێکەوتنەدا ناسیاویم لەسەر بەشێکی زیاتر لە خەباتگێڕان‌و سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات‌و هەلومەرجی سیاسی‌و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە پەیدا کرد. پێوەندیی ئێمە لەگەڵ حیزبی دیموکرات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان کە لە ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستاندا "قدری جمیل پاشا" وەك نوێنەری کوردی سووریە بەشداریی کرد. ئەو پێوەندییە لەوکاتەوە تا ئێستا بەردەوامەو درێژەی هەیە. ساڵێك دوای ئەو چاوپێکەوتنەی دوایی لە "بەیرووت" چاومان کەوت بە دوکتوری شەهیدو چەند کەس لە هاڤالانی. لەوچاوپێکەوتنەدا دوکتوری شەهید داوای لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە کرد کە یەك بگرن‌و ئێمە هەموومان ئەو پێشنیارەی شەهیدمان زۆر پێ خۆش بوو و قبووڵمان کردو سیاسەت‌و هەڵوێستی خۆمان‌و هۆی ناکۆکییەکانمان بۆ ڕوون کردەوە. بەڵام بەداخەوە لایەکەی دیکە پێشنیاری دوکتوریان

قبوولْ نەکرد. بە هۆی ئەو کارەوە شەهید قاسملوو لە نوختەنەزەراتی ئێمە بە تـەواوی ئاگادار بۆوە. ئێمە ئەوکات ئەوهەنگاوەی دوکتورمان زۆر لە لا بە نرخ بوو و لەسـەر گرینگیدانی ئێمە بە مەسەلەی کوردستانی ئێران شوێنی دانا. دوای ئەوە پێوەندیـی ئێمە هەر درێژەی کیشاو شەهید لە هێندێك بواردا داوای هێندێك هاوکاریی لە ئێمە کرد بۆ کوردستانی ئێرانو بە تایبەتی دوای شۆڕشی ئێران، ئێمە زۆرمان هەوڵدا کـە لەوبوارانەدا چمان لە دەست دێ بیکەینو زۆر هەنگاومان لەو بارەیەوە هەڵێنایەوە کە ئێستا جێگای باسکردنیان نیە. تەنیا ئەوەی کە دەتوانین بیڵێـین ئەوەیـە کـە لەسـەر داوای شەهید، کتێبی خوێندن لە قوتابخانەمان بـە زمـانی کـوردی چـاپ کـردو وەك دیارییەکی بە نرخ ناردمان بـۆ کوردسـتانی ئـێران. یارمـەتیمان دان بـۆ کردنـەوەی دەفتەریك بۆ حیزبی دیموکـرات لـە "بـەیرووت"و پێشـوازی کـردن لـە نوێنـەرانیانو سەردانی بەرپرسانی حیزب بۆ بەیرووت بەردەوام بوو کە لە نێوان ئـەواندا سـکرتێری گشتیی ئێستای حیزب، براو دۆستم "عەبدوڵڵا حسنزادە" دەبینرا کە چـەندین جـار لەگەڵ "نوێنەرانی رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین"و لەگەڵ نوێنـەرانی بزووتنـەوەی "لوبنان" چاوپێکەوتنو دیداری کردو لەسەر وتووێژی بزووتنەوەی کوردستانی ئـێرانو سەرکردایەتیی ئێران، باسیان کرد. لەو سەردەمەدا دەزگاکانی ئێمە ببوون بە شـوێنی بڵاو کردنەوەی هەواڵی بزووتنەوەکانی کوردستانی ئێران. بە راستی شـەهید قـاسملوو سەرکردەیەکی لێهاتوو، سیاسیو رووناکبیرو وشیار بوو و بە لە دەست چوونی ناوبراو، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد ئالایەك لە ئالاکانی کەوتە خوارەوە. دوژمن دەیزانی لە کوێرا زەبر بوەشێنێ هەروەك دەیزانی چۆن زەبر بوەشێنی. مەبەستمان هەموو ئەو دوژمنانەیە(هەم رێژیمی پاشایەتیو هەم رێژیمی ئیسلامی) کـە دەسـتیان بـە خوێنـی

سەرکردەکانی گەلەکەمان لە سمکۆ ڕا بگرە تا شەهید قازی محەممەدو شەهید قاسملوو و شەهید شەرەفکەندی‌و هاوڕێ بە وەجەکانیان سوور بووە...

*** 

## دوكتور قاسملوو ئەنسیكلو پیدیایەكی زیندوو بوو

**كریس كۆچیرا:**

كریس كۆچیرا، نووسەر، ڕۆژنامەنووسو شەخسییەتی كورددۆستی فەرانسەیی كە چەند كتێبوزۆر وتاری بەنرخی تا ئێستا لەسەر كورد نووسیوە، لە دۆستانی بەنرخو لەمێژینەی دوكتور قاسملوو و حیزبی دیموكراتە. لە ژووئەنی ئەم ساڵدا دووجار لەگەڵ هاوسەرەكەی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی كرد. بە دەرفەتمان زانیو بەبۆنەی دەیەمین ساڵی شەهید كرانی دوكتور قاسملووی ڕێبەرمانەوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پێك هێنا.

**پ ـ بەڕێز كریس كۆچیرا! پێمان خۆشە بزانین یەكەم جار چون لەگەڵ دوكتور قاسملوو ئاشنا بووی؟ لە كوێو چ وتووێژێك لە نێوانتاندا رابرد؟**

و ـ چاوپێكەوتنێكی سەیر بوو. ساڵی ١٩٧١ لە "دەربەندی چۆمان" لە میوانخانەی بارزانی لەگەڵ دوكتور قاسملوو ئاشنا بووم. بۆ دیتنی بارزانی چووبوومە ئەوێ. لە میوانخانەكە پیاوێكی بەڕێزم دیت كە جلوبەرگی ئۆروپایی لە بەردا بوو. بەو هۆیەوە كە پێم وابوو هیچ كەس زمانی ئێمە نازانێ، بە زمانی فەرانسەیی لە هاوسەرەكەم پرسی: "داخوا ئەم كابرایە لەگەڵ ئێمە نانی بەیانی دەخوا یان نا؟" بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە دیتم كابرا بە زمانی فەرانسەیی وەڵامی دامەوەو گوتی: "بەڵێ ئەم كابرایە دەیەوێ نانی بەیانی لەگەڵ ئێوە بخوا"! لەسەر نان خواردن، لە بارەی سیاسەتەوە پێكەوە دواین. زۆر زوو منی كردە ئۆگری خۆی، چونكە زانیارییەكی یەكجار زوری هەبوو. لەو پیاوەی وەك بەڵەدو چاوساغ لەگەڵمان دابوو، پرسیم: ئەو كابرایە كێ یە؟ گوتی دوكتور قاسملوویە. لە دوكتور قاسملووم پرسی دەتوانم لە

بەغدایە ببینم؟ ژمارە تەلەفوونی خۆی پێدام. بەم جورە ئەو یەکەمین مامۆستای من بوو لە ناسینی مێژووی کوردستاندا. لە بارەی باوکی خوالێخۆشبووی و چوونی ئەو بۆ باکۆو هەروەها لە بارەی کۆماری مەهابادەوە قسەی بۆکردم. لە بارەی بارزانی یەوە زۆر زانیاریی وردو تێرو تەسەلی دامیٚ. لە راستیدا ئەنسیکلوپیدیایەکی زیندوو بوو. هەر لەو کاتەدا کەیفی بەوە دەهات نوکتەی خوش بگێڕێتەوەو پێبکەنیٚ. زۆر رووخۆش بوو، ئەزموونەکانی سەردەمی خوێندکاریی خۆی لە پاریس بۆ گێڕامەوە.بە کورتی بناغەی دوستایەتی یەکی پتەومان دانا.

**پ ـ وەکوو ئێمە بیستوومانە بە دوای یەکەم چاوپێکەوتندا، لەگەڵ خێزانتان لە بەغدایە سەردانی دەفتەری حیزبی دیموکراتتان کرد.گۆیا لەویٚ بەڵێنت بە دوکتور قاسملوو دا سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران وتووێژ بکەی. ئایا ئەو هەلەت بۆ رەخسا؟ لەگەڵ کام یەك لە کاربەدەستانی ئێران توانیت وتووێژ بکەی؟ گەیشتیە چ ئاکامێك ؟**

و ـ لە راستیدا من چاوم بە ئاغای "هووەیدا" کەوت. خەریك بوو بۆ "زاهیدان" دەچوو، داوای لیٚ کردین لەوسەفەرەدا هاوڕێی بین، لە نێو فڕۆکەدا وتووێژم لەگەڵ کردو لە بارەی کێشەی کوردەکانیشەوە هێندێك پرسیارم لیٚ کرد. پێموایە ئەم سەفەرە لە ساڵی١٩٧٣دا بوو. ئەم وتووێژە لە گوڤاری"ئێکسپرێس"دا چاپ بوو. هەموو وتووێژەکەم بە وردی وەبیر نایەتەوە. پێم وایە هووەیدا گوتی"ئێمە لە ئێراندا گیروگرفتێکمان بە ناوی "کێشەی کوردەکان نیە". ئەم چاوپێکەوتنە ماوەیەك بەر لە رێککەوتنی ئێران و عێراق بۆ من رەخسا. بەڵام هووەیدا هیچ ئیشارەیەکی بە شتێکی ئەوتۆ نەکرد. دەقی تەواوی ئەم وتووێژەم لە ئارشیوی خومدا،هەروا پاراستوە. بەڵام

بەداخەوە ئێستا هەموویم لە بیر نیە. هووەیدا سیاسەتمەدارێكی بە توانا بوو و دەستێكی بالآی هەبوو لە خۆ دزینەوە لە وەلآمی پرسیارە ئاستەمەكاندا. لەسەردەمی شادا، چەند جاران چوومە ئێران. لەو هۆتێلانەی لێیان دەماینەوە، بەو هۆیەوە كە میكرۆفۆنی نهێنی‌یان لیّ دادەنان، هەركات باسی دوكتور قاسملوومان دەكرد، پیتی یەكەمی ناوی خۆی‌و شۆرەتەكەی(A.R.G)مان بە كار دەهێنا. ئێستاش لە ئۆرووپا ولە مەجلیسی دۆستانەو خۆمانەدا هەر لەم پیتانە بۆ یادكردنەوەی دوكتور قاسملوو كەڵك وەردەگرین. هاوسەری دوكتوری رەحمەتی بۆ خۆشی لە كاتی قسە كردن لەگەڵ ئێمە دا،و بۆ ناوبردنی دوكتور هەر ئەم پیتانە بە كار دەبا.

هەروەك لە وەلآمی پرسیاری یەكەم دا گوتم، دوكتور قاسملوو شەخسییەتێكی یەكجار سەرنج راكێشی هەبوو. ئەو لە بارەی مێژوو وفەرهەنگی نەتەوەی كوردەوە ئەوەندەی زانیاریی بەنرخ‌و سەرنج راكێشای دامیّ كە بەراستی من بوومە ئۆگری مەسەلەكە. هەروەك گوتم بووین بە دۆستی زۆر نزیكی یەكتر. زۆر جار چاومان بە یەكتر دەكەوت. چەندجار لە بەغدایە میوانی بووم. بە سواری ماشینە پیژۆیە كۆنەكەی دەگەڕاین. هێندێك جار دەیگوت:"چاوت لیّیە نەیارانم دەڵێن بە سواری بێنزی ئاخرین سیستم دەگەڕێم!".

دوكتور قاسملوو منی لەگەڵ چەندین شەخسییەتی ناوداری كورد بۆ وێنە "هەژار"و" هێمن"ئاشنا كرد. لەگەڵ هێمن جگە لە شەراب هیچ خالێكی هاوبەشی دیكەمان نەبوو. بەوحاڵەش پێكەوە زۆر شەوی خۆشمان رابوارد. جگە لە مەش هێندێك شەخسییەتی بەوەجی دیكەی وەك "هەمزە عەبدوڵلا"ی پیّناساندم. ئەم مەسەلەیە بۆ من زۆر گرینگ بوو.چونكە ناسیاوی‌و چاوپێكەوتنی كەسایەتی‌یە گەورەكان، لای من هەمیشە گرینگی‌یەكی تایبەتی هەبووە. بۆ هەواڵنووسێك زۆر

گرینگە کە دەستی بە شەخسییەتێکی کلیدی رابگاو،دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورد دا، کلیلێکی گرینگ بوو، بەتایبەتی کە زۆر زانا بوو و هەستێکی قووڵی ئینسانیی هەبوو.

**پ: بیستوومانە پلینومێکی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە ماڵی ئێوە لە فەرانسە گیراوە کە دوکتر قاسملوو سەرپەرستی کۆبوونەوەکە بووە.ئەگەردەکرێ پێمان خۆشە بزانین چۆن بوو رێگاتان دا ئەم کۆبوونەوەیە لە ماڵی ئێوە پێك بێ؟**

**و:** لە کتێبی دووهەمی خۆم لە بارەی کێشەی کوردەکان دا، ئیشارەم پێ کردوە.لە دۆڵێکی نیزیك "شامبور"لە کۆشکێکی گەورە دا دەژیاین. جێگاو رێگایەکی زۆرمان هەبوو. ئەوکات حیزب لە باری ماڵییەوە وەزعی باش نەبوو. بە دوکتور قاسملووم گوت ئەوێ جێیەکی زۆر لەبارە، بۆیە دەتوانێ لەگەڵ هاورێیانی بێتە وێ. پیرێژنێك لە وێدا دەژیا کە دوکتور قاسملووی زۆر باش دەناسی. ئەم ژنە لە ماوەی ئەو سێ چوار رۆژەدا کە کۆبوونەوەی"کومیتەی ناوەندی" درێژەی هەبوو، کاری چێشت لێنانی ئەنجام دەدا. بەشدارانی پلینۆم زۆریان ئەو خۆش دەویست ولە کارەکان دا یارمەتییان دەدا. بەلاّم ئەو نەیدەزانی ئەم تاقمە، تێکۆشەری سیاسین کە دژی رێژیمی شا خەبات دەکەن.

**پ: دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی چەند جارسەری ئێران وکوردستانتان داوە؟ ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین جارێك لە جەرگەی شەڕی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وگەلی کوردستان{شەڕی سێمانگە}دا هاتوویە کوردستان، بێگومان ئەو کاتیش لەگەڵ دوکتور قاسملوو دیدارو وتووێژت بووە.چ بیرەوەرییەکتان لەو سەفەرە هەیە و وتووێژەکانتان زیاتر لە بارەی چ مەسەلەیەکەوە بوون؟**

**و:** لە راستیدا، سیپتامبری١٩٧٩بووكە سەری كوردستانی ئێرانم دا. ئەوكات نە شەڕ هەبوو نە ئاشتی. لە دێی"پشكاوێ" چاوم بە دوكتور قاسملوو كەوت. لە خانوویەكی بەردین دا دەژیا كە تەنیا ژوورێكی هەبوو. دەیگوت ئەوە یەكەم جارە بوومە خاوەنی چاوە خانوویەك.كەواو پاتۆلی لە بەردابوو و دەمانچەیەكی٧تیری لە قەدی بەستبوو.دەیگوت:"پێشمەرگەكان پێیان گوتووم چۆن تەقەی پێ بكەم، بەلاّم هێشتا فێر نەبووم چۆنی دەكاركەم!" شانسێكی باشمان هەبوو كە لەورۆژانەدا لەوێ بووین. چونكە{دوكتور قاسملوو}چەند رۆژ دواتر ئێمەی لە گەلّ خۆی برد بۆ میتینگێكی گەورە لە مەهاباد. لەوێ پێیگوتین ئێرە هەر ئەو جێگایەیە كە قازی محەممەدی لێ بە داردا كراوە. هەزاران كەس لەومەیدانەی وێ كۆببوونەوە.{ئەم رووداوە}زۆر كاری تێ كردین، بە راستیش جێگای سەرسوڕمان بوو،چونكە لەسەر تەپۆلكەكانی قەراغ شاری مەهاباد،تانكەكان دەبینران. پێم وایە ئەوە دواجار بوو كە هێمنم دیت. وێنەیەكی زۆر جوانی دوكتور قاسملووو یەكێك لە براكانیو هێمنم گرت. ئەم وێنەیە هەر ئێستا لەسەر مێزی نووسینەكەمە. لەم سەفەرەدا هێندێك لە واحیدەكانی پێشمەرگەم بینی كە زۆر رێكوپێك بوونو بەباشی رێكخرا بوون. لە كۆبوونەوەیەكی كۆمیتەی ناوەندییش دا بەشداریمان كرد.هەستمان بە خۆشییەكی زۆر كرد.سێ حەوتوو لەوێ بووین.

**پ: ئایا دوكتور قاسملوو سەبارەت بە كێشەی كورد هیچكات پرسو راوێژی بە رێزت وەكوو رۆژنامەنووسو شارەزایەكی مەسەلەی كورد،دەكرد؟**

**و:** ئێمە لەوبارەوە زۆر پێكەوە دەدواین. بەلاّم پێم وایە ئەمن لەو ئاستەدا نەبووم كە رێنوێنیی ئەو بكەم. ئەو مامۆستا بوو ومن قوتابی. بە لاّم زۆر جار لەسەر

ستراتیژیی بزووتنەوەی کورد، ئامانجی دوارۆژی خەباتی کوردەکان‌و لەسەر پێوەندیی حیزب‌و بەغداو هێندێك مەسەلەی لەم چەشنە پێکەوە قسەو باسمان دەکرد. من باوەڕم بە یەکبوونەوەی هەر چوار بەشی کوردستان هەیەو لەوباوەڕەدام کە دەبێ ببێتەئامانجی دوارۆژ .

**پ: ئاغای کریس کۆچیرا! کاتێك هەواڵی شەهید کرانی دوکتور قاسملووت بیست، تووشی چ هەستێك بووی؟**

**و:** ئەوکات ئێمە لە ئیرلەند بووین. هەموو بەیانان گوێمان دەدایە رادیۆ. بەیانی‌یەك گوێمان لێبوو گوتی:" **٣**کەس لە رێبەرانی کوردەکان کوژراون." دوای ماوەیەکی کورت ناوی ئەوانیشی گوت. ئەم هەواڵە ئێمەی بە توندی هەژاند. خێزانم دەستی کرد بە شیوەن‌و گریان، نەمزانی چ بکەم. لە دەستدانی دۆستێکی وەك دوکتور قاسملوو، دەردێکی گەورە بوو وپەژارەو نارەحەتیی لە رادەبەدەری خێزانیشمی هاتبووە سەر. هەروەك پێشتر گوتم دوکتور قاسملوو دۆستێکی زۆر نزیکم بوو. ١٨ساڵ بوو دۆست بووین. ئەوم لە هەلومەرجی جۆراوجۆر دا دیتبوو: وەك پەنابەرێکی سیاسی‌و، وەك رێبەری بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی بەهێز. بەلاّم ئەو هەموو کاتێك لە دۆستایەتی‌دا گەرم‌و گوڕو خۆبە کەمگر بوو.

**پ: بۆخۆت چ تایبەتمەندی‌یەکت لە دوکتور قاسملوودا بەدی دەکرد کە ئەوی لە رێبەرانی دیکەی کورد جویێ دەکردەوە؟**

**و:** دوکتور قاسملوو تاقە رێبەرێکی کورد بوو کە لە ئۆرووپا خوێندبووی، چەند زمانی بیانیی بە باشی دەزانی، خەڵکی ئۆرووپای باش دەناسی‌و دەیزانی چلۆنیان رەفتار لەگەڵ بکا،توانایی‌و لێهاتوویی‌یەکی زۆری لە دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە

لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی ئۆرووپادا هەبوو. پیاوێكی بە فەرهەنگ‌و سیاسەتمەدارێكی بە تەواو مانا بوو. بە بڕوای من ئەگەر دوكتور قاسملوو ئێستا مابایە، لەوانە بوو وەزعی كوردەكان لە كوردستانی عێراق‌و كوردستانی توركیەش، گۆڕابا.

* * *

# لەگەڵ دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە دەفتەری بیرەوەریدا

**مارف خەزنەدار:**

**یەکەمین بینینی لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا:**

لە یەکەمین بینین‌و یەکتر ناسین بە بێ ئەوەی هیـــچ بەڵگـەیێکی دیـاری کـراو لـە مێشکمدا بزێ،هەستم کرد رووبەرووی پیاو چاکێك بـووم، بـە کـوڵ ئـارەزووی ئـەوەم دەکرد ئەگەر لە دوارۆژدا ببین بە هاوڕێ، ئەمە دەبێتــە مایـەی بـەختیاری بـۆ مـن. ساڵی ١٩٥٩ بوو، من لە کەرکووك دەژیام، بەڵام هاتوچۆی بەغدام دەکرد، لەوکاتەدا لە گەشتێکی بەغدا بووم، پێش نیوەڕۆیەك لە دەزگای "کارگێڕی گشـــتیی خویندنـی کوردی" سەربە وەزارەتی پەروەردەی بەغدا بوو. ئەم دەزگایە تازە کرابۆوە بۆ کـــوردو یەکێك بوو لە دەسکەوتەکانی شۆڕشـــە سـوپاییەکەی ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨. لـە دانیشتنێك دا دوکتور "سدیق ئەترووشی" گەنجێکی لە تەمەنی خۆمی پـێ ناسـاندم "عەبباسی ئەنوەری" بوو، لە دوای ماوەیێکی زۆر وەکوو خـۆی وتـی: کاکـە گیـان بوومەوە بە ئەسڵەکەی خۆم "عەبدولڕەحمانی قاسملوو"، ئەمە لە ساڵی١٩٦٥ بوو لـە ئۆرووپا.

هەر لەو گەشتەی بەغدا بوو دوو جاری تر لەگـــەڵ قـاسملوو چاومـان بـە یـەکتری کەوتەوە. ئیتر بە تەواوی چووە ناو دڵمەوە. لەو سەردەمەداو تا ئێستاش مـن خولقـم خۆش نەبووە لەگەڵ ئەوانەی سیاسەتیان کردبـووە پیشـەی رۆژانـەیان، بـەڵام لەگـەڵ قاسملوو وانەبووم، هەر لەسەرەتاوە بۆم دەرکەوت لاوێکە پڕ لە جموجۆڵ‌و کۆشش، لـەو کاتەی خۆی تەرخان کردوە بۆ سیاسەت(دیارە بە نهێنی‌و لــە ڕێـی پارتییەتییـەوە)،

کەچی قوتابی‌یەو دەیەوێ فێر ببێ، فێری هەموو شتێك، زمان‌و زانیاری‌و زانست‌و چێژی ئەدەبی‌و شارەزایی لە کولتووری نەتەوایەتی.لەو چەند ڕۆژەی بەغدا بڕیارمان دا ئاگاداری یەکتری بین ، هیچ نەبێ بە نامەو نووسین لە هەرکوێ‌یەکی ئەم گێتی‌یە بین یەکتر بەسەر بکەینەوە. وابزانم هەردووکیشمان ئەوەمان نەدەزانی چارەنووس تۆماری بۆ کردووین زۆربەی ژیانمان لە دەرەوەی نیشتمان بێ.

**کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەرلین:**

لە ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە شاری "بەرلین" بەسترا، ئەوکاتە بەرلین کرابووە دوو پارچە (ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا)، بەڵام دیوارەکە هێشتا دروست نەکرابوو. ئەو کۆنگرەیە یەکێك بوو لە کۆنگرە گەورەکانی خوێندکارانی کورد. قوتابیانی هەموو لایەنەکانی کوردستان، ئەوانەی لە ئۆرووپا دەیانخوێند بۆی هات بوون ، تەنانەت دەسەڵاتی شای ئێران ڕێگەی دابوو "ئیحسان نووری پاشا"ی پەنابەری سیاسیی کوردی تورکیا لە ئێرانەوە بە میوانداری بێ بۆ بەرلین،دوو یاوەریان لەگەڵ ناردبوو یەکێکیان کوردی سنەو ئەویتریان کوردی مەهاباد بوو.ئەوەی جێی شادی بوو بۆ من ئەوە بوو دوو کەسی نزیك لە من یەکێکیان عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو لە چێکۆسلۆڤاکیاوە هاتبوو، نوێنەری قوتابیانی کوردی ئەوێ بوو لە کۆنگرەکەدا، دووەمیان کامەران بەدرخان لە پاریسەوە هاتبوو. ڕۆژانی کۆنگرە تەبایی‌یەك لە ناوەوە بوو لە نێوان ئەو قوتابییانەی لە هەموو لایەنەکانی کوردستانەوە هاتبوون، بە دەگمەن کورد ئەم تەبایی‌یەی بە خۆیەوە دیبوو، بەڵام داخی گرانم بەردەوام نەبوو. کاکی قاسملوو دەوری گرینگ بوو، چونکە جموجۆڵی‌و بینینی‌و بۆچوونەکانی لە تەمەنی گەورەتر بوون. بەشداری کردنی لە کارو باری کۆمەڵەی خوێندکاران زۆر بوو، ئەگەرچی لەوسەردەمەدا قوتابیی کوردی ئێران‌و تورکیا زۆر کەم

بوون‌و بە زۆری قوتابیان کوردی عێراق بوون. لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەی لەگەڵ قاسملوو لە بەرلین پێکەوە بووین، زیاتر لە بیروڕاو ڕەوشت‌و چێژی قاسملوو گەیشتم، ئەوەم بۆ روون بۆوە ئەم قوتابی‌یە تەنیا کەسێکی سیاسی‌و ئەندامی پارتی‌یەکی نهێنی نی‌یە، بەڵکوو وەك ئادەمیزادێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر خۆی دەنوێنی‌و چێژی ئەدەبی هەیەو ئەگەر بایەخ بەم لایەنەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیمان بدا پسپۆڕێکی دیاری لێ دەرسکێ. لەو ڕۆژانەدا پەیمانم لەگەڵی‌دا بەست بە نامەو نووسین ئاگاداری یەکتری بین‌و ئەوەم تێ گەیاند لە دوای سێ مانگی تر، واتە لە پاییزی داهاتوودا لە مۆسکۆوە ماڵ دەگوێزمەوە سانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسا)و ئاگاداری ناوونیشانی خۆمی دەکەم.

**لە سانت پیترسبورگ لە بەهاری ١٩٦١:**

ماوەیەکی کەم بەسەر قۆناغی خوێندنی بالاّمدا تێپەڕ بوو لە ئامۆژگاری ڕۆژهەلاّتناسیی ئەکادیمیەی زانستی لە سانت پیترسبورگ. بەیانی‌یەك سکرتێری ئامۆژگار ئاگاداری کردم کوردێك بە میوانی هاتۆتە سانت پیترسبورگ‌ولە ئوتێلی "ئەستۆریا" دابەزیوە، ئەمە کۆنترین‌و گەورەترین ئوتێلی ئەو شارە بوو کە زیاتر لە دوو سەد ساڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رووسیا بوو. کابرای میوان هەواڵی منی پرسی بوو، منیش لەو کاتەدا بیرم بۆ سێ چوار کەس چوو، یەکێك لەوان قاسملوو بوو. بە پێ کەوتمە رێ بەرەو ئوتێلی ئەستۆریا، چونکە لە ئامۆژگاکەمانەوە نزیك بوو. جێی گوشادی‌یەکی بێ‌پایان بوو کە روو بە رووی قاسملوو بوومەوە. بە خەندەو بزەی خۆشی‌یەوە دەستم لە ملی کردو وتم:کاکی خۆم تۆ کابرایەکی سیاسی، بە ئیش‌و کاری

تایبەتیی خۆت هاتووی، تکایە پێم بڵێ چەند لێرە دەبیو چەند بەرمن دەکەوی؟ وتی: سێ شەو لێرە دەبمو شەوو ڕۆژێك بەر تۆ دەکەوم، ئینجا ڕوو دەکەمە مۆسکۆ.

یەکەمین هەنگاو ئەوە بوو پێکەوە چووین بۆ خانەی قوتابیانی لێکۆڵینەوەی باڵای ئەکادیمیە، من لەوێ دەژیام. کابرایەکی ئازەربێجانی ئێرانمــان لا بـوو، لـە مـەهاباد ژیابووو کوردیی دەزانی، کە لەگەڵ قاسملوو لە ژوورەکەی من ڕووبەڕووی یەکتر هــاتن دەستیان لە ملی یەکتر کرد. قــاسملوو وتــی:ئەمــە نــاوی عەســکەر سـلێمانی‌یە، لــە ڕۆژگارانی کۆمەڵە لەگەڵ ئێمە لە ڕێکخراوی گەنجان بووە لە دوای ڕووخانی کۆمــاری کوردستان، ئاوارەی ئازەربێجانی سۆڤیەت بووە. لەو سەردەمەدا عەســکەر لــە بــاکۆ دەژیاو بۆ خوێندنی باڵا لە بەشی مێژوو هاتبووە سانت پیترســبورگ. قــاسملوو تــەنیا ماوەی دوو کاتژمێری وەخت هەبوو تەماشای مۆزەخانە بەناوبانگەکەی "ئــەرمیتاژ" بکا. پێکەوە لە ناو باڵەخانەی زستانە ئەم دوو کاتژمێرەمان بردە ســەر. قــاسملوو بــە شــەوقەوە ڕووی دەکـردە مــنو ســەری بــادەدا بــەوەی ئامۆژگاکــەم لــە باڵەخانــەی "میخایلۆڤك" لە نزیك ئەرمیتاژەوەیە، دەیوت: تۆ زۆر بــەختیاری هــەموو ڕۆژ لــەو دیوو لەم دیوەوە بە پێش دەرگاکانی ئەرمیتاژدا تێدەپەڕی. لە پاش بینینی ئەرمیتاژ بۆ ماوەیەکی کەم سەری لە بەشی کوردۆلۆجیی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی دا، لەگــەڵ کارگــەرە زانســتی‌یەکاندا ئاشــنایەتی پــەیدا کــرد، بەتایبــەتی "قــەناتی کــوردۆ"ی ســەرۆکی بــەش. لــەو مــاوە کەمــەدا قــاسملوو زۆر بــە تەنگــەوە بــوو چـــاوی بـــە "بالی"ی"دەریاچەی سۆنە"ی چایکۆفکسی بکەوێ. دەیوت: کارێکی چاکە لێرە یا لە مۆسکۆ چاوم پێی بکەوێ، بەڵام ئەمە کارێکی قورسە چونکە هــەموو کــات پیشــان نادرێو بلیتیش زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوێ. ڕێکەوتێکی سەیر بــوو، وتم: ئەگــەر ئەم شەو چاوت بەو بالی‌یە بکەوێ چی دەڵێی؟ وتی:ئەمە گاڵتەیــەو هــەر نــابێ! وتم:

ئەگەر بوو؟ وتی: بۆ تۆ خرۆشۆڤی؟ بەپێکەنینەوە وتم: رەنگە. ماوەی دوو مانگ پێش ئەو کاتە بلیتی دوو کەسم دەست کەوتبوو بۆ ئەو بالی‌یەو ئەو شەوەی قاسملوو لەگەڵ من دابوو پیشان دەدرا. سەردەمێکی گیانی‌و سۆزی رۆمانتیکیمان پێکەوە بردە سەر لە شانۆی گەورەی سانت پیترسبورگ. بە دەگمەن ئەو چێژە هونەری‌یە بەرزە حەقیقی‌یە لە سیاسییاندا دەردەکەوێ. بەڵام بەراستی قاسملوو نموونەی ئادەمیزادی هوشیاری تێکۆشەری خەباتگێڕی زانای نووسەری هونەروەر بوو، دەیتوانی لە ژیانی پراکتیکی تایبەتی خۆیدا بەشی هەموویان بپارێزێو جێیان دیاری بکا.

**لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٨ەوە تا ساڵانی سەرەتای حەفتاکان:**

ئەو ساڵەی بە یەکجاری لە رووسیاوە گەرامەوە بەغدا(١٩٦٨)و لە زانستگای بەغدا بە مامۆستای ئەدەبی کوردی دامەزرام، قاسملوو لە بەغدا بوو. بێگومان خەریکی کاروباری سیاسی بوو لەگەڵ هاورێکانی‌و دەیانویست نێوەندی جموجۆڵی حیزبایەتییان بگوێزنەوە بەغدا. لەو ماوەیەدا بە تایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی بەیانی١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق‌و شۆڕشی کورد بە فەرماندەیی مەلا مستەفا بارزانی رێگە خۆشتر بوو بۆ کاروباری قاسملوو و هاورێکانی. لەو ماوەیەدا وەکوو خۆیان، دەیانوت ماڵی ئێمە لە گەرەکی داوودی (مەنسوور) لە بەغدا، یەکێك بوو لە ماڵەکانی خۆیان، هاتنیان بۆ لای ئێمە حەفتانە بوو. لە هەموویان زیاتر قاسملوو خۆی هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، ئیتر "هێمنی" شاعیر و عەبدوڵلای حەسەنزادە و کەریمی حیسامی‌و هی تریان هەمیشە ئێمەیان بە سەر دەکردەوە.لەو ماوەیەدا بوو، قاسملوو دەیوت بۆ جاری دووەم نامەی دوکتۆراکەی لە بابەت کوردو کوردستانەوە- کە وەپێش لە شاری "پراگ" بۆ جاری یەکەم بە

عەرەبی بلاّوی كردبۆوەلە بەیرووت بلاّوی بكاتەوە. ئومێدی زۆری بە من بوو ئەوكارەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنم.بەتایبەتی لە نامە نووسیندا بۆ ئەو بلاّوەخانەی بەیروت كە كتێبەكەی چاپ دەكردەوە. بەلاّم داخی گرانم كە كتێبەكەیان چاپ‌و بلاّو كردەوە، لە مەرجەكانی قاسملوو لایان دابوو، لەبەر ئەوە ناچار بوو بەیانێك لە رۆژنامەی "التاخی=برایەتی"ی بەغدا بلاّو بكاتەوەو ئەم چاپەی كتێبەكە بە هی خۆی نەزانێ.

لە نیوەی یەكەمی حەفتاكاندا هەرچەندە قاسملوو مەڵبەندی ژیانی لە بەغدا بوو، بەلاّم گەشتی دەرەوەی زۆر بوو. لەوسەردەمەدا رۆژنامەی "كوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بە رێكوپێكی بلاّو دەكرایەوە. دەنگێكی باشی هەبوو و سەرچاوەیەكی گرنگ بوو لە پراكتیكی دروست كردنی زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردیدا.رووداوەكانی بەهاری١٩٧٤و كشانەوەی شۆڕشی كوردستانی عێراق بۆ ناو شاخ‌و نوشوستی‌یەكەی بەهاری‌ساڵی ١٩٧٥، كاری گەورەی كردە سەر دوارۆژی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد، بێ‌گومان حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، واتە قاسملوو و هاورێكانی ئەوانیش تووشی چەرمەسەری بوون، جارێكی تریش هەندێكیان روویان كردە زێدو مەڵبەندی خۆیان، هی تریش بۆ هەندەران، بەم شێوەیە جارێكی دیكەش لەگەڵ قاسملوو لە یەكتری دابڕاین، ئیتر شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەستی پێ كرد، من خانەنشین كرام‌و لە زانستگای بەغدا دوور خرامەوە(١٩٨١). ئینجا رووم كردە ولاّتی جەزائیرو لە زانستگای "عەننابە" دامەزرام، قاسملووش خەریكی سیاسەت‌و حیزبایەتی بوو لە نێوان كوردستان‌و عێراق‌و ئێران‌و ئۆروپادا دەسووڕایەوە.باوەڕ ناكەم لەو ماوەیەدا ئەو منی لە بیر كردبێ یا من ئەوم لە بیر كردبێ. بە نامەو راسپاردە یەكتریمان بە سەر دەكردەوە. وەفای بەرامبەر بە من‌و

بنەماڵەو خیزانمان بێ سنوور بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ـ١٩٨٤ کە لە هەولێر تێدەپەڕی‌و دەچووە ناو شاخ، لە خێزان‌و ماڵی ئێمەی دەپرسی‌و بە خەڵکانی خۆی رادەگەیاند ئاگاداری منداڵەکانم بن لە هەولێر.قاسملوو دۆستێکی باش بوو. ئاگاداری هەموو کاروبارێکی ورد و درشتی ژیان بوو، هەموو رووداوێکی پێوەندی بە خۆی‌و کەسوکاری‌و حیزب‌و هاورێ و برادەرانیەوە بوو، کاتی بۆ دەرەخساند بیری لێ بکاتەوەو دەست بۆ هەموو جۆرە چاکەو کردەوەی باش درێژ بکا.

**لە ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس:**

لە دوا رۆژانی مانگی ئاغستوسی ساڵی١٩٨٦ ئێوارەییێکیان ماڵاوایيم لە کوردناسی فەرەنسی "جۆیس بلۆو" کرد، بە ناوی ئەوەی لە دوای دوو رۆژ دەگەڕێمەوە جەزائیر. شەوی پێشتری ئەو رۆژە قاسملوو گەیشتبووە پاریس‌و بیستبووی من لەوێم‌و لە پاش دوو رۆژی تر دەگەڕێمەوە. شەو تەلەفۆنم بۆ کرا، بۆنیوەڕۆی رۆژی دوایی برادەرێکی خۆشەویستم دەمێکە منی نەدیوە لە ریستورانێکی چینی بەرامبەر کلیسەی "نۆتردام" چاوەنوارم دەبێ.

پێش بینینی هەستم کرد دەبێ ئەم برادەرە قاسملوو بێ. بەراستیش ئەو بوو. دانیشتن‌و کۆڕێکی لە بیر نەکراو بوو، بە دەم نان خواردنەوە نزیکەی سێ‌کاتژمێر دەمەتەقێ بوو. قاسملوو بوو لەگەڵ "قادریی" هاوڕێی مەسئوولی رێکخراوی ئەورووپایان لەگەڵ "جۆیس بلوو"و کچێکی فەرەنسی رۆژنامەنووسی کۆمۆنیست. بە قاسملووم وت: ئەم کچە جوانەت بۆ هێناوە، خۆ من فەرەنسی نازانم! وتی: بۆیە بانگم کردوە چونکە ئەو رووسی دەزانێ، من چۆن یەکێك بانگ دەکەم بۆ میوانداریی تۆ، زمانێك کۆتان نەکاتەوە. لە ماوەی ئەو سێ کاتژمێرەدا بایی سێ رۆژ گفتوگۆمان

كرد، یادگارێك بوو بە هیچ جۆرێ لە بیر ناچێتەوە. بەتایبەتی لە پاشانا كە قاسملوو و هاوڕێكانی بە دەستی چەپەڵی دوژمنانی كورد شەهید كران. ئەو سێ كاتژمێرەی پاریس لە حوزووری عەبدولڕەحمانی قاسملوو دوا ماڵ ئاوایی بوو و جارێكیتر چاومان بە یەكتری نەكەوتەوە. قاسملوو گێتییەكی بێپایان بوو لە سۆزو كۆششو جوامێریو نیشتمانپەروەریو ڕۆشنبیریو هەستی ناسكی شاعیرانەو، گەلێ ڕەوشتی مرۆڤایەتی كە بە دەگمەن لە تاكە كەسێكدا كۆ دەبێتەوە. قسە لەم بابەتەوە لای من زۆرە. گێتیی قاسملوو بەرزو فراوانە، جارێ با ئەمەندە بەس بێ تاكاتی خۆی. نەمری بۆ یادی شەهیدی كورد عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێكانی.

* * *

## چەند وشەیەک بە یادی پیرۆزی دوکتور قاسملووەوە

**محەممەدی مەلاکەریم:**

ناسیاریم لەگەڵ نەمر "دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو" ئەگەڕێتەوە بۆ دووهەمین ساڵی شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە مەزنەدا، بە هۆی ئەو دەوارە ڕەشو سەنگینەی تیرۆرو کوشتوبڕو زەبروزەنگی ڕێژیمی کوودەتای خوێناویی شا ـ شوارتسکۆف ـ زاهیدی‌یەوە بە سەر سەرانسەری ئێران و گەلانی ئێراندا هەڵ درابوو، کۆمەڵێکی زۆر لە خەباتکارانی ئێرانی لە کوردو فارسو گەلانی‌تری ئێران ڕوویان کردە عێراقی ئازادیو دیموکراتیو شۆڕش. یەکێکیش لەوانە دوکتۆر قاسملوو بوو کە ئەو سەردەمە بەش بە حاڵی ئەوانەی ڕووبەڕوو نەیان ئەناسی، بە (عەبباسی ئەنوەری) ناوبانگی دەرکردبوو. عەبباسی ئەنوەری، یا دوکتۆر قاسملوو، بە عێراقو کوردستانی عێراق نامۆو نائاشنا بوو. ئەو، ئەوەندەی من پێی بزانم، یەك دوو ساڵ پێش شۆڕشیش لانی کەمی جارێکی‌تر لە ڕێگای "قەڵادزەوە" هاتبووە کوردستانی عێراقو لەوێوە گەیەندرابۆوە بەغداو لەوێشەوە دەرفەتی سەفەری بۆ دەرەوە بۆ ڕەخسێنرابوو. لە بەر ئەوە، کە پاش شۆڕش گەڕایەوە، کۆمەڵێ دۆستو برادەری کۆنی هەبوو و کۆمەڵێکی‌تریشی بۆ پەیدا بوو کە خۆشبەختانە بەندە یەکێکیان بووم. من، دوکتۆر قاسملووم لە ڕێگای دۆستی دێرینم خوالێخۆشبوو کاك "نەژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا"و برادەری خۆشەویستم دوکتۆر "عیززەدین مستەفا"و نیشتمانپەروەری شەهیدی ئێرانی "پەرویزی حیکمەتجۆ"وە ناسی. لەو ماوە کەمەی پێش دەرپەڕاندنی دوکتۆر لە عێراقدا کە پێوەندیی دۆستایەتیم لەگەڵی هەبوو. چونکە جارێ ڕێکەوتوە کۆبوونەوەی چەند دۆستو برادەرێ، هەردووکمانی خستۆتە

یەكو پێكەوە دانیشتووینو لە زۆر بابەت دواوین كە زۆرتریان سیاسەت بووەو، منیش لەو گفتوگۆیانەدا چەردەیەك بەشداریم بووە. لەو ماوەیەدا تازە بەشی كوردیی كۆلیژی ئەدەبییاتی زانستگای بەغدا كرابــۆوە. كۆمــەڵێ پســپۆڕی ئــەدەبییاتی كــوردی وەك "مامۆستا گۆران"و "مامۆستا عەلائەدین سەججادی"و "جگەرخوێن" موحازەرەیان تیا ئەدا. دوكتۆر قاسملوویش موحازەرەی لــە بــاری ئــابووریدا ئــەدا. بــە دەركرانــی دوكتۆر لە عێراق، قوتابییەكانی لە مامۆستایەك بێبەش كران كە بــۆ یەكــەمجار لــە مێژووی خوێندنا ئابووریی كوردستان،( تێكڕای كوردستان)ی بۆ لێــك ئەدانــەوەو بــە پێی بەرنامەیەكی زانستییانە بابەتەكەی بۆ شی ئەكردنەوە.

دواجاری كۆبوونەوەی ئەو ماوەیەم لەگەڵ دوكتۆر لە ماڵی خۆیانا بوو و بە بۆنــەی بڕیاردانی دەركردنیو خۆئامادەكردنیەوە بوو بۆ ڕۆیشتنو بــە جێهێشــتنی عــێراق ... هەر لەو دانیشتنەدا بوو ئەتڵەسێكی گەورەی هەموو كیشوەرو ولاَتانی جیهانی دامێ كە لەگەڵ جیۆگرافیایەكی بەربلاَوی ولاَتانی جیهاندا بە رووسی لە مۆسكۆ لــە چــاپ دراوە. دوكتۆر خۆی لەو ئەتڵەســەدا پیشــانیدام كــە چــۆن لــە نەخشــەی سروشــتیی ڕۆژهەلاَتی نزیكی ئەو ئەتڵەسەدا لەسەر ناوچەی كوردستاندا ناوێكی (كوردســـتان)ی لێ نووسراوەو بەشێكی زۆری ناوچەكەی گرتووەتەوە. ئەتڵەسی باسكراوم، ئێســتایش، وەك سەرچاوەیەكی بەنرخو یادگاری دۆستێكی ئازیزی خۆم هەڵگرتوە. پاش ئەوە ئیتر تا پاش ڕێكەوتنەكەی ١١ی مارتی ١٩٧٠و بە یەك گەیشــتنەوەی زۆر لــەو دۆســتو برادەرانەی بە هــۆی بــاردۆخی نالــەباری ســالاَنی پێشــترەوە بــەملاولادا بلاَوەیــان لێ كردبوو، دوكتۆرم نەدییەوە.

ئەم جارە كە دوكتۆر هاتەوە عێراق تا ناوەڕاستی ١٩٧٤و تازە بوونەوەی جــەنگ لە كوردستان بەیناو بەین یەكترمان ئەدی. لەم دەمەدا دوكتۆر ئەندامی كارای كــۆڕی

زانیاریی کوردو لــە وەزارەتــی نەخشەکێشــانی عــێراقیشدا پســپۆڕ بــوو. هــەر لــەو ماوەیەدا بوو چاپێکی دەسکاری کراوی عــەرەبیو یــەکێکی دیــی کوردیــی "کــوردو کوردستان"ەکەی لە بەیرووتو بەغدا بلاّو کرانەوە. ئــەم کــارە دەرفــەتی ئــەوەی بــۆ خوێندەوارانی عەرەبو کورد رەخساند کە لــە نزیکــەوە دوکتــۆر بناســنو بەرهــەمی باشتریان لە زانستی ئەو دەسگیر ببێ. هەڵوێستی سیاسیی دوکتۆرو حیزبەکەی لــەدوا دواییی ئەم قۆناغەدا بە دوای وەستاندنی شەڕی براکوژی لە کوردستانو گەڕانەوە بــۆ سیاســەتی چــارکردنی مەســەلەی کــورد لــە رێگــای ئاشتییەوە، ئــەو مەســـەلەیە گەیشتبووە تەنگــەلانێکی زۆر خەتــەرناك، وەك پاشــتریش بــۆ هــەموان روون بــۆوە، هەڵوێستیٚ بوو هیچ لایەك لــەو لایەنانــەی لەگــەڵ مەســەلەی کــورد دانوســتاندنیان هــەبوو، نەگەیشــتبووە ئاســتێکی دوور بینانــەی بڵنــدو بــالاّی وەك ئاســتی ئــەو هەڵوێستەی ئەوان وەریان گرت. قۆناغێکیتری یەکتری دیتنــەوەمان لەگــەڵ دوکتــۆر پاش شۆڕشی دەست بەسەرداگیراوو بە ئاکام نەگەیشتووی گەلانی ئــێران بــوو. پــاش بەرەنگاری یەکدیبوونەوەی گەلی کوردی کوردستانی ئێرانو رێژیمی حوکمڕانــی نوێــی ئێرانو لە ئەنجامدا داگیرکردنەوەی ناوچە لە کۆنترۆلی دەوڵەت دەرچووەکانی کوردستان کە دوکتۆرو حیزبەکەی ناچــار بــوون بنکــەی خۆیــان بگوێزنــەوە بــەری کوردســتانی عێراقو، ئیدی دوکتۆر گەلێجار سەری لە بەغدا ئەداو بەندەیش گەلیٚ جار ئەچوومــە سولەیمانی، دیداری دوکتۆرم چەند جاریٚ بە درێژی بۆ رەخسا.

لەو دەرفەتەدا بوو دوکتۆر نامیلکەیەکی، وەك بەشێك لــە ئــەدەبییاتی حــیزب، بــلاّو کــردەوە: "کورتــە باســێك لەســەر سۆســیالیزم"و، لــە بــەراورد لەگــەڵ جــۆری بیرکردنەوەی بڕێکی زۆر لە سۆسیالیستو چەپڕەوەکانی ئەم ناوچەیە شتێکی نویٚ بــوو

و هەروا بە ئاسانی بۆ هەموو کەس قووت نەئەچوو. ئەم نامیلکەیە، نیشانەی ئاسۆیەکی بە راستی کراوەی دوکتۆرە کە دەمێ ساڵ بوو لای ئەو چەکەرەی کردبوو و سەری هەڵدا بوو و ئەرکو مەینەتی زۆریشی لە ئۆرووپا لە رێگای ئەو ئاسۆ بیری‌یەدا هاتەرێ. من دڵنیام ئەگەر دوکتۆر بە هۆی نیازپاکی‌و دەروون خاوێنیی خۆیەوە نەبوایە بە داوی ئەو پیلانەوە کە تیرۆریستەکانی رێژیمی ئێران بۆیان نایەوەو تا ئەم رۆژە پڕگەردەلوولانەی ئەمڕۆ بمایایەتەوە، دەورێکی گەلێ دیاری لە دیاری کردنی چارەنووسی دوارۆژی گەلی کورددا لە هەر پارچەیەکی کوردستانو بە تایبەتی لە کوردستانی ئێرانو عێراقا ئەدی.

دوکتۆر قاسملوو سیاسەتمەدارێکی زاناو دیپلۆماتیکی هەڵکەوتوو بوو. شارەزای سیاسەتی جیهانی‌و هێڵی رەوتی بەرەو دوارۆژ بوو، بەڵام بەداخەوە لە کەفوکوڵی ئەو جۆشو خرۆشەدا کە شۆڕشی ئێران لە ئەنجامی تووڕەیی‌و کینەی ساڵەهای ساڵ پەنگ خواردوەوەی دڵو دەروونی جەماوەری گەلی ئێرانا کە دەرفەتی دووربینی‌و بیرکردنەوەو پەندو عیبرەت وەرگرتن لە رووداوەکانی پێشووی ئێران خۆی‌و، وڵاتانی دراوسێ، بۆ هیچ کام لە پێشەنگە سیاسی‌یەکانی ئەو جەماوەرە نەئەرەخسا، لە توانایدا نەبوو دەست بەسەر رەوتی رووداوەکانا بگرێو بە جۆرێکی بەرێوەبەرێ لەو کەندو کۆسپانەی بپارێزێ. پاشان هاتنە رێی‌و ئاکامەکەی بوو بە هۆی دەست گرتنی تاقمێکی پاشکەوتووی بە عەقڵی سەدەکانی ناوەراست بیر کردووەوە، بە سەر کوردستانو گەلی کوردو هەموو گەلانی ئێرانا. نەهاتو زەبرو زەنگو کوشتو کوشتاری ئاشکراو نهێنی، هەموو کونو قوژبنێکی وڵاتی گرتەوەو، لە درێژەکێشانی ئەو بارە نالەبارەدا، نەك هەر بزووتنەوەی گەل تێکشکا، بەڵکوو دوکتۆر خۆیشی‌و کۆمەڵێ لە سەرکردەکانی حیزبەکەی‌و سەدان لە هاورێیانی لەو گەرداوەدا سەریان تیاچوو،

سەرەڕای ئەو زەرەرو زیانە بێ شومارەیەش لەگەڵی کوردو لە ئاوەدانیو سامانی کوردستان کەوت. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، ڕێگای خەبات هەمیشە بە ڕێبوارانی کۆڵنەدەری هەر ئاوەدان بووەو کاروانی تێکۆشان قەت پاڵی لێ نەداوەتەوەو سڵی نەکردوەتەوە. ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە هەر بۆ پێشەوە ڕۆیشتوەو ئەڕوا، هەموو بەڵگەو نیشانەیەکیش وا ئەگەیەنێ هەوری ڕەشی ئاسمانی کوردەواری لە ڕەوینەوە دایەو، ئەو سەدەیەی دادێ مژدەی خۆشی بە موراد گەیشتنو وەدەستهێنانی ئازادیو دیموکراسیو هاوسانیی بۆ کوردیش پێیە. دەسا، هەمیشە هەر بەرزو شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆزی قازی محەممەدو سەیفو سەدری قازیو قاسملوو و شەرەفکەندیو دەیانو سەدان هاوڕێی بۆ کوردو کوردستان لە گیان بووردوویان!

* * *

## چەند بیرەوەری دەربارەی دوکتور قاسملوو

**دوکتور مەحموود عوسمان:**

لەبەر ئەوەی کە نزیکەی سێ دەیە پێوەندیی نێزیکم هەبووە لەگەڵ شەهید د.قاسملووداو تا ڕادەیەك شارەزای بیروڕاو بۆچووونی بووم، بە پێویستی ئەزانم بە بۆنەی تێپەڕبوونی دە ساڵ بە سەر شەهید کرانیدا زۆر بە کورتی ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەم دەربارەی، کە زیاتر لایەنی جۆری بیرکردنەوەو خەباتی ئەم تێکۆشەرە ناسراوەی گەلی کورد دەرئەخەن بۆ ئەوەی زیاتر ئەم کەسایەتی‌یە لە لایەن نەتەوەکەمانەوە بناسرێت:

١ـ شەهید تا ڕادەیەکی زۆر بیرکردنەوەو بۆچوونی ستراتیجیکی هەبوو بۆ کێشەی کورد، دووربین بوو لە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنو چارەسەرکردنیاندا، لە بەر ئەوە بە ئاسۆیەکی فراوانەوە تەماشای وەزعی کوردستانی ئەکردو دوور بوو لە ڕەفتاری تەسکی حیزبایەتی. بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٧٥ ـ ١٩٧٢ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە توندوتیژیی یەکجار زۆر هەبوو لە نێوان سەرکردایەتیی شورشی ئەیلوولو بەغداو کۆسپ زیاد ئەبوون لەسەر ڕێگای جێبەجێ کردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٠دا، د.قاسملوو کە پێوەندیو ڕێزی هەبوو لەلای سۆڤیەتەکانو لای بەغداو لایەنی‌تریش، تا ڕادەیەك هەوڵی زۆری دا بۆ لابردنی کۆسپەکانو چەسپاندنی ئاشتی بە هاوکاریی ناوبژیکەرانی‌تر، لەگەڵ ئەوەش کە لە کوردستانی عێراق لەو کاتەدا حیزبی دیموکرات وەزعی باش نەبوو.. بەتایبەتی کە شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندی لەگەڵ تارانو پێویستی بە کۆمەکی ئێران زیاتر ئەبوو. لێرەدا دیارە د.قاسملوو پێی باش بوو ئەو سەرکردایەتی‌یە سەرکەوێتو ئاشتی بچەسپێت لەم پارچەیەی کوردستان کە بۆ ئایندەی هەموو کوردستان هەنگاوێك ئەبوو بۆ پێشەوەو، لێرەدا لە بەردەمی

بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی خۆیان نەوەستا. هەروەها دیمـــان کـە پـاش ئـەوەی ئـەم ئاشتی‌یە نەچەسپاو شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ بوو لە ساڵی ١٩٧٥دا، د.قـاسملوو کە کاری هەبوو لە بەغداو لەوێ ئەژیاو لە رووی سیاسیشـــەوە چـالاکیی ئـەکرد، بـە پەلە هەنگاوی نا بۆ بەجێهیشتنی بەغداو لەگەڵ زۆربەی سەرکردایەتیی دیموکرات کە لەوێ بوون، چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی لە عێراق نەمێننەوە نەوەك ڕژێمی بـەغدا هـەوڵ بدات سوودیان لێوەربگرێت بۆ هەر جۆرە دژایەتی‌یەکی کوردی عێراق کە لەوکاتـــەدا وەزعیان باش نەبوو، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش.

٢ـ راستە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بـــەر خـەباتی چـەکداری کـە تووشی ببوو، پێوەندیی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی عێراق بەلاّم دوکتور قاسملوو بـە درێـژەی شەڕی ئێرانو عێراق (١٩٨٨ـ١٩٨٠) زۆر لای گرینـــگ بـوو کـە حـیزبی دیموکـرات تیکەلاّوی لەگەڵ هێزەکانی عێراقی زۆر کـــەم بکاتـەوە، نـەوەك تووشـی تیکـەلاّویو شەڕکرانی هاوکات یان هاوبەش ببێ لەگەڵیان دژی هێزەکـانی ئـێران. واتـە هەسـتی ئەکرد کە پێوەندی لەگەڵ بەغدا ئەبیتو ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێـــت، بـەلاّم ئـەبێت سنووری بۆ دابنرێتو لەسەر حیسابی کوردی عێراق نەبێت.

٣ـ لەبەر ئەوەی د.قاسملوو خاوەن توانا بوو، چالاکیی سیاسیو دیپلوماسیو چەند زمانێکی بێگانەی ئەزانیو خۆێندبوویو ماوەیەك ژیابوو، شارەزایی لە وەزعی دەرەوە هەبوو، لەسەر ئاستی جیهانیدا پێوەندیی زۆر پەیدا کردبوو لە رۆژهەلاّتو رۆژئـــاوای ئۆرووپاو ڕێزی هەبوو بەتایبەتی لە لای حیزبـــەکانی سوسـیال دیموکـرات. بـەم پێیـە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی جیـــهانیی سوسیالیســت ئەنتێرناسـیۆناڵ زیـاتر ببـوو و دەوری هەبوو لە وەرگرتنی حیزبی دیموکرات وەکوو چاوەدێر لـــەم ڕێکخـراوەدا. جگـە

لەوە دەورێكی گرنگی هەبوو لە بەستنی كۆنفرانسی جیهانیی گرنگی ١٩٨٩ لە پاریس لەسەر كێشەی كورد. ئەگەرچی خۆی فریا نەكەوت بەداخەوە تێیدا بەشدار بێت.

لە لایەكی ترەوە لە كاتێكدا كە دژی تیرۆرو بەكارهێنانی زۆر بوو و بڕوای وابوو كە هەموو كێشەیەك زیاتر دەبێت بە دیالۆگو ئاشتی چارەسەر بكرێتو بڕوای بە ڕێزلێنانی مافی مرۆڤ هەبوو و بەم پێیە لەسەر ئاستی دەرەوەدا زیاتر ناسرابوو، بەڵام كە پێویست ئەبوو دیمان لە كوردستانی ئێرانو عێراق چۆن وەكوو پێشمەرگەیەك چەكی لە شان بوو و لەگەڵ هێزەكانی حیزبی دیموكرات بۆ بەرگری لە مافی گەلی كورد دژی هێرشەكانی ڕێژیمی داگیركەری تاران لەگەڵ وەزعی ناخۆشی ناو شاخو داخدا گونجا بوو. واتە شەهید د.قاسملووم دیوەو ناسیوە وەكوو سەركردەیەكی خاوەن تواناو لێهاتوو لە دەرەوەو لە ناوەوەو لە زرووفی جیاوازدا، كە بەداخەوە لەكیسی كورد چوو، بەو شێوە پرناسۆرە. لە بەر ئەوەی كورد قەوارەی نیەو ئیعترافی پێنەكراوەو داگیركەران هەمیشە دژی بوونو دەوڵەتە گەورەكان غەدریان لێكردوە، زۆر لە سەركردە ناسراوەكانی كوردستان فێڵو غەدری گەورەیان لێكراوەو زوو شەهیدیش كراون. بەم پێیە وەكوو شێخ مەحموودی حەفید، شیخ سەعیدو سەید ڕەزاو ئیحسان نووری پاشا، سمكۆو قازی محەممەدو بارزانی، هەر بەم شێوەیەش خوێنی د.قاسملوو و هاوڕێكانی هەرزان كراو بە غەدر شەهید كران لە لایەن ڕێژیمی تارانەوەو لە كاتی گفتوگۆی ئاشتی، پێش دە ساڵ لە ١٩٨٩/٧/١٣ لە شاری ڤیەننا دیمان چۆن "نەمسا" كە وڵاتێكی ئۆرووپییە بكوژەكانی بە ئەمینی ناردەوە تارانو هەموو یاساو سەرەتاو بناغەیەكی مرۆڤایەتیی خستە ژێر پێوە. ئێستا كە یادی ١٠ ساڵەی شەهید قاسملوو ئەكەینەوە ئەبینین كە هەمان فێڵو غەدر لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجئالان

کرا کە ئێستا لە ژێر مەترسیی لە سێدارەدانە لە تورکیا. واتە دژایەتیی کوردو داننەنان بە مافەکانداو غەدرلێکردنی لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یەوە بەردەوامە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هەڤاڵ عەبدوڵڵا قادریو فازڵ رەسووڵو هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان.

سەرکەوتووبێت خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تاگەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی.

لەندەن ـ١٩٩٩/٥/٣١

* * *

## دوكتور قاسملوو عاشقی ئازادی‌و دیموكراسی بوو

**كاك عەلی مێهرپەروەر:**

ـ كاك دوكتور قاسملوو رووناكبیرێكی ئاكادمی، شۆڕشگێڕ بە تایبەتمەندیەكی بەرزی ئینسانی‌یەوەو شارەزا لەسەر مەسائیلی جیهانی‌و نێونەتەوەیی بوو.

ـ دوكتور قاسملوو یا هەر كەسایەتێكی وەك ئەو كاتێك دەتوانێ ئەركی نیشتمانی خۆی بە باشی بەڕێوە بەرێ كە كەرەسەو ئیمكاناتی بەرەوپێش‌بردنی ئاواتەكانی لە بەردەست دابێ. باشترین ئیمكانات بۆ شۆڕشگێڕێك بوونی "تشكل" یا رێكخراوێكی سیاسی‌یە كە ئەو شۆڕشگێڕە بتوانێ ئاواتەكانی خۆی لە ئاوێنەی بەرنامەو ئامانج‌و پێڕەوی ئەو رێكخراوەدا ببینێ. بۆ دوكتور قاسملوو حیزبی دیموكرات ئەو رێكخراوە بوو. لەوە زیاتریش ئەو رێكخراوە بە دەستی توانای "معمار"ێكی گەورەی وەك قاسملوو چاكسازی‌و تەعمیرو نوژەن كرابۆوە. هەر بۆیە قاسملوو لەگەڵ حیزب‌و حیزب لە گەڵ قاسملوو زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بگونجێن. حیزب لە زانست‌و ئەزموون‌و كەسایەتی قاسملوو كەڵكی وەردەگرت‌و قاسملوویش لە نفووز، ئیعتیبار، خۆشەویستی‌و پرستیژی ئەو حیزبە سوودی پێ دەگەیشت‌و یەكتریان تەواو دەكرد. قاسملوو حیزبی هێنایەوە سەر هێڵی راستەقینەی دامەزرێنەرانی، جارێكی دیكە كەسایەتی بەرزی سەربەخۆ بوونی پێ بەخشیەوەو وەزن‌و ئیعتیباری كز بووی بۆ گێڕایەوەو خۆی لە ژێر سێبەری ئەو كەسایەتیە بەرزەدا هەڵی‌داو زیاتر گەشەی كردو وەك رێبەرێكی هەڵكەوتوو لە دەرەوەی سنووری مەعنەوی‌و جوغرافیای حیزبیش پەلی هاویشت‌و بوو بە لایەنی پرس‌و را پێكردن‌و جێگەی بڕواو متمانەی دەوروبەرو نەزەرو بۆچوونەكانی لەبەر چاو دەگیراو بەرگی كردەوەی لەبەر دەكرا. هەر بۆیە وەك لە نێو حیزبی

دیموکرات‌دا خاوەنی نفووزو ئیعتیبارو قسەڕۆیی بوو، لەنێو بزووتنەوەی کوردیش‌دا سەری لە ناو سەران بوو و بەباشی نەخشی خۆی دەگێڕا.

ـ دوکتور قاسملوو حیزبی دووبارە داڕشتەوەو سەر لە نوێ چاکسازی تێدا کردو کردی بە حیزبێکی مودێڕن‌و خاوەنی بەرنامەیەکی روونی پێشکەوتوانەی گونجاو لەگەڵ سەردەم‌و دامەزراو لە سەر راستیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری . بە کورتی دوکتور قاسملوو حیزبی زیندوو کردەوەو خستیە سەر پێ‌و هێنایەوە نێو جەرگەی خەبات‌و تێکۆشان.

ـ دوکتور قاسملوو لەگەڵ فەرهەنگی ئۆرووپایی ئاشنایی تەواوی هەبوو، قاسملوو جگە لەوە کەلەباری زانستی‌یەوە خاوەنی پلەیەکی بەرز وەك دوکتورای زانستی ئابووری‌و مامۆستای زانکۆ بوو. لە باری سیاسیشەوە خاوەن پلەیەکی بەرزی تێگەیشتوویی بوو. کەرەسەی بەکارهێنانی زانستی خۆیشی کە زمانزانی بوو بە دەستەوە بوو، ئەو دەیتوانی زۆر بەئاسای بە چەندین زمانی زیندووی نێونەتەوەیی وەك فەرانسەی، ئینگلیسی، عەرەبی و... نەزەرات‌و بۆچوونی خۆی لە کۆڕو کۆمەڵی جۆراوجۆردا بۆ گوێگرانی باس بکاو شارەزایی خۆی لەو بوارەدا بسەلمێنێ. ئەگەر مرۆڤێك لەباری زانستی عیلمی‌یەوە خاوەن پلەیەکی بەرز بێت، بتوانێ بەزمانەکانی نێونەتەوەیی بێ‌گرێ‌و گۆل بدوێ ، خاوەن زیرەکی‌و هۆش‌و حافیزەیەکی بەرز بێت، فەرهەنگو کەلتووری رۆژهەلاتی زانایانە لە گەڵ کەلتوورو دابو نەریتی رۆژئاوا هاودەم کردبێ‌و لە هەر کامیان لە شوێنی خۆی کەڵکی وەرگرتبێ گومانی تێدا نیە سەرکەوتوو دەبێ.

ـ دوكتور قاسملوو بڕوای بە ڕێبەری دەستە جەمعی بوو. بۆیە خۆی بێنیاز لە نەزەرو بۆچوونی ڕێبەرایەتی نەدەزانی. ڕێزی بۆ دادەنانو تێدەكۆشا دەستیان بگرێو پەروەردەیان بكا. ئەوە قسەی دوكتورقاسملوویە كە دەیگوت ئێستا حیزبی دیموكرات خاوەنی ڕێبەرایەتیەكە كە ئەگەر چەند كەسێكی وەك خۆشی ڕۆژێك نەمێنن حیزب لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستێو چۆك نادا. كەوابوو كاك دوكتور بایەخی تایبەتی بەڕێبەری حیزب دەداو نەخشی ڕێبەری لە حیزبدا لە بەر چاو بوو.

ـ دوكتور قاسملوو كەسایەتی سەربەخۆ بوونی بۆ حیزب گێڕایەوە. لەو بوارەشدا تا مابوو پێی لە سەر ئەو ئەسڵە دادەگرتو حازر بوو نرخەكەیشی بدا. زۆر جاریش ئەو نرخە هەم بۆ خۆیو هەم بۆ حیزب زۆر گران تەواو دەبوو. بەڵام ئەو پێی وابوو سەربەخۆیی بڕیاردانو پاراستنی ئەو پرنسیپە بە هەموو نرخێك هەرزانە.

ـ زۆر ڕوونە كاتێك كەسایەتییەك هەڵگری نەخشێكی قورسو سەنگینە لە بزووتنەوەیەكدا، كاتی لە دەس چوونی هەڵگرتنی ئەو قورسایییە بۆ تاكە كەسێك ئەگەر نامومكینی نەبێ زۆر زەحمەتە. تەنیا ڕێگاچارە ئەوەیە كە ئەو قورسایە بە سەر كۆمەڵێكدا دابەش بكرێو پێكەوە باری گرانی لە سەر عەرز كەوتوو هەڵگرنو كەلێنی وا گەورە پڕ بكەنەوە. مرۆڤ هەرچەندە گەورە بێ هەرچەند زاناو تێگەیشتوو و لێهاتوو بێ كاتی نەمانی كەلێنەكەیشی بەو ڕادە گەورە دەبێو بۆ پڕ كردنەوەی هەوڵی زۆری دەوێ. بە خۆشیەوە هەر وەك لە پێشدا باس كرا، باوەڕی دوكتور قاسملوو بە ڕێبەری بە كۆمەڵو هەوڵدانی بۆ پێكهاتنی ئەو ڕێبەرایەتیەو جێكەوتنی ئەو پرنسیپە كاریگەری خۆی نواندو نەیهێلا كە نەبوونی دوكتور قاسملوو زۆر زۆر بە حیزبی دیموكراتەوە دیار بێ.

ـ ئەو دوو پرسیارە پێوەندی‌یان پێکەوە زۆرە. کاك دوکتور قاسملوو بە قووڵی بڕوای بە دیموکراسی بوو. عاشقی ئازادی‌و ئازادەیی بوو. بڕوای وابوو بێ ئەوەی دیموکراسی باڵ بە سەر وڵاتدا بکێشێ مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر ناکرێ‌و یەك لەوان مەسەلەی کورد هەر بۆیە دروشمی سەرەکی ئێمە دیموکراسی بۆ ئێرانە. ناکرێ کەسێك عاشقی دیموکراسی بێ‌و مافی تاکەکانی کۆمەڵی لە بەر چاو نەبێ بە تایبەت مەسەلەی ژنان. لە دوو روانگەوە کاك دوکتور بایەخی بە ئازادی ژنان دەدا. یەکەم وەك دیموکراتێك کە رزگاری مرۆڤەکانی لە دەلاقەی دیموکراسی‌یەوە دەبینی‌و هەم وەك دیموکراتێك کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئۆرووپادا ژیا بوو و لەوێ مافی ژنان تا رادەیەکی زۆر دابین کراوەو لە کۆمەڵگادا نیهادینە بوو و بوەتە بەشێك لە فەرهەنگیان. پێی وابو ژنان دەتوانن نەخشی کاریگەریان لە کۆمەڵگادا ببێ‌و شیاوە شوێنی تایبەتی خۆیان پێ بدرێ. هەروەها پێی وابوو پێش ئەوەی پیاوان مافی ژنان دابین بکەن، دەبێ ژنان بۆ خۆیان هەم مافی خۆیان بناسن‌و بزانن هەم بۆ مسۆگەر کردن‌و پاراستنی بۆ خۆیان هەوڵ بدەن‌و لێوەشاوەیی لە خۆیان لەو بوارەدا نیشان بدەن.

ـ کاك دوکتور قاسملوو ئۆگری موتالعەو خوێندنەوە بوو. رۆژانە کەمتر لە ٢ سەعات موتالعەی نەدەکرد. هەروەك پێشتریش باسم کرد شارەزایی بە سەر چەندین زمانی زیندوی دنیادا هەبوو. ئەهلی شیعرو ئەدەبیات بوو. قسە خۆش‌و نوکتەزان بوو ئەگەر لە مەجلیسدا دادەنیشت هەموو چاویان لە زاری ئەو بوو. شارازای سیاسەتی جیهانی بوو و سیاسەتوانانی ناوداری دەناسی‌و دۆستایەتی‌یەکی شەخسی لە گەڵ زۆر کەسی ناودارو دەسەڵات بەدەست لە بواری سیاسی‌دا هەبوو. ئەو تایبەتمەندی‌یانە

دەرەتانی کاری زیاترو پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتری بۆ شەخسی دوکتور قاسملوو و لە ڕێگای ئەویشەوە بۆ حیزبەکەی بەدەست دەهێنا.

****

# بەیادی کاک دوکتور لە شەوی هەزارەی سێهەمدا

**عەلی رەزا نووری‌زادە:**

ئومێد، کوڕی گەورەم کە ئێستا بووە بە لاوێکی رەشید، دوو سێ مانگە بوو کاتێك بۆ یەکەمجار ئەو شەوەی لە سەربانی ماڵی خەزوورم تێپەڕ بوو، زەمزەمەی پڕ لە خۆشەویستیی "ئاغا جلال‌الدین"م گوێ لێبوو کە ئومێدی لە ئامیز گرتبوو و دەی‌لاواندەوە: باوکەکەم، رەشیدەکەم، ئازیزەکەم، کاکەکەم‌و... لە گوێی بانەوە روانیم‌و ئەوم، کە لە حەوشی ماڵەکەیان پیاسەی دەکردو هەوڵی دەدا نەوە خۆشەویستەکەی بخەوێنێ، دیت.

گۆرانی‌یە کوردی‌یەکەی، ئاوێتەی شەو دەبوو و ئومێدی بچکۆڵەی من، بە دەنگە بلاوێنەکەی چووبووە خەوێکی شیرین. لە سەربان هاتمە خوارێ. ئاغا "جلالدین" ئومێدی لەسەر تەختێك دانابوو، لە تەنیشتی دانیشتم. وەك ئەوەی لە پڕ خەونێك لە خەوی راپەڕاندبێ، دەستی بە قسان کرد: باوکەکەم! ئەو رۆژەی حەمەڕەشیدخان راپەڕیبوو، ئەوکات کە تەرمی قازیمان بە فرمێسك شوشت، ئەو رۆژەی کۆلانەکانی مەهاباد بۆنی خوێنیان لێدەهات،... ئاغا "جلال‌الدین" بۆ حەمەڕەشیدخانی خۆی، بۆ قازیی خۆی، بۆ کۆلانە خویناوی‌یەکانی مەهابادو سنەی خۆی، لاوکی دەچڕی...

رۆژێك دەستی منی گرت‌و لەگەڵ خۆی بردمی‌یە نێو بیرەوەری‌یەکانی سەردەمی منداڵی‌و مێرمنداڵیی خۆی. کابرایەك دەفی لە نێو دەست دابوو، مەولوودنامەی دەخوێندەوە، لاوێك لە چیاکان رامابوو و ژنێك لە حەساری ماڵەکەیان لەبەر خۆیەوە گۆرانی‌یەکی کۆنی دەگوتەوە.

"داریووشی فرووهەر" تەلەفوونی کردبوو کە ئەو دەچێتە کوردستان. لەورۆژانەدا ئاغا "جلالالدین" زۆر بێ‌کەیف بوو. ئەو هەموو ژیانەی بە گوللەکانی رق‌و نەفرەتی "خەڵخاڵی"یەوە، کۆتایی‌یان پێدەهات، دڵە پڕ لە بەزەیی‌کەیان زامدار کردبوو. کاتێك ئاغا "نظام" هەواڵی هێنا کە مێرمنداڵە کوردەکان، سێ سێ بە سیم لە میلەی پەنچەرەیان دەبەستنەوەو بە کلاشینکۆف، لە سەر لەشیان نەخش‌و نیگار دەکێشنەوە، مات دەبوو و لەگەڵ کەس نەدەدوا.

بە تاقی‌تەنێ چوومە "سنە". سێجار پێشیان پێ‌گرتم. لە نێو ساختومانی رادیوو تەلەویزیوندا بە دوای دۆستانی قەدیمیمدا دەگەڕام، دەتگوت هەموویان رۆیشتوون. پاسدارێکی ئەردەبیلی پێشی پێ‌گرتم گوتی بۆ کوێ؟ مەگەر تەویلەیە؟! هیچم نەگوت‌و وەدەرکەوتم. بە هۆی تەلەفوونەوە ژمارە تەلەفوونی "شیخ محەمەد"م لە "مەهدی" کە لە تاران بوو، وەرگرت‌و سەعاتێك دواتر لە دەفتەری کارەکەی بووم... دوو رۆژ دواتر بوو کە "شەریفی" هات‌و منی سواری پەیکانەکەی خۆی کرد. پێنج شەش سەعات بە رێوە بووین، سەرەنجام کاتێك گەیشتینە بنکەی دوکتور، عەبدوللا گوتی: دوکتور لە شوێنێك لە دەرەوەی شار کۆبوونەوەی هەیە. لە نێو ماشینێدا خەوم لێ‌کەوتبوو و کاتێك لە شنەشنی شنەی بەربەیاندا چاوم کردەوە، پێشمەرگەکان لە دەورم ریزیان بەستبوو. دوکتور فەرمووی کردین‌و دانیشتین. خوان‌و نانێکی پڕ لە سەفاو خۆمانە بوو و، بە چایی‌و هەنگوین‌و دەریایەك رێزو خۆشەویستی کە پێشکێشمان کرابوو. بە دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، پیاوێك کە لە قۆناخی خوێندکاری لە لەندەندا، ناویمان لە کاتی گوڕاندن‌و تووڕەیی بەسەر زاردا دەهات‌و وشەکانیمان بە پیتی ورد لەسەر لاپەرەی نامیلکە بچووکەکان، دەقۆزتەوە، چیم دەگوت کە شایانی بێ. لێی رامابووم‌و ئەویش لە ئاواتەکان‌و لە داهاتوو دەدوا.

میللەت سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنابوو، بەلاّم گۆڕهەڵکەنانی ١٤٠٠ ساڵە، بە پاچ‌و پێمەڕەو خومپارەو کلاشینکۆف‌و تەناف‌و کابلەوە، دەستیان کردبوو بە ئیعدام کردن‌و دەستیان بە سەر ئەم سەرکەوتنە مەزنەدا گرتبوو. دوکتور هیوادار بوو کە هەوڵەکانی فرووهەرو هەیئەتی ئاشتی بە ئاکام بگەن. هێشتا پێی‌وابوو ئاغا{خومەینی}، بۆ خۆی زۆری حەز لە هەڵلووشینی گیانە ئەویندارەکان نیە. شێعرەکەی شاملووم بۆ گوت: "دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن"... گوتی نابێ ناهومێد بین، دووچەرخەسوارەکان سەرەنجام ناچار دەبن مەیدانەکە بەجێ بێڵن. گوتم چ لە کەرسوارەکان بکەین کە لە پێنج تمەنی چوونە سەر مینبەرڕا بەسەر گەنجینەی "نادری"دا کەوتوون...؟!

لە گۆڤاری "امید ایران" (هومێدی ئێران)دا رووماى خویناویی کوردستانم نیشان دا، گۆڤارەکەمیان داخست. فەرهاد بە دەنگێکەوە کە بۆنی مەرگ‌و فرمێسکی لێ‌دەهات تەلەفوونی بۆ کردم‌و گوتی: عەلی‌رەزا براکەمیان کوشت، حەسەنیان کوشت‌و... ئیدی لێی حاڵی نەدەبووم. ئیمام لە "قوم" فەرمانی زەوتکردنی بزەی سەرلێوانی خەڵکی ئێران‌و قووت دانی کوردانی، بە زیندوو خۆرەکانی دابوو. ئەوەندەی رق لە کاك دوکتور بوو کە نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکاو سەرەنجام بە جۆریك ناوی دوکتوری هێنا کە دەمانزانی ئەگەر لە بەرامبەریدا بوایە، پیرەپیاو بە سەری‌یەوە نەدەچوو... فەرهاد وێنەی دوو براکەی‌و ئەو قارەمانانەی لەسەر خاکی فرۆکەخانەی "سنە" گیانیان لێ‌ستێنرا، دای بە من. یەکێکیان تا نیوقەدی لە گەچدا بوو و هەر بە راکشاوی ئیعدامیان کردبوو... کە گەیشتمە پاریس خۆم گەیاندە{گۆڤاری}"المستقبل"، سەرنووسەرەکەیم لەو ڕۆژانەوە کە لە "بەیرووت"

بووم، دەناسی. وێنەکانی کە دیت تەلەفوونی بۆ دۆستێکی خۆی لە {گۆڤاری} "پاری ماچ" کرد. حەوتوویەك دواتر وێنەکان لە چەند بلاوکراوەی گرنگی فەرانسە، ئالمان، ئینگلیس‌و ئەمریکاو ئیتالیادا بلاو بوونەوە. کاتێك گەیشتمەوە تاران، دوکتور "م.م" لە وەزارەتی ئیرشاد ئاگاداری کردمەوە کە زانیویانە وێنەکان تۆ بلاوت کردوونەوە. وێنەی ئەو قارەمانانەی کە بەرەبەیان لە فرۆکەخانەی "سنە" بە دەست‌و پێ بەستراوی‌و یەکیان بە لەشی تا نیوقەد لە گەچ گیراوەوە گوللەباران کران، دلتەزێنترین‌و شوێندانەرترین بەلگە لە بارەی تیراژیدیی نەتەوەیەك بوو کە لە کۆلکەی سەرەڕۆیی، چەکمەو لەم دواییانەدا پۆتینەکانی "شارل ژوردن"، رەویبوونەوەو بە سەر بەرزایی "ولایت فقیه"دا کەوتبوون. کەمتر لە سالێك دواتر، سەر لە نوێ بوومەوە بە چامەبێژی تاراوگەو ژیان لە دوور خراوەیی. دوکتور"برومەند" هەوالی دامێ کە کاك عەبدولڕەحمان گەیشتۆتە پاریس. بەلام مانەوەکەی کورت خایەن بوو. "مەهدی خانبابا تێهرانی" برا گەورەو پیری تەریقەتی خۆشەویستی، کە هەستی بە نیگەرانیم کردبوو، بە دەست لە شانی دەدام‌و ستایشی دوکتور قاسملووی دەکرد کە"نا"ی بە ویلایەتی فەقیهان لە تاران‌و "کەشەن"(گەرەکێك لە نزیك پاریس) گوتبوو. مەگەر دەکرا یەکێك سەردارێکی هەتاسەربیێ‌و ئالای حەمەڕەشید{خان}و قازی بەرز بکاتەوەو پاشان لەگەل "ظل‌الله"ی پاریسی بەیعەت بکا؟ لە دلم چەقیبوو کە کاك عەبدولڕەحمان لە چاوبەست‌و تەلەکەبازیی موقاوەمەتی "مەسعوود"دا، هیچ نەخشێك وەئەستۆ ناگرێ. کاتێکیش هەوالی هاتنە دەرەکەیم بیست، تەلەفوونم بۆ "قادری" کرد کە بەرنامەکە رێك بخا، دلم تەنگەو حەز دەکەم سەرم بنێمە سەر شانی کاك دوکتور.

لە ماوەی ژیانمدا چوارجار دوکتور قاسملووم دیوەو شەش حەوت جاریش بە تەلەفوون قسەم لەگەڵ کردوە، وتووێژەکەم لەگەڵ ئەو کە لە {گۆڤاری} "الدستور"دا بلاّو بۆوە، حەوتوویەك بەر لە کارەساتی ڤییەن ئەنجام درابوو. هەموو جارێ کە لە کوردستانڕا دەهات، تەلەفوونی دەکردو دەیگوت دەستت نەڕزێ، ئیمامو جەماعەتەکەی چاك دەهەژێنی، ئەویش بە عەرەبی. منیش یەك بە دوای یەکدا هەواڵی نیشتمانم لێ دەپرسی: داخوا ئێستاش پاسداری ئەردەبیلی لە ئیدارەی رادیوو تەلەویزیۆنی سنە، هەروا ڕێ لە عاشقان دەگرێ؟

ئاغا "جلالالدین"م لە قیبرس هەڵگرتو هاتینە لەندەن. شێرپەنجە (سرطان) بە جۆرێك قەپی بە گیانی‌دا کردبوو کە ئیدی نارەناری سروودی لەسەر زار نەبوو. گوتم دوو سێ ڕۆژان دەچمە پاریس، کاك عەبدولڕەحمان هاتوەو قەرارە وتووێژی لەگەڵ بکەم. دوکتور "بروومەند" هەواڵی دابوومێ کە دوکتور بووە بە مزگێنی‌دەری یەکیەتی‌و ئاشتی‌و، پێکەوە دیدارێکی گیانانەیان بووەو شاپوور خانیش ڕەگەڵ کوڕی ئازیزان کەوتوەو هەر مەپرسە چ گوتراوەو چ بیستراوە؟ ... عەبدوڵلای قادری هاتە پێشوازیمو پێکەوە چووینە لای دوکتور. شەش سەعات پێکەوە قسەمان کرد. وشەکانیم بە گوێی دڵ بیست. هێندێکیان هەر بۆخۆم بوون. سکالاّکان، ئەو ئازارو مەینەتییانەی پێشمەرگەکان چێشتبوویان، ئەو هەموو دەردو زامو هاوارەو... ئەو هەموو سەختی‌و سەربەرزی‌و ئازادەیی‌یە، ڕەتکردنەوەی هاوکاری لەگەڵ دوژمن‌و، بێدەنگ بوون لەو کاتانەدا، کە "ستوونی پێنجەم"ەکان، بە قازانجی خۆیان دەست بە سەر قارەمانەتی‌یەکاندا دەگرن. شەرابی قسەکانی کاك دوکتور بە چەشنێك مەستی کردبووم کە تا دەگەیشتمە لەندەن، نیوەی وتووێژەکەم دەهێنایە سەر کاغەز. ئاغا

"جلال‌الدین" هەر کە دەمبینــێ بــە کۆمــەڵێك پرســیارەوە، باوەشــم بــۆ دەکاتــەوە: گیانەکەم کاك دوکتور چــی گــوت؟ بــۆی دەگێڕمــەوەو دەنگــی دوکتــور لــە "ضبــط صوت"ەکەم دەبیسی. قەرارە دوو ڕۆژی دیکە، وتووێژەکەم بەر لە بڵاوکردنەوە، بــۆی بنێرمە پاریس تا بیخوێنێتەوە. عەبدوڵلاّ تەلەفوونم بۆ دەکا کە بۆ کارێکی بە پەلــە، سێ چوار ڕۆژ لە پاریس وەدەردەکەوین. تەزوویەکم بە لەشدا دێ، بــە نیگەرانی‌یــەوە دەڵێم بۆ کوێ؟ ئەدی وتووێژەکە چی لێ‌دێتەوە؟ کــاك عــەبدوڵلاّ بــە دەنگــی پــڕ لــە خۆشەویستی‌یەوە دەڵێ: ئەتۆ بینێرە، ئێمە دوو سێ ڕۆژی دیکە دەگەڕێینەوە.

"شایستە" تەلەفوون دەکا. تازە گەیشتوومەتە سەر کارەکەم. دەڵێ باوکم ئــارامو قەراری نیەو حاڵی زۆر شپرزەیە. خێرا دەگەڕێمەوە ماڵێ. ئاغا "جلال‌الدین" ڕەنگــی بە ڕووانەوە نەماوە. بەلاّم لە بەر خۆیەوە نارەناری دێ: باوکەکەم، گیانەکەم، براکــەم، دوکتورەکەم، کاکەکەم ... بە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانم. "شایستە" بە چــاوی پــڕ لە فرمێسکەوە دەڵێ: دوکتور "بروومەند" نیو سەعات لە مەوبەر تەلــەفوونی کــردو گوتی قاسملوویان کوشتوە. ئاغا "جلال‌الدین" هەروا نارەناریەتی، فرمێسك بــە ســەر گۆنا کزەکانی‌دا دەتکێنەخوار.

***

# شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو ئاڵای ئازادیخوازی بوو

**دوکتور موکەڕەم تاڵەبانی:**

دەمێك بوو دوکتور قاسملووم وەکوو خەباتکارێکی کورد دەناسی. بەڵام کە لە هەشتاکاندا بۆ ناوبژی کردن کەوتمە نێوان حکوومەتی عێراقو پارتە نیشتمانییەکانو بەتایبەت پارتە کوردستانییەکان (یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی کۆمۆنیستی عێراق). بۆ دۆزینەوەی رێگای ئاشتی بۆ چارە کردنی کێشەی کوردی کوردستانی خواروو، چەند جارێك لە بەغدا لەگەڵ شەهید د.قاسملوو یەکترمان بینی. هەردووك لەو بڕوایەدا بووین کە دەبێت کێشەی کورد بە جۆرێکی ئاشتییانە چارە بکرێت، هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە کوردستاندا دەبووە هۆی دەردو ئەشکەنجەیەکی زۆری میللەتی کوردو، تەنها سوودی بۆ دوژمنانی کوردو عەرەب بوو. ئەم ئالایە کە قاسملوو و شەرەفکەندیو د.فوئاد هەڵیان کردوە، ئەگەر ئازادیخواهێکی عەجەم یان تورك یان عەرەبیش هەڵی کەن، تووشی هەمان تاوان دەبن.

ئایا د. قاسملوو و شەرەفکەندی هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون شەهید کران؟ "ئۆجەلان" هەر لەبەر کوردایەتی دەبێت لە سێدارە بدرێت؟، ئایا بەندیخانەکان تەنها ئازادیخواهانی کوردیان تێدایە؟ ئەو بیروباوەڕەی کە قاسملوو و شەرەفکەندیو "ئۆجەلان" هەیانە، گەر ئەمانە عەجەمو تورکیش بوونایە، کۆنەپەرستانو نەژادپەرستان بەو بارتەیان دەبردن.

د.قاسملوو دۆستیکی میللەتانی ئێران بوو. چونکە داوای چارە کردنی کێشەی میللەتی کوردی ئێرانی دەکرد، ئەوەیش لە قازانجی میللەتانی ئێران دایە، چونکە خەباتی ئەو میللەتانە دژی ئیمپریالیستەکان‌و کۆنەپەرستان بە هێزتر دەکات. ئەوانەی بەرهەڵستی مافی ڕەوای میللەتی کورد دەکەن، ئامادەن دەست لە قازانجی وڵات بۆ ئیمپریالیستەکان‌و کۆنەپەرستان هەڵگرن، بە مەرجێك مافی ڕەوای میللەتی کورد نەدەن. ئەوەی لە شەهید د.قاسملوودا هەست دەکرا، جیاوازیی لە نێوان مافی میللەتی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا نەدەکرد. لەو بڕوایەدا بوو چارەکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، چارەی کێشەی بەشێکی میللەتی کوردەو ڕێگا بۆ چارەکردنی کێشەی بەشەکانی‌تری کوردستان خۆش دەکات. لە بەر ئەوە زۆر بە جەخت کردنەوە بۆ چارەکردنی کێشەی کوردی عێراق تێ‌دەکۆشاو هاوکاری لەگەڵ دەکردم.

سڵاو بۆ یادی شەهید بوونی ئەو تێکۆشەرە ئازادیخوازەی میللەتی کورد. ئەو ئاڵایەی کە ئازادیخوازان لە سەرانسەری جیهاندا هەڵیان کرد، لەسەرانسەری کوردستانیشدا دەشەکێتەوە. تەماشای هەر کونجێکی ویژدانم دەکەم، شێوەی شەهید قاسملووی تێدا دەبینم.

***

# شەهید قاسملوو

**مەسعوود محەممەد:**

لە گۆشەی پەنهانو پەسێوی نادیاری گەلانی جیهانی بەدبەختو لیٚ قەوماوان، لـە ئاکامی ستەمو بێدادی بەردەوامدا دەرفەتێك دەڕسکێت بۆ وەدەرنانی گوشاری پـەنگ خواردووی دێر زەمانەوە، لێرەو لەویٚ، پڕووشكو پۆلوو و بڵێسە رادەخزن وەك شیهابی هەمەڕەنگو هەمەسەنگ راوی عیفریتو شەیتانان دەنێن تا دوا ترووسکەی گیانەلاٚی شەهیدیٚ! چ بەخشینێك نیە بگاتـە شـەرەفی خـۆ بـەختکردن لـە پێنـاوی ئـازادیو سەرفرازیی نژادی پێشێل کراو تا ئەگـەر قوربانییـەك هەبایـە بچێتـە تـا تـەرازووی سەنگاندن بەرانبەر ئەو تۆقەلاٚنەی شـەهادەت، دەبـیٚ بـە دوا موسـتەحیلا بگـەڕێین. شەهید قاسملوو یەکێکە لەو نرخدارانەی، دوژمـن پێیانـەوە خەریکـە {بـۆ} لـە نـاو بردنیان دەگەڕێتو شوێن پێیان هەڵدەگرێتـەوەو بـە زەڕڕەبـینو دووربـینو نزیـك بـین، دەیانخاتە مەودای گوللەو بۆمب ... لێرە، لەویٚ، لە هەموو شوێنێك، ئینجـا ئەگـەر شەرەفدارێکی لە خۆبوردوو بە تەقەی رێکـەوت بـوو بـە شـەهید، قـاسملوو شـەرەفی شەهادەت بە شوێنیەوە گولاٚو پرژێنی هـەموو مـەودای عـەمری تێپـەڕیوی کـردوە. قاسملوو و هاوتاکانی، هەر یەکەیان، زاوای نەمری بووکـی وەك خـاتوو زینێکـن کـە داستانی سەدان ساڵی کوردەواری ئاگر بە جەرگی گوێگرەوە دەنیٚ.

قاسملوو چیهرەیـەکی درەخشـانە رووەو بـەیانو خـۆر. بـەرەو ئومێـدی روونبـین. چەندێکی ئەو مرۆیەم پتر ناسیبێت، قووڵتر چۆتە هەستو نەستمەوە. دڵنیاتر هـۆشو زمانی گیڕاوە لە بابەتی وتووێژ... مـن ئاگـاداری رابـردووی ژیـانیو چـەندو چۆنـی خانەوادەی نیم کە دەزانم رەگیو رەگەزی قووڵو کۆنە لە نژادو کوردستان پەرستی بـیٚ

ئەوەی پیت لەسەر پیت دابنێم؛ مەودای برایەتیمانو هاوبەشی ئەو لە ئەندامەتیی کارای کۆڕی زانیاریی کوردو سەرلەبەری خەباتو چالاکیو ئەدەبو زانستو ئاکاری، شەقڵی خویان لە لێکۆڵینەوەو وتووێژی کۆمەڵەی ئەندامانی کۆڕ چەسپ کرد. لەوەوە بە دواتر قاسملوو بۆم بوو بە برای حجرانە. لە دانیشتنێکی شەوانەدا پیاوێکی فەرەنسی میوانمان بوو، قاسملوو بە ڕەهاییو بە نوکتەو فنوونی وشە ئاراییو چی لە هەناوی ئەدیبو زاناو هونەروەرێك بڕسکێت بەو میوانەی گەیاند. گوتم، لە زمانی منەوە بەو میوانە بڵێن: قاسملوو لە کوردییشدا وەها ڕەوانە ها! ڕاپەڕموونم بە قاسملوو، بێمەرایی، لە پلەیەکدا بۆ پلەیەکی دیکەی بە دواوە نەدەهات. لەو ڕووەوە کە دڵنیابووم دەیتوانی بە چەند زمانێك لە سیاسەتو ئەدەبو زانستو هونەرو... تا دەگاتە نوکتەی ڕۆشنبیرانە مەجلیس ئاراییی بکاتو زاخاوی مێشکی گوێدێران بدات. کاتێك لە گەڕانەوەم بەرەو کوردستانی عێراق، لە ورمێوە، ساڵی ڕەوی دوو میلیۆنی، چەندی گوزەرم بە ڕوانگەی دێی قاسملووەوەی خایاند دوو فرمێسکی حەسرەت لە چاوانم قەتیس مان تا لە نەدیوی ئەو هەرێمە بۆ سەر خاك هەڵوەرین... .

هەولێر ٢٠ | ١٩٩٩/٦

***

# فەسڵی هەشتەم:

## تفەنگ...خۆرەتاو ئەکوژێ

- بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی بەبۆنەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووی شەهیدەوە
- وتەکانی دوکتور شەرەفکەندی نەمر لە کۆچی قاسملووی رێبەردا
- وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە گۆڕستانی پیرلاشێزی پاریس

# بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی بە بۆنەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووی شەهیدەوە

دوکتور قاسملوو یەکێك لەو ڕێبەرە مەزن و بە توانایانە بوو کە نەك هەر لــە نێـو نەتەوەی زۆرلێکراوی کورددا بەڵکوو لەنێو گەلانی بەختــەوەرو ئــازادو پێشــکەوتووی دنیاشەودا بە دەگمەن هەڵدەکەون. قاسملوو لەو گەورە پیاوانە بوو کە گەلان شانازییان پێوە دەکەنو مێژوو بەسەرهاتی ژیانو خەباتیان بە خەتی زێڕین تۆمار دەکا. دوکتــور قاسملوو ئینسانو ئینساندۆست بوو. ڕێزی بۆ مافی بەرامبەری هەموو ئینسانەکان بــە زمانو ئایینو ڕەنگی پێستو وڵاتی جیاوازەوە دادەناو تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی لە پێناوی وەدی هاتنی ئەو ئامانجە بەرزە ئینسانی‌یەدا بردەسەر. قاسملوو دوژمنی شەڕو ئاشقی ئاشتی بوو. فەلسەفەی ژیانی، ئاشتیو پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لەنێو هــەموو گەلانی جیهاندا بوو. ئەو دیموکرات بە هەموو مانای وشەکە بوو. بە هــەموو توانــای خۆی بۆ پەرەپێدانی ئوسووڵی دێموکراسی لە نێوخــۆی حــیزبو لــە کۆمــەڵدا بــەکار دەبردو هەر بۆیەش لە پێنــاوی جێگــیر بوونــی دیموکراســی لــە سەرانســەری ئــێراندا خەباتی حیزبەکەمانی بە لێوەشاوەیی‌یەوە ڕێبەرایەتی دەکرد.

**خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!**

بێ گومان شەهید بوونی هاوڕێی خۆشەویستو ڕێبــەری مــەزن دوکتــور قــاسملوو زیانێکی گــەورەو زەبرێکــی بەژانــە کــە لــە پەیکــەری بزووتنــەوەی رزگاریخوازانــەی گەلەکــەمان دەدرێ. بــەڵام ســوننەتی حــیزبی دیموکراتــی کوردســتان لــە ســـەرەتای دامەزرانی‌یەوە تا ئێستا ئەوە بووە کە قوربانیی زۆر گەورە لــە پێنــاوی وەدیهــاتنی

ئامانجه لەمێژینەو رەواکانی گەلی کورددا بدا. ئـەم حیزبـه پێشـەوا قـازی محەممـەدی دامەزرێنەرو ڕێبەری حیزب‌و سـەرۆك کۆمـاری "کوردسـتان"ی لـەو پێنـاوەدا فیـدا کردووەو بـه دەیـان‌و سـەدان‌و هـەزاران ئـەندامی ڕێبەرایـەتی‌و کـادرو پێشـمەرگەی هەڵکەوتووی لەو ڕێگایەدا شەهید بووە. ئێمە دڵنیاین هــەروەك چـۆن پـاش شـەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد ڕێگای ئەو ڕێبەرە بێ ڕێبوار نەمایـەوە ڕێبـازی دوکتـور قاسملووش کوێربوونەوەی بۆ نیەو گەلەکەمان زۆر ڕۆڵەی لێوەشاوەی ئەوتۆی هـەن کـه جێگای دوکتور قاسملوویان پێ پڕ بکاتەوە.

**هاوڕێ تێکۆشەرەکان!**

خزمەتی هاوڕێی شەهید دوکتور قاسملوو به حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئـێران، ئەوەندە پرشنگدارە که بۆ هەتاهەتایە له مێژووی حیزبەکەماندا دەمێنێتەوە. قاسملوو بوو که حیزبی دیموکراتی کوردستانی پاش چەند ساڵ لاڕێ بوون گێڕایەوە سەر ڕێبازی پێشکەوتووانەی خۆی‌و، هـەر ئـەویش بـوو کـه بـه هـەموو توانایـەوە دیفـاعی لـه سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبەکەمان دەکردو فێری کردین که له پێناوی پاراستنی ئـەو سەربەخۆیی‌یەدا هەموو نرخێك به هەرزان بزانین.

ئاشکرایه که لەدەستدانی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگـای ئەو شەهیدە مەزنه کارەساتێکی دڵتەزێنـە، بـەڵام نـابێ لـەبیرمان بچـێ کـه ئێمـه قوتابیانی بەئەمەگی دوکتور قاسملووین. قاسملوو هەموو ژیانی حـیزبی‌و سیاسـی بـۆ ئەوە تەرخان کردبوو که ئیمان به ڕێبەرایـەتیی بەکۆمـەڵ لـەنێو ریزەکـانی حـیزبی‌و کۆمەڵی کوردەواری‌دا بەهێز بکاو نەخشی فەرد هەر ئەندازە کاریگەرو بەنرخیش بێ، زۆر گەورە نەکاتەوە. ڕێبەری شەهیدمان فێری کردین له وەختـی تەنگانـەدا ورەمـان بەرز بێ، خۆنەدۆڕێنین‌و بۆ تاکه ساتێکیش کزی‌و ناهومێدی ڕوومان تێ‌نەکا.

ئێمە هەمووومان دەبێ ژیانو خەباتی مامۆستاو ڕێبەری لەدەست چوومان، دوکتور قاسملوو، بکەینە سەرمەشقی ژیانمان، گەورەیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر لەوەدایە کە زەبری زۆر گەورەو کارەساتی زۆر دڵتەزێن تەحەممول دەکاو ناچەمێ. شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەبێ ئێمە لەسەر درێژەپێدانی ڕێگاکەی سوورتر بکا. دەبێ دەرسەکانی ئەو مامۆستا هەرگیز نەمرەمان وەبیر بێنێتەوە. هەوڵ بدەین نە دۆستو نە دوژمن هەست بەوە نەکەن کە دوکتور قاسملوو جێی لەنێو ریزەکانی حیزبدا بەتاڵە. هەر بۆیە لە سەرمانە کە لێبڕاوانەو شێلگیرانە ڕێگای دوکتور قاسملوو درێژە بدەینو نەهێڵین ئالاکەی، بۆ یەك ساتیش بکەوێتە سەر زەوی. پێویستە بگوترێ تا پێکهاتنی پلینۆمی بەرینی کومیتەی ناوەندیو هەڵبژاردنی سکرتێری گشتیی، هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور "سادق شەرەفکەندی" جێگری سکرتێری گشتیی تەواوی ئەرکەکانی سکرتێر بەڕێوە دەبا.

ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی بە هەموو وجوودمانەوە، بۆ لەدەستدانی دوکتور قاسملوو بە پەرۆشین، هەر بە پێی ئامۆژگارییە بەنرخەکانی خۆی تازیەی بۆ ناگرینو، رەشی بۆ ناپۆشین. ئێمە هەموو دەردو داخو خەفەتو کەسەری لەدەستدانی ڕێبەری شەهیدمان دەکەینە ڕقو قینێکی پیرۆزو بەگژ دوژمنانی ئازادیو ئینسانییەتیدا دەکەین، دروشمی "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە" کە لەمێژە لە حیزبەکەماندا جێی خۆی گرتووە، دروشمێکە کە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی داییناوە. کەوابوو باشترین پاداش بۆ قاسملووش درێژەدانی ڕێگاکەیەتی.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهید بوونی ڕێبەری کارزان و تێکۆشەری ناودار دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئەندامی بەوەجی کومیتەی ناوەندییەوە، پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە هاوڕێیانی حیزبی، ئەندامانی بنەماڵەی ئەو دوو شەهیدە سەربەرزە، خەڵکی بەشەرەف و تێکۆشەری کوردستان، ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران و هەموو ئۆگرانی ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکا.

کومیتەی ناوەندی بەرامبەر بە گیانی پاکی شەهیدی مەزن هاوڕێ دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵانی خەباتگێڕی گەلی کورد پەیمان نوێ دەکاتەوە کە هەتا دوا دڵۆپی خوێن و دوا هەناسەی ژیان بە ڕێبازی پڕشانازیی ئەو خۆشەویستە لەدەست چووە وەفادار بێ و هەتا وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی قاسملوو دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان هەدادانی نەبێ.

دڵنیاین هەر ئەمەش پەیمان و بەڵێنی هەموو کادرەکانی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای دیموکراسی و خودموختارییە.

*** 

# وتەكانی دوكتور شەرەفكەندی نەمر لە كۆچی قاسملووی ڕێبەردا

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**خۆشكو برا ئازیزەكانم!**

بە دڵێكی پڕلە داخو دەروونێكی پڕلە خەمو چاوێكی پڕلە فرمێسك لێرە لەدەوری یەكتر كۆبووینەوە هەتا پێكەوە لەسەر موسیبەتی دڵتەزێنی لەدەستچوونی ڕێبەری تاقانەمان دوكتور"عەبدولڕەحمانی قاسملوو"ی نەمر، دەردە دڵ بكەینو ئەو وەزعە ناخۆشە كە بەهۆی ئەم خەسارەتە گەورەیە تووشمان هاتووە هەڵسەنگێنین. بۆ خۆتان زۆر باش دەزانن كەلە وەزعێكی ئاوا لە هەلومەرجێكی بەم جۆرە تاڵو ناخۆشدا، قسەكردن ئاسان نیە. جەرەیانی ئەو ڕووداوە هەرچەند هێشتا بەوردی ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام بە گشتیو لە خەتە ئەسڵییەكاندا دیارە ڕێبەری تێكۆشەرو ماندوویی نەناسمان ئەمساڵیش وەك چەندساڵی رابردوو، دوو سێ مانگی ئاخری بەهارو ئەوەڵی هاوینی بۆ كارو تێكۆشان لە دەرەوەی وڵات تەرخان كردبوو. ئێمە هەموومان لە بەرهەمی كارو هەڵسووڕانی ڕێبەرە كەموێنەكەمان لە جەرەیانی سەفەرەكانی بۆ دەرەوەی وڵات تارادەیەك ئاگادارینو دەنگە گەرمو سەمیمییەكەی ئێستاش لە گوێماندا دەنگ دەداتەوە كە چۆن لە پاش گەڕانەوەی لە هەر سەفەرێك لە رادیۆ، لە كۆبوونەوەی حیزبیو غەیرە حیزبیدا باسی بەرەو پێشچوونو ناساندنی مەسەلەی كورد لە نێو بیروڕای گشتیی جیهان، باسی هەڵویستی جۆراوجۆری كۆڕو كۆمەڵە نێونەتەوەییەكان سەبارەت بە داخوازییەكانی گەلی كورد، باسی ناساندنی نێوەرۆك،

هەروەها ڕەوتی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان بۆ گەیشتن بە ئـــازادیو دیموكراسـی، باسـی چوونە سەری ناووئیعتباری حیزب لە ڕادەی جیهانیو سەرەنجام باسی چۆنیەتیی كـارو چالاكیی لایەنگرانو ئەندامانو ڕێكخراوەكانی حیزبی لە دەرەوەی ولاتی بۆ دەكردینو دڵی گەرم دادەهێناین.

بەلاّم هەموو ئەمانە كە كاك دوكتوری خۆشەویستمان هەروا بەهاسانیو بـەكورتی بە سەریاندا تیٚدەپەڕی، تەنیا وەك مشتێك لـــە خـەرواری سـەركەوتنەكانی دوكتـور قاسملووی نەمر لە دەرەوەی ولاّت لە گـەڵیدا بـن دەزانـی كـە بـەرزیی پلـەی هـەوڵو تێكۆشانو سەركەوتنەكانی لە مەیدانی تێكۆشانێكی ئاوا پڕ كەندو كلـۆ و بـەربلاّودا تا چ ئەندازەیەك بوو. نزیكەی دوومانگ لەمەبەر فەرانسەییەكی كورد دۆست، مـن پێم گوت: كە لـــە داهاتوویـەكی نـێزیكدا دوكتـور قـاسملوو دێتـە فەرانسـە،" ئـەو فەرانسەییە كورد دۆستە بۆ خۆی لە نێو دۆستو ئاشنایاندا بە پڕكـاریو مـاندوویی نەناسی بەناوبانگە، كاتێك خەبەرەكەم پیٚدا لەو كاتەدا كـە بـە ئاشـكراو لـە نـاخی دەروونەوە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕی، ناڵەشی لیٚ بـــەرز بـۆوەو گوتـی: ئـەی هـاوار دوكتور قـاسملوو دیسـان هـاتووە" كـاك دوكتـور قـاسملوو لـە جـەرەیانی چـەند ڕۆژ تەعتیلیو جێژنی بـەربلاّوی پـاریس پێتـەختی فەرانسـە كـە بەبۆنـەی دووسـەدەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی مەزنی فەرانسە بەڕێوە دەچیٚ كەڵك وەردەگریٚو ئەو جێژنی شادییە بەجیٚ دێڵیٚو لە گەڵ هاوڕێی بەنرخمان كاك "عەبدوڵلاّ قـادری" ئـەندامی كومیتـەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی ولاّت، بـۆ كـارو بـاری حـیزبی دەچنـە شـاری "وییەن" پێتەختی "ئوتریش"و میوانی دۆستێكی قەدیمی دەبن كـە لـەویٚ بـە هـۆی پیلانێكی گەلاڵەداڕێژاو لە لایەن چەند تیرۆریستی حیرفەییـەوە هەرسـێكیان تـیرۆر دەكرێنو دەچنەنێو كاروانی شەهیدانی سوور خـەلاّتی گـەلی كـوردەوە. ئێمـە دیـارە

مەسئوولییەتی دیتنەوەو ناسینی قەتعیی عامیلانی ئەو جینایەتە گەورەو سامناکە دەخەینە ئەستۆی دەوڵەتی ئۆتریشو پۆلیسی ئەو وڵاتە. بەڵام بەش بە حاڵی خۆمان کەمتر شکمان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو کارەساتە بەدەست ڕێژیمی ئینسان کوژو جینایەتکاری ئاخوندیی بەئەنجام نەگیشتبێ. هاوڕێیانی خۆشەویستو ئەمەگناسم!

ئیستا کە دوکتور قاسملوومان لە دەست داوە من لەو جەمعەدا چ دەتوانم عەرزی ئێوە بکەم؟ ئێمە حەقی خۆمانە بۆ بەو موسیبەتە کە بەسەرمان هاتووە خەمو خەفەت دامان بگرێو فرمێسکمان لە چاوان بگرێ. خەمو پەژارە بۆ لەدەستدانی ئازیزێکی جێگای هیواو هۆمێدێکی ئەمڕۆو داهاتوومان، سیفەتێکی ئینسانییەو ئێمەش ئینسانین.

من دەتوانم بە سەعاتو بە ڕۆژ باسی تایبەتمەندییەکانی بێوێنەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووتان بۆ بکەم. دوکتور قاسملوو زانا بوو، زانا لەباری سیاسی، زانا لەباری ئیقتیسادی، زانا لەباری کۆمەڵناسی، زانا لەباری مەسایلی عیلمی، زانا لەباری ئەدەبیو هونەرییەوە. بە کورتی زانایەکی گشتیی، یانی ئەو جۆرە زانایانە کەلە قەدیمدا پێیان دەگوتن "فیلسوف" یا بڵێین حەکیم. دوکتور قاسملوو زانایەکی عەمەلی یانی بەکردەوەش بوو،یانی کەسێك بوو کە زانایییەکانی لە مەیدانی کردەوەدا بە کار دەبرد، وەك ئامرازێكو وەسیلەیەك بۆ خزمەت بە ئینسان، بە کۆمەڵو بە گەل، کەڵکی لێ وەردەگرت. دوکتور قاسملوو بەراستی بە کارو پڕکار بوو، ماندوویی نەناسو بێزار بوو لەوە کە کاتێکی بچووك لە ژیانی ڕۆژانەدا بە بێ کارو بێهوودە را ببرێ. دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕ بوو،شۆڕشگێڕ بە مانای ئەسڵیی کەلیمە، یانی کەسێك کە دەیهەوێ ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە جیهەتی باشتر کردندا، لە

هەر بوارێكو هەر بارێدا کە نالەباری تێدا بەدی دەکرێ، پێك بێنی. دوکتور قاسملوو قانیع بوو، لە راستیدا هەر لەو کاتەدا ئەگەر بۆی گونجابا پێی خۆش بوو ژیانێکی زۆر باش رابوێریو باش بژی، ئەگەر پێویستبا لە هەموو کەس قانیعتر بوو، بە سادەترینو کەمترین ئیمکان بە فەوری رادەهات. دوکتور قاسملوو ئازاو نەترس بوو، تەنیا ئەوانەی لە نزیکەوە لە گەڵی بوون دەزانن کە چۆن لە مەیدانی خەباتداو لە دژوارترین هەلومەرجدا نەك هەر خۆی نەدەدۆڕاند، بەڵکوو دەرسی خۆڕاگریو لە سەرخۆییو ئازایەتی بە دەوروبەرەکانی دەدا. دوکتور قاسملوو ئینسانو ئینسان دۆست بوو، کێ هەیە دوو جار دوکتور قاسملووی لە نزیکەوە دیتبێو هەستی بەو دەریا عاتیفەو خۆشەویستییە کە لە سینگیدا مەوجی لێدەداد نەکردبێ؟ سەرەنجام دوکتور قاسملوو مامۆستاو موعەلیمێکی بەخشەندە بوو، یانی تەواوی هەولو تێکۆشانی ئەوە بوو کە ئەوەی دەیزانیو تەواوی ئەو سیفەتانە کە هەیەتی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لە هەموو هەلومەرجێکی موناسبدا فێری هاوڕێیانی بکا. بەڵێ، بەراستی ڕێبەرەکەمان، ڕێبەرێکی کەموێنەو هەڵکەوتوو بوو. کێ هەیە بە خۆی بڵێ ئینسانو لە نزیکەوە ناسیبێتیو ئێستا لە نەمانیدا تەمی خەم دای‌نەگرتبێ.

بەلام ئێستا ئێمە دەبێ چ بکەین؟ دەستەوئەژنۆو خەمبار دابنیشینو فرمێسك یان بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر ئێستا کاك دوکتور بۆ خۆی ماباو سایەی لەسەرمان با چی دەکرد؟ چی پێدەگوتینو چۆنی ڕێنوێنی دەکردین؟

بەداخێکی گرانەوە لە بەر زۆر گیروگرفت ئێمە کە لێرە کۆبووینەوە بۆمان ناگونجێ لە سەر تەرمی شەهیدی خۆشەویستمان کاك دوکتور قاسملوو کۆبینەوەو لە گەڵ ڕێبەرمان، مامۆستامان، ڕێنوێنمان، بابمان، برامان، خوا حافیزیی یەکجاری بکەین. بەلام لەم جێگا تایبەتییەدا کە کۆبووینەوە، خۆی مانایەکی تایبەتی تێدایە، من

دڵنیام کە ئەگەر ئیختیار بەدەستی خودی دوکتور قاسملوو بوایە، پێی خۆش بوو ئەم قەبرستانە بچووکەی کە بەگۆڕی چەند شەهیدی خۆشەویستمان رازاوەتەوە، تەرمی ئەویشی لە باوەش گرتبا. جێگای دوکتور قاسملوو خاکی پاكو پیرۆزی کوردستانو ریزی ئەو، ریزی شەهیدانی ریگای ئازادیی کوردستانە. من ئێستا کە لێرە راوەستاوم، لێرەڕا چاوم لەو جێگایەیە کە دوکتور قاسملوو نزیکەی دە مانگ لەمەوبەر بێدەنگو غەمگینو پڕ لە ئیحتیرام لێی راوەستا بوو لە سەر قەبری تازە گڵکراوی وەستا ئەحمەدی داغەیی، کە هاورێی کۆنو دڵسۆزی حیزبیو رەفیقی زۆر خۆشەویستو نێزیکی کاك دوکتور قاسملوو بوو. من زۆر باش دەزانم لەو کاتەدا چ بە بیرو دڵی کاك دوکتوردا دەهات. دوکتور قاسملوو لەو ماوەیەدا کە رێبەرو رێنوێنمان بوو، لە سەر قەبری زۆر شەهید راوەستاو کڕنۆشی برد. لە سەر زۆر شەهیدی بەنرخ قسەی کردو بۆ زۆر شەهیدی خۆشەویستمان شتی نووسی. لە هەموو ئەوانەدا چی دەگوت؟ "مەگەر نەیدەگوت:"باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی رێگایانە؟! مەگەر نەیدەگوت:ئێمە لەم رێگایەدا یان سەردەکەوین، یان سەردادەنێینو لە گەڵ کاروانی شەهیدان دەکەوین؟!" بە دەیان جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە. باشە ئێمە ئێستا لێرە لە سەر گڵکۆی شەهیدان لە سەرگڵکۆی هاوکاروانانی رێبەری خۆشەویستمان راوەستاوین، با لە خۆمانو لە هەموو دۆستانو لە دوژمنیش پرسیار بکەین: کێ وەك دوکتور قاسملوو قسەو وەعدەی لە گەڵ رەفتارو کردەوەی یەکیدەگرتەوە؟ ئینجا روو لە خۆمان بکەین، لە خۆمان تێ فکرین، ئێمە کێین؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە روونە، ئێمە خۆشەویستی دوکتور قاسملووی نەمرین، بەلاّم ئەگەر خۆشەویستی ئەوینو ئەومان خۆش ئەویٚ، ئایا نابیٚ کارێك بکەین کە ئەو

خۆشحاڵ بکەین؟ ئێمە شاگردی دوکتور قاسملووین، بەڵام ئەگەر خۆمان بە شاگردی ئەو دەزانیین، ئایا نابێ دەرسەکانی ئەو فێر بین‌و بە کاریان بێنین، ئێمە ڕێبواری ڕێگای دوکتور قاسملووین، بەڵام ئەگەر ئەو بە ڕێنوێنی خۆمان دەزانین ئایا نابێ تێ بکۆشین هەر بەو ڕێگایەدا بڕۆین کە ئەو پێی نیشان داوین؟

**خۆشکان‌و برایانی ئازیز!**

من لە سەرەتادا عەرزم کردن کە قسە کردن لە خزمەت ئێوەداو لە سەر کەسێکی وەك دوکتور قاسملوو، شتێکی هاسان نیەو بۆ خۆشتان دەبینن. جا ئەگەر قسە کردن ئاوا دژوار بێ دیارە درێژەدانی ڕێگای دوکتور قاسملوو وئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی ئەو بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە، دەیان‌و سەدان بەرابەر دژوارترە. بەڵام ڕاستیی ئەوەیە کە گەلی کورد ئێستا بە تێکڕایی چاوی لە ئێمە بڕیوە، دڵی لە نیگەرانیدا لێ دەدا. ڕۆحی پاکی شەهیدانی لە خوێندا شەلاڵمان‌و لە سەرووی هەمووان، پێشەوا قازی‌و دوکتور قاسملوو تێمان دەفکرن. لەو لاش ڕا دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی گەلی کورد هەر لەو کاتەدا کە خۆشحاڵن، نیگەران چاومان لێ دەکەن. بە درێژایی مێژوو، دوژمنانی گەلی کورد، دوژمنانی ئێمە تاکتیکیان ئەوە بووە، نەخشەیان ئەوە بووە کە سەری ئێمە لێ بدەن‌و ئەو جارەش بە داخەوە ئەوەیان کرد. ئارەزوو و هیوای ئەوان هەمیشە ئەوە بووە کە ئەگەر سەرمان لێ بدەن ئیدی حەرەکەتی نامێنێ‌و دەکەوێ، ئێستاش ئەو ئومێدەیان هەیە. بەڵام تەواوی ڕەنج‌و زەحمەت‌و تێکۆشانی دوکتور قاسملووی نەمر ئەوە بوو کە ئێمە وا بار بێنێ لە پێش‌دا هاوڕێیانی حیزبی، لە سەر پێی خۆمان بین، "موتتەکی" بە نەفسی خۆمان بین، موستەقیل بین، چاومان هەر لەوێ‌و لە یەك نەفەر نەبێ‌و لە پاشان لە ڕێگای ئێمەوەو چ بە خیتابی موستەقیم بە میللەتی کورد، تەواوی هیواو هومێدو ئارەزووی ئەوە بوو - کە گیانیشی لە سەر ئەو ڕێگایە دانا -

کە میللەتی کورد بگاتە ئەو قۆناغەی کە کامڵ بێو چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بگرێ، میللەت بە تەواوی ئەوەی بکا نە یەك نەفەر.

جا هاوڕێیانی ئازیزم، خۆشكو برایانی خۆشەویشتم، من زۆر درێژی ناکەمەوە، چونکە پوختەی قسەکە روونە، لە دڵی هەمووتان دایەو هەموو دەزانیین مانای چیە. لە بەر وەی کورتی دەڵێمو پوختی دەڵێم. شەهیدانی سەربەرزمانو لە سەرووی هەمووان ئەو دوو شەهیدانە کە لێرەن، عەکسیان، شەهید پێشەوا، پێشەوای مەزنمانو شەهید دوکتور قاسملوو، تازەترینو گەورەترین شەهیدمان، ئەو دووانە چاویان لە ئێمەیە. دایکی ئەو هەموو شەهیدانە، ئەو هەموو دایکە دڵسووتاوانە، جەرگ سووتاوانە، خۆشکانو برایانی ئازیز لە دەست داوانە، هەموو چاویان لە ئێمەیە. میللەتی کورد چاوی لە ئێمەیە. من ئیجازەم وەرگرتووە لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبو ئەو مەئمووریەتەم پێدراوە ئیجازەش لە ئێوە بخوازم کە تێکڕا، لەو کاتە تاریخی‌یەدا، لەو کاتە مێژوویی‌یەدا، لەو لەحزەیەدا کە یادی ئەو عەزیز گەورانە دەکەین، بڕیار بدەین، پەیمان تازە بکەینەوە لە گەڵ گیانی شەهیدانمانو لە پێش هەمووانیدا لە گەڵ رووحی پاکی دوکتور قاسملووی خۆشەویستمان، دوکتور قاسملووی گەورەمان، مامۆستامان، رێبەرمان، بەڵێنی پێ بدەین کە نیگەرانمان مەبە بەدواتدا دێین.ئێمەش وەك تۆ یا سەر دەکەوین، یا ئەو ئیفتیخارەمان بە نسیب دەبێ کە بێینە قەراخ تۆو تۆ لە باوەش بگرین.

****

# وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە گۆڕستانی پیرلاشێزی پاریس

دوكتور قاسملوو شەهیدی ڕێگای رزگاریی كوردستان‌و سەرانسەری ئێران، ڕێبەرێكی لێوەشاوەو تێكۆشەرێكی ماندوویی نەناس بوو كە مێژووی‌خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی كوردو گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەراست كەمتر وێنەی وی بە خۆیەوە دیوە. قاسملوو سیاسەتمەدارێكی بیروردو كارامە، خەباتگێڕێكی بە ورەو شەخسییەتێكی گەورەی زانستی‌و شۆڕشگێڕێكی بە تەواوی مانای وشە بوو. قاسملوو لە ڕێگای دابین كردنی ئازادی‌و دادپەروەریی كۆمەلایەتی‌دا تێ دەكۆشاو هەولی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ‌و چارەنووسی گەلان بكەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێكی قووڵی بە دیموكراسی هەبوو و بۆ جێگیر بوونی دیموكراسی لە ریزەكانی حیزب‌و لە نێو كۆمەڵدا بە هەموو تواناوە تێدەكۆشاو ئەگەر جارو باریش لە ئاكامی برەو پێدانی دیموكراسی‌دا زیانێك بە حیزب گەیشتبایە دەیگوت: "ئەمە باجی دیموكراسی‌یەو كەسێك دیموكراسی بوێ، دەبێ باجەكەشی بدا".

دوكتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێكی كورد بوو. باوەڕی تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی كورد هەبووو سەركەوتن‌و تێكۆشانی گەلی كورد لە هەر بەشێكی كوردستان‌دا بوایە بە سەركەوتن یان تێكشكانی هەموو بەشەكانی كوردستان دادەناو لەو ڕێگایەش‌دا زۆرجار بە دروستی دەزانی قازانجی كاتیی حیزبی دیموكراتی كوردستان فیدای قازانجی ستراتیژیكی گەلی كورد بكا. ئەو كات كە تەنیا داواكردنی

مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردراو ناوی جیاوازیخوازیان، لە سەر گەلیکورد دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بەناوبانگی خۆیدا "کوردستانوکورد" هاواری دەکرد "کورد نەتەوەیەکە جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەو ئەگەر رۆژێك وەك هەموو گەلانی ئازادو بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەك جیابوونەوە". دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتەدا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجازەی بەکەس نەدەدا کەس خۆی لەو بە ئێرانیتر بزانێ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران هەبووو بەدورستی دەیزانی کە گەلی کورد لە ئێراندا بێ هاوکاریو بێ هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە ئامانجە رەواکانی ناگا. هەر بۆیە بەدڵەوە بۆ هاوکاریو هەنگاو رێکخستنی لە گەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکانی سەرانسەری ئێران تێ دەکۆشاو پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزە نیشتمانییەکانی ئێرانی، بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەزانی. دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کوردی بە بەشێك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان، لە سەرانسەری جیهاندا دەزانیو هەر بەو پێیەش هەوڵی پتەو کردنی پێوەندی لە گەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی دەداو بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیرو رای گشتیی جیهانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێ دەکۆشا. ئەم سروشتە تایبەتییانەو زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانیو ئەخلاقیو شۆڕشگێڕانە، دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسییەتێکی گەورەی جیهانی، تا تەنیا مۆلکی خەڵکی کوردستانو گەلانی ئێران نەبێ.

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستایزاناو رێبەری بەتوانا! بە خاتر جەمی سەر بنێوەو بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بە هەوڵو تێکۆشانی دەیان

ساڵەت وڵاتێكت بوژاندەوەو گەلێكت ڕاپەڕاندووە. قوتابیو هاوسەنگەرەكانت لە سەر پەیمانی خۆیان ماونو ڕێگاكەت بەرنادەن. هاوڕێی شەهیدم! بۆ لە دەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگەو دەیان هەزار ئەندامی حیزبەكەت، سەدان هەزار دۆستو لایەنگری ڕێبازەكەتو بە میلیۆن كەس لە ڕۆڵەكانی گەلەكەت خەمیان بە سەردا باریو فرمێسكیان هەڵ وەراند. بەڵام نەك لەبەر داماویو ناهومێدی، چونكە گەلێك ڕۆڵەی وەك تۆی پێگەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیانو بە خاكی ڕێگای تۆ قوڕێك بۆ سەری هەموو ئەوانە بگرنەوە كە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملوو و ڕێبازی قاسملوو دەمرێ. دەزانم هەم بۆ تۆو هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاكی كوردستانداو لە پەنای پێشمەرگەو هاوڕێیانی شەهیدی حیزبیت بە خاك بسپێردرێی. بەڵام ئێستا كە كوردستان لە ژێر چەكمەی بە كرێگیراوانی كۆنەپەرستی دایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی لە گۆڕستانی شەهیدانو شەخسییەتە ئەدەبیو زانستیو هونەرییەكانی فەرانسە بە خاكت بسپێرین. بتكەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی كۆمۆنی پاریسو هونەرمەندی شۆڕشگێڕی مەزنی كورد، یەڵماز گۆنایو شەخسییەتە ئەدەبییە گەورەكانی ئێران وەك "سادقی هیدایەت"و "غوڵامحسین ساعدی"، تا ئەو ڕۆژەی ئاواتەكانت وەدیدێنو دەبینە خاوەنی ئێرانێكی ئازادو دیموكراتو كوردستانێكی خودموختار. ئەودەم دڵنیابە ڕۆڵەكانت دەتبەنەوە نیشتمانە خۆشەویستەكەتو گڵكۆی پیرۆزت دەكەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی كوردو نیشتمانپەروەرانی ئێران.

ڕێبەری پایە بەرزی شۆڕشگێڕانی كوردستان! بێگومان هەموو هاوڕێو هاوسەنگەرەكانت پێیان خۆشبوو ئەمڕۆ لە پەناتبان، بەڵام بە باشیانزانی لە ڕۆژی بە خاك ئەسپاردنی تۆدا هەموویان لەو جێگایە بن كە بۆ خۆت پێت خۆشە هەموو

خەباتگێڕانی حیزبەکەتی لێ بن، سەنگەری خەبات بۆ ئازادیو دیموکراسیو خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایەتی هەموویان دواماڵاوایيت لەگەڵ بکەینو دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارەو ڕێگاکەت پڕ ڕێبوارە.

*** 

## فەسڵی نۆهەم:

# كاك دوكتور قاسملوو لە ئاوێنەی رێكخراوو كەسایەتی‌یەكانەوە.

- كاك دوكتور قاسملوو لە ئاوێنەی رێكخراوەكان‌دا
- دوكتور قاسملوو لە ئاوێنەی یادو بیرەوەریی هاوڕێیانی‌دا
- هونەری دیپلۆماسیی كاك دوكتور قاسملوو لە روانگەی هاوڕێیانی‌یەوە

# كاك دوكتور قاسملوو لە ئاوێنەی ڕێكخراوو كەسایەتی‌یەكانەوە.

**دوكتور بێرنارد كوشنێر:**

" شەخسییەت‌و كەسایەتی "رەحمانی قاسملوو"، تێكەڵاوی‌یەكی كەم‌وێنە بوو لە زانیاری و شارەزایی، ئاگایی و وشیاری و سەبرو لە خۆ بوردوویی لە هەڵسو كەوت لەگەڵ دوژمن و دوور بوو لە ڕق و قین. ئەو لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێهەمدا بێ هاوتا بوو. من جێگای بەتاڵی ئەو بە باشی هەست پێدەكەم؛ " بیرنارد كوشنێر" وەزیری هاوكاری‌یە مرۆڤایەتی‌یەكانی فەرانسە كە زیاتر لە ٢٥ ساڵ لەگەڵ دوكتور قاسملوو دۆست و هاوڕێ بوون و لە نزیكەوە دەیناسی، بەم قسانە ڕێز لە شەخسییەتی دوكتور دەگرێ. لە ڕێ و ڕەسمی ڕێز گرتنەوە لە دوكتور قاسملوو لە زانستگەی "سۆربۆن"ی پاریس هەموو بەشدار بووان لە كوردەوە تا ئەمریكایی و ئورووپایی، بەم شێوەیە یادیان دەكردەوە. ئاغای كوشنێر ساڵێك پێشتر، دوای تیرۆری ناجوامێرانەی كاك عەبدالرحمان قاسملوو، لە ڕۆژنامەی " لۆمۆند" دا نووسیبووی : " كەسانێك كە قاسملوویان دەناسی، هیچ كات مەرگی ئەو لە یاد ناكەن. بە داخەوە ئەوان ( دوژمنانی ئاشتی و ئازادی) هەمیشە چاكترینەكان دەكووژن" سبەینێ كێ پشتیوانی لە خەڵكی كوردستان دەكا؟! قاسملوو، شۆڕشگێری دێموكرات دەیگوت: " كەس سەرنج ناداتە كێشەی كوردەكان، چونكە ئەوان بارمتە ناگرن"!

*** 

**دوكتور بێرنارد گرانژۆن:**

له گه‌رمه‌ی شه‌ڕه‌كانی كوردستاندا و كاتێك كـه شـه‌ڕی ئـێران و عـێراقیش بـه تونده‌ی درێژه‌ی ده‌كێشا، له‌گه‌ڵ دوكتور له‌كوێستانه‌كانی كوردستان شاهیدی ئه‌م شه‌ڕو بۆردومانه تاڵ و دڵته‌زێنانه بووین. ئه‌و ساڵه دوكتور پێـی وتم:" ئه‌وانـه‌ی ده‌ترسـن، به‌رده‌وام ده‌مرن، به‌ڵام كه‌سانێك كه ناترسن، ته‌نیا یه‌كجار ده‌مرن."

***

**تۆماس هامێربێرگ سكرتێری گشتیی كومیته‌ی سوئیدیی پشتیوانی له مافه ئینسـانی‌یه‌كانی نه‌تـه‌وه‌ی كـورد لـه سـه‌ر گڵكـۆی شـه‌هیدانی حـیزب لـه "پیرلاشێز"ی پاریس:**

ئه‌و توانایی‌یه‌كی دیپلۆماسیی هه‌بوو كه ڕه‌نگه ئه‌مڕۆ هیـچ ڕێبـه‌رێكی دیكـه‌ی كورد نه‌یبێ. ئه‌و وه‌ك ڕێبه‌رێك و هه‌م وه‌ك ڕێكخـه‌ر و خـاوه‌ن نـه‌زه‌رێك بایـه‌خێكی زۆری به مه‌سه‌له‌ی كوردستان ده‌دا. پیاوێكی گـه‌رم و میـهره‌بان و زۆر لـه سـه‌ره‌خۆ بوو. بۆ ئێمه له سوئید ئه‌و له خه‌باتی سیاسی و خـه‌بات بـۆ مافـه ئینسـانی‌یه‌كان‌و ئاشتی له شوێنه جۆراوجۆره‌كانی دونیادا نموونه بوو. له ڕاستی‌دا ئه‌و بۆ ئێمـه بـاوك بوو و له كاره‌كانماندا ئیلهامی ده‌داینێ. ئه‌و روناكبیرێكی كورد بوو بـه‌ڵام هه‌میشـه ئاگای له خه‌باتی هه‌موو نوخته‌كانی جیهان له پێناوی مه‌سـه‌له جۆراوجۆره‌كـانیش‌دا هه‌بوو. چونكه پێوه‌ندیی ئه‌وانی له‌گه‌ڵ مه‌سه‌له‌یه‌ك كه بۆخۆی خه‌باتی بۆ ده‌كـرد بـه روونی بۆ ده‌ركه‌وتبوو. ئه‌و سیاسه‌تمه‌دارێكی جیهانی بوو و بـه مانـای تـه‌واوی وشـه ئه‌نتر ناسیۆنالیست بوو. به‌ڵام به‌و حاڵه‌ش هه‌میشه به نه‌ته‌وه‌ی خۆی وه‌فادار بوو.

**مارك كراوێتز:**

ئەو لە هەموو بارێکەوە شەخسییەتێکی کەم وێنە وەدەگمەن بوو. لە لایەکەوە ڕێبەری یەکێك لە کۆنترین جوولاٌنەوە چەکداری‌یەکان بۆ ئازادیی نەتەوەکەی بوو، کە لە نێو خەڵکەکەی‌دا زۆر خۆشەویست بوو، هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، ڕێزو ئیعتبارێکی زۆری هەبوو. کەسانی وەك ئەو بە دەگمەن پەیدا دەبن." ئەو بێ وێنە بوو، توانیبووی خەباتی گەلێکی بەهێزی خاوەن هەزاران ساڵ مێژوو لەگەڵ ئەرزش و بایەخە جیهانی‌یەکان وەك دێموکراسی و ئازادی و کرانەوەی دەرگای سیاسی بەرەو دونیای دەرەوە، لێك گرێ بدا. ئەو لە لای بیروڕای گشتیی جیهان، کەمتر ناسرا بوو.

***

**یاسر عەرەفات:**

خوا لێخۆشبوو دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو خەباتگێڕێکی مەحکەم و هەڵکەوتووی گەلی برامان بوو و ژیانی خۆی وەقفی مافەکانی گەلی کورد کرد. ئەو بە هەموو تێکۆشان و دڵسۆزی‌یەکەوە، بۆ پتەو کردنی پێوەندیی دۆستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ گەلی خەباتگێڕی فەلەستین هەوڵی‌دا و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك‌دا دیفاعی لە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان کرد و لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە پێناوی مافی دیاری‌کردنی چارەنووس و دامەزرانی دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆ بە ڕێبەرایەتی تەنیا نوێنەری قانوونیی خۆی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین‌دا یار و پشتیوانی بوو.

***

**هانس کوشنیك ـ هانس ئیبرهارد دینگلین:**

بەمردنی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، حیزبی دیموکرات شەخسییەتێکی گەورەو ئێمە دۆستێکمان لە دەست چوو. لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالسوسیالیستدا ئێمە چاومان بە یەکتر کەوت. ئێمە ئەومان بە دیموکراتێکی گەورەو سەرۆکێکی مەزن ناسیبوو کە دەیەویست ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گەلەکەی بە مافی بەرامبەر لەگەڵ گەلانی دیکەو بە یەکگرتنێکی دۆستانەو ئازادانە بگەیەنێ.

**حیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵمان.**

***

**"یورگێن رینتس" لە دەفتەری فیدراڵی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمان:**

دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بوو کە وێڕای هەست کردن بە بەرپرسایەتییەکی گەورە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بە مەبەستی ئازادیی گەلی کورد، تێدەکۆشا کە تا ئەو جێیە دەکرێ ڕادەی قوربانییەکانی ئەو ڕێگایە کە هۆ و مەبەستی هەوڵدانەکەی بۆ وتووێژ بوو، کەم بکاتەوە.

***

بە لەدەست چوونی کاك دوکتور قاسملوو هێزە چەپ و دیموکراتەکانی ئێران شەخسییەتێکی خەباتگێڕو سیمایەکی گەورەو جێی بڕوا لە ئاستی میللی و نێونەتەوەیییان لە دەستدا.

**"کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران"**

هەتا چیاکانی کوردستان و گەلی ئێمە بمێنن هاواری ئاشتیخوازانەی قاسملووی نەمر لە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەکانی کوردستاندا دەنگ دەداتەوە. ئەو دەنگە هەتا سەرکەوتنی یەکجاریی گەلەکەمان هەر دەمێنێ.

**هەڵسوڕێنەران، نووسەران و خوێنەرانی گۆڤاری "ئوزگورگەلەجەك"**

❋ ❋ ❋

قاسملووە چل ساڵ بێ‌ڕاوەستان بۆ مافەکانی گەلی کورد تێ‌کۆشا. خەباتی وی نەك هەر لەنێو گەلی کورددا، بەڵکوو لە هەر چوار سووچی دنیادا ناسرا بوو. شەهید بوونی وی بۆ هەموومان کەلێنێکی گەورەیە.

**کومیتەی ناوەندیی ئالأی رزگاری**

❋ ❋ ❋

**سەلاح بەدرەدین:**

هاوڕێ قاسملوو، ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی کوردستانی ئێران و شەخسییەتێکی کاریگەر و بەناوبانگی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بوو. بۆیە شەهید بوونی نەك هەر بۆ حیزبی ئێوە و گەلی کورد لە ئێراندا، بەڵکو بۆ هەموو هێزەکانی نێو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا زیانێکی گەورە بوو.

❋ ❋ ❋

...ئەم شەهیدە بە راستی رێبەرێکی سیاسیی لێهاتوو و شەخسییەتێکی ناسراو بوو لــە سەر ئاستی کوردستان و جیهاندا. ... دوکتور قاسملوو لــە پێنــاوی زامــن کردنــی تــەواوی مافە رەواکانی گەلی کورد لە سەر بنچینەیەکی دیموکراسییانە هاتبووە مەیدان و هــەر لــەو رێگایەشدا شەهید کرا.

**بەرەی کوردستانی"عێراق"**

❊ ❊ ❊

**بەهمەن نیروومەند:**

دیارە دەبێ پێ لە سەر ئەو راستی‌یە دابگرین کە مێژووی پڕ لە شــانازیی حــیزب بێجگە لە خەباتی ئافەرین هەڵگری پێشمەرگەکان و کۆمەلآنی گەلی کورد، ئاکــامی رێبەرایەتی‌یەکی تێگەیشتووشە، لە سەرووی هەموویان قەرزداری رێبەری پایــە بــەرز دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی نەمرە. کاك رەحمان کە من شانازیی دۆستایەتی‌یەکی لە مێژینەم لەگەڵی هەبوو، شەخسییەتێکی هەڵکەوتوو بوو کە ئــێران دەتوانــێ دوای "مصدق"ی مەزن پی‌یەوە بنازێ. ئەمەش راســتی‌یەك بــوو کــە رێژیمــی خوێنخــۆر و وەحشی‌سیفەتی حاکمی ناچار کرد داماوانــە و ریاکارانــە کۆتــایی بــە ژیــانی بێنــێ، بێ‌خەبەر لەوە تۆوێك کە هاورێ قاسملوو لە سەرانسەری کۆمــەڵی ئێمــەدا دایچــاند،و ئێستا لە داوێن و دەشتە سیاسی‌یەکانی ئێراندا بووە بــە رووەك و داری بــەهێز و لــە نێو ناچێ.

❊ ❊ ❊

دوکتور قاسملوو هەم شۆڕشــگێڕ بــوو و هــەم دیموکــرات. ڕوانینــی وی لــە بــارەی مەسەلە جۆر بە جۆرەکانەوە تیژتر و بەرینتر لە ڕوانینی ئەو ئینسانە سیاسی‌یە کورت بینانە بوو، کە بێجگە لە بەر پێی خۆیان شتێکی دیکە نابینن. نفوزی شەخســییەتی قاسملوو لە سنوورەکانی ئێران زۆر بەولاوەتر بــوو و بێگومــان ئــەو گــەورەترین و بــە ئیعتیبارترین شەخسییەتی کوردیی هەموو ناوچەکان بوو، ئەمەش شتێکە کە هەموو کوردەکانی ولاّتە جۆر بە جۆرەکان دەیلێن.

**"راه آزادی" بلاّوکراوەی حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران ـ ژمارە ٣**

❊ ❊ ❊

لە دەستدانی عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڕێبــەرە هەڵکــەوتووەکانی گــەلی کــورد و خەباتگێڕی شێلگیر و بە رابردووی ڕێگای دیموکراسی بۆ ئــێران و خودموختــاری بــۆ کوردستان، خەسارێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئێران.

**بلاّوکراوەی "اتحاد کار" ژمارە ٢١ پووشپەڕی ١٣٧٠ی هەتاوی**

❊ ❊ ❊

دوکتور قاسملو بە تێگەیشتنی سیاسی و هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی هەلومەرجی ئێران، هیچ شێوە خــەباتێکی بــە "مــطلق" دانــەدەنا. ئــەو لــە حــاڵێکدا خــەباتی چەکدارانەی کوردستانی بەڕێوە دەبرد لە وتووێژ و دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆمــاری ئیسلامییش ترسێکی نەبوو. ئــەو دەیزانــی کــە خــەباتی چەکدارانــە لــە زۆر ولاّتــی

جیهاندا بۆتە هۆی هاو كێشەیەكی تازە لە هێزەكاندا و لەو رێگایەوە دیموكراسی جێگیر بووە.

**حیزبی كۆماریخوازانی میللی ئێران**

***

دوكتور قاسملوو لە شەخسییەتە بە ئەزموون و خەباتگێڕەكانی ئێران و جوولانەوەی شۆڕشگێڕانەی دیموكراتیك بووە. لە دەستچوونی ئەو، زەبرێكی گەورەیە بۆ جوولانەوەی شۆرشگێڕانەی ئێران و بە تایبەتی بۆ خەڵكی ستەم لێكراوی كوردستان.

**بزووتنەوەی دیموكراتیكی ـ شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی ئێران**

***

دوكتور قاسملوو، ئێرانییەك بوو بە خۆی و ئامانجەكانیەوە لە پێناوی نیشتمان و زێدەكەیدا كە ئێستا لە سەر ئەو ئامانجە بەرزانە گیانی بەخشیوە. كوژرانی ناوەختی دوكتور قاسملوو لە مێشكی سەركوت كردنی هەموو هێزە دیموكراتیكەكانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئێمە كە لە هاوكارییە بەنرخەكانی هاونیشتمانانی كورد لە پێوەندییەكانی ئازەربایجان و كوردستاندا بەهرەمەند بووین، هەرگیز خەباتی ئەو ئینسانە گەورەیە بۆ یەكگرتنی هێزە پێشڕەوەكانمان لە بیر نابەینەوە. ژیانی سەرانسەر تێكۆشانی دوكتور قاسملوو وەك رێبازێكی ئینسانی و ئێرانی، ئامانجەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، شێلگیرتر بەرەو پێشەوە دەبا.

**یەكیەتیی ئازادی جوولانەوەكانی ئازەربایجان بۆ رزگاریی ئێران**

دوکتور قاسملوو سیمای پرشنگداری جوولاٚنەوەی گەلی کوردی ئێران، لە نێو هێزەکانی دیکەی گەلی کوردی ناوچەدا جێگایەکی تایبەتی هەبوو. دوکتور قاسملوو لە جوولاٚنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران لە دژی سەرەڕۆیی و بۆ دەستەبەر کردنی دیموکراسی خاوەنی جێگایەکی تایبەتی بوو. ئەو جوولاٚنەوەیە هەرگیز تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ئەو لە شکڵ پێدانی یەکیەتیی هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان لە دژی کۆنە پەرستیی فەرمانڕەوادا لە بیر ناباتەوە. بە بڕوای ئێمە ئەو هەوڵ و تێکۆشانە لە چاوی دەسەلاٚتدارانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ون نەببوو و زیاتر لە پێشوو رق و کینەی سەبارەت بە دوکتور قاسملوو لە دڵی ئەواندا پێكهێنابوو.

## بەرەو یەکگرتن ("بسوی وحدت")

* * *

قاسملوو یەکێك لە پرشنگدارترین سیماکانی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری لە ئێرانی ئەمرۆدا بوو و لە دەستچوونی نەك هەر بۆ دۆستەکانی لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، بەڵکوو بۆ هەموو خەباتگێڕانی رێگای سەر بەخۆیی و ئازادیی ئێران خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە بوو. خەباتگێڕێکی ماندوویینەناس کە هیچکات خۆی لە چارەنووسی ئێران جیا نەدەکردەوە. خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران، بیر و بۆچوونی خەباتگێڕێکی ئەوتۆی دەردەخست کە خۆی پێ لە هەر کوردێك کوردتر و لە هەر ئێرانییەك ئێرانیتر بوو. هەتا ساڵانێکی زۆر چاوەگەشەکان و لێوە بە بزەکانی قاسملوو لە یاداندا دەمێنێتەوە.

**بلاٚوکراوەی "چشم انداز" ژمارە ٦**

***

ئەم ڕاستی‌یە کە ڕێز گرتنەوەیەکی ئەوتۆ لە دوکتـــور قـاسملوو، زیـاتر لـە لایـەن خاریجی‌یەکانەوە بەڕێوە دەچیٚ، تا ئێمە ئێرانی‌یەکان، بۆ هەموو کەس جێی پرســیارە، کە بە ڕاستی ئێمە بۆچی کـەمتر سـەرنجمان داوەتـە لایەنـە گرینـگ و بـەرچاوەکانی شەخسییەتی دوکتور قاسملوو؟ چاپەمەنی‌یەکانی ئۆپوزیســیۆن لـەم بـارەوە چـەندەیان نووسیوە؟ تەنانەت لە پاش مەرگی ئەویش، بـۆ وەگـەڕ کەوتنـەوەی پەروەندەکـەی چ هەوڵێکمان دا؟ ئۆپوزسیۆنی کۆماریخوازو دێموکراتی ئـێران، یـەکێك لـە گـەورەترین مۆرەکانی ئەم چەند دەیەی دوایی خۆی لە دەســت داوە. ئێمـە سـیماو شەخسـییەتی خاوەن ئیعتبارو نفووزی نێودەوڵەتیمان، کـە بـە ئیمـان و خۆڕاگـر و لـە نێوخـەڵكدا خۆشەویست بن، کەم هەیە و کاك ڕەحمان یەکێك لـــە دەگمـەنترین کەسـایەتی‌یەکانی ئێمە بوو. کارایی و نفووزی کەسایەتیی دوکتور، زۆر لە سنوورەکانی ئێران بـەولاوەتر چووبوو و بیٚ گومان گەورەترین و بە ئیعتبارترین شەخسییەتی کوردی ناوچەکە بـــوو، ئەمە زیاتر لە هەمووان ، کوردی ولاٌتانی دیکەش دانی پێدا دەنێن.

**بلاٌوکراوەی "راه آزادی"، ژمارە ٣ی گەلاوێژی ١٣٦٩**

***

"... دوکتور قاسملوو بەشی هـــەموو کوردێـكو بـەڵکوو هـەموو ئـازادیخوازێکی پێوەیە."

**لە پەیامی هاودەردیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ**

***

"... دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، مینبەرێکی بەرزی کوردستان بوو کە لە هەموو جیهاندا دیار بوو و دەردی گەلەکەمان لەوێڕا بە گوێی جیهانیان ڕادەگەیشت."

**لە پەیامی هاودەردیی ڕێکخراوی خەبات**

❊ ❊ ❊

" گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە، دوکتور قاسملوویان باش دەناسی‌و وەك سەرۆکێکی کورد، ڕێزو حورمەتێکی تایبەتییان بۆ دادەناو پڕبەدڵ خۆشیان دەویست."

**لە پەیامی هاودەردیی حیزبی پێشەنگی کرێکاری کوردستان**

❊ ❊ ❊

" ئێمە دڵنیاین ئەو پیاو کوژانە کە ئەم تاوانە دڕندانەیان ئەنجام دا، لە توانا‌و زیرەکی‌و لێهاتوویی ئەو کەڵە سەرکردەیە زەندەقیان چووبوو."

**کومیتەی بەڕێوە بردنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن**

❊ ❊ ❊

**موحەممەد عەلی ئارین، نوێنەری ئیستانبول لە پارلمانی تورکیە:**

"بە تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو هەموو گەلی کورد ریبەرێکی گەورەی خۆی لە دەست دا."

" بە لە دەستچوونی كاك دوكتور قاسملوو، هێزە چەپ ودیمۆكراتەكانی ئێران شەخسییەتێكی خەباتگێڕ، سیمایەكی گەورەو جێی بڕوا لە ئاستی میللی‌و نێونەتەوەیی‌دا لە دەست دەدەن."

**حیزبی دیموكراتیكی خەڵكی ئێران**

***

" دوكتور قاسملوو نە تەنیا یەكێك لە گەورەترین ڕێبەرانی خەڵكی كوردستان بوو، بەڵكوو یەكێك لەشەخسییەتەكان وڕێبەرانی گەورەی خەبات لە پێناوی جێگیر كردنی دیمۆكراسی لە ئێران دابوو.

**كۆمیتەی ناوەندیی ڕێكخراوی فیدائییانی گەلی ئێران(اكثریت)**

***

"دوكتور قاسملوو ئێرانی‌یەك بوو بەخۆی‌و ئامانجەكانی‌یەوە لە پێناوی نیشتمان‌و زێدەكەی‌دا، كە ئێستا لەسەر ئەو ئامانجە بەرزانە گیانی بەخشیوە."

**جوولانەوەكانی ئازەربایجان بۆ ڕزگاریی ئێران**

***

"دوكتور قاسملوو، پیاوێكی خاوەن بیرو قەڵەم و سیاسەتمەدارێكی ئازادیخواز بوو"

**كانوونی نووسەرانی ئێران (لە تاراوگە)**

***

**شەهید نووری دێهکوردی:**

"دوکتور قاسملووی نەمر زۆر شــتی فــێری ڕێبوارانــی حــیزبی ئێــوە کــرد. بــەلاّم بێگومان بەنرخترینیان، دیموکراسیی نێوخۆیی حیزبو خەباتی تێکەڵ بـــە دووربینــیو واقعبینیی سیاسی بوو."

❊ ❊ ❊

**کەمال بورقای:**

"قاسملوو مــەرڤێکی دوور دیتــی بــوو. بــیرو بــاوەرین وی دەرحــەقا دیموکراســیو سوسیالیزمیٚدا ئیرۆل هەمبەرین بوویەرین دنیــایین داویو هیژانیــا خــۆ چێــتر نیشــان ددەن. مەرڤ دەمرن، لیٚ بیروباوەریٚ تەڤگەرو میللەت دەژین."

❊ ❊ ❊

## دوکتور قاسملوو هەم شۆڕشگێڕ بوو هەم دیموکرات

"{بە تیرۆر کرانی د.قاسملوو} ئۆپۆزیسیونی کۆماریخوازو دیموکراتی ئێران، یەکێك لە مەزنترین مۆرەکانی ئەم چەند دەیەی خۆی لە دەست داوە، ئێمە کــەم کەســایەتیی ئــەوتۆمان هەیــە کــە هــەم خــاوەنی ئیعتیبــاری نێونەتــەوەییو هــەمیش خۆڕاگــرو خۆشەویست بن، کاك ڕەحمان یــەکێك لــەو کەســایەتی‌یە کــەم وێنانــە بــوو، زۆربــەی ڕووناکبیرانو کادرە سیاسی‌یەکان، کاتیٚ دەبنە دیموکرات، شۆڕشگێڕ نــامێننو کــاتێك شۆڕشگێڕن، دیموکرات نین. کە چی د. قاسملوو هەم شۆڕشگێڕ بوو هەم دیموکرات. ئەو لە بارەی زۆر مەسەلەوە بۆچوونێکــی شــوێندانەری هــەبوو، بەربــەرینتر لــە ئینســانە

سیاسی‌یە بیر تەسكەكان كە چەند هەنگاو بەولاوەتر نابینن، دەی‌ڕوانی‌یە مەسەلەكان. ڕوانینی ئەو لە سوسیالیزم‌و بەتایبەت گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئێران‌و كوردستان، خاوەنی ڕەوایی‌و ڕەسەنایەتیی زۆر بوو. ئێستا ئیتر ئەوو حیزبەكەی لە داڕشتنی ئەو دروشمانەدا بە تەنێ نین‌و بەشێكی زۆر لە چەپەكانی ئێران وەك ئەوان بیر دەكەنەوەو هەموویان دەزانن كە دوكتور چ نەخشێكی بەرچاوی لە سەلماندنی ئەو بەرنامەو شێوە بیر كردنەوەیەدا هەبووە. نفووزی كەسایەتیی دوكتور قاسملوو سنوورەكانی ئێرانی تێپەڕاندبوو، گومانی تێدا نیە ئەو مەزنترین‌و بە ئیعتبارترین كەسایەتیی كوردی هەموو ناوچەكە بوو و كوردەكانی ولاّتانی دیكە بەر لە هەموو كەس دان بەو ڕاستی‌یەدا دەنێن."

**"بلاّو كراوەی" "راه آزادی" ژمارە ٢، پووشپەڕی ١٣٦٩"**

* * *

## بزووتنەوەی كوردستان بۆ زۆر لەدەسكەوتەكانی خۆی قەرزداری زانایی‌و زیرەكیی سیاسیی قاسملوویە

**مەهدی خانباباتارانی:**

بە بڕوای من بزووتنەوەی كوردستان بۆ زۆر لە دەسكەوتەكانی خۆی، قەرزداری زانایی و زیرەكیی سیاسیی قاسملوویە. ئەو پاش تەواو كردنی خوێندنی زانستگە لە پاریس، ساڵانێكی زۆر لە چیكوسلوواكی ژیاوەو پاش هاتنی میوانە نەخوازراوەكانی شۆرەوی بۆ ئەوێ، ساڵی١٩٦٨ ناچار بوو ئەو ولاّتە بە جێ بێڵێ. قاسملوو لەگەڵ مەسەلەكانی پێوەندیدار بە ولاّتانی ئورووپایی ئاشنایەو ئاگای لە بارودۆخ‌و سیاسەتی

ولآتانی ناوچەی ڕۆژهەلآتی نێوەراستیشە. ئینسانێکی دنیا دیتوویەو لە راستیدا ئەزموونی دەولەمەندی ئەو، یارمەتیی زۆری بە گەشەکردنی سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کردوە.

بەراستی دەتوانم بلێم کە قاسملوو یەکێك لە لێوەشاوەترین سیاسەتمەدارانی ئێرانە. ئەوەی لە کاتی مانەوەم لە کوردستان دا، شوێنی لەسەر دانام، ئەوە بوو کە دەمدی لە پێوەندیی ئینسانیی نێوان ڕێبەرانو کەسانی سادەو پێشمەرگەکانی حیزب دا هیچ فەرق وجیاوازییەك نیە. پێشمەرگەکان بەرۆژ دەچوونە عەمەلیاتی نیزامی و شەوانە لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوەو بە سازو گۆرانی هەلٚ دەپەڕین وشادییان دەکرد. قاسملوو دەیگوت:"شۆڕش خەم خواردنی ناوێ. ئینسان شۆڕشی بۆ شەهید بوون ناوێو، شەهید بوون هەر لە جیٚدا ئامانج نیە.ئینسان دەبیٚ هەولٚ بدا تا لە مەیدانی خەبات دا بیر لە ژیان بکاتەوە. ئەگەر شەهیدیش بوو، ئەوە شتێکە لە خەبات دا دێتە پێش. بەلآم مەبەست لە هەولٚو تێکۆشانی ئینسان، ژیانێکی باشترە و هەمیشە دەبیٚ بیر لە ژیان بکرێتەوە."

دەمەویٚ بلێم ئەم چەشنە بیر کردنەوەیە، ئەو{قاسملوو}ی بردووەتە نێو بزووتنەوەی کوردستان. بیر کردنەوەیەکی نویٚ کە بە سەرنجدان بە دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەلآیەتیی کوردستان، گرینگییەکی دووقاتی هەیە. لایەنی دیکەی ئەم شێوە بیر کردنەوەیە، پێك هاتنی دەرەتانە بۆ لەگەلٚ یەك بەرەوڕوو بوونەوەی ئازادانەی بیروبۆچوون و ڕوانگەکان کە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا هەیەو نەك هەر بوونی موخالیفان تەحەممول دەکریٚ، بەلٚکوو هەرکەس دەتوانیٚ بە ئازادی بۆچوون و بیروڕای خۆی دەربڕیٚ. بە بڕوای من ئەوە لەودەسکەوتانەیە کە قاسملوو لە پێك

هێنانیاندا نەخشی زۆر بەر چاوی هەبوو. گرتنە پێشی ئەم سیاسەتە بـــووە بـە هـۆی ئەوە كە حیزبی دێموكرات نەبێتە دیلی سیاسەتە سوونەتی‌یەكان، ئـەو سیاسـەتانەی كـە پـەیڕەوی لەیـەك ئولگـوی تایبـەتی دەكـەن و یـان لـە ڕوانگـەی ئولگویـــەكی دیـاریكراوەوە دەڕواننـە شـۆڕش و سـەركەوتنی خۆیـان لـــە گـــرەوی پشـــتیوانیی دەسەڵاتێكی خاریجی دا دەبینن.

"نگاهی از درون به جنبش چپ در ایران"

* * *

## دوكتور قاسملوو لە ئاوێنەی یادو بیرەوەریی هاوڕێیانیدا

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:**

پێم خۆشە یەكێك لەو خسڵەتانە كە بۆ لێفێربوون دەبنو لە دوكتور قاسملووشدا هەبوون، ئەوەش باس بكەم. ئەویش تەوازوع بوو، بێفیزی، بێ دەماری. یەكێكی وەكوو دوكتور قاسملوو كە پیاوێكی گەورەیە، ئینسان كە دەچێتە لای سامو هەیبەتێكی هەیە، بەڵام دوكتور قاسملوو قەت حەزی نەدەكرد خۆی لەسەر خەڵكی گەورە نیشان بدا. ئەتۆ بێنەوە بەرچاوی خۆت كە دوكتور قاسملوو دەهات لەم سەرەوە دەچووە ئەو سەر، تاقە پێشمەرگەیەك لە دوایەوە دیار بوو. قەتت دیوە بۆ سەختترین ڕێگایە بچێ دوكتور قاسملوو سێ پێشمەرگەی لەگەڵ بێ؟ یەعنی ئەوەندە موتەوازیع بوو، یا مەسەلەن ٢٠ ماشینی دەبێ لەگەڵ بێ، هیچ، بە دەیان جار دوكتور قاسملوو سەفەری كردوە بە پێیان، سەفەری ڕێی دوو سەعاتان بە پێیان بە خۆیو بە سێ پێشمەرگە، هاتوچۆ بە خۆیو بە یەك پێشمەرگەی، سەفەری دووری كردوە بەخۆیو بە یەك ماشێنو ئەوەشی هیچ بە كەمی نەدەزانی، ئەوەندە باوەڕیشی بە خۆی هەبوو كە دەیزانی بە ماشێنان گەورە نابێ، بە ماشێنی كەمیش چووك نابێتەوە. ئەو تەوازوعەش بە نەزەری من شتێك بوو كە ئێستاش هەر دەبێ لێی فێر بین.

***

**كاك حەسەن ڕەستگار:**

لە ڕاستیدا من زۆر جار لەگەڵ دوكتور قاسملوودا لە كۆڕو كۆمەڵی سیاسی، مەحافیلی سیاسیدا بووم، یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی دوكتور قاسملوو بە نیسبەت

خەڵکی دیکەوە ئەوە بوو کە زۆر زوو و پاش ماوەیەکی کورت سەیتەرەی دەکــرد بــە سەر کۆبوونەوەکەدا، بە سەر مەجلیسەکەدا، چ لە بــاری زمــان پــاراوی چ لــە بــاری ئاگاداریو ئیتلاعاتێکی وەسیع کە لەسەر ژوورەوەو دەرەوەی مەسەلەن ولاّت هــەیبوو چ لە باری ئۆرووپاوەو ئەوانەوە زۆر ئیتلاعاتێکی وەسیعی هەبوو، لە باری سیاســەتی جیهانی‌یەوە زۆر ئاگاداریی زۆر بوو. جگە لەوەش لە باری زمانــەوە چــەندین زمــانی زیندووی دنیایەی زۆر چاك دەزانی فەرانسەیی یەکجار زۆر چاك دەزانــی، ئینگلیســی بۆ خۆی فێر ببوو و زۆر چاکی دەزانی، رووســیی دەزانــی، چێکۆســلۆواکیی دەزانــی، عەرەبیی دەزانی، تورکیی دەزانی، فارسیی دەزانیو کوردیی دەزانــی جــا لەبــەر وەی ببوە شتێکی نموونە یەعنی کەسانێك کە لە موقابیل وی‌دا قەراریان دەگرت خۆیان بە چکۆلە دەدیت، لەو روانگەیەوە کە ئەو ئینســانە ئــەو هــەموو زمانــە دەزانــیٚو ئــەو هەموو نوکتەو مەســایلەی کــە لــە بــەحسو گوفتوگــۆو ئەوانــەدا دەیهێنایــەوە، زوو دەیتوانی بە سەر بەحسەکەدا یان بە سەر کۆبوونەوەکەدا خۆی بسەپێنیٚ. ئەوە یەکێك لە بە ئیستلاح تایبەتمەندی‌یەکانی دوکتور قاسملووی بوو کە لە مــەحافیلی سیاســی‌دا دەیتوانی ئاوا خۆی بسەپێنیٚ.

مەحفەلی یەکجار زۆر خۆش بوو، دۆستایەتیشی خۆش بوو. دیارە ئــەمن وەکــوو خۆم بێجگە لە مەواریدی سیاسی کە جار جــار بــەرخوردمان دەبــوو چــەند جــارێك، جارێك لە کۆنگرەی سیٚو کونگرەی پێنج پێش {کونگرە} لە پیلۆنۆمو ئەوانــە، بــەلاّم وەکوو رابیتەی شەخسی یەکجار زۆر نێوانمان خــۆش بــوو و هەمیشــە بەتایبــەتی لــە گەورەدیٚ کەم وا هەبوو شەوانە یەعنی مەگەر بۆ خۆم میــوانم هــەبا دەنــا هەمیشــە دەچووم لە لای وی نانم دەخوارد، چونکە هــەر مــەحفیلێکی‌با، بابــەتی هــەموو ئــەو

مەحفیلانە شتی پێ بوو. خاریجی بایە نوكتەی یەكجار زۆری پێبوو، كوردەواری بایە نوكتەی یەكجار زۆری پێبوو، فارسی بایە ئەنواع‌و ئەقاسمی شێعری فارسی لە بەر بوو، شێعری كوردی لە بەر بوو. یەعنی شتەكەی وا خۆش دەكرد كە بە راستی هەموو مەجلیسەكەی متەوەجیهی خۆی دەكرد. بۆیە لە مەحافیل یەعنی دەیتوانی دەورێكی ئەساسی لە كۆ كردنەوەو لە بە ئیستلاح خڕكردنەوەی خەڵكیدا ببینێ بێجگە لەوەی ئۆمێدیشی دەدا. یەعنی هەر ئەوە نەبوو كە مەحفیلەكەی خۆش بێ‌و قسەی خۆش‌و ئەوانە، زیمنی ئەوەش لەو شاخ‌و داخانە لەو جێگا سەخت‌و ئەوانە ئۆمێدی دەدا بە دەوروبەری خۆی، ئەوە بۆخۆی یەكێك لە بە ئیستیلاح شتی هەرە باشی دوكتور قاسملوو بوو كە دەیتوانی نەخشی رەهبەری هەبێ.

بەراستی ئەوەی كە جێگای سەرنج بوو، دوكتور قاسملوو هەم لە باری بنەماڵەیی‌یەوە لە بنەماڵەیەكی بڵێین "متوسط" یا بڵێین بە نیسبەت كوردەواری‌یەوە دەوڵەمەند پێگەیبوو، هەم تەحسیل‌كەردەیەكی خاریج بوو، بەشی زۆری تەحسیلاتی لە دەرەوەی وڵات لە فەرانسەو چێكۆسلۆواكی‌و ئەوانە گوزەراندبوو و تەقریبەن دەكرێ بڵێین ئاشنایەتی‌یەكی تەواوی بە ژیانی ئۆرووپایی‌یەوە هەبوو. ئەوە كە هاتبوو لەو شەرایەتە سەختەی كوردستاندا، لە شەڕی پارتیزانی‌دا، لە بنە ئەشكەوتان‌و لە جێگای تەرەشوح‌و بە نانێكی یەكجار زۆر سەرەتایی جاری وابوو نان‌و شیرێژ، مانگێكی هەر دەبوو نان‌و شیرێژ بخوا، ئا بەو شێوەیەی رەفتار یەعنی هەڵی دەكرد. ئەوە هەم بە نیسبەت ئێمەوە كە ئەمە زۆرتر ئەو شتانەمان دیبوو جێگای سەرنج بوو، هەم بە نیسبەت ئۆرووپایی‌یەكان‌و خەبەرنیگارانیش كە دەهاتن بە راستی لەو تەحەموللەی ئەو كابرایەی تەعەجوبیان دەكرد كە توانیویەتی ئاوا، لە شەرایتێكی ئاوا ژیانی خۆشدا بێتە شەرایتێكی ئاوا ناخۆش ، بشتوانێ هەڵ بكاو لەوەی

موهیم‌تر ئەوە بوو کە زۆر کەم تووڕە دەبوو. یەعنی کەسێك کە مەسئوولییەتێکی ئاوا گەورەی بە عوهدەوە بیٚ یەعنی شەرایتێکی ئاوا سەختی ژیان کە هەر ئان، هەر ڕۆژ ژیانیشت لە خەتەردا بیٚ، ئاوا بتوانی هەڵکەیو تەحەمول بکەیو لەگەڵ ئەو هەموو گیرو گرفتو کۆسپو نارەسایی‌یەی کە لە نێو حیزبو لە نێو ئەو بزووتنەوەیەو لە نێو ئەو مەشاکیلەی‌دا کە هەمیشەش هەبوو، لەو بارەیەوە بە ڕاستی جێگایەکی تایبەتی هەبوو.

****

**کاك مستەفا مەولوودی:**

پێناسە کردنی دوکتور قاسملوو ئەگەر نەڵێم بۆ زۆر کەس لانی‌کەم بۆ من زۆر بە زەحمەتە. ئەوە زۆرتر کاری ئینسانی پسپۆڕو شارەزایە. زۆر کەسی کۆمەڵناس، فەرهەنگی، سیاسی و لیکۆلەر لە بواری جۆراوجۆردا چ کورد، ئێرانیو بیانی کە لە بارەی دەورانی مێرمنداڵیو لاویو ژیانی شەخسیو سیاسی نابراودا دواونو شتیان نووسیووەو نەزەرو بیروڕایان دەربڕیوە،هەر چەند پێم وایە ئی هەمووی ئەوانەش وەك هەبووە، نەیان توانیوە پێناسەیەکی تەواوو بیٚ کەموکووڕی لە بەرانبەر گەورەیی دوکتور قاسملوودا بە دەستەوە بدەن.

بەلاّم ئەگەر بتوانم لە ئی هەمووی ئەوانە شتێك هەلێنجمو ئی خۆشمی بخەمە سەر، دەکریٚ من ئاوا پێناسەی دوکتورقاسملوو بکەم.

قاسملوو لاوێکی خوێن گەرمو بەهەست، قوتابیو خوێندکارێکی زیرەكو بە بەرنامە بۆ داهاتووی خۆیو گەلەکەی، ئوستادێکی بەتوانا، سیاسی‌یەکی واقیع بین،

تیكۆشەرێكی بە هەست‌و ماندوویی‌نەناس‌و دیپلۆماتێكی لیٚ زان‌و كار كوشتە بــووە. بۆ پێناسەی ناوبراو دەكریٚ قسەو نووسراوەی زۆر كــەس بــە نموونــە بهێنینــەوە. مــن ئەوەی بەڕێز "مامۆستا عەبدوڵلاٚ حەسەنزادە"م لە ئی هــەموو كــەس پــیٚ جوانــترو كامیل ترە كە لە باسی دوكتور قاسملوودا، فەرموویەتی"میللەتی كورد وەجاغی كوێر نیە. بەلاٚم هەتا ئێستاشی لەگەلٚ بیٚ، كورد كوڕێكی دیكەی نەبووە بلٚیٚ قاسملووم."

❊❊❊

**كاك چەكۆ رەحیمی:**

خۆی بە ڕێبەری گەلی كورد دانــەدەنا. ڕێــزو ئیحتــیرامی بــۆ ڕێبــەرانی دیكــەی بزووتنەوەكانی كوردستان هەبوو. بەڕاستی بۆ حەللی كێشەی كورد لە هەموو دەرگــاو سەری لەهەموو قوژبنێك دەنا، بۆ ئەوەی مەزلوومییەتی كورد نیشــان بــدات. قــەت حازر نەبوو بۆ خاتری مەسلەحەتی كاتیی خۆی‌و حیزب، شۆڕشی پارچەیەكی دیكــەی كوردســتان كــەمڕەنگتر نیشــان بــدات، بەشــانازییەوە لــەلای دوژمنــانی وان باســی پێوەندی‌و هێزو توانایانی دەكــرد. بۆیــە دەبــیٚ كــورد بزانــیٚ زانایــەكی سیاســی وای لەدەست داوە كە جاریٚ یەكێكی وەك وی پەیدا نەبوەتەوە.

هەرچەند شەخسییەتێكی ئاوا گەورەی هەبوو قەت هــەوڵی نــەداوە بــە ســەرمایە ئەندووزی‌و تەنیا بەوەزعی بنەماڵەیی رابگا. لەباری ماددیی‌یەوە شــتێكی لیٚ بــەجیٚ نەما، هەرچی هەی‌بوو بە ماڵی حیزبی دەزانی‌و هەرواش بوو، چونكە تەنیا بۆ خێزان‌و دووكچەكەی ناوو ناوبانگەكەی ماوە. بەهۆی ئەوە من لە ناوچەی "شنۆ" بووم قــەت نەم‌بیست بفەرمیٚ ئاگاتان لە خزم‌و كەس‌وكاری من بێت، هــەموو خــەڵكی وەك یــەك چاولیٚدەكرد.

سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو و بەتوانای گەلی کورد بوو کە لەم سەردەمەدا کورد شانازی پێوە دەکا. لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو سیاسەتوانە ئەوە بوو کە ئەو زۆر وردبینانە بەپیری ڕووداوەکانەوە دەچوو و لێکدانەوەی لەسەر مەسائیل دەقیق بوو. ئەو وردبینییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەکە بەچەند زمانی سەرەکی جیهان قسەی دەکردو لە بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی‌دا سەرەڕای ئەوە کە بەشێوەی زانستی خوێندبووی، بەڵام هیچکات وازی لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە نەدەهێنا.

دوکتور قاسملوو تێدەکۆشا لەسەر چۆنیەتی وەزعی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی هاوڕێیانی ئاگادار بێ‌و ئەو هۆکارە دەبووە هۆی ئەوە کاتێك بۆ گیروگرفتێك هاوڕێیانی سەردانیان دەکرد، بەخێرایی گرێی موشکلاتەکانی بۆیان دەکردەوە. لەواقیعدا دەتوانین بڵێین لەبواری دەروونناسی‌دا تا رادەیەکی زۆر شارەزا بوو. بەرژەوەندیی گشتی لە سەرەوەی بەرژەوەندی‌یە تاکەکەسی‌یەکان دادەناو بۆ پەروەردەکردنو بارهێنانی هاوڕێیانی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا.

تایبەتمەندی‌یەکانی دوکتور قاسملوو لەوانەی باسم کرد زۆرترەو لە ئەژمار نایەت. تەنیا دەکرێ کردار، گوفتار، پندارو دڵسۆزیی وی بکەینە سەرمەشقو هەرکام بەنۆبەی خۆمان لەبەر چاوی بگرین، بەڵکوو ئەو کەلێنە پڕکەینەوە.

❊❊❊

**کاك حەمەنەزیف قادری:**

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی گەورەو سیاسەتمەدارێکی بلیمەتو ڕێکخەرێکی بە توانا بوو و حەکیمو فیلسووفی داکۆکی‌کاری بایەخە ئینسانی‌یەکان بوو.

د.قاسملوو یەكێك لەو ڕێبەرە هەڵكەوتووانە بوو كە بایەخێكی زۆری بە هونەرو ئەدەبو شیعر ئەداو بۆ خۆیشی زەوقو عەلاقەیەكی زۆری لەو بوارانەدا هەبوو.

*** 

**كاك تەیموور مستەفایی:**

دوكتور قاسملوو ڕێبەرێكی بە توانا، دیموكراتێكی شێلگیر، شۆڕشگێڕێكی خەڵكیو خاكی، بلیمەتێكی زاناو هەڵكەوتوو بوو. بە هۆی زاناییو وردبینی، لێكدانەوەكانی لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەكان پاش چەند ساڵ وەڕاست دەگەڕان. ڕۆڵەیەكی فیداكار بوو. لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی بەو مەداركە عیلمی‌یەوە كە هەیبوو، باشترین ژیانو گوزەرانی هەبێ. بەڵام ژیانو گوزەرانی تەنیا بۆ خۆی نەدەویست، ئەو ژیانی خۆشو ئاسوودەیی بۆ گەلە بەشخوراوو بەش مەینەتەكەی دەویست. ئەو كاتێ بە دەستی تیرۆریستانی كۆماری ئیسلامی شەهید كرا، وەسیەتنامەیەكی لە پاش خۆی بەجێ هێشت كە لەو وەسیەتنامەیەدا گوترابوو هەرچی سەروەت لە حیسابی دایە، هی حیزبی دیموكراتەو پاش شەهید بوونی یەك قرانیشی بۆ منداڵەكانی بەجێ نەهێشت. د. قاسملوو ئەهلی تەزاهور نەبوو. مەردی مەیدانی كردەوە بوو. بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی ماندوو نەناسو پشوو درێژ بوو.

*** 

**كاك سەید ڕەزا درودگەر:**

شەهید دوكتور قاسملوو سەرەڕای ئەوە كە بەشێكی زۆری لە باشترین كاتو ساتەكانی تەمەنی‌دا لە ئورووپا بووەو ئیمكاناتی باشی هەبووەو كەمو كەسریی شەخسیی نەبووەو لەگەڵ ئینسانە پایەبەرزەكاندا پێوەندیو هەڵسوكەوتی كردووە،

بەڵام زۆر ئینسانێکی خاکیو کەم تەوەقوع لە باری ژیانی شەخسی‌یەوە بوو. ماوەی نزیك بە ٨ ساڵ کە ئەمن لە نزیکەوە تا رادەیەك ئاگاداری ژیانی شەخسیی ئەو بووم، پێی خۆش بوو هەمیشە لە نێو کادرو پێشمەرگەدا بێ، بەڵام بە هۆکاری تایبەتیو بەرپرسایەتی‌یەوە نەیدەتوانی. مەگەر میوانی ببایا، ئەگەر نە بۆ نان خواردن دەهاتە جێگای گشتیی نان خواردنو دەستی دەکرد بە شۆخی کردن لەگەڵ کادرو پێشمەرگە، ئەگەر خوراکی ئەو ژەمەش باش نەبوایە بە پێشمەرگەکانی دەگوت: ئەوە خەتای فلان ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یە کە بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی‌یەو غەزای خراپمان پێ دەدا. هێندێك لە پێشمەرگەکان پێیان وابوو کە بەڕاستی دەڵێ، دەچوون بەرۆکی بەرپرسی ماڵییان دەگرتو ئەویش دەیگوت ئەو شۆخی کردوە. بەپێچەوانەی هێندێك لە موخالیفانی کە دەیانگوت دوکتور قاسملوو لە نێو ئورووپا خەریکی خۆشگوزەرانی‌یەو پێی خۆشە هەمیشە لە ئورووپا بێو ئەو سەفەرانە کە دەیکا هەر بۆ ئەوەیە. چەندین جار لە کاتی ئاسوودەیی دا لێم بیستووە کە وتوویەتی "ئاواتم ئەوەیە کە سەربکەوینو بچینەوە وڵات لە گوندەکەی خۆم (گوندی قاسملوو)و یا یەکێك لە گوندە جوانەکانی کوردستان دیاری بکەم، دابنیشمو بنووسمو ئیستراحەت بکەم. هەر سەعاتێکی ساڵێکی ئورووپاو هەموو دنیا دێنێو هەر کاتێکیش وەڕەز بووی جەولەیەکی ئەو شارو گوندە جوانانەی کوردستان بکەی هەر لە دزفۆڵەوە تا ماکۆ.

*** 

# هونەری دیپلۆماسیی كاك دوكتور قاسملوو لە ڕوانگەی هاوڕێیانی‌یەوە

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە:**

دوكتور قاسملوو بۆ كاری سیاسی‌و دیپلۆماسی هێندێك شانسی هەبوون كە زۆریان كۆمەك كردبوو بۆوەی سیاسەتمەدارێك‌و بە تایبەت دیپلۆماتێكی كاركوشتەی لێ بێتە دەرێ. لە واقیێ‌دا بتەوێ‌و نەتەوێ ئینسان هەرچەندە قابلیەتیشی هەبێ ئیحتیاجی بەوەی هەیە هێندێك زەمینەی بۆ بڕەخسێ. مەسەلەن لە بناغەڕا ئەو منداڵی پیاوێكی دەوڵەمەند بوو، كوڕە ئاغا بوو، لە دیوەخانی‌دا مەئمووری دەوڵەتی دیوە، كەیخوداو ئاغاو عەشیرەت‌و رەئیس عەشیرەت‌و بازرگانی شارو ئەوەی دیون، یەعنی لە گەڵ مەحافیلی سەرشناسی وڵاتەكەی خۆی چ كوردو چ غەیری كورد سەروكاری هەبووە، ئەوە بۆخۆی یەكێ لە شانسەكان بووە. شانسێكی دیكەی ئەوە بووە كە دوكتور قاسملوو توانیویەتی بخوێنی. لە ئەوەڵی ئیبتدایی‌ڕا بگرە تا دەرەجەی دوكتورا وەردەگرێ‌و دەرەجەی دوكتوراش لە رشتەیەكی زۆر موهیمی عیلمی‌دا. جگە لەوە ئەو لە قۆناغەكانی خۆێندن‌دا لە دێیەوە بگرە تا شارەكەی خۆی، تا پایتەختی وڵاتەكەی، تا وڵاتانی ئۆرووپایی لەوانە لە هەموویان خۆێندوویەتی. ئیمكاناتێكی دیكە كە بۆی پێك هاتوە ئەوە بووە كە توانیویەتی بە ئیمكاناتی ماددی خۆی زۆر وڵات بگەڕێ، زۆر خەڵكی ببینێ، زۆر خەڵك بناسێ، شەرایتی زۆر وڵاتان لە نزیكەوە ببینێ. ئەوانە هەموو كۆمەكیان كردوە، جا ئەوانە هەموو ئیزافە بكە بە زیرەكی‌یەكی زاتی كە لە زاتی ئینسانەكەدا هەیە، شتێكی دیكەشی لێ زیاد بكە، ئەویش دیارە كە حەتمەن لە

زیرەکی‌و توانا زاتی‌یەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەو ئینسانە توانیبووی چەند زمانی موهیمی دنیایە بزانێ. لە وڵاتەکەی خۆی کوردی‌یەکەی خۆی‌و ئازەربایجانی‌و فارسی، لە پاشان فەرانسەیی بە حەدی ئەعلا دەزانی، یەعنی تەقریبەن وەك فەرانسەیی‌یەکی فەرانسەیی دەزانی. ئینگلیسیی بە حەددی ڕەفعی ئیحتیاجو تێگەیشتن، قسە کردنیشی حەتتا دەزانی، چێکیی دەزانی، سلۆواکیی دەزانی، ئەو زمانانەی کە پێیان دەڵێن زمانەکانی ئیسلاڤ تەقریبەن هەموویانی یا بە باشی دەزانی یا ئەگەر بە باشی نەی‌دەزانی ئیحتیاجی خۆی پێ ڕەفع دەکردنو ئەوە وەسیلەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئینسان لە کاری دیپلۆماسی‌دا بتوانێ ڕەفعی ئیحتیاج بکا. هەر ئەمن بۆ خۆم زۆرجارم تەجرەبە کردوە، ئەگەر ئەتۆو تەرەفەکەت موستەقیم بتوانن بەزمانێکی کە هەردووکتان دەیزانن قسە لە گەڵ یەکدی بکەن ئاسانتر لێك دەگەن، ئاسانتر لێك نزیك دەبنەوە، لەوەی یەکێك باموتەرجمێکی باشیش بێ لە بەینتاندا هەبێو تەرجەمەی بکا. لە بەر ئەوە دوکتور قاسملوو ئیمکاناتی سەرکەوتن لە کاری سیاسی‌و دیپلۆماسی‌دا زۆر بە بەرفراوانی بۆ پێك هاتبوو. لە باری سیاسیشەوە زۆرجەوانە کە واریدی یەکیەتیی لاوان دەبێ، دیسان منداڵی شاری‌یە، منداڵی جێگایەکە کە ڕووداوەکانی تێدا دەقەومێن، دەبێتە حیزبی‌و دەچێتە نێو حیزبی توودەی ئێرانو هەمووی ئەوانە کۆمەکی دەکەن کە ئینسانێکی زۆر کارکوشتەی سیاسی‌و دیپلۆماتیی لێ دەر بێ، زۆر بە بێ دەمارگرژی دەڵێم ئەمن پێم وایەو خەڵکی دیکەشم لە گەڵ هاودەنگە، لە نێو میللەتی کورد دا تا ئێستا هیچ کەس نابینم کە لە سەریەك لە باری سیاسی‌و دیپلۆماسی‌یەوە گەیبێتە ئەو ڕادەیە کە دوکتور قاسملوو پێی گەیشتبوو.

نوقتەی بە قووەتی دوكتور قاسملوو لە باری سیاسیو دیپلۆماسیدا رەنگە لەو شتانە كە لە سەری گوتراون، نوقتەی بە قووەتی باس كرابن، وانیە نوقتەی بە قووەت یەك شت بێ. نوقتەی بە قووەت دەتوانێ زۆر شت بێ. زۆر باس كراوە وەك هۆشیاریی سیاسیو ئەوە. بەلاّم دوكتور قاسملوو، رەنگە شتێكیانم بە فكردا بێ كە نەمگوتوە ئەویش ئەوە بوو، ئەوەی پێی دەڵێن سورعەتی ئینتقالی زیهن. زۆر ئینسانێكی كارامە بوو لە دەركی خێرای مەسائیلدا. مەسەلەن ئەتۆ تەماشا بكە، زۆر جار حەتمەن دیققەتت كردوە یەكێك دەكەوێتە كونفرانسی مەتبووعاتییەوە، پرسیاری لێ دەكەن لە چوار سوئالاندا لە پێنج سوئالاندا زۆر مووەفەقە، بەلاّم لە دوو سێ سوئالاندا تێدەمێنێ. كاك دوكتور قاسملوو ئەوەندە موسەللەت بوو، ئەوەندە سورعەتی ئینتقالی زیهنی هەبوو كە حەتمەن سوئالێك كە لێی كرابایە هەر ئەندازە موشكلیش بایە دەیتوانی جوابێكی بداتەوە كە تەرەفەكەی یا رازی بكا یا ئەگەر رازییش نەبێ تەرەفەكە نەتوانێ بلێین نوقتەیەكی لێ بگرێ. ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیەكە. ئەوەیش بۆ خۆی هونەرێك بوو.

***

**كاك مستەفا مەولوودی:**

زۆرمان پێش ئەوەی لە نزیكەوە لەگەڵ دوكتور قاسملوو ئاشنایەتیمان پەیدا كردبێ، زۆرمان لەسەر ناوبراو بیستووە كە دوكتور قاسملوو لە نێو گەلی كورددا گەورەپیاوێكی سیاسیو دیپلۆماتێكی هەڵكەوتوو بووە، تەنانەت زۆر كەسیش بە یەكێك لە پیاوە سیاسییە هەڵكەوتوویەكانی ئێرانو ناوچەیان لەقەڵەم داوە.

پاشان وردە وردە کە زۆرتر شارەزای فیکرو ئەندیشەی دوکتور قاسملوو بووین‌و گوێمان لە قسەو نەزەرە سیاسی‌یەکانی ناوبراو بوو و زیاترمان زانیاری لەسەری کۆ کردۆتەوەو نووسراوەمان لێ خوێندۆتەوەو نووسراوەی خەڵکمان لەسەری خوێندۆتەوە کە چەندە سیاسیيانەو واقیع‌بینانە مەسەلە سیاسی‌یەکانی شی کردۆتەوەو لێکداوەتەوە، زۆرترمان توانای سیاسیی ناوبراو بۆ دەرکەوتووە. لەسەر خاڵی بەقووەتی دوکتور قاسملوو لە باری دیپلۆماسی‌یەوە دەکرێ هەر قەناعەت، بە قسەی کەسانی شارەزا بکەین کە دەڵێن: دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی کورد بوو کە لە ئۆرووپایەی خوێندبوو، چەند زمانی بێگانەی بە باشی دەزانی ، خەڵکی ئوروپای باش دەناسی‌و دەیزانی چلۆنیان ڕەفتار لەگەڵ بکا. توانا‌و لێهاتوویی‌یەکی زۆری لە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسی ئۆرووپادا هەبوو، پیاوێکی بەفەرهەنگ‌و سیاسەتمەدارێکی بە تەواو مانا بووە، من بەڕاستی هەر چەند فکر دەکەمەوە نازانم‌و ناتوانم لەو بێگانانە باشتر یان لانی‌کەم وەك ئەوان توانای دیپلۆماسی دوکتور پێناسە بکەم. بۆیە لەگەڵ شانازی بێ‌پایانم بۆ دوکتور قاسملوو تەحسین‌و سوپاس‌و ڕێزی بێ‌پایانیشم بۆ ئەو بێگانانە هەیە کە دوکتوری ئێمەیان ئاوا ناسیوەو پێناسەیان کردووە.

*** 

**کاك تەیموور مستەفایی:**

د. قاسملوو بە هۆی گەڕان بە وڵاتانی پێشکەوتووداو ساڵیانێکی زۆر ژیان لە ئوروپا، چ وەك خوێندکارو چ وەك مامۆستاو چ وەك تێکۆشەرێکی سیاسی،

ناسیاری‌یەكی چاكی وەدەست هێنابوو و لە گەڵ زۆر پیاوی سیاسی‌و گەورەو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ ناسیاری پەیدا كردبوو. فەرهەنگی غەربیشی بە باشی ناسیبوو، هەر بۆیە دیپلۆماتێكی كار كوشتەو ئاگا بە فەنی دیپلۆماسیی لێ دەرهاتبوو. ئەو لە گەڵ هەر سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەوانێك پێوەندی دەگرت نەزەری بۆ لای خۆی رادەكێشا. لەم بارەوە "جاناتان رندل" كە هەواڵنێرێكی ئەمریكایی‌یە لە كتێبەكەی‌دا بە ناوی "با این رسوایی چە بخشایشی" لە لاپەڕەی ٤١٢ لە سەر دوكتور قاسملوو دەڵێ:

" ... بە هەر حاڵ تا كاتێ ئەم بێ ئیحتیاتیەی نەكردبوو هەمیشە لە بەر چاوم تەنیا كوردێك بوو كە ئەو شەهامەت‌و ئازایەتیەی هەبوو كە لە گەڵ هەر حكومەتێك‌دا مامەڵەو تێگەیشتنێكی شەرافەتمەدانەو ڕەوا بەڕێوە بەرێ. ئەو تێگەیشتنەی كە ئەو لە ڕووداوەكانی دنیا هەیبوو ئەو دۆستایەتی‌و پێوەندیانەی كە لە گەڵ سیاسەتمەدارەكان‌و ڕۆژنامەنووس‌و زانستگایی‌یەكانی ئۆرووپاو باقی شوێنەكان هەیبوو، لایەنێكی پراگماتیكی بە كەسایەتی د. قاسملوو دابوو. كە بارزانی‌و ئۆجەلان‌و تاڵەبانی‌و نوێنەرانی تازەكاری توركیە نەیانبوو. كۆمەڵێك لە كوردەكان لە سەر ئەو بڕوایەن كە ئەگەر ئەو زیندوو مابا كاری كوردەكانی باشتر دەبردە پێشێ، ئێستا ئەو یەكێك لە شەهیدانی كوردە."

بێرنارد كوشنیر، دوكتور قاسملوو بە پێغەمبەری ئاشتی ناو دەباو دەڵێ : "ئەوان لە ئاشتی ترسان بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان كوشت!"

د. قاسملوو لە سیاسەت دا واقعبین بوو ئەو ئاوات‌و ئارەزووی لە جێگای واقعیەتەكان دانەدەنا. هەر بۆیە بۆ هەر بڕیاردانێك هێزی خۆی‌و هێزی تەرەفی بەرامبەر، تواناكان‌و هەلومەرجی جیهانی دەخستە پێش چاوو ئەو كات بڕیاری دەدا.

ئەو پێی وابوو ڕێبەرانی کورد لە ڕابــردوودا باشــیان سیاســەت نــەکردووەو هەمیشــە دەیگوت: "کورد لە سیاسەتدا ئینعتافی نــەبووە، یــا ســەد بــووە یــا ســیفر. بۆیــە هەمیشە گەیشتۆتەوە سیفر." ئەو پێی وابوو لە سیاسەتدا رەشی ڕەش‌و سپی ســپی یان سیفرو سەد وجوودی نیەو پێی وابوو جگە لە رەش‌و سپی رەنگی دیکەش هەیە لە نێوان سیفرو سەدیش‌دا هەر بە هەمان شێوەیە. هەر بەو پێ‌یەش سیاسەتی دادەڕشت‌و لە سیاسەت دا ئینعتافی هەبوو. د. قاسملوو لە دیاری کردنی سیاسەتدا بۆی گرنــگ نەبوو خەڵکی نەیار چۆنی لــە ســەر دەڵێــن. ســوننەت شــکێن بــوو. ئــەو دەیگــوت: "خەباتی ئێمە لە پێناو رزگاریی گەلی کورد دایە، بۆیە هەر شتێك یارمەتی بکا بــە ڕزگا بوونی گەلی کورد، دەبێ لە بەر چاومان بێ‌و ئەساسی سیاسەتی خۆمان دەبێ لە سەر قازانج‌و بەرژەوەندی گەلی کورد دابڕێژین."

****

**كاك حەمە نەزیف قادری:**

یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی د.قاسملوو شارەزایی بە ئوسوول‌و فەرهــەنگ‌و فەنی سیاسەت‌و دیپلۆماسی بوو. ئاداب‌و فەرهەنگی گــەلانی دەزانــی‌و هــەوڵی ئــەدا راستینەکانی جووڵانەوەی کوردیان لە گەڵ باس بکاو بناغەی دۆســتایەتی‌و پێوەنــدی سیاسی‌و دیپلۆماسیان لە گەڵ دابنێ‌و بە خەبات‌و تێکۆشانی حیزب ئاشنایان بکاو لە پێوەندی‌یــەکی شەخســی‌یەوە "Personel Union" بــە دیپلۆماســیەکی واقعــی‌و ســەرکەوتوانە "ealisticcontacts" بگــــات‌و لــــە نێــــو کــــۆڕو کۆمەڵــــە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ڕێزی لێ‌بگیرێ. دوکتــــور قــاسملوو بــاوەڕی بــە جیــهانی کردنــی

مەسەلەی کوردو جوولانەوەی کورد هەبوو، لە ناوەندە سیاسیو دیپلۆماسیەکاندا بە شێوەی تایبەتی خۆی باسی لە کێشەی هەموو کورد دەکردو هەوڵی ئەدا کۆبوونەوەو کونفرانسی نێونەتەوەیی پێك بێنێ. سیاسەت بە نەزەری دوکتور قاسملوو هونەری مومکین بوو و دیپلوماسییش هونەری نامومکین بە مومکین کردن بوو. بە نەزەری د.قاسملوو ئەخلاقیش جەوهەری سیاسەت بوو. کونفرانسی پاریس لە سەر مەسەلەی کوردو نزیك کردنەوەی جولانەوەی کورد لە ئەنتێر ناسیۆناڵ سۆسیالیستو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهانی لە هونەری دیپلۆماسیی ئەم دیپلۆماتە بە توانایە بوو. هەروەها مەسەلەی دەخاڵەتی ئینسانیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەو وڵاتانەی کوردیان تێدایەو لە لایەن دەوڵەتەکانیانەوە دەچەوسێنەوە، لە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی دوکتور قاسملوو بوو. دۆستە سیاسییەکانیشی هەر ئێستاش لە بواری نێونەتەوەییدا لە داکۆکیکارە ئەسڵییەکانی سەقامگیر کردنی مەسەلەی کوردن.

***

**کاك سەید ڕەزا درودگەر:**

شەهید دوکتور قاسملوو لە باری دیپلۆماسیو سیاسییەوە زۆر بەتوانا بوو. تواناییەکەشی نەتیجەی ئاگاداریو لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگای جۆراجۆر بە فیکرو مەکتەبی جۆراوجۆرەوە بوو، لە دنیای کۆمۆنیستیو جیهانی سێهەمی شەرق بگرە تا دنیای سەرمایەداریی غەرب. شەهید دوکتور قاسملوو لەو بارەوە هێندە چوو بووە پێشێ کە لەو مەسەلانەدا لە بەشێك لە بەڕێوەبەرانی دنیای کۆمۆنیستیو سەرمایەداری شارەزاتر بوو. هەر بۆیە یەکێك لە هەوەڵین کەسانێك بوو کە پشتیوانیی لەو فیکرە نوێیە کرد کە لە ئورووپای شەرقیو یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا دەستی

پـێ‌كردبوو، كـە نـە كۆمۆنیسـتی مـەوجوودی بـەكردەوە قبـوولّ بـووو نـە ئـەو سەرمایەداری‌یە (وەك ئیستیعمار) كە دواتر بوو بەهۆی ڕووخانی یەكیەتیی سۆڤیەت‌و دنیای كۆمۆنیستی. شەهید دوكتور قاسملوو بە كردەوەش پـاش زەحمـەتێكی زۆر بـە هاوكاری هاوڕێكانی ئەو فیكرەی لە ساڵی ١٣٦٦ بـەرەسمی هێنایـە نێـو بەرنامـەی حیزب‌و كەم كەس بوو كە پێی وابوو ئەو فیكرە سەر دەكەوێ. ئەوە لە كـاتێكدا بـوو كە بەشێك لە دنیای كۆمۆنیستی‌و سەرمایەداری ئەوەیان پێ شتێكی جیددی نەبوو.

شەهید دوكتور قاسملوو جگە لەوە لە ئورووپا ژیابووو لـەوێش لێكۆڵینـەوەی لـە سەر مەسەلە سیاسی‌یەكان دەكردو لە مەسایل‌و موشكیلاتی ئاگـادار بـوو. شـەهید دوكتور قاسملوو زۆربەی نەتەوەكانی دەناسی بەتایبـەت ئـەو نەتەوانـەی كـە حـەقیان پێشێل كرابوو یان داوای حەقی خۆیان دەكرد. كاتێك یەكیەتیی سۆڤیەت لەسەر كـار بووو كەس بیری نەدەكردەوە كە ڕۆژێك تێك بچێ، شەهید دوكتور لە سـاڵی ١٩٨٥و لە ١٨ ساڵ پێش ئێستا دەیگوت: گەلانی ئێستۆنی ـ ئێسلۆنی ـ لێتۆنـی‌و حاشـیەی قەفقاز تەحەمولیان نەماوەو هاواریان هەستاوە، لە هەوەڵێن فورسەتدا لە یەكیـەتیی سۆڤیەت جیا دەبنەوەو پاش چەندین ساڵ دەركەوت كە ڕاست بـوو. شـەهید دوكتـور قاسملوو بە باشی شارەزا بە مەسایل‌و كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بـوو، چونكـە هەم تێیدا ژیابووو هەم لێكۆڵینەوەی لەسەر كردبوو.

شەهید دوكتور قاسملوو لە مەسایلی ئەمریكاو ئەمریكای لاتین بە باشی ئاگـادار بوو. ئـەو كـات كـە ئـەو باسـی مەسـایلی پـیرۆو ئێكـوادۆرو كووبـاو ئـارژانتینی دەكرد،كەم‌كەس مێشكی خۆی بەو شتانەوە ماندوو دەكرد.

شەهید دوكتور قاسملوو كە لەسەر ئەو نەتەوانەو ئەو هەموو مەسایلە ئاگادارو شارەزایی بووە، هەر كات لەگەڵ هەر سیاسەتمەدارێك یا دیپلۆماتێك چاوپێكەوتنی دەكرد لە ژێر كاریگەریی خۆی دادەناو بە راحەتی دەیتوانی نەزەراتی خۆی جێگیر بكاو یا لانیكەم داخوازەكانی رەت نەبێتەوە.

❊ ❊ ❊

## فەسڵی دەیەم:

# "لحظه‌ای چند بر این لوح کبود"

# "لحظـەای چند بر این لوح کبود"

ئاغای عەلیڕەزا نوریزادە ئەو ڕۆژنامەوانە تێکۆشەرو بەناوبانگە ئێرانییەیە کــە بــە درێژایــی مــاوەی ژیــانی سیاســـیی خــۆی بـــەردەوام لـــە راســـتای قـــازانجو بەرژەوەندییەکانی گەلانی ژێردەستی ئێراندا خەباتی کردووە. بــە هاتنــە ســەرەکاری رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی، ئاغای نوریزادە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسیو ئــازادی لــە ئــێران درێــژەی بــە خــەباتو تێکۆشــانی خــۆی داو بـــەناچاری ولاٌتـــی بەجیٚهێشت. لەو کاتەوە تا ئێستا بــەردەوام لــە رێگــای رۆژنامــەو رادیۆکانــەوە بــە تایبەت رادیۆ دەنگی ئامریکا بەشی فارسی، هەم وتارو هـــەم وتووێژەکــانی جێگــای سەرەنجی هەمووانە. ئەو تێکۆشەرە یەکێك لە دۆســتانی نــێزیکی دوکتــور قــاسملووی نەمر بوو کە هەرکات دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی ولاٌتی دەکرد یا بـــە شــێوەی حوزوری یا لە رێگای تەلەفوونەوە پێوەندیی پێوە دەکرد. وەك بۆ خۆی دەڵێ لە قسەو باسو راوێژەکانی شەهیدی زیندوومان لە راستای قازانجو بەرژەوەندی گــەلانی ئــێران کەڵکی وەردەگرت. ئاغای نوریزادە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی "از خــون دل نوشتم" لە بابەتێك لە ژێر ناوی "لحظەای چند بر این لوح کبود..." بەم چەشنە باس لە کاك دوکتور قاسملوو دەکا:

چوو بوومە وییەن هەتا بۆ دواجار ببینم، تا ئەگەر لە رووبەڕووەوە بــۆم نــەگونجا لەگەڵی دانیشمو هەموو جارێ بە تەلەفوون لە مەودایەکی دوورەوە پێکەوە قســـەمان دەکرد، لانی کەم ئەمجارەیان بەرامبەری رابوەستمو بڵێم: ماڵئاوا سەرۆك!

بەلاّم پزیشكی قانوونیی وییەن. منو ژمارەیـەكی دیكـە كـە بـۆ ماڵئـاوایی لـە دوكتور، چوو بووینە ساردخانە كۆنەكەی ئەم شاەر، لەم بەختیارییە، بێبەش كرد.

شەو بوو و ڕێگامان دەبڕی. فرمێسك دەرەتانی قسەكردنی پێ نەدەداین، تەنیا لە وەبیر هێنانەوەی بیرەوەرییـەكانی ڕۆژانـی رابـردوودا بـوو، لـێرەو لـەوێ بـە شـوێن شوێنەوارەكانیدا دەگەڕاین. رقم لە خۆم بـوو. دەتگـوت ڕاوەسـتاوم تـا هاوڕێیـەكم نوقمی خوێنی خۆی بكرێ، یان لە حەسرەت نیشتمانی بابو باپیرانی دابوەستێ، جـا منیش دەست بكەم بە لاواندنەوەو (مرثیە)ی بۆبنووسم.

هەواڵەكە زۆر دڵتەزێن بوو، لەو هەوالاّنە بوو كە بە بیسـتنیان لـە پـڕ وا هەسـت دەكەی تەنانەت تۆزقالێكت هێز لە بەدەندا نەماوە هەتا هاوار بكەی بۆ چی؟ سەر لە بە یانیی ١٤ی ژووئیەی بوو كە پەیتا پـەیتا خەبـەر دەهـاتو زانیمـان كـە دوكتـور قاسملوویان بە یەكجاری لێستاندینو ئەو باسانەی ساڵێ جارێك پێكەوە دەمانبوو، بـو هەمیشە كۆتایییان پێهاتوە. لە قوولاّیی دڵمـەوە خۆشـم دەویسـت، مەگـەر دەكـرا دوكتور بناسیو دەرگای دڵتی بۆ نەكەیەوە. كە لە باسی خەباتو تێكۆشانڕا دەچـووە سەر شێعرو لە گەرمەی وتووێژ لە بارەی بەربەرەكانی لە گەڵ ڕێژیمدا لە پڕ دەیپرسی: ئەرێ بە راستی فیلمی تازەی "وودی ئالێن"ت دیوە؟ یان: ئەرێ پێـت وانیـە كتێبـی "رازەكانی سەرزەویی من"ی بەراهەنی، بە زۆرو زۆرداری مۆركی شۆڕشـگێڕانەی لێ دراوە؟

ساڵی پێشوو، كە دوكتور قاسملوو گەیشتە پاریس، وەك هەمیشە كاك عـەبدوڵلاّ، ئەم هاوڕێیەی كە لە ڕێگای پەڕینەوە لە ژیان بەرەو مەرگیشدا، دوكتوری بـە تـەنیا بە جێ نەهێشت، تەلەفوونی بۆكردم كە دوكتور هاتوە. پاشان سلاّوو هەواڵپرسینێكی گەرمو خۆمانەو ئەوقسەو دردەدلاّنە كە لە بن نایەن، زۆرم پێ خۆش بوو كـە دوكتـور

چاوپێکه‌وتنێکی له گه‌ڵ ئه‌م جه‌نابی "پوروالی" یه‌مان داهه‌بێ. چه‌ند ڕۆژ دواتــر کــه زانیم یه‌کتریان دیوه‌و دیداره‌که بووه‌و ئه‌و قسانه‌یان کردوون که له ریا به دوور بــوون، شادیی من چه‌ند قات بوو.

هاوینی رابردوو، بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئـێران، تاقـه هێزێکی به‌رهه‌ڵستکار که لاقی له سه‌ر خاکی نیشتمان بوو، ساڵێکی گرنگ بوو، ئه‌و له هه‌لومه‌رجێکدا هاتبووه ده‌ره‌وه‌ی وڵات که له هه‌موو لایه‌کــه‌وه لــه ژێــر فشــاردا بوو.

کاتێك له کۆتایی سه‌فه‌ره‌که‌یدا ده‌گه‌ڕایه‌وه کوردستان، لــه‌وه نیگــه‌ران بــوو کــه رێژیم به دوای خه‌یاڵ ئاسووده بوون له ئاست شه‌ڕ له گه‌ڵ عێراق، له مه‌و دوا هه‌موو هێزو توانای خۆی بۆ له نێو بردنی بزووتنه‌وه‌ی کــورد تــه‌رخان بکــا، بــێ ئــه‌وه‌ی لــه غوروور‌ه کوردی‌یه‌که‌ی مایه دابنێ گوتی: ئێمه هیچمان لــه براکانمــان نــاوێ. ئــه‌وه نه‌بێ به‌و قسه ناخۆشه‌یان که قاسملوو و حیزبه‌که‌ی جیایخوازن، ئاگر له جــه‌رگمان بــه‌ر نه‌ده‌ن وپاشان ئه‌گه‌ر له کیسه‌ی پیاوه‌تی یان که‌م نابێته‌وه، یارمه‌تیی برایانی کوردیان له کوردستان بده‌ن که یه‌که‌مین ئامانجیان، جێگیر کردنی دیمۆکراســیو بــه دیــهێنانی ده‌سه‌ڵاتی نیشتمانی بۆ خه‌ڵکی ئێرانه. چونکه بــه بــێ جێگــیر کردنــی دیمۆکراســی، خودموختــاریی خــه‌ڵکی کوردســتان وه‌دی نایــه. ئه‌وچاوه‌ڕوانی‌یــه‌ی هــه‌بوو کــه هاونیشتمانان به جلوبه‌رگی گه‌رمو ده‌واو ده‌رمان، یارمه‌تیی خه‌ڵکی کوردستان بده‌ن، ئه‌گینا له باری چه‌کو ته‌قه‌مه‌نیه‌وه گیرو گرفتێکی ئــه‌وتۆیان نــه‌بوو وهــه‌رکات لــه‌و باره‌وه که‌مو که‌سری‌یه‌کیان هه‌بایه هێرشیان ده‌برده سه‌ر بنکــه‌و پێگه‌یــه‌کی ســوپای پاسدارانوکه‌مو که‌سریی درێژه‌دانی به‌ربه‌ره‌کانی یه‌که‌یان، پڕ ده‌کرده‌وه.

پاش گەڕانەوەی بۆ كوردستان، نامەیەكم لە كاك عەبدوڵلا قادرییەوە پێ گەیشت كە وێڕای ناردنی سڵاوو پەیامی گەرمو دۆستانەی دوكتور، لە زمانی وییەوە گوتبووی: ئەو پێشەكییەی بۆ وتووێژەكەمت نووسیبو زۆرم بەدڵ بوو. هەروەها لەوەش كە زۆر بە ئەمانەتەوە هەموو قسەكانمت لە گوڤاری "الدستور"دا بڵاو كردبۆوە، سوپاست دەكەم. هیوادارم هاوینی داهاتوو یەكتر ببینینو بە دوور و درێژی قسان بكەین.

لە یەكەم دیدارمان دەساڵ رابرد. لەوە پێش ناویم لەسەر نامیلكە بچووكو گەورەكان لە كتێب فرۆشیی "كۆلیت"ی لەندەن دادەنران، بەرچاو دەكەوت. دوای شۆڕش كاتێك بۆ دیتنی سەرزەوییەك كە هەر نەبێ لەبەر كورد بوونی هاوسەرەكەم، خۆشم دەوێ، چوومە كوردستان، ناوی هێشتا لە پانایی دڵانی دەردەداری ئەم هەرێمەدا. ئەوەندە ریشەی دانەكوتابوو. ئەوكات موددەعیی دیكەش هەبوون بۆ وێنە عەللامە موفتیزادە كە بە قازانجی رێژیم مەیدانداریی دەكردو پێی وابوو بەو هۆیەوە كە لە دادگاكانی شۆڕشدا، سەرە پەتێكی بە دەست بووەو لە سەرەتای خوتبەی نوێژی جومعەدا، بە كوردی بە ئیمامی هەڵ گوتوە، كە وابوو قسەی تێدا نیە "آقا"{خمینی} لە پشتی قەباڵەی برایەتیی خۆیو ئەودا، كوردستانی پێشكێش دەكاو..و شێخی ساویلكە عیزەددین حوسەینییش، بۆ خۆی ناوو ناوبانگێكی هەبوو و... موسڵمانە سوننییەكان گوییان بۆ قسەكانی رادەگرت. ئاكامی ئەم سەفەرە بێجگە لە وتووێژو ئەو راپۆرتانەی كە بڵاوم كردنەوە، ناسینی دوكتور قاسملوو بوو: ئینسانێكی بە تواوی مانای وشە رووناكبیر، زمانزان، ئۆگری فەرهەنگو ئەدەبیاتو فەلسەفە، شارەزا لە ئابووریو سیاسەت، ئاشنا لە گەڵ شێعرو ئەدەبیاتی فارسیو خاوەنی باوەڕێكی قووڵ بە دیمۆكراسی، سەربەخۆییو ئازادیو یەكپارچەیی ئێرانو،

خوازیاری جێگیر بوونو بە دیهاتنی حاکمییەتی نیشتمانی لە وڵاتدا کە ماناکەی بە پێی قسەی ئەو، وەدیهاتنی خودموختاری لە کوردستاندا بوو.

ئەو کات قاسملوو ژیانی نهێنیی نەبوو. لە گەڵ ئەوەشدا ئیمام بە هێرشکرنە سەر ئەوو شێخ عیزەددین حوسەینی، رێگای بەشدار بوون لە مەجلیسی خیبرەگانی لێ گرتبوون، بەڵام کاك عەبدولرەحمان ئەوەندە بڕوای بە خۆ هەبوو کە لێرەو لەوێ، لە مەهاباد، نەغەدە و سەردەشت وەدیارکەوێو تەنانەت جاروبارە سەرێکیش لە ورمێ هەڵێنێو لەو کۆڕانەدا کە بۆ رێزگرتن لە خەباتگێڕانی کورد دا پێك دەهاتن، بەشدار بێ.

راستییەکەی ئەوم لەوانی دیکە کە سەروبنی قسەیان کوردستان بوو بەرزتر هاتە بەرچاو. ئەو رووی قسەکانی لە هەموو ئێران دا بوو. لێیان راسپارد بچێتە تارانو جڵەوی کاروباری کوردستانیان دایە دەستی چەمرانو، خەڵخاڵیو داروودەستەکەی هاتنە سنەو مەهاباد تا هەر کەسێك ناوی دیموکراسی بە زاردا دێ، دەس بەجێ گوللەبارانی بکەن. هیچ کات ئەو شەوەم لەبیر ناچێ کە هاوڕێیە کوردەکەم، فەرهاد رەشید، لە حاڵێكدا فرمێسکی خوێناویی لە چاوی دەتکان، وێنەی دوو براکەی هێنا کە بە دەستی هەڵبەستراوو ئەوەکەی دی کە خەریکی خوێندنی دوا ساڵی لە زانستگا بوو، بە لاقی هەتا نێو قەد لە گێچدا، لە زەوی فرۆکەخانەدا بە بڕیاری خەڵخاڵی ـ مفتیزادە، لە تەنیشت هەشت قارەمانی دیکە، گوللە باران دەکران. ئەم وێنەیە کە بەختی چاپو بڵاو بوونەوەی بۆ رەخسا، رەنگە زیندووترین بەڵگەی جینایەتی رێژیمێك بوو کە دەیەویست عەدڵو دادی ئیسلامی لە ئێراندا پەرە پێ بداو کوردو تورکو

عەرەبو بەلووچو فارسو ... لە سەر خوانـی دادپـەروەریو لـە سـەرچاوەی تـەباییو برایەتی ئیسلامی، تێرو پاراو بكا.

قاسملوو زۆر زوو تامی عەدالـەتی ئیمـامی چێشـت. ئەگـەر ئاگربـارانی گونـدی قارنێو پاشان كوشتاری بە كۆمـەڵی دانیشـتووانی، سـەرەتای كـار بـوو، گـەمارۆی نەغەدەو پاشان هاتنی چەمرانو چـەكدارەكانیو مـل لـە زەنجـیر كردنـی كوردەكـانو هەڵاواسینیان بە پەنجـەرەكانی دەفتـەری حـیزبی دیمۆكراتـی كوردسـتان بـەر لـەوەی گوللەباران بكرێن، ئیدی هیچ گومانێكیان بۆ دوكتور قـاسملوو نەهێشـتەوە كـە ئـەم خەلیفە مەندیل بە سەرە بە جێ پێی شایە تاجدارەكەشدا ناڕوا. نە ئوسوولّی قبوولّـە نە فرووع، پەكیشی بە كـەس نەكـەوتووە، بۆشـی گرنـگ نیـە كـە ئەنتێرناسـیۆناڵی سوسیالیست، ڕێكخراوی نێونەتەوەیی لێبوردنو بە گەشتی كۆمەڵگـەی جیـهانی لـە سەر كردەوە دژی ئینسانییەكانیو پێشێل كردنی مافی مرۆڤ، مـەحكوومی بكـەن. هێرشە پەیتا پەیتاكان كە لە هەواو زەوییەوە دەكرانو خەنجەر لـە پشـتدانی حـیزبی توودە، قاسملوویان ناچار كرد چاو بـە بەرنامـەكانیدا بخشـێنێتەوە. ئـەو هـاتبوو تـا كۆتایی بە ڕەنجو مەینەتو بێبەشییەكانی گەلی كورد بێنێ نەك "بیانكا بە گۆشتی سەر چەپەرێ" بۆ خومەینی. بەم جۆرە بوو كە دوكتـور قـاسملوو لـە كۆتاییـیەكانی ساڵی ١٣٥٨دا وازی لە مانەوەی بەربلاّو لە شارەكانو تێكۆشـانی حـیزبیو سیاسـی هەر لەو كاتەدا دیفاع كردن لە خۆ هێناو ڕووی كـردە هـێرش كـردنو خـۆ وەدەسـت نەدانو جێگیر بوون لە گوندەكانو ناوچە شاخاوییەكاندا.

لە شار سادە دەژیا، لە چیا سادەتریش. لە گەڵ ژنێكدا دەژیا كە یادگاری ڕۆژانـی دوور خرانەوە بۆ چێكۆسـلۆواكی بـوو و جلكـی كوردیـی دەكـردە بـەرو خـەم خـۆرو

یارمەتیدەری ژنانی کورد بوو. لە چیا دڵی هەمووانی دەدایــەوە فرمێسـکی چـاوانی دەسڕینو دەیگوت نیگەران مەبن هەتا هەبم نیشتمانی بابو باپیرانم دەپارێزم.

ئێستا منیش لەم شەوەدا لە نێونـدی شـەقامەکانی وییـەندا لـە خـۆم دەپرسـی: لەمەودوا کێ نیشتمانی بابو باپیرانم دەپارێزێ؟

هاوڕێیەکی کورد کە لە سیمای دوکتور قاسملوودا سمایل ئاغای سمکۆ (یـان وەك ئێمەدەلێین سمیتقو)و حەمە رەشـید {خـان}و قـازی محەمـەدی وێکـڕا بـە دی دەکـرد، لەتەنیشـتم دانیشـتووەو دەنگێکـی بـە سـۆزەوە دەڵـێ: "هـۆ براکـەم! بـرا ئــازیزو رەشیدەکەم! لە ترۆپکی چیاکانەوە بڕوانە، دوژمن بە فێڵ بەرگی دۆستی کردۆتە بــەر گیانەکەم، برایەکەم، رەحمانەکەم، قاسملووەکەم، دوکتورەکەم، خەمخۆرەکەم! ...

بە پاوە چە بێژم؟ چی وەڵامی مەهاباد بدەمەوە؟ بـە سـنە کـە سـەر هـەتا پێـی ئاگرە، بە چ روویەکەوە بڵێم: چەم وشك بوو، دەریا کوێر بۆوە، بـاران وەسـتا، هـەتاو رۆیی ...

هەروا رێگا دەبڕین، ئەو دەڵێو من بیر لە سێ چوار رۆژ پێشتر دەکەمەوە. لە گەڵ کاك عەبدوڵلا قادری بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران {لـە ئۆرووپـا} لـە گەڵ دوکتور قاسملوو رێك بخەین. گوتم عەلیی لیمۆنادیی دۆستمان کـە بـەرێوە بـەری تەلەویزیۆنی ئێرانی‌یەکان لە لۆس‌ئانجلێسە، وەك سالانی رابردوو، ئەمساڵیش هاتۆتـە ئۆرووپاو دەیەوێ چاوی بە دوکتور بکەوێ. گوتـی: سـەفەرێکی کورتیـان لـە بـەرەو، باشترین کات بۆ ئەم چاوپێکەوتنە ئێوارەی شەممۆی داهاتوویە. چونکە شامی شــەوی هەینی، یان بەربەیانی شەممۆ دەگەڕێینەوە پاریس. پاشان گوشی‌یەکەی دایــە دەسـتی دوکتور.

بەر لەوەی بچێتە سوئید، بە كورتی قسەم لە گەڵ كردبوو. ئێستا پێی رادەگەیاندم كە لە { كونگرەی} ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا تاقانە بەشدار بووی ئەم كونگرەیەبووە، لە لایەن خەڵكی ئێرانەوە. وشەی ئێرانی بە تەئكیدەوە دەگوت. گوتم حیزبێك كە پێی لە سەر خاكی نیشتمانە، هەر دەشێ وەك نوێنەری خەڵكی ئێران لە ئەنترناسیونالی سوسیالیستدا بەشداری بكا.

پاشان باسی وەلید جونبەلات، جێگری سكرتێری گشتیی ئەنترناسیونالی سوسیالیستەكان‌و ڕێبەری حیزبی سوسیالیستی پێشڕەوی لوبنانی كرد لە ماوەی بەرێوە چوونی كونفرانسەكەدا {كونگرەكە}دا زۆر بە توندی دیفاعی لە مافی كوردەكان كردبوو و كردەوە دژی ئینسانی‌یەكانی دژ بە كوردەكانی ئێرانی مەحكووم كردبوو. گوتم: جونبەلات شتی وای لێ نایە. لەم دواییانەدا بۆنی دولارە ئیسلامی‌یەكانی بۆ چووەو نوشتەی ئایەتوڵاكان پیس كاری لێكردووە. گوتی: فەزای كونفرانسەكە جۆرێك بوو كە ناچار بوو لە خێری چەند میلیۆن دولاری بەڵێن دراو لە لایەن تارانەوە چاو پۆشی بكاو بە لایەنگری لە مافی كوردان قسە بكا.

پاشان قسەكانی هێنایە سەر دیدارو چاوپێكەوتنەكانی خۆی لە پاریس. گوتی فەزای پاریس گۆڕاوە. هەر لە جێدا فەزای ئۆپۆزیسیۆن بە دوای مەرگی خومەینی‌دا گۆڕاوە. كەم‌و زۆر هەموو لا بۆیان دەركەوتووە كە بە تەنیا ناتوانن كارێكی ئەوتۆ بكەن، كەم كەم دەبیسم كە پێ لە سەر خۆداگرتن‌و (من من) كردن كەم بۆتەوە، تەنانەت كوڕی شاش بۆی دەركەوتووە ئەوانەی "اعلیحضرت"ی پێ دەڵێن، پێی رادەبوێرن. ئێستا ئیدی لە هەموو جێیەك باس باسی حاكمییەتی میللی‌و مافە رەواكانی قەومەكانی ئێرانە، {ئێستا ئیدی } رێز دانان بۆ فەرهەنگو داب‌و نەریتەكان‌و ویست‌و بڕیاری كەمایەتی‌یەكان، تاوان نیە، تاوانبار ئەوانەن كە

دەیانەوەیّ لێرەوە بڕیار لە سەر چارەنووسی خــەڵك بـدەنو لــە بــەرگی ئاریامێــهری، نیزامی یان شەخسیدا جارێکی دیکە دامو دەزگای فیرعەونی بێننەوە سەرکار.

زۆر خۆشحالّ بوو کە خەڵك دەستی ئەوانەی خوێندۆتەوەو ئیدی کەس فریو نادریّ. تەنیا نیگەرانییەك کــە هــەیبوو، ئیحتیمــالّی هێرشــی ڕێژیــم بــۆ ســەر ناوچــەکانی کوردستان بوو: " بە هــەر جۆرێــك بــووە دەبــیّ پێشــی ئــەو هێرشــە بگــیریّ. ئێمــە ئیمکاناتێکی کەممان هەیەو پشتمان بە هیچ کوێوە نیە. ئــەم دوازدە هــەزار ڕۆڵــەی فیداکارەو دەیان هەزار ئینسانە لە خۆبردوو و ئازادەی کوردستان، سەرمایەی وڵاتــن، نابیّ ڕێگا بدەین میراتگرانی خومەینی، لە سەر زەوی ئێمــەدا ڕووبــاری خوێــن وەڕیّ بخەن."

زۆری شایی بە سەفەری خۆی بۆ ئەمریکایە بوو. چەندین ڕێکخراوی نێونەتــەوەیی لایەنگری مافی مرۆڤ، کەمایەتییەکانو ژمارەیەکی زۆر لە نوێنــەرانی ئــازادیخوازی کونگرە بانگهێشتنیان کردبوو تا بۆ ڕوون کردنــەوەی هەلومــەرجی خــەباتی خــەڵکی کوردستانو بەربەرەکانیی میللەتی ئێران لە گەڵ سەرەڕۆییو کۆنەپەرستی، ســـەردانی ئــەمریکا بکــاو وێــڕای قســەکردن بــۆ ئــەوان، لــە گــەڵ ئـــەم کــۆڕو کۆمەڵانـــەو شەخسیەتەکانیش چاو پێکــەوتنو وتوویــژ بکــا. دوکتــور قــاسملوو دەیەویســت لــە سەفەری خۆی بۆ ئامریکادا، لە هەموو جێیەك بانگی یەکگرتن بداو بڵــیّ: "ئێســتا ئیدی کاتی دەست وێكدانو یەکبوونە."

گوتم لە گەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەدا کە لە سەر ڕێی هاتنی مـــن بــۆ فەرانســە هەن باوەڕم بە بەڵێنی ئەو دۆستەم هەیە کە کاردروستایی سەفەرەکەی گرتۆتە ئەستۆ. هەر بۆیە هیوادارم کە بتبینمو هەتا ئەو ڕۆژە دادیّ، "لیمونادی" وەکیلی منیشە بــۆ

دیتنت. نەم دەزانی ئەم دیدارە تەنانەت بەنسیبی ئەویش نابێ. پێنج رۆژ دواتر، ئێوارە درەنگانێ چوارشەممۆ، کاك عەبدوڵڵا تەلەفوونی بۆ کردم. پەیامەکەی منی پێگەیشتبوو و جارێکی دیکە پێی داگرتەوە کە ئێوارەی شەممۆ لە پاریس دەبن. بە لیمۆنادی کە لە تەنیشتم وێستا بوو، گوتم خەمت نەبێو پرسیارەکانت ئامادە بکە.

هەواڵەکەم کە بیست، زمانم نەدەگەڕا، تا ئێستا هەواڵی لەوە تاڵترمان نەبیستبوو. دوکتور لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا بە گوللەی رقو قینی سەربازانی بێناوی ئیمامی زەمان بەو شێوەیەی کە لە دەزگای حجت الاسلام ریشهری دا بە چاکی فێری بوون، کۆتایی بە ژیانی هاتبوو. لە تەنیشتیشییەوە کاك عەبدوڵڵاو کاك رەسووڵ کە هی ئەودیوی سنوورەکان بوو...

***

# فەسڵی یازدەهەم:

## یادی دەساڵەی شەهید بوونی كاك دوكتور قاسملوو

- بەیاننامەی كومیتەی ناوەندی بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوكتور قاسملووەوە
- بەڕێوەچوونی یادی دەساڵەی دوكتور قاسملووی نەمر لە پارلمانی فەرانسەدا
- وتاری بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە
- وتاری بەڕێز بێرنارد كۆشنێر
- وتاری مادام دانیەل میتران
- وتاری بەڕێز پییەر مورِوا
- وتاری بەڕێز بیرنارد گرانژۆن
- وتاری بەڕێز ئالێن شێنال
- وتاری دوكتور كەندال نەزان

# بەڕێزبێ یادی دوکتور قاسملوو ڕێبەری شەهیدی دیموکرات

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان !**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

**هاورێیانی خۆشەویست!**

ڕۆژی٢٢ی پووشپەری ١٣٧٨ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٣ی ژووئیەی١٩٩٩ی زایینی دە ساڵی تەواو بەسەر کردەوەی پڕشوورەیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو کارەساتی دڵتەزێنی مێژووی خەباتی پڕ حەماسەو خوێنینی خەڵکی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تێ دەپەڕێ. دەساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا دیپلۆمات ـ تیرۆریستەکانی ـ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەناوی وتووێژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە تارانەوە ناردرابوونە ڤییەن، لەغەدرو خەیانەتێکی مێژوویی‌دا دوکتور قاسملوو "پیغەمبەریئاشتی"و ڕێبەری زاناو لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لەگەڵ هاوڕێ "عەبدوڵلا قادری ئازەر" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو دوکتور "فازڵ ڕەسووڵ" مامۆستای کوردی زانستگەی ڤییەن، تیرۆرکرد. تیرۆری دوکتور قاسملوو ئەگەر لەلایەك بوو بە مایەی خەمو پەژارەی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵانیخەڵکی کوردستانو هەموو دۆستانی گەلی کورد، لەلایەکی دیکەوە ڕقو قینی مرۆڤایەتیی پێشکەوتووی بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئێران بزواندو بوو بە هۆی ئابڕووچوونێکی کەموێنە بۆ ڕێژیمی فەرمانڕەوا لە ئێراندا. مەرگی دوکتور

قاسملوو هاوپێوەندی‌یەكی ـ تائەودەم ـ كەموێنەی لە رادەی جیهانی‌دا بۆ لای گەلی كوردو خەباتە رەواكەی راكێشا. رێوڕەسمی بە خاكسپاردنی دوكتور قاسملوو لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بەكردەوە بوو بە خۆپێشاندانێكی گەورەی ئۆگرانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموكراسی لە جیهاندا بۆ دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ خەڵكی كوردستان‌و نیشاندانی رق‌و بێزاری بەرامبەر بە كۆماری ئیسلامیی ئێران. لە روانگەی هەموو ئەو شەخسییەتانەوە كە بەشداری رێوڕەسمی ناشتنی دوكتور قاسملوو بوون یان لە رادیۆو تەلەویزیۆن‌و رۆژنامەكان‌و لە بۆنەی جۆربەجۆردا دەربارەی كارەساتی ڤییەن دواون، شەهید بوونی دوكتور قاسملوو خەسارێك نەبوو تەنیا لە حیزبی دیموكرات‌وخەڵكی كوردستانی ئێران كەوتبێ، بەڵكوو كۆستی لە دەست چوونی قاسملوو، كۆستی تەواوی نەتەوەی كورد، تەواوی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێران‌و بزووتنەوەی خەبات بۆ ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموكراسی لە رادەی جیهانی‌دا بوو. دوكتور قاسملوو زیاتر لە رێبەرێكی ئاسایی حیزبێك یان بزووتنەوەیەكی رزگاریخوازانە لە ناوچەیەكی بچووك‌و لەنێو گەلێكی هەژارو بەشخوراودا بوو. ئەو بە پلەی بەرزی خوێندەواریی خۆی، بە موتالایەكی قووڵ‌و بەرین كە لە مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەراست‌و جیهان كردبووی، بە ئەزمونێك كە لە سروشتی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەكان بەدەستی هێنابوو و بە ئەزموونێك كە لە چەندین ساڵ خەباتی بەكردەوە لە بوارە جۆربەجۆرەكانی خەباتدا وەسەریەكی نابوو، ببووە یەكێك لەو رێبەرانە كە لە رادەی نێونەتەوەیی‌دا دەناسرێن‌و بەمڵكی سەرانسەری رێبوارانی رێگای رزگاری‌و دابینكردنی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی دادەنرێن. ئەو لەنێو زەحمەتكێشانی میللەتەكەی‌دا هاودەم‌و غەمخۆرێك لە خۆیان، لە ریزی ئەندامانی حیزبەكەی‌دا كادرێكی بە ئەزموون‌و مامۆستایەكی كەم وێنە، لەگەڵ شۆڕشگێڕە

چەکدارەکانی کوردستاندا پێشمەرگەیەکی بەنەزم، لەنێو سیاسەتوانانی کوردو ئێرانیدا سیاسەتوانێکی نموونەو لەگەڵ گەورە پیاوانی دنیای زانستو سیاسەتدا زانایەكو دیپلۆماتێکی بەدەگمەن بوو.

قاسملووی نەمر کە لەسەرەتای تەمەنی لاوەتیی خۆیدا هاتبووە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، تا دواهەناسەی ژیانی بۆ ئەم حیزبەو لەگەڵ ئەم حیزبەدا ژیا. بەتایبەتی لە ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠ز) بەملاوە نەخشی یەکەمی لە رێبەریکردنی حیزبدا وەرگرت. ئەوەش لەکاتێكدا بوو کە حیزبی دیموکرات لە لایەك لەگەڵ چەند دەستەیيو پەرشو بلاّوی بەرەوڕوو بوو، لە لایەك لەبەر هێندێ هۆ کە ئێرە جێگای باسکردنیان نیە پێی لە ولاّتەکەی بڕابوو و لە لایەکی دیکەوە تازە لە بن زەبری گورچوبڕی شکانی راپەڕینە چەکدارەکەی ساڵانی ٤٧ـ١٣٤٦ پشتی راست کردبۆوە. کەچی رێبەرایەتیی لێوەشاوەی قاسملوو گوڕو تینو رێزو ئیعتبارێکی بە حیزب دا کە بە ماوەیەکی کورت هەم بەسەر گیروگرفتە نیوخۆیيیەکانو دووبەرەکيو پەرشو بلاّويیەکەدا زاڵ بوو و هەم لەنێو حیزبە سیاسیيە کوردستانيو ئێرانیيەکانو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەيیيەکاندا جێگای خۆی وەرگرتەوە.

لەبەر هەمووی ئەو سروشتە بەرزانە بوو کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رقێکی کۆنەپەرستانەیان لە دوکتور قاسملوو لە دڵ گرتبوو و بەردەوام لە هەوڵو تەقەلای لەنێوبردنیدا بوون. ئەوان کە ئاگاداری نەخشی کاریگەری دوکتور لە رێبەریکردنی حیزبو خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێراندا بوون، دەیانەویست بە لەنێوبردنی قاسملوو کۆتایی بە تێکۆشانی حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیی گەلی کوردیش بێنن. کاتێکیش لە رێگای پەلاماری

نیزامی‌و بەندوداوی پولیسی‌یەوە زەفـەریان پێـی نـەبرد، دەغەڵکارانـە لـە دەروازەی ئاشتیخوازانەوە بۆی هاتن. ئەوان دەیانزانی دوکتور قـاسملوو چـەندە لـە خـەبات بـۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم‌و زۆرو بێ‌عەداڵەتی‌دا شێلگیرە، زۆر زیاتر لەوەش بـاوەڕی بـە دیالۆگ‌و چارەسەری ئاشـتیخوازانەی گیروگرفتـەکان هەیـە. ئـەوە بـوو کـە بـەناوی وتووێژی ئاشتیخوازانە لە پێناوی چارەسەری مەسەلەی کورد لـە ئـێراندا لـە ڤییـەن لەگەڵی دانیشتن‌و نامەردانە دەستیان لێ‌وەشاند.

**"کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"**

**٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٨**

# بەڕێوەچوونی یادی دەساڵەی دوکتور قاسملووی نەمر لە پارلمانی فەرانسەدا

بەرنامەکە لە لایەن "د.بێرنارد گرانژۆن" سەرۆکی ئیفتیخاریی رێکخراوی دوکتورانی جیهانو خانمی "ژوولیەت مەنی" نووسەرو کۆمەڵناس کە هەردووکیان لە دۆستانی بە وەفای گەلی کوردو بە تایبەتی حیزبی دیموکراتن، بەڕیوەچوو.

سەرەتا هاوڕێ "د.خوسرەو عەبدوڵلاێی" نوێنەری دەفتەری حیزب لە پاریس بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.

لەو رێورەسمەدا ئەو کەسانەی خوارەوە قسەیان کرد:

١ـ بەڕێز "د.بێرنارد کۆشنێر" وەزیری لەشساغیی فەرانسەو دۆستی نیزیکی د.قاسملوو و دۆستی گەلی کورد.

٢ـ بەڕێز "ژێرار شالیان" نووسەرو شارەزای مەسائیلی ژێئۆپۆلۆتیك.

٣ـ بەڕێز "مادام میتران" سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرتیو دۆستی بەناوبانگی گەلی کورد.

٤ـ پەیامی بەڕێز "پییەر موروا" سەرۆکی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست خوێندرایەوە.

٥ـ بەڕێز "لۆرد ئەڤیبیری" سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە مەجلیسی ئەعیانی بریتانیا.

٦ـ بەڕێز "ژاك فەت" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە بۆ رۆژهەلاتی نێوەڕاست.

٧ـ بەڕێز "ئالین شنال" بەرپرسی کۆمیتەی مەدیتەرانە لە حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە.

٨ـ بەڕێز "د.مەحموود عوسمان" کەسایەتیی سیاسیی کورد.

٩ـ بەڕێز "د.ناسر پاکدامەن" نووسەرو مامۆستای زانستگە لە پاریس.

١٠ـ بەڕێز "مارك کراویتس" ژورنالیستی ناسراوی فەرانسەیی.

١١ـ بەڕێز "د.کەندالٚ نەزان" سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس.

١٢ـ بەڕێز "هانس یوواخیم ئیریگ" وەکیلی دادگای "میکۆنۆس" لە برلین.

١٣ـ بەڕێز "د.پیتێر پلیتس" کەسایەتیی سیاسیی ئۆتریشیو نووسەری کتێبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران" کە لەسەرتیرۆری د.قاسملوو نووسیویەتی.

١٤ـ بەڕێز "مارلیز لیسکۆ" خیزانی نەمر "رۆژە لیسکۆ" خەباتگێڕی کۆمۆنیستی فەرانسەیی.

١٥ـ پەیامی بەڕێز "د.عەلیڕەزا نوریزادە" نووسەرو رۆژنامەنووسی ئێرانی.

١٦ـ پەیامی دۆستانی چێكو سلۆواکی.

١٧ـ پەیامی کۆمیتەی "یەکیەتیی کردەوە بۆ دیموکراسی" (اتحاد عمل برای دمکراسی).

لەبەشی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا فیلمێك کە لەودا د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی قسەو وتووێژیان دەکرد، نیشان درا. شایانی باسە هەموو ئەو کەسایەتییانەی قسەیان کرد، وێڕای رێزگرتن لە شەخسییەتی بەرزی د.قاسملوو و پشتیوانی لە ئامانجەکانی رێبەری نەمری حیزبی دیموکرات، داوایان لە دەوڵەتی ئۆتریش کرد رێگا بدا بە پێكهێنانی کۆمیسیۆنی لێکۆلینەوەی پارلمانیو لێکۆلینەوە لەسەر تیرۆری د.قاسملوو و هاورێیانی دەست پیٚبکرێتەوە.

## وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

بەڕێزمامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سكرتێری گشتیی حیزبیش یەكێك لەو كەسانە بوو كە لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری پێشكەش كرد. سەرنجتان بۆ دەقی وتارەكەی بەڕێزیان رادەكێشین:

***خوشكو برا خۆشەویستەكان!***

***دۆستانی بەڕێز!***

لەم شوێنە پیرۆزەدا لە پارلمانی فەرانسە سەنگەری یەكێك لە دیموكراسییە لە مێژینەكانی دنیای شارستانیەتی لە دەوری یەك كۆبووینەوە تا ڕێز لە یادی دوكتور عەبدولڕحمان قاسملوو سكرتێری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، گەورەپیاوی مێژووی كوردو خەباتگێڕی ڕێگای ئاشتیو ئازادی لە كوردستانو سەرانسەری ئێران بگرین. بەشداریی ئێوە دۆستان لەم ڕێوڕەسمەدا نیشانەی نرخدانان بۆ ئەو ئامانجە بەرزانەیە كە دوكتور قاسملووی شەهید گیانی خۆی لە پێناوی وەدیهێنانیاندا بەخت كرد.

وەك یەكێك لەقوتابیانو ڕێبوارانی ڕێگای پرشانازیی دوكتور قاسملوو ئیزن دەخوازم لە لایەن حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، بنەماڵەی شەهیدەكانو دۆستانی دوكتور قاسملووی نەمرو هاوڕێی وەفاداری "عەبدوڵڵا قادریئازەر" لە یەك یەكی ئێوە كە لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون سوپاس بكەمو لە خزمەت بە ئامانجی بەرزی وەدیهێنانی ئاشتیو ئازادیو دیموكراسیدا سەركەوتنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترتان بۆ بەئاوات بخوازم.

كەسایەتیی نێونەتەوەیی دوكتور قاسملوو بۆ ئێوەو زۆربەی لایەنگرانی ئازادیو دادپەروەری لە جیهاندا كەسایەتییەكی ناسراوە. بۆیە ئیزن دەخوازم لەم دەرفەتەدا

ئەگەر بە کورتییش بێ لە بارەی نەخشــی دوکتــور قــاسملوو لــە بــەرەو پێــش بردنــی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو رێنوێنیی بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە بۆتان بدوێم.

د.قاسملوو هەر لە دەورانی مێرمنداڵی‌یەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ناســیو لەپێش‌دا لە یەکیەتیی لاوانو دوایە لە نێو رێزەکانی حــیزبدا دەســتی بــە تێکۆشــان کــردو ئــەوەندەی لێوەشــاوەیی لــە خــۆی نیشــاندا کــە زۆر زوو بــوو بــە ئــــەندامی ئۆرگانەکانی بەرێوەبەری. هەرچەند بە هۆی هیندێ ئاڵوگۆڕی نێو ریزەکانی حیزبــەوە کە باسکردنیان لێرەدا جێی نیە، دوکتور قاسملوو ماوەی چەند ساڵێك لە ئەندامــەتیی ئۆرگانەکانی رێبەرایەتی دوور کەوتەوەو ناچار بوو لە وڵاتانی ئۆرووپــایی بمێنێتــەوە، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ پاش ئیمزای رێککەوتننامەی مێژوویــی ١١ی مــارس لــە نێــوان دەوڵەتی عێراقو رێبەرایەتیی بزووتنــەوەی خــەڵکی کوردســتانی عــێراقدا گەڕایــەوە کوردستانو کەوتە نوێ کردنەوەو بووژاندنەوەی تێکۆشانی حیزبی.

وەختێك د.قاسملوو گەڕایەوە کوردستان حیزبی دیموکراتــی کوردســتانو رابــردووە پرشــانازی‌یەکەی تــەنیا ناوێکیــان لێ مــابۆوە. بــەڵام گەڕانــەوەی نــاوبراو بــۆ نێــــو خەباتگێڕانی حیزب، گیانێکی تازەی بە بەر لەشی نیوەگیانی حــیزبدا کــردەوەو لــە ماوەیەکی زۆر کورتدا حیزبێك کە بــە تــەواوی لــە رێبــازی پێشــکەوتووانەی خــۆی ترازابوو و سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی لەدەست دابوو، گەڕایەوە سەر رێبازی خۆیو زۆری پێ‌نەچوو کە جێگای شیاوی خۆی لە نێوحــیزبو رێکخــراوە سیاسی‌یە کوردو ئێرانی‌یەکانو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌کاندا وەرگرتەوە. لـــە یــەك قسەدا د.قاسملوو رونیسانسێکی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا وەڕێ خست.

پاش شۆڕشی ۱۹۷۹ی ئێران‌و بەتایبەتی دوای ئەوەی شەڕێکی نەخوازراوو نـاڕەوا بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا سەپێندرا، دوکتـور قـاسملوو نەخشـێکی ئـەوەندە گرینگ‌و بەنرخی لە ڕێنوێنی‌و بەرەوپێش‌بردنی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانی ئـێراندا یاریی کرد کە تەنانەت ناحەزانیشی نەیان دەتوانی حاشای لی‌بکەن.

ئەوە کـە بزووتنـەوەی هەقخوازانـەی خـەڵکی کوردسـتانی ئـێران هەمیشـە سروشـتێکی ئینسـانی‌و پیشـکەوتووانەی هـەبووەو لـە نێـو کـۆڕو کۆمەڵـە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ڕێزو ئیعتێبـارێکی زۆری هەیـە، بـە پلـەی یەکـەم، بەرهـەمی ڕێنوێنیی زانایانەی دوکتور قاسملوویە. بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کەمتر ڕێبەرێك لـە نێو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسـی‌یەکانی گـەلانی زۆرلێکـراوو بێ‌بـەش‌دا بـە ئـەندازەی دوکتور قاسملوو خزمەتی بـە بـەرەوپێش بردنـی خـەباتی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکـەی کردوەو نەخشێکی وەهای یاریی کردوە.

**دۆستانی بەڕێز!**

دەساڵ لەمەوبەر لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو لـە گۆڕسـتانی پێرلاشـێز گوتمـان ئەوانەی پێیان‌وایە بە تیرۆری دوکتور قـاسملوو، ئامـانجی قـاسملوو، گـەلی قـاسملوو و حیزبی قاسملووشیان تیرۆر کردوە، زۆر بە هەڵە چوون، ئێستا پـاش تێپـەڕینی دەسـاڵ بەسەر شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە شانازی‌یەوە رادەگەینم کـە لەگـەڵ هـەموو دژواری‌یەکانی سەر ڕێگای خەباتی خەڵکی کوردستان‌و دڵڕەشیی کاربەدەستانی ئێران‌و لەگەڵ ئەوەی لەو ماوەیەدا سەدان کەس لە ڕێبوارانی ڕێگای قـاسملوو، لەوانـە چـەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دوکتور سادق شەرەفکەندی جێ‌نشینی لێوەشاوەی دوکتور قاسملوو لە ریزی پیشەوەیانە، گیانیان لـە ڕێی ئامانجی قاسملوودا بەخشیوە، ڕۆڵە بەرهەقەکانی دوکتور قاسملوو ئالای پرشانازیی

ئەویان بە شەکاوەیی ڕاگرتووەو بە ئیرادەیەکی پتەوەوە لە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە بەرزەکانی ریبەری شەهیدیاندا بەرەو پێش دەچن. بەو حاڵەش هێشتا بەداخەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تا گەیشتن بە مافو ئازادی‌یە رەواکانی خۆیو وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملوو ڕێیەکی دووری لە پێش دایە. چونکە رێژیمی دەسەلاتدار لە ولاتەکەماندا هێشتا حاشا لە بوونی نێزیك بە دە میلیۆن کوردی ئێران دەکاو خۆ لە بە رەسمی ناسینی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان دەبوێرێ، هێشتا خەڵکی کوردستان لە مافی بەڕێوەبردنی ناوچەکە بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێراوی خۆیانو لە مافی سەرەتایی خوێندنەوەو نووسینو خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن، هێشتا لە کوردستاندا سەرکوت گاڵە بە خەڵك دەکاو هێشتا ماشێنی ئەشکەنجەو ئیعدام لە زیندانەکانداو تیرۆری ئازادیخوازانی کورد لە هەر جێیەك دەرەتانی هەبێ بە هەموو توانای خۆیەوە لە کاردایە. دەبێ لێی زیاد بکەین کە لە رادەی سەرانسەریی ئێرانیشدا وەزعەکە کەمو زۆر هەروەك وەزعی کوردستانی ئێرانە. بە پێچەوانەی هێندێ ئاڵوگۆڕی باش کە لە مانگی مەی ١٩٩٧ بەم لاوە لە ئێراندا روویان داوە، ئەو قۆڵە لە دەسەلاتداران کە باوەڕی بە توندو تیژیو سەرکوت هەیە هەروا بالادەستەو هەروا درێژە بە سەرکوتی ئازادی‌یەکانو لە نێوبردنی ئازادیخوازانو ئازادبیران دەدا. تیرۆری ئازادبیرانی وەك داریووشو پەروانەی فرووهەر، رێبەرانی حیزبی میللەتی ئێرانو گەورە نووسەرانی وەك "موختاری"و "پوویەندە" لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨دا بەڵگەی زیندووی ئەم ئیددیعایەیە. خەڵکی دنیا ئاگادارن کە ئەگەرچی راگەیەندرا قاتلانی فرووهەرەکان لە وەزارەتی "اطلاعات"دا گیراون، پاش

تێپەڕینی چەند مانگ تاوانبارەکان نەك هەر بە سزا نەگەیشتوون، بەڵکوو ناوەکانیشیان بە خەڵکی ئێران نەگوتراوە.

***ئامادە بووانی بەڕێز!***

هەروەك باس کرا، ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاڵوگۆڕەکانی دوو ساڵی دوایی لە ئێراندا لەسەریەك بە باش هەڵدەسەنگێنین، چونکە هەنگاوێکی زۆر بچووکیش بەرەو جێگیربوونی ئازادیو دیموکراسیو وەدیهاتنی کۆمەڵگای شارستانی بە بڕوای ئێمە دەسکەوتێکی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانە. بەڵام زۆر بە روونی دەبێ بگوترێ ئەوەندەی پێوەندیی بە مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی بە رەسمی ناسینی بوونی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی رۆڵەکانی ئەم گەلەوە هەیە، هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێك نە لە کردەوەو نە لە سیاسەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا پێك نەهاتوە. لەوەش زیاتر، ئەو ئازادییە نیوەچڵەش کە قۆڵێکی دەسەڵاتداران لە ئاکامی خەباتو تێکۆشانی خەڵكدا ملی بۆ راکێشاوە، لە کوردستانی ئێراندا رۆژ بە رۆژ بەرتەسکتر دەکرێتەوەو چووکترین جموجۆڵی نارەزایی خەڵكو هێنانە گۆڕی داخوازە رەواکانیان بە قورقوشمی تواوەو زیندانو ئەشکەنجە وەڵام دەدرێتەوە. نموونەی بەرچاوی ئەو راستییە رووداوەکانی فێوریەی رابردوو لە شارەکانی سنە، کامیاران، سەقز، مەهاباد، ورمێو شارەکانی دیکەی کوردستانن کە لەواندا دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاع کوژرانو بریندار بوونو سەدان کەس لە لاوانی کورد رەوانەی زیندانەکان کران. لێرەدایە کە ئێمە لە ئێوەو کۆڕو کۆمەڵە دەوڵەتیو نادەوڵەتییەکان لە سەرانسەری جیهاندا داوا دەکەین کە بە فریای خەڵکی کوردستانی ئێران بگەنو لە نفووزی خۆتان بۆ ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی ئێران بە وازهێنان لە سەرکوتی خەڵكو قبووڵی بە رەسمی

ناسینی بوونی گەلی کوردو مافو ئازادی‌یە رەواکانی کەڵك وەربگرن. لە سێ‌مانگی رابردوودا خەڵکی دنیا شاهیدی هەنگاونانی بە کردەوەو کاریگەری وڵاتانی رۆژئاواو بەتایبەتی ئەندامانی پەیمانی "ناتۆ" بە دژی دەوڵەتی یوگۆسلاڤی بە تاوانی وەپێش‌گرتنی سیاسەتی ژینوساید بەرامبەر بە خەڵکی کۆسۆڤۆ بوون. حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای دەست پێ‌کردنی عەمەلیاتی نیزامی‌یەوە تا ئەو جێگایە کە پێوەندیی بە تەمبێ کردنی دیکتاتۆریی میلۆسۆڤیچو هەوڵدان بۆ دابین کردنی مافەکانی ئەلبانی رەگەزەکانی ئەیالەتی کوسۆڤۆوە هەیە، پێشوازیی لەو کارە کردووەو ئەوەی بە دەستپێکردنی فەسڵێکی تازە لە دیفاعی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بوونو مافەکانی گەلانی زۆرلێکراوو بێ‌هێز داناوە. بەڵام پرسیارێك کە بە زەینی ئێمەو بێگومان زەینی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی دەیان میلیۆن کەسیی کورددا رادەبرێ ئەوەیە کە داخوا ئەوکارەساتانەی بەدرێژایی چەند سەدەی نەپساوە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون، لە دەردو ئازارەکانی خەڵکی کۆسۆڤۆ کەمترن؟ ئەگەر وانیە بۆچی کۆمەڵگای نێونەتەوەییو بەتایبەتی دەوڵەتان بێ پەروا بە پەنای قەڵاچۆی خەڵکی کوردستانو سووتاندنی سەرزەویی کوردستانو تاوانەکانی دیکە دەرهەق بە کوردان بەتایبەتی لە ئێراندا تێ‌دەپەڕنو مێشێکیان لێ میوان نیە؟!

هەر لەو پێوەندی‌یەدا بە جێیە بگوترێ کە هەر ئێستا وەك هەموو دەزانن عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە لە دادگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتەدا بە تاوانی خەیانەت بە وڵات دادگایی دەکرێو دادستان داوای حوکمی ئیعدامی بۆ کردوە. بە باوەڕی پارێزەرەکانی ئۆجەلانو هەموو کۆڕو کۆمەڵە حوقووقی‌یەکان، ناوبراو کەمترین رادەی دەرەتانی کەڵك وەرگرتن لە موحاکەمەیەکی

عادڵانەی بۆ پێك هاتوە. گومان لەوەدا نیە کە خەباتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و حیزبەکەی لەسەریەك دژکردەوەیەکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیە بەرامبەر بە چەندین میلیۆن کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەیە. کەوایە، بەجێیە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان هەنگاوێکی کاریگەر لە ڕێگای ڕزگار کردنی گیانی عەبدوڵڵا ئوجەلان و لەوەش زیاتر لە ڕێگای بە ڕەسمی ناسرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانی تورکیەدا هەڵێننەوە و لە نفووزی خۆیان لە لای دەوڵەتی تورکیە بۆ وەدیهاتنی ئەم ئامانجە کەڵك وەرگرن.

بەباوەڕی ئێمە مافی نەتەوایەتیی کوردان بەشێکی جیا نەکراو لەو مافانەی مرۆڤە کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا پێ لەسەر پێویستیی دابینکردنیان بۆ هەموو ئینسانەکان داگیراوە، بۆیە جێی خۆیەتی هەموو ئۆگرانی هەق و دادپەروەری کۆمەگ بە دابین بوونی ئەو مافە لە وڵاتانی کوردنشیندا بکەن. ئەوەش زیاد دەکەم کە بە باوەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر دیموکراسی لە وڵاتانی کوردنشیندا سەقامگیر بێ و ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ لە بەرچاو بگیرێن، چارەسەریی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بەتەواوی ئیمکانی هەیە. هەرچەشنە نیگەرانییەك لە دابەشبوونی ئەو وڵاتانە ئەگەر مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە ڕەسمی بناسرێن، تەنیا بۆچوونێکی چەوت و بیانوویەکی بەتاڵ بۆ خۆبواردن لە قبووڵکردنی ڕاستییەکانە.

***دۆستانی بەڕێز!***

ئەوەی لە دەیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانیدا، دڵی ئەندامانی حیزبی قاسملوو و هەموو ڕۆڵەکانی گەلی قاسملوو ئازار دەدا ئەو حەقیقەتەیە کە لە کاتی ڕوودانی کارەساتی ڤییەندا، دەوڵەتی ئۆتریش بە ئاشکرا

هاوکاریی ئەوتیرۆریستانەی کرد کەلە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ناردرابوون‌و بە ناردنەوەیان بۆ تاران ڕێگای بەڕیوەبردنی عەدالەت لەسەر وانی بەربەست کرد.ئێستاش دوو ساڵ دوای ئەوەی دادگای میکوونوس بە راشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە هەموو تیرۆرە سیاسییەکانی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە تاوانبار ناسیوە، هێشتا دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگای نەداوە پەروەندەی قەتڵی دوکتور قاسملوو بکرێتەوەو کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی ئێمەوە پێك بهێنرێ. بۆیە بە پێداگرتنەوە لە ئێوەو هەموو دۆستانی گەلی کوردو ئۆگرانی هەق‌و عەدالەت داوا دەکەین کۆمەگ بکەن تا دەوڵەتی ئۆتریش ڕێگا بدا ئەو پەروەندەیە وەگەڕ بکەوێتەوەو کۆمیسیۆنێکی پارلمانی بۆ پێڕاگەیشتنی، پێك بهێنرێ. دڵنیام هەموو ئێوە دۆستانی بەڕێز پشتیوانی لەم داخوازییە ڕەوایەمان دەکەن‌و ئەمەش باشترین ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملووی شەهیدە. جارێکی دیکە لە بەشداریی هەموو ئێوە دۆستانی بەڕێز لەم یادکردنەوەیەدا سوپاس دەکەم‌و بۆ هەمووتان سلامەتی‌و سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

* * *

## وتاری دوكتور بێرنارد كوشنێر

***خانمی سەرۆك!***

***ئاغای حەسەنزادە سكرتێری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران!***

***خانمی قاسملوو!***

***دۆستانی بەڕێز!***

ئێمە زۆر بیرەوەریمان پێكەوە هەیە. جارێكی دیكە وەك ئەندامانی بنەماڵەیەك لە دەوری یەك كۆبووینەوە تا ڕێز لە بیرەوەریی دوكتور قاسملوو لە دەیەمین ساڵی شەهیدبوونیدا، بگرین. دەساڵ چەند زوو رابرد. هێشتا وتەكانی دەساڵ لەمەوبەری مامۆستا لە گۆڕستانی پێرلاشێزم لەبیرە كە دەیگوت: "قاسملوو! ئەمڕۆ هەموو{درێژەدەرانی ڕێگاكەتو دۆستانو لایەنگرانی ڕێبازەكەت} بۆت دەگرینو فرمێسك هەڵدەوەرێنن. بەلاّم نەك لە بەر داماویو ناهومێدی، چونكە گەلێك ڕۆڵەی وەك تۆی پێ گەیاندبێ، ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیانو بەخاكی ڕێگای تۆ قوڕێك بۆ سەری دوژمنانی ئازادی بگرنەوە ."

***بەڵێ دوكتور قاسملوو!***

زۆر لە دۆستانت ئەمڕۆ لێرە كۆبوونەوەو زۆری دیكەش لە پێتەختەكانی دیكەی ئۆرووپا كۆبوونەوەو كۆدەبنەوە. دەساڵ لەمەوبەر، كۆمەڵێك ئینسانی خاوەنبیر، پێشكەوتنخوازو هیممەت بەرز، لە ڤییەن پێتەختی ئۆتریش تیرۆر كران. قاتڵەكان هەرئەوانە بوون كە سێ دۆستی دیكەمان: شەرەفكەندی، عەبدولیو ئەردەلانیان لە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢دا لە بێرلین شەهید كرد. بەڵێ هەموویان بە هۆی بەرپرسانی

ولاٌتی خۆیان، واته ئێران کوژران، بەرپرسانێك كه بۆ پاراستنی دەسەلاٌتی خۆیـــان بــه هەر نرخێك، تیرۆریزمی دەوڵەتی له دژی هاونیشتمانانی خۆیان بەكار دێنن.

***بەلاٌم له بارەی وەحشیگەرییەوە:***

کوردەکان باشتر له هەر کەسێکی دیکه دەتوانن لەم بـارەوە بدوێـن. چونکـه لــه مێژساڵه خەڵکی کــورد بــوون بــه قوربــانیی ئــەم دیاردەیــەو هــەموو رۆژێ لەگــەڵی بەرەوڕوونو به ئێسكو پێستەوە هەستی پێ دەكەن، بەتایبەتی له تورکیه.

***بەڵێ، دوکتور قاسملوو!***

کوردســتانی ئــێران ئێســتاش کــه ئێســتایه، هێشــتا خودموختــاریی وەدەســت نەهێناوە. بەلاٌم کوردستانی عێراق كه تۆ بەباشی دەتناسیو لێــی دەژیــایو ئێمــەش لەگەڵت دابووین، تا رادەیەك خودموختارە. بــەلاٌم ئــەو هومێــدە دەڵەمەیــه کــه لــه سێبەری رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەکان لەم بەشەی کوردستاندا پێكهاتوە، دەتوانێ هەتا کەنگێ درێژە بکێشێ؟ لەبارەی دروشمی"دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بــۆ کوردستان"یش دەبێ بڵێم دیموکراسی له ئێراندا كه یــەكێك لــه ئارەزووەكــانت بــوو، هێشتا نەهاتۆتە دی، بەلاٌم خەباتی تۆ له پێناوی جێگیر بوونی دیموکراســی، کۆتــایی پێنەهاتوە. چونکه حیزبەکەت، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەروا درێــژە بــه خەبات دەدا، له نەبوونی خۆتدا رێڕەوانو خەباتگێڕانی دیکــه درێــژە بــه رێگاكــەت دەدەن. بۆیه گومانی تێدا نیه، درەنگ یا زوو ئامانجەكانت دێنه دی.

***بەڵێ قاسملوو!***

مافی دەخاڵەتی ئینسانی که ئەوکات ئەوەندە جێی خــۆی نــەکردبۆوە، نزیکــەی سێ مانگه بووە بــه مەســەلەیەکی {قبوولكـراوی} جیــهانی. نەتــەوە دیموکراتــەكان

سەرەنجام بڕیاریان دا بچنە شەڕی وەحشیگەری، بچنە شەڕی دیكتاتۆرێك كە ماوەیەك لەمەوبەر بە ئەنجامدانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی تاوانبار كرا. ئەم جار دیموكراسی سەركەوتوویە. ئەوە كە پەنابەران‌و ئاوارەكان، تەنیا سێ مانگ دوای راونران لە ماڵ‌و هێلانەیان، دەتوانن بگەڕێنەوە سەرخاكی خۆیان، رووداوێكی كەم وێنەیە لە مێژوودا. ئەوەش دەزانم كە هێشتا هەموو مەسەلەكان چارەسەر نەبوون. ئەمڕۆ نا سبەی، ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان ئەم مەسەلەیە وەك ماددەیەكی قانوونی پەسند دەكاو ئەوكاتەیە كە كوردەكانیش دەگرێتەوە! ئاشكرایە كە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەتی ئۆرووپایە. بەلاّم ئێمە دەزانین كە ئەم هەنگاوە بۆ داهاتووی مافی مرۆڤ‌و مافی كەمایەتی‌یەكان مەسەلەیەكی یەكجار گەورەو گرینگە.

***قاسملوو!***

لە نەمانی تۆدا وەك مرۆڤێكی ژیرو زانا، رەخنەگر، قسەخۆش،خاوەنی فەرهەنگێكی قووڵ‌و پێكەنینێكی شوێن دانەر، هەست بە كەمایەسی دەكەم. تۆ ژیانت لە رێگای گەلی كوردو لە پێناوی ئازادی‌و دیموكراسیی دنیاداگردا، بەخشی. لەوە كە دۆستت بووین، هەست بە شانازی دەكەم. دەبێ هەوڵ بدەین لیوەشاوەیی هەوڵ‌و تێكۆشان لە پێناوی بەدیهێنانی بیرو بۆچوون‌و ئامانجەكانی تۆمان هەبێ. بەڵێ خەباتی تۆ خەباتی ئێمەش بوو، هەر خەباتی ئێمەش دەبێ‌و گەلەكەت سەرئەنجام رۆژێك بە ئازادی دەگا.

***

# وتاری مادام "دانیەل میتران"

***ڕۆژتان باش!***

لێرە ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی ناسیاو دەبینم کە لە دیفاع لە ئامانجی کوردو داخوازی کوردەکانو لە دیفاع لە ئامانجی ئاشتیدا لەگەڵ ئێمە هاوکاریان کردوە. چەند سات لەمەوبەر، کاتێك دوکتور گرانژۆن (کاتی خوێندنەوەی دەقی وتاری عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزب بە زمانی فەرانسەیی) دەیگوت کە دەوڵەتی ئۆتریش تیرۆریستەکانی ئازاد کرد، بۆ ماوەیەکی کورت لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم. دەزانن بۆچی؟ چونکە لە کۆڕو کۆمەڵە ڕەسمییەکاندا کە پارلمانی فەرانسە یەك لەوانە، ئەوە هەمیشە کوردەکانن کە بە تیرۆریست دەژمێردرێن. (بەشدارانی ڕێوڕەسم پێدەکەنن) بەڵام دیارە منو ئێوە لەبارەی کوردەکانەوە وا بیر ناکەینەوە. بە هەر حاڵ پاشان بیری خۆم کۆ کردەوەو لە مەبەستەکەی تێگەیشتم. لە کوتایی سەدەدا دەبینم کە لە نێوان سیاسەتی دەوڵەتانو گەلەکانیاندا جیاوازییەکی ئەوەندە زۆر هەیە کە ئینسان سەری لێ دەشێوێ. ئەگەرچی ئەم دەوڵەتانە هەموویان دەوڵەتی دیموکراتیکن. عەبدولڕەحمان قاسملوو مرۆڤدۆستو لایەنگری ئاشتی بوو و باوەڕێکی قووڵی بە ئاشتی هەبوو. لەسەر بناغەی ئەم باوەڕەش بوو کە پێی وابوو توندو تیژیو چەك، لەگەڵ پێکەوە ژیانی بە ئاشتیی ئینسانەکانو لێك تێگەیشتنی ئەوان، نەگونجاوو ناتەبان. هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆی بە کار هێنا تا لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکاو قەناعەت بەو دەوڵەتە بێنێ کە ئێرانییەکانو کوردەکان دەتوانن پێکەوە بژینو هەروەها جگە لە کوشتارو قەلاچۆ کردن، ڕێگایەکی دیکە بۆ لێکحاڵی بوونو لێك نزیك بوونەوە هەیە. ڕاست لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم مەئموورییەتە

ئاشتیخوازانەیەدا بوو كە كوژرا. بە كوژرانی وی، بێزاریو نەفرەتێكی گەورە پێكهاتو بیروڕای گشتیی داگرت. بیروڕای گشتیی ئەوانەی كە ڕاستەخۆ لەگەڵ كوردەكان لە پێوەندیدا بوونو هەروەها ئەوانە كە كوردەكانیان دەناسی. دیارە ئەمڕۆ بە بڕوای من، هەموو دنیا كوردەكانو مێژووی ئەوان دەناسیو بۆ ناساندنیان پێویست ناكا هەموو ئەو كارەساتانەی بە سەریان هاتوە، بگێڕینەوە. بەڵام لە لایەن دەوڵەتانەوە(دیارە مەبەستی من دەوڵەتە ئۆرووپاییەكانە) جگە لە دەربڕینی چەند وشە بە نیشانەی بەداخ بوونو نیگەرانی دەربڕین، شتێكی گەورە ڕووی نەدا. دیارە ئەگەر ئەمڕۆ لەم شوێنە ئەم قسانە دەكەم، بەم هۆیەیە كە دەزانم بێ ئەژمار نوێنەری ئەوتۆ هەن كە بەر لەوەی نوێنەر بن ، ئینسانن‌و وەك ئێمە بیر دەكەنەوە. بەڵام چ كەسێك ئەم هەموو هێزە دەبزوێنێ تا دەوڵەتەكانیان ناچار بن گوێ لە قسەكانیان بگرن. بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی گەلان نابیسن. بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی ئەو كەسانە كە لەگەڵان نزیكن، نابیسن. ماناكەی ئەوەیە كە دەوڵەتان دەنگی نوێنەرانی خەڵك نابیسنو تەنیا سیاسەت دەكەن. جا تازە ئەگەر بشتوانین پێی بڵێین سیاسەت. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین ئەوان دەسەڵاتێكیان نیە. هەر بۆیە من بە بیركردنەوە لە عەبدولڕەحمان قاسملوو كە بۆ ئێمە قوتبێك بوو، هاتوومە سەر ئەو باوەڕە كە كەسێكی ئەوتۆ پێویستە تا ئێمە ناچار بە بیركردنەوە بكا. دیارە لەو بوارەدا من لە فرانسوا{میتران}یش سەرمەشق وەردەگرم. بەڵێ بە سەرمەشق وەرگرتن لەم جۆرە كەسانەو ڕێنوینی وەرگرتن لە بیرو ئەندێشەی ئەوانە كە ئینسان دەتوانێ لێبڕاوانەو قورسو قایمو بە تواناییەوە هەنگاو هەڵبگریو سیاسەتی ئاشتی لە نێوان گەلانی هاوپشتو هاوپێوەندا برەو پێ بدا.

* * *

# وتاری بەڕێز پی‌یەر مۆروا "سەرۆکی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست"

لێرە بەبۆنەی ڕێزدانان بۆ بیرەوەریی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی شەهیدی حیزبەکەتان کە دە ساڵ لەمەوبەر لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩بە شێوەیەکی ناجوامێرانە تیرۆر کرا، لێك کۆبووینەوە.

پیم خۆشە بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە وەبیر بێنمەوە کە دوکتور قاسملوو ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دیموکراتەکانی سەرانسەری جیهان، بەتایبەتی سوسیال دیموکراتەکان هەبوو. ئەو سەمبولی خەبات لە ڕێگای ئازادیو دیموکراسیو دادپەروەری بۆ زۆرلێکراوان بوو. بەناوی خۆمو بەناوی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیستو ١٤١ ڕێکخراوی ئەندامەوە، بەیادی ئەو سەری ڕێز دادەنوینم. لەگەڵ ئەوەشدا، وەبیر دێنمەوە کە بە مردنی ئەو، خەباتەکەی لە نێو نەچووەو هەتا گەیشتن بە دیموکراسی‌یەکی راستەقینە کە مافی ئینسانەکان بە تەواوی رەچاوبکا، درێژەی هەیەو درێژەی دەبێ. ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانە لە ئۆرووپاو، هەروەها لە تیمۆری ڕۆژهەلاتو لە ئەندۆنێزیو بەتایبەتی لە ئێراندا، ئەم دڵنیایی‌یەیان تێدا پێك هێناوم کە ئەگەر خەباتی خۆمان بە هیمنی، بەلاّم بە شێوەیەکی لێبڕاوانە درێژە بدەین، ئازادیو دادپەروەری سەرئەنجام سەردەکەوێ. گومانی تێدا نیە کە سەدەی بیستویەکەم، نەك هەر سەدەی ئازادیی میللەتان، بەڵکوو سەدەی ئازادیی فەردیی ئینسانەکانیش دەبێ.

* * *

# وتاری بەڕێز دوكتور "بێرنارد گرانژۆن"، سەرۆكی ئیفتیخاریی ڕێكخراوی پزیشكانی جیهان

لەسەر ئیجازەی ئێوە، من دەمەوێ لە لایەن ئەو ڕێكخراوە ئینسانییانەی لەگەڵ دوكتور قاسملوودا هاوكاری‌یان هەبووە، كەمێك بدوێم. قاسملوو بۆ ئێمە هەر تەنیا كەسێك نەبوو كە بەباشی ئەو گیروگرفتانەی لە كاتی ئەنجامدانی خزمەتە ئینسانی‌یەكاندا دەهاتنە سەر ڕێمان، دەركی دەكردن. بەڵكوو كەسێكی زۆر لەوە بەرزتر بوو. ئەو بۆ ئێمە نموونەی مرۆڤدوستێكی گەورە بوو. ئەگەر بمەوێ تایبەتمەندیی دوكتور قاسملوو، باشتر دەربخەم، دەبێ بە دووپاتكردنەوەی دوو وتە، كۆتایی بە قسەكانم بینم. یەكێك لەم دوو وتانە، هی قاسملوو خۆیەتی. وتەیەك كەحەز دەكەم دووپاتی بكەمەوەو پێم‌وایە هەتا دوا ساتی ژیانیشم هەر دەیڵێمەوە، ئەویش ئەوەیە: "دەزانی، لە نێوان قەناعەت پێ‌هێنان‌و داسەپاندندا، قەناعەت پێ‌هێنان سەختترەو كات‌و خۆماندوو كردنی زیاتری دەوێ. بەڵام سەرئەنجام ئەو كەسە سەردەكەوێ كە لە ڕێگای قەناعەت پێ‌هێنانەوە، گیروگرفتەكان چارەسەر دەكا". وتەكەی دیكە هی منداڵێكی هەشت ساڵەی كوردە. چەند مانگ دوای شەهید بوونی دوكتور قاسملوو، لە بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كە ئەوكات لە ماتەمی لە دەستدانی شەخسییەتێكی ئاوا گرینگدا بوو، چاوم بەو منداڵە كەوت‌و لێم پرسی: دوكتور قاسملوو بۆ تۆ سەمبولی چ شتێكە؟ ئەم منداڵە لە وەڵامدا گوتی: "دیموكراسی". من پێم وایە ئەو منداڵە هەموو تایبەتمەندی‌یەكانی دوكتور قاسملووی بەم یەك وشەیە، دەربڕی.

# وتاری بەڕێز "ئالێن شینال" دەبیری نەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە کاروباری مەدیتەرانە

***دۆستانی بەڕێزا***

ڕێگا بدەن منیش بە کورتی چەند وتەیەك بە مەبەستی ڕێزنان لە یادی دوکتور قاسملوو، پێشکێش بکەم. هەرکات کەسێك لە نێو دەچێ، وەك عادەت دەڵێین جێگای خاڵییە. لە بارەی دوکتور قاسملۆوە ئەم قسەیە، بە تەواوی مانای وشە لە جێی خۆی دایەو ئێمە زۆر بە قووڵی نەبوونی وی هەست پێ دەکەین. چونکە ئەگەرچی دە ساڵ لە مردنی رابردووە، هێشتا عادەتمان بە مەرگی ئەو نەگرتوەو هێشتا پێویستیمان پێیەتی.

دوکتور قاسملوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نزیكدا، شەخسییەتێك بوو کە ئێمە هاوتایەکمان بۆ ئەو بەدی نەدەکرد. دوکتور قاسملوو، دۆستیکی راستەقینە بوو و ئێمە متمانەی تەواومان پێی بوو. روانگەیەکی مودێڕنی هەبوو. بە بڕوای ئەو، هیچ هۆیەك نەیدەتوانی ئەم مەسەلەیە پاساو بداتەو کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە رەوتی دیموکراتیزاسیۆنی جیهان بێبەش وەمێنێ. لەم بارەوە عەبدولڕەحمان ئالاهەڵگرو پێشڕەو بوو. ئەو وەك دۆستێك هەمیشە یارمەتیی دەداین. بۆ وێنە دەتوانم نەخشو هاوکاریی کاریگەری ئەو لە ئازاد کردنی بارمتەکان لەسەرەتای دەیەی هەشتادا، وەبیر بێنمەوە. شەخسییەتی قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر بوو کە لە پاوانی کەس دابێ. بەلاّم ئیجازە بدەن بڵێم کە ئێمە ئەومان بە یەکێك لە خۆمان دەزانی. ئەو لە نێو بنەماڵەی سۆسیال دیموکراتەکاندا زۆر زوو جێگای خۆی دیتەوەو ئەندامەتی لەو

بنەماڵەیەیدا، پێ خۆش بوو. جاری یەكەم ساڵی ١٩٧٦ هاتە دەفتەری حیزبی سوسیالیست. ئەو كات لیونێل ژۆسپەن دەبیری یەكەمی جیهانی سێهەم بوو. لەو رۆژە بە دواوە هیچ كات پێوەندیی لەگەڵ ئێمە نەپچڕاو هەمیشە لە كۆنگرەكانماندا بەشدار دەبوو. پاشان حیزبەكەی بوو بە ئەندامی تەواو عەیاری ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستو ئێمە لەو بارەوە زۆر خۆشحاڵ بووین.

ئەو رۆژە تاڵەم هەر لە بیرە كە لەگەڵ تەرمەكەیدا بەرەو گۆڕستانی پێرلاشێز دەچووین. جگە لە ئاغای بێرنارد كۆشنێر كە بەشدار بوو و قسەی كردو قسەكانیمان هەر لە بیرە، ئاغای لیونێل ژۆسپەن وەزیری پەروەردەو فێركردنی ئەوكاتو سەرۆك وەزیری ئێستای فەرانسەش، پەنامەكی وەزارەتەكەی خۆی بەجێ هێشتو بە مەبەستی دەربڕینی هاوپێوەندیو سەبارەت بە ئۆگریی بە عەبدولڕەحمان قاسملوو، دەگەڵ خۆپیشاندەران كەوت.

لە تایبەتمەندییە بەرزەكانی دوكتور قاسملوو، دەتوانم بیری كراوەو بەرینیی روانینی ئەو لە بارەی مەسەلەكانی جیهانەوە، ناوبەرم. روانینو بۆچوونەكانی وی لە چوارچێوەی تەنگی ناوچەدا، بەرتەسك نەدەبوونەوە. لەو بارەوە ئەو لەگەڵ هەموو شەخسییەتە سیاسییەكانی ئەم ناوچەیە جیاوازییەكی زۆری هەبوو. ئەویندداری ژیانو هەڵسوكەوت لە نێو خەڵكدا بوو. هەر بۆیە هەڤاڵەتیو دۆستایەتی لەگەڵ ئەو، بە راستی خۆشو مایەی خۆشحاڵی بوو. ئەو دەیتوانی لە رێگای شۆخیو تەنزەوە، بیروڕا جیددییەكانی خۆی دەربڕێ.

دیارە نابێ هاوڕێیانی شەهیدی دوكتور قاسملوو لە بیر بەرینەوە. عەبدوڵڵا قادری كە ئینسانێكی گەرمو گوڕو خۆش رەفتار بوو و نەخشێكی بەرچاوی لە پێوەندییەكانی ئێمەو حیزبی دیموكراتدا هەبوو. هەروەها فازڵ رەسووڵ كە كوردێكی

عـێراقی بـوو و وەك دیموکراتیێـك بـیری دەکـردەوەو بـە راسـتی خوازیـاری ئاشـتیو هاوپێوەندیی نێوان کوردەکان بوو. بۆچوونەکانی لای ئێمە بـەنرخ بـوون. ئـەو فـێری کردین لە لێکدانەوەکانماندا داهاتووی کوردەکانی ئێرانو عێراق، لێك جیا نەکەینەوە. دیارە ئەمڕۆ دەبێ داهاتووی کوردەکانی تورکیەشمان لە بـەرچاو بـێ. سوپاسـی ئێـوە دەکەم کە گوێتان لە قسەکانم راگرت. پێموایە هەموومان لە رێگـای بەجێگـەیاندنی بەڵێنو بەرپرسایەتی‌یەکانمان لە بارەی پشتیوانی کردن لە وانەی کە خـەباتی دوکتـور قاسملوو درێژە دەدەن، بەناوو یادی دوکتور قاسملوو وەفادار دەمێنینەوە.

* * *

# وتاری دوكتور "كەندالٚ نەزان"، سەرۆكی ئەنستیتۆی كورد لە پاریس

من وەك دۆستێكی چەندساڵەی دوكتور قاسملوو قسە دەكەم. قسەكانی دۆستانی ئێرانی‌و ئەو كەسانەی دیكە كە قاسملوویان دەناسی، زۆریان كار تیٚكردم. پێم‌وایە ئەوە رەسمی گەورە پیاوانی هونەرو سیاسەتە كە دەبن بە ئاوێنەیەكی گەورە لە بەرامبەر میللەت‌و كۆمەڵی خۆیاندا تا هەموولا بتوانن خۆیانی تێدا ببینن. لێرەدا دۆستانی ئێرانی‌و فەرانسەیی رێزیان لە شەخسییەتی دوكتور قاسملوو گرت. لەوانەیە ئەگەر عەرەبێك لە عێراقەوە، توركێك لە توركیەوە، ئازەرییەك‌و ئاشوری ـ كەلدانی‌یەكیش قسەیان كردبا، مەبەستەكانی خۆیان هەر بەو هەست‌و سۆزو تین‌و گوڕەوە دەربڕیباو دوكتور قاسملوویان بە هی خۆیان زانیبا. چونكە دوكتور قاسملوو لە ناتەبایی‌و جیاوازی‌یە ناوچەیی، نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌یەكان، زۆر بەرزتر بوو. ئەو هێزە نادیارەی ئەمرۆ ئێمەی لە دەوری یەكتر كۆ كردۆتەوە، هەموو ئەو بایەخانەیە كە قاسملوو بنچینەی خەبات‌و تێكۆشانی خۆی لەسەر دانابوون، واتە ئازادی، دیموكراسی‌و دادپەروەریی كۆمەلاٚیەتی.

كاتێك ساڵی ١٩٧٦ لە پاریس لەگەلٚ دوكتور قاسملوو ئاشنا بووم، گەلی كورد كارەساتێكی نەتەوەیی بە سەردا تیٚدەپەڕی. چونكە راپەڕینی ژینرالٚ بارزانی، كە هومێدێكی زۆری لە دڵی خەڵكی كوردا پێك‌هینابوو، بە دوای رێككەوتننامەی ئەلجەزایر لە نێوان شای ئێران‌و سەددام حوسێن داو، نیشاندرانی چرای سەوز لە لایەن ئەمریكاوە تێك‌شكابوو.جگە لەوەش ئەوكات كوردەكان شایەدی پشتیوانیی ئەمریكا

لە ڕێژیمە دژی گەلی‌یەکانی ئێرانو تورکیە بوون. هەر بۆیە دژکردەوەی هێزە سسیاسی‌یەکانی کورد بۆ وێنە موحافیزەکارەکان ئەوە بوو کە سیستمی شوورەوی بکەن بە رووگەی خۆیانو ڕێبازی خۆیان لەسەر بناغەی سوسیالیزمی زانستی واتە مارکسیزم ـ لنینیزم، دیاری بکەن. قاسملوو کە لە پراگ هاتبۆوەو سیستمی سوسیالیستیی لە نێوەوە دەناسی، ئەزموونێکی یەکجار زۆری هەبوو. من بۆ خۆم چەند جار چوومە ولاّتانی رۆژهەلاّتو دلّنیا بووم کە مۆدیلی شوورەوی گەیشتۆتە بن بەست. بەلاّم ئەوکات، دەربڕینی روانگەیەکی ئەوتۆ لە کۆڕو کۆمەلّەکانی رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا زۆر بە زەحمەت بوو و تەنانەت بە جۆرێك کوفرویژیو خەیانەت لە قەلّەم دەدرا.

قاسملوو، بڕوایەکی قوولّی بە دیموکراسی هەبوو و لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە دیموکراسی، شتێك نیە تایبەتی هێندێك ولاّتان بێ. بەلّکوو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی‌یە کە هەموولاو بە تایبەتی ولاّتانی جیهانی سێهەم مافی ئەوەیان هەیە، هەیانبێو کەلّکی لێوەربگرن. لە روانگەی ئەوەوە دیموکراسی وەك ئامرازێك بوو بۆ یەکگرتوو کردنی میللەتێکی وەك نەتەوەی کورد کە لە ئاکامی هۆکاری جۆراوجۆردا لەت لەتو دابەش کراوە. ئەو دەیەویست لە رێگای دیالۆگو قەناعەت پێهێنانەوە، کوردەکان لێك نزیك بکاتەوەو یەکگرتوویان بکا نەك لە رێگای پەنا بردن بۆ زۆر و زۆرەملێو توندو تیژی.

ئەو دیموکراسی‌یەکی ناتەواوی وەك دیموکراسیی بورژوازی یان ئەوەی پێی دەلّێن دیموکراسیی سیاسی لە باشترین سەرەڕۆیی یان دیکتاتۆریی خەلّکیو پرولێتاریا، پێ باشتر بوو. بەلاّم لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ ئەو دیموکراسی‌یە قوولّتر بکرێتەوەو باری

كۆمەڵایەتیشی پێ بدرێ كە بریتی‌یە لە دادپەروەریی كۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونە بوو كە پێی وابوو لە نێوان سیستمی ئەمریكاو مۆدێلی شوورەوی، ڕێگایەكی دیكە هەیە كە سوسیالیزمی دیموكراتیكە. ئەو سوسیالیزمی دیموكراتیكی لەسەردەمێكدا لە ریزەكانی حیزبەكەی‌دا شی كردەوەو برەوی پێ‌دا كە كارێكی ئەوتۆ ئازایەتی‌یەكی سیاسیی زۆری دەویست.

*** 

# ژیانەوە

## (بۆ شەهیدی نەمر دوكتور قاسملوو)

*" فەرەیدوون ئەرشەدی "*

هەر خەندەت بەسە بۆ چاندن و دروێنەی داهاتوو!
ڕێگاكەت بەسە بۆ هەنگاوی بێهەڵە تا ئاسۆ!
شاخێكی تا بنار لێڕەوار،
پەناگەی ئاسكۆڵەی ئازادی و
دوندێكی، پەسای پەس، گەواڵەی پڕباران رادەگری و پێی دەڵێی
ببارە و ببارە و پێدەشتی ژیانمان تێراوكە!

***

ئەودەمەی (شا) دەیویست كوردستان پێڵاوێ باتەبێ
لە پێی‌كاو، هەڵپەڕێ و لە قوڕو چڵپاوی هەڵكێشێ،
لافاوێ لێڵ و مەست
لانكی ئازادی تلاوتل دەبردو
خواش فریای دەسرازەی كۆرپەكەی هیوامان نەدەكەوت،
ئایندە كارێزێ چاوكز بوو
چاویلكەی ئومێدی بڕیبووە ئاسمانی ئەودیوی سنووران.
سەفەر بوو، سەفەرێ بێهیواو بازنەیی،
دووچاوی خێڵ و خێچ، جڵەوی كاروانی پاشماوەی كۆماری گرتبوو
بۆ ڕێگای سەراب و بۆ ناخی تەمتوومان دەیكێشا.

چارەنووس کۆتری تۆقیوی ژێر باڵی واشە بوو
بۆ کونێ دەگەڕا خۆی کڕکاو
جگە لە داوێنی دایکانی ڕەشپۆشو سەرشانی وەیشوومە
هیچ شوێنێ دیار نەبوو، بۆ ساتێ بسرەوێ.
ئەوکاتەی بڕبڕەی پشتمان
دیوارێ لەرزۆکو بەرهەلێخکراو بوو،
دەستێکی بندەستەو قامکێکی چڵکنە، بە نینۆک بنکۆڵی دەکردو
لەشکری مێرووله، هەڵووژەی "نایسەر"و هەنجیری "ڕێژاو"و
چۆنەری "میاندواو"و گێڵاسی "شنۆ"یان
کرچە کرچ دەکرۆشت،
تۆ...گەڵاّی ڕووناکیت دەدایە شابازی لاپەڕەی (کوردستان) تا بیباو
بیداتە لقێکی چناری (گرگاشە).
نەهات بوو ئەودەمەی (اویسی) لە جامی خوێناوی هەڵاّڵەی (جلّدیان)
سەرخۆشو فێگرتوو
شەقی لە کەرتەشی بەختمان هەڵدەداو سەهۆڵی بوونمانی لەسەر بەرد
دادەنا،
ئەو ڕۆژەی پاڵتاکەی (ئاوارە)و جامانەی (لاجانی)، لە باتی ئەفسانەی
چەکی قورس دەفرۆشراو
(ئیسماعیل) دەکرایە قۆچێکی قوربانی پەیمانێ لە نێوان چەقۆی
"شا"و خوانێکی بچکۆلە.
نیشتمان...کەڵێ بوو بریندار
لە قەڵشی گابەردی نەهاتا دەینالاّند.

نەهات بوو، نەهات بوو، نەهات بوو،
دارەبەن لە ترسی تەوراسی سیخوڕو لە بیمی هێرشی ئافاتا
بڵاوە بە گەڵاو باڵندەی سەرچڵی كردبوو.
باخچە بوو، پەرژین‌و بەرامەی نازداری گوڵی خۆی دەفرۆشت‌و
درەخت بوو، ڕەگی خۆی، بەری خۆی دەدایە مەزات‌و سەری خۆی
هەڵدەگرت.
قەڵەم بوون روویان لە دیواری بێدەنگی كردبوو
لە شێعرو چیرۆكو لە سروود تۆرابوون.
ئەو پەتەی هەتاوی هەناسەی (قازی)یان پێ‌تاساند
خەریك بوو بگاتە ئاڵام‌و ئاڵاشم دەستاودەست دەڕۆشت‌و
تەنانەت چاوانی تاریكییش نەیدەدی.
ڕۆژنامە ڕاپۆرتی لە پیت‌و چاپخانەی خۆی دەدا،
رادیۆ بوو، كش‌ومات، گوێی گرتبوو لە دەنگی ئیزگەیكی سەربانی
دراوسێی،
داهۆڵی سێدارە، سمێڵی بە نەوتی "كرماشان" چەور كردبوو
سێبەری لە "ئیلام تا "ماكۆ"و تەنانەت تا سووچی سەرتەنووری
ڕۆحمان كشابوو.

* * *

لەو ڕۆژەی نەهات‌و، شەوانی وەیشووما،
لەو كاتی شایانەی مێردەزمەی وەحشەت‌و
زریانی گرتن‌و تەفروتوونكردنا،
وادەست‌و لاقم‌و زمان‌و چاوانم هەریەكە بۆلایەك دەڕۆشتن،

تۆ رانکو چۆخەکەت لە بەردەم ئاوێنەی سەردەما رێک دەکرد،
تا نۆمای گزنگی کوێستانان کەوی کەیت.
ئەودەمەی بەرد چۆکی بۆ نەهات دادابوو
تۆ هاتیو یارانی تامەزرۆی (شاروشیان) هاتنو پاش ئەوەی بە نوقڵی چرپەوە،
چایەکی یەکڕەنگی نەتاڵو شیرینتان لە کۆڕی چاخانەی (بونواس) خواردەوە،
هەستایتو
پارچەیەک لە خامی شەفەقت دادڕی،
دوو ئەژنۆی لەرزۆکی خەباتت هەڵبەستو
گیرفانی سەفەرت پڕکرد لە گەنمە برژاوی ئومێدو بەڕێت کرد،
بەڕێت کرد تا بڕوا سەرەوژوور...سەرەوژوور...تا ئەمڕۆ.

❋❋❋

کە هاتی لەبەر پێی هاتنتا، خاک هەستاو
تۆزوخۆڵی دەرپێی پڕ پینەو دڕاوی تەکاندو
بەرانبەر بە مێژوو قنج وەستا.
بەرلە خۆت ژیانەوە تەتەر بوو، جاڕیدا:
سوارێک هاتوە لەسەر رێی
چی ریزی شێواوی دارستانو بێشەی هەڵبڕاوە دێنێتە یەک ریزو
هەڵۆیان بانگ دەکا بێنەوە..بێنەوە!
لە کوانووی دڵاندا ژیلەمۆ ژیایەوە،

ئاگرێك داییساو چیرۆكی شەوانی بن قورسیو بەر بلێسەی
ئاگردان زارەوزار دەگەڕا:
سوارێكە، ناوشانی جیپەنجەی (پیران)ی پێوەیە.
ناوچاوان تەختو بەرز، وەك قەڵای (زێویە)،
مەچەكی رووبارەو ناولەپی (پردی سوور).
سوارێكە چاوانی وەك قومری میهرەبان،
كە دەدوێ، شەونمێ ئەزەلی دەتكێتە سەر پەڕەی مێلاقەی
ئاواتو
پڕژاڵی تاڤی (بل) لە وشەی دەبارێ...

***

تۆ هاتیو ئاو جمیو قەوزەی سەر برژانگی لابردو
بۆ تریفە پێكەنی،
با رابوو، تاریكیو ترسی بن ئەشكەوتی (كەرەفتوو)ی لە لەشی
سڕیەوەو هاژەهاژ هاتەوە،
هاتەوەو شمشاڵی (دەربەندی قاسملوو)ی هەڵگرتو
ئانیشكی نایە سەر بەردێكی مەراقی (دمدم)و
لەسەر خۆو بەنەرمی، سرووودی (خوایە وەتەن ئاواكەی) پێ
ژەنی.

***

من ئێستا لێرەمو دەبینم
دەریایەك بە شوێنتا هاتۆتە شەپۆلان...
چاوانی لەگەڵ خۆر هاودەمەو

سەربەستی سیمای خۆی لە ناویا دەبینێ.
دەبینم کەژ لێرە، کەژاوەی بۆکێنیی ئازادی لەکۆڵە.
لێرەمو دەبینم قوڕی ئەم نەوەیەت بە چەشنێ شێلاوە
بەفراوی رزگاری لە گۆزەی دڵیانو کاوانی بازوویان هەڵدەڕژێ...
لێرەیتو دەستێکت بە چۆخەی چیاوە گرتووە نەڕوخێو
دەستێکت بە قژی ئاڵۆزی دەریاوە گرتووە، نەخنکێ...
هێند بەرزی، هەورێکت کردۆتە سێبەری نیگاتو
بۆ رەوتو بۆ لەنجەی داهاتوو دەڕوانی
لێرەمو دەبینم...
هەر خەندەت بەسە بۆ چاندنو دروێنەی داهاتوو
رێگاکەت بەسە بۆ هەنگاوی بێ هەڵە تا ئاسۆ.

❊ ❊ ❊

## هەر خەندەت بەسە بۆ چاندن و درویّنەی داهاتوو!









میتینگی مەهاباد ـ ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧









سلێمانی ١٣٦٤





گەورەدێ ١٣٦٣



# سیمای دێموکرات

**دێموکرات:** له بەستراوەیی بێزارەو هەر بۆیە پێی خۆشە کە حیزبەکەی بە بێ هیچ بەستراوەی یەك لە بڕیاردان دا بەتەواوی ئازادو سەربەخۆ بێ.

**دێموکرات:** لایەنگری ئازادیو دێموکراسی یە، باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیەو لە ئاکارو کردەوەی خۆی دا بەرامبەر بە هەموو هێزە سیاسی یەکانو بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵك لەم ئەسڵە ئیلهام وەردەگرێ.

**دێموکرات:** بۆ هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێران لە سەر بناغەی پلورالیسم خەبات دەکا.

**دێموکرات:** ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ نیە، بۆ دۆستایەتی نێوان گەلانی ئێران ڕێز دادەنێو مافی هەموو گەلانی لە لا بەڕێزە.

**دێموکرات:** پارێزەری مافی زەحمەتکێشانەو بە دژی هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکی ئادەمیزاد خەبات دەکا.

**دێموکرات:** لایەنگری بەرانبەری تەواوی مافی ژنانو پیاوان لە کۆمەڵو لە نێو خێزان دایە.

**دێموکرات:** بەشەردۆستەو بە دۆستایەتی نێوان ئینسانەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزو مەزهەب، بایەخێکی زۆر دەداو هەر چەشنە ڕەگەزپەرستیو فاشیزمو مەزنیخوازی یەك مەحکووم دەکا.

**" دوکتور قاسملوو "**